**تیۆری بونیادی دەق لە دەقەکانی شێرکۆ بێکەس دا**

**کوردستان نادر عەبدولوەهاب( نامەی ماستەر)**

**بەسەرپەرشتی :پ.د.هیمداد حوسێن**

**کۆلێژی پەروەردە-زانکۆی سەلاحەدین**

# پێشەکی

**تێگەیشتنی جیاواز بۆ دەق لە چوارچێوەی ژانرێکی نوێی ئەدەبی لە ڕەخنەی ئەدەبی جیهانی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە ناوی (دەقی واڵا) وەك زاراوەیەکی نوێی ڕەخنەیی لە ئێستادا بە شێوەیەکی تازە وەك ژانرێکی نوێ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، تایبەتمەندی ئەو زاراوەیە ڕەخنەییە بە تێکەڵاوبوون و ئاوێتەبوونی ژانرەکان و بەزاندنی سنووری ڕەگەزەکانی ژانرەکان هۆکاری دەرکەوتنی (دەقە واڵا) یە، کە مشت و مڕی زاراوەیی لێ کەوتوتەوە. ناونیشانی ئێمە (تیۆری بونیادی دەقە لە دەقەکانی شێرکۆ بێکەس)دا، پەیوەستە بەو دەرکەوتن و زاراوە نوێیەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە.**

**هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانەکە لە لایەکەوە (شێرکۆبێکەس) یەکێکە لەو شاعیرە نوێخوازانەی کورد، کە لە ئەزموونی (دەقی واڵا)ی پەیڕەو کردووە و لە ناو بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، هەروەها لە بارەی (دەقی واڵا)وە زۆرترین مشت و مڕی لە سەر دەقەکانی (شێرکۆ بێکەس)ە، لەلایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و تازەیی بابەتەکە وەك دەرهاوێشتەیەکی پۆست مۆدێرنە لە ڕەخنەی ئەدەبی جیهانی بەگشتی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە تایبەتی، هەروەها تا ئێستا بە شێوەیەکی زانستیانە لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکاندا لێی نەکۆڵدراوەتەوە و بیروڕای جیاواز لە سەر تێگەیشتنی (دەقی واڵا) هەیە و زاراوەی جۆراوجۆری لێ نراوە.**

**سنووری لێکۆڵینەوەکە لە کۆی دەقەواڵاکانی (شێرکۆ بێکەس)دا، کە ژمارەیان (پێنج) دەقە، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ دیاری کردنی بنیاتی ژانری شیعر نموونەمان لە دەقەکانی (کورسی، ملوانکە، ئێستا کچێك نیشتیمانمە، ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە) وەرگرتووە. بە مەبەستی دیاریکردنی بنیاتی ژانرەکانی (ڕۆمان ، چیرۆك، شانۆنامە، پەخشانەشیعر) بۆ ئەوەی سنووری لێکۆڵینەوەکەمان زۆر فراوان نەبێت و مافی تەواو بە دەقەکان بدەین. نموونەمان تەنیا لە دەقەکانی (کورسی، ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە) خستۆتەڕوو .**

**گرنگی و بایەخی لێکۆڵینەوەکە ئەم لێکۆڵینەوەیە سنوورێك بۆ کۆی هەموو ئەو تێگەیشتنانە دادەنێت، کە لە لایەن نووسەر و ڕەخنەگرانەوە لە بارەی (دەقی واڵا) وەك زاراوە بونیادی دەق خراونەتەڕوو، هەروەها لە پاڵ یەکلایی بوونەوەی زاراوەکەدا ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵی تێگەیشتنی قووڵی ناساندنی چەمك و زاراوەکە بە شێوەیەکی پراکتیکی دەدات و تایبەتمەندی زاراوەکە بە پێی تێگەیشتنی ئێستایی ڕەخنەی ئەدەبی بۆ دەق هەوڵی بەرجەستەبوونی دەقی واڵا لە شیعری کوردی دەدات.**

**گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە** بەکارهێنانی چەندین زاراوەی جۆراوجۆر بۆ ( دەقی والا ) و هەندێکجاریش هەبوونی جۆرێك لە تێکەڵی لە ئاست تێگەیشتنی نێوان دەقی والا و هندێك زاراوەی تری وەکو دەقی کراوە کێشەی لێکۆڵینەوەی قووڵتر دەکردەوە.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوە** سروشتی لێکۆڵینەوەکە کاریگەری لە سەر هەڵبژاردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە هەبوو، بۆیە ڕێبازی ( شیکاری ڕەخنەیی )مان بە پەسەند زانی.

**پلانی لێکۆڵینەوەکە** لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و سێ بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا، کە تەرخان کراوە بۆ ( چەمکی دەق و جۆرەکانی ) و تێیدا دەق لە چەندین لایەوە خراوەتەروو.دابەشکراوە بە سەر سێ تەوەردا : ( تەرەری یەکەم/ زارەوە و چەمکی دەق )ی لەخو گرتووە، لە ( تەوەری دووەمدا/ دەق لە تێڕوانینی میتۆدە ڕەخنەییەکانەوە، ئەمەش چەند تیۆرێکی ڕەخنەیی گرتووتەوە وەك: تیۆری ڕەخنەی ( مێژوویی، دەروونی، کۆمەلایەتی ... هتد ) خراوەتەڕوو، تەوەری سێیەم بریتییە لە / جۆرەکانی دەق ).

لە بەشی دووەمدا باس لە ( زاراوە و چەمکی دەق، چوونیەتی سەرهەڵدانی و خەسڵەتەکانی کراوە. بۆ ئەم مەبەستەش بەشی دووەم بە سەر سێ تەوەردا دابەشکراوە: تەوەری یەکەم هەردوو لقی ( چەمك و زاراوەی دەقی والا، ژانرە ئەدەبییەکان و دیاردەی ئاوێتەبوونیان ) لە خو گرتووە. تەوەری دووەمیش هەردوو لقی ( دەقی ئاوێتە لە ئەدەبی کوردیدا، جۆرەکانی دەقی ئاوێتە لە ئەدەبی کوردیدا ) لەخو گرتووە. تەوەرەی سێیەمیش، کە تایبەت کراوە بە ( دەقی والا و خەسڵەت و تایبە تمەندییەکانی ) هەردوو لقی ( دەقی والا فۆرمێکی تازەی ژانرە ئەدەبییەکان، خەسڵەت و تایبە تمەندییەکانی دەقی والای ) لەخو گرتووە.

بەشی سێیەمیش کە تایبەتکراوە بە ( بنیاتەکانی دەقی والا ) بەسەر چوار تەوەردا دابەشکراوە. لە تەوەری یەکەمدا ( بنیاتی شیعر )، کە خۆی لە ( مۆسیقای شیعری و وێنەی شیعری ) وەك دوو ڕەگەزی بنیاتی شیعردا دەبینێتەوە خراوەتەڕوو. لە تەوەری دووەمدا ( بنیاتی چیرۆك و ڕۆمان ) خراوەتەڕوو. لە تەوەرەی سێیەمدا ( بنیاتی دراما ) خراوەتەڕوو. لە تەوەرەی چوارەمیش ( بنیاتی پەخشانەشیعر ) خراوەتەڕوو. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەش ئەو ئەنجامانەی، کە لە لێکۆڵینەوەکەدا پێ گەیشتتوین و ئەو سەرچاوانەی سوودمان لێ وەرگرتووە و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

# چەمك و بنیات و تیۆری دەقی ئەدەبی

هەواڵنامەی کتێب

**ـ زاراوە و چەمکی دەق**

زاراوەی دەق لە نێو لێکۆلینەوە نوێیە ئەدەبییەکاندا چەندین کێشەی بە دوای خۆیدا هێنا، تەنانەت هێندێك لەو رێباز و قوتابخانە ئەدەبی و ڕەخنەیی یە نوێیانە لە دیاری کردنی سنوور و چەمك و تایبەتمەندییەکانی دەقدا شارەزایی و زانیاری جیاوازیان پێشکەش کردووە. تا ڕادەیەك، کە دیاریکردنی هەر پێناسەیەك لەلایەن هەر رێبازێکی ئەدەبییەوە باوەری بە رێبازەکەی دی نەهێناوە. دوورو نزیك پێناسەیەکی دی‌ی بەرهەم هێناوە،کە نزیك بێت لە لێکۆلینەوە سینتاکس و سیمۆلۆژییە هاوچەرخەکان بۆ لەیەکتر نزیککردنەوەی لایەنەکانی زانستی لەگەڵ یەکتردا،[1] دەتوانین بڵێن سروشتی دەق وایکردووە،کە رێکەوتنێکی سەرتاسەری لە بارەیەوە نەکرێت.

وشەی دەق (text)، وشەیەکی لاتینییە، کە لە وشەی (textus) وەرگیراوە و بە مانای چنین (تەون) هاتووە[2]،((تۆڕێکی دەلالییەو لە کۆمەڵێ وشەو دەستەواژە پێك دێت)).[3]وشەی دەق لەلایەن ڕەخنەگران و نووسەرانەوە بە شێوەی جیاواز شیکراوەتەوە و بەکارهێنراوە و لێکدراوەتەوە. بۆ نموونە (هڵمست لیڤ) لە بارەی دەقەوە دەڵێت : ((درکاندنێکی زمانی یە جا نووسراو یان ووتراو بێت))[4]، لەلای (تۆدۆروف) دەق بەرهەمهێنانێکی زمانی یە دەلالەتێکی سەربەخووی هەیە، دەکرێت ڕستەیەك بێت، یا کتابێکی تەواو بێت، هەربۆیە بە سەربەخۆیی و داخرانی پێناسە دەکرێت.[5]، هەروەها لە ناو رۆشنبیرانی عەرەبدا بەرامبەر زاراوەی (text)ی ئینگلیزی زاراوەی (النص) بەکارهاتووە. ئەم زاراوەیەش لە ناو فەرهەنگە عەرەبیەکاندا بە چەندین مانای جیاواز بەکار براوە، بۆ نموونە:لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا،بەم واتایانە هاتووە:(((بەرزی کردەوە و ئاشکرا و بەدەری خستکجولاندی و بزواندی)یان( قسە و گوتە و فەرموودەکەی بۆ خاوەنەکەی گەڕاندەوە) ))[6]، هەورەها لە زمانی فارسیدا بەرامبەر زاراوەی (text)ی ئینگلیزی زاراوەی (متن) بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت.بۆ نموونە:((متن/ ١. دەق، منهۆ (متن مقاله) ٢.دەق،بەشی سەرەکی و گرینگی نووسراوە یان فیلم))[7]، هەروەها لە زمانی کوردیدا لە بەرامبەر زاراەی (text)ی ئینگلیزی، زاراوەی (دەق) بەکار دێت و لە فەرهەنگە کوردییەکانیشدا بە چەندین مانا بەکارهاتووە. بۆ نموونە لە فەرهەنگی

---

[1]. صلاح فضل، بلاغة الخطاب و علم النص، ص٢٩٤.

٢. د. محمد خير البقاعى، دراسات في النص و التناصية، الطبعة الاولى، مركز الانماء الحضارى، حلب، ١٩٩٨، ص٢٦.

٣. د. مجدى وهبة، معجم مصطلحات الادب، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٤، ص٥٦٦.

[4]. ولات محمد، دلالات النص الآخر في عالم جبرا ابراهيم جبرا الروائى، ص٢٠.

٥. د. منذر عياشى، الاسلوبية و تحليل الخطاب، ط١، مركز الانماء الحضاري، سوريا، ٢٠٠٢، ص١٢٢.

[6]. لسان العرب للامام العلامة ابن منظور (١٤٢٣ه ـ ٢٠٠٣م)، المجلد الثامن، دار الحديث، القاهرة، ص٥٧٥.

[7]. فرهنگ جیبی فارسی و کردی، به سرپرستی ماجد مردوخ روحانی، دانشگاه کردستان، چاپ اول، سنندج، ١٣٩٠، ص٧٢١.

(هەنبانەبۆرینە)ی، هەژاردا بەرامبەر بە زاراوەی دەق نووسراوە: بێ کەم و زیاد، قەد، ڕازاندنەوە، بەشوق و سەرکەیف، باری هەمیشەیی، ساف و بێ چرچ و لۆچ، ..... هتد.[1]

بە گوێرەی ئەم پێناسانەی سەرەوە بێت، چەمکی دەق لە دید و گۆشەنیگای جیاجیاوە پێناسە کراوە. هەر لەبەر ئەمەشە، کە (ڕۆلان بارت) لە نوسراوێکی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە زۆر زەحمەتە بە ووردی چەمکی دەق دەست نیشان بکرێت[2] ، لە خوارەوەدا ئاماژە بە چەند پێناسەیەك دەکەین، کە لە لایەن ڕەخنەگرانەوە بۆ دەق کراون. پێناسەی دەق لە لایەن (تۆدۆروف)ەوە کراوە بە دووبەشەوە: بەشێکیان پەیوەندی بە چەمکەوە و بەشەکەی تریان پەیوەندی بە پێکهاتەکانیەوە هەیە.ئەم نوسەرە سەبارەت بە چەمکی دەق دەڵێت: دەکرێت دەق ڕستەیەك بێت، یان کتابێکی تەواو بێت، هەربۆیە بە سەربەخۆیی و داخرانی پێناسە دەکرێت، هەروەها سەبارەت بە پێکهاتەکەی دەق دەڵێت، ئەگەر پێکهاتەکانی دەنگی و ڕێزمانی و دەلالی لە ڕستە سەرزارەکی یەکاندا لە یەکتر جیا بکەینەوە، ئەوا بە هەمان شێوە دەتوانین لە ناو دەقیشدا لە یەکتر جیل بکەینەوە، بەڵام لە پێگەدا جیاوازن[3]، هەروەها سەبارەت بە پێناسەی دەق (جالسون، کوست) دەلێن: هەر شتێك خۆی نەداتە دەست ئەزموونی کارپێکەرانی وشەیەك لە وشەکانی زمانێك لە زمانەکاندا، بە تایبەتی لە هەڵوێستی هەڵچوونی کارپێکەرانەوە سەبارەت بەو هێمایانەی، کە بەکاری دەهێنێت، یا وەردەگرن.. بۆ نموونە: وشەیەکی وەکو وشەی (شەمەندەفەر)، دەتوانرێت بگوازرێتەوە بۆ سەر سێ ئاستی قسە پێکەری جیاواز لە ڕووی زمانەوانی یەوە (شەمەندەفەر) پێکهاتووە لە زنجیرەیەك ئاسن (فارگون)ی یەك بەدوای یەکداهاتوو، بەڵام لە لایەن قسەپێکەرێکی تر چەمکی (شەمەندەفەر) مانای گەشت و گۆزارە، لە لای قسە پێکەری سێ یەم چەمکی (شەمەندەفەر) بریتی یە لە خەمێکی دژوار و یادەوەری، کەواتە دەتوانین لە چەند ڕوانگەیەکەوە لە دەق بڕوانین[4]، هەروەها (رولان بارت) بەم شێوەیە پێناسەی دەق دەخاتەڕوو و دەڵێت: دەق وەکو چەمکێکی بەربڵاوی کۆمەڵێك وشەی یەك بەدوایەکدا هاتووی گونجاو، کە بە هەموویانەوە وێنەیەکی یەکگرتوو پێشکەش دەکەن، چنینێکی یەکگرتوو و بەهێزە کە لە کۆمەڵێك وشە و ڕستە پێکهاتووە و دەلالەتە بۆ شتی نووسراو،واتا نووسین دەکاتە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان بۆ ئەوەی مرۆڤ شتی لە بیر نەچێتەوە و شارەزایی و دەست ڕەنگینی خۆی تێیدا بنوێنێت، لە ڕێگەی پێوەندی دەق بە زانستەکانی ترەوە چەمکی دەقمان بۆ دەست نیشان دەکات. بۆ نموونە چەمکی دەق لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەندی بە جیهانی ئێستاوە هەیە، واتا پەیوەندی بە یاسا و ئایین و

---

١ . هەژار عبدالرحمن شرفکندی، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کردی و فارسی، انتشارات صدا و سیما (سروش)، چاپ ششم، تهران، ١٣٨٨، ص٣٢٤.

[2]. د. فۆئاد رەشید، ناسنامەی دەق، ل٤٣.

[3]. د. منذر عیاشی، الاسلوبیة و تحلیل الخطاب، ص١٢١ ـ ١٢٢.

[4]. لوقمان ڕەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکو بێکەسدا،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٩٤.



هەواڵنامەی کتێب

فێرکردنەوە هەیە.[1] یەکێکی تر لەو ڕەخنەگرانە (پۆل ریکور) لە پێناسەکەیدا بۆ دەق زیاتر گرنگی بە نووسین دەدات و بە پێویستییەکی گرنگ دادەنێت، کە دەبێتە پاڵنەرێکی گەورە بۆ ئەوەی تیۆرییەکی وا دابرێژێت، کە تیۆری نووسین لە تیۆری ئاخاوتن جیا بکاتەوە، دەڵێت: (( دەق هەر گۆتارێکە کە بە یارمەتی نووسین جێگیر کرابێت))[2]. هەروەها (جۆلیا کریستیڤا) لە بارەی پێناسەی دەقەوە دەڵێت: ((دەق ئامێرێکی گواستنەوەی زمانییە، سەر لە نوێ سیستەمی زمانی دابەشدەکاتەوە و زانیارییە ڕاستەوخۆکانی لە پەیوەندیەکدا دادەرێژێت، کە خۆی لە هاوبەشیکردنی وشەکانی پێشوو، ئێستا و ئایندەدا دەبینێتەوە))[3]، واتا دەق وەکو دەزگایەکی نێو زمانی، چەندین جۆری دەربڕینی پێش، یان هاوکاتی خۆی پێکەوە دەبەستێ، لە ڕێی دووبارە دابەشبوونەوەی سیستمی زمانەوە، کە ئامانجی هەواڵگەیاندنێکی ڕاستەوخۆیە، کەواتە دەق بەرهەمهێنە[4]، هەروەها لە پێناسەیەکی تردا دەڵێت: (( هەموو دەقێك بریتییە لە تابلۆیەك لە وەرگرتنەکان، هەموو دەقێکیش مژین و گۆڕینی دەقەکانی دیکەیە))[5]، (جۆلیا کریستیڤا) ئەم تێڕوانینەی لە چوارچێوەی دەقاوێزان دەربڕیوە، بەوەی کە هەموو دەقێك هەڵگری کۆمەلێك دەقی ترە، ئەم بۆچوونەش وایکرد، کە ئاڕاستەی نوێ و جۆراوجۆر بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەق بهێنەکایەوە، واتا دەقی ئەدەبی دەبێتە کەرستەیەکی بەرهەم هێنراوە. مانای دەق لە چوارچێوەی ماناکانی تری دەرەوەی دەق دیاری دەکرێت و ماناکانی بەندە بە تێکستەکانی ترەوە، خوێنەریش دەبێتە تێکست داڕێژەری جارێکی تری تێکست، بەمەش دەق دەبێتە. دەقێکی کراوە و ئامادەی بەرهەم هێنانی بێکۆتایی ماناکانە[6]. دەق وەك لایەنێکی تیۆری گرنگی و بایەخی خۆی لە زانستی دەق و تیۆری دەق و شیکردنەوەی دەقدا وەردەگرێت، لە هەموو ئەمانەشدا دەق خۆی لە تێگەیشتن و پێناسەی جیاواز، لە ڕووی کۆمەلایەتی و دەروونی و ڕۆشنبیری و مێژوویی و هزریدا دەبینێتەوە.

دواجاریش لە نوێترین ڕەوتەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبیدا، دەق فەزایەکی کراوەی پڕ لە مانا و فەزایەکی کراوە و ڕاڤە و شیکردنەوە و ماناکردن سەیر کراوە، کە خوێنەر و وەرگر لە ئاستیدا هاوبەشی داڕشتنەوەی جارێکی دیکەی دەقەکە دەکەن.

---

١. د. منذر عياشي، الاسلوبية و تحليل الخطاب، ص١٢٢ ـ ١٢٤.

٢. سعيد يقطين، انفتاح النص الروائي، المركز الثقافي العربي، ط٢، الدار البيضاء، بيروت ـ لبنان، ٢٠٠١، ص٢٨.

٣. د. منذر عياشي، الاسلوبية و تحليل الخطاب، ص١٥.

٤. جوليا كريسطيفا، علم النص، ترجمة: فريد الزاهي، دار توبقال للنشر، ط١، الدار البيضاء، المغرب، ١٩٩١، ص٢١.

٥. د. کەمال مەعروف، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ل ٧٤ ـ ٧٥.

٦. محمد عزام، النص الغائب تجليات التناص في الشعر العربي، ص١٦.

## ـ دەق لە ڕوانگەی میتۆدە ڕەخنەییەکانەوە

چەمکی دەق لەناو مێژووی دەرکەوتنی ڕەوتە جیاوازەکانی ڕەخنەیی وەکو میتۆدی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، بۆنیادگەری، هەڵوەشاندنەوەگەرایی، هێرمۆنتیکا، ... هتد. وەك چەمکێکی ئالۆز لە پێناسەی جیاجیادا دەردەکەوێت. ئەمەش بە هۆی ئەو گۆشەنیگا جیاوازانەی چەمکی دەقە کە لە چوارچێوەی بۆنیادە پێکهێنەرەکانییەوە دەردەکەوێت. قسە کردن لە بارەی دەق و تێگەیشتن و پێناسە کردنی وەك چەمکێك لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبیدا خۆی لە تیۆر و بنچینەی تیۆریدا دەردەخات. بە شێوەیەك دەق کۆمەڵێك چەمك و لایەن لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە، دەکەوێتە سەرپێ و ناوبردنی بەشە پەیوەستیەکانی دەق و پێکهاتەی دەق، بە پێی سەرچاوە جیاوازەکان تا ڕادەیەك جیاوازە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕەخنەی نوێی فەرەنسیدا زاراوەی دەق وەکو ژانرێکی ئەدەبی خۆی دەنوێنێت. ئەگەرچی لە تیۆری نوێی ئەدەبیدا ژانری ئەدەبی سنووری دیار نیە، تا ڕادەیەکی زۆر ڕەخنەگران باس لە سنوور تێکەڵاوی نێوان ژانرو و جۆرە ئەدەبییەکان دەکەن. هەربۆیەشە ((ئەمڕۆ لە ژێر کاریگەری میتۆدە جیاوازەکانی ڕەخنەی نوێدا،کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە سەر پرنسیپەکانی زانستی نوێی زمان و سیمیۆلۆژیا دامەزراوە، ژانرە ئەدەبییەکان سنووری نێوانیان بە ئاسانی دەبەزێنرێن و ئاوێتەی یەکدی دەکرێن و هەندێ جار ژانرێك یان چەشنێکی نوێیان لێ دروست دەکرێت، چونکە ڕەخنەی نوێ لە ڕوانگەیەکی زمانەوانییەوە دەق دەخوێنێتەوە و پتر گرنگی دەداتە ئەدگارە ئەدەبییەکانی دەق))[١]، ژانری ئەدەبی لە ڕەخنەی نوێدا وەکو قەوارەیەك یان یەکەیەکی ئیستاتیکی سەیر کراوە بە تایبەتی لە لای ڕەخنەگرێکی وەکو (جیرار جینێت)، کە پێ وایە (( ژانرە ئەدەبییەکان چەند جۆرێکی ئیستاتیکی ڕووتن))[٢]. بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی چەمکی دەق وای بە باش دەزانین لە لایەن چەند قوتابخانەیەکی جیاواز تێڕوانین و بۆچوونی ڕێبازە ڕەخنەییەکان بە نموونە وەربگرین، چونکە بە پێی جیاوازی بۆچوونی ڕێبازە ڕەخنەییەکان چەمکی دەقیش جیاوازە.

لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، ڕەخنەگرا و لێکۆڵەران چەند ڕێبازێکیان بۆ لێکۆڵینەوە دیلری کردووە، بۆ نموونە: (ڕینیە وێلك) لێکۆڵینەوە رەخنەییەکانی بە سەر دوو باڵی سەرەکیدا دابەش کردووە: ڕێبازی دەرەکی و ڕێبازی ناوەکی[٣]، ڕێبازی دەرەکی ئەو ڕێبازەیە، کە ((ڤەکولینێ ل سەر تێکستێن ئەدەبی دکەن دناڤ بارۆدۆخێن پەیدابوونا وێ و ڕێرەوێن دەرەکی و ئەو کارتێکرنێن

---

[١].فۆئاد ڕەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە(کێشەی ئاوێتە بوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا) ، گ ڕامان، ژ ٦٥، ٢٠٠١، ل٣٣.

[٢].جيرار جينيت، مدخل الى جامع النص، ت: عبدالعزيز شبيل، بغداد، ١٩٩٩، ص٧٤.

٣ . د. فوئاد رەشید، ناسنامەی دەق، چ یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی بەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٦.

دهێنه کرن ل سەر تێکستیٚ دبیژنیٚ (رێبازێن رێرەوی ـ المناهج السياقيه) ... ناڤدارترین رێبازێن رێرەوی پێکهاتینه ژ رێبازێن (مێژوو) و (کۆمەلایەتی) و (سایکۆلۆژی) ))[١]، بەلام رێبازی ناوەکی، ئەو رێبازەیە کە ((ڤەکولینا تێکستێن ئەدەبی دکەت دناڤ تێکستیٚ ب خودا و هەروەسا ڤەدیتنا وان پەیوەندیێن ناڤخویی کو دەسهەلاتیٚ لیٚ دکەن.دبیژنیٚ (رێبازێن تێکیتیٚ ـ المناهج النصية) ...ناڤدارترین رێبازێن تێکستیٚ ژی بریتیە ژرێبازێن (فۆرمالیستی) و ( قوتابخانا ڕەخنا نوی) ل ئەمریکا و (بۆنیادگەری) و رێبازا (هەلوەشاندنیٚ ـ التفكيكيه) ))[٢] ، هەروەها (( تێری ئیگلتون، مێژووی ئەدەبی بە سەر سیٚ قۆناغدا دابەشدەکات: قۆناغە بایەخدان بە نووسەر بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدە و قۆناغی رۆمانسیەتدا، قۆناغی بایەخدان بە دەق و بە تایبەتی لە ڕەخنەی نوێدا. پاشان بایەخدان  بە خوێنەر بە شێوەیەکی بەرچاو)).[٣]بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر لە هەریەك لە قوتابخانە ڕەخنەییەکان وورد ببینەوە، ئەوا دەبینین کە هەریەکەیان تێڕوانینەکانی خۆیان لە سەر یەکیك لە سیٚ جەمسەرەکەی ئەدەب (نووسەر، دەق، خوێنەر) بۆنیاد ناوە، بۆ نموونە میتۆدەکانی ڕەخنەی  (مێژوویی، دەروونی، کۆمەلایەتی) ڕوویان لە جەمسەری نووسەر کردووە، هەروەها میتۆدەکانی ڕەخنەی (بۆنیادگەری، فۆرمالیستی، ڕەخنەی نویٚ، ...) روویان لە جەمسەری دەق کردووە، میتۆدی ڕەخنەی وەلامدانەوەی خوێنەر ڕووی لە جەمسەری خوێنەر کردووە.

**ـ دەق لەڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی مێژووییەوە**

ئەم میتۆدە ڕەخنەییە کۆنترین میتۆدی ڕەخنەییە و مێژوویەکی کۆنی هەیە. بە بۆچوونی ئەم ڕەوتە ڕەخنەییە ئەدەب ڕەنگدانەوە، یا بەرهەمی بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتییە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری هۆکاری سیاسی و کۆمەلایەتییەوە، هەربۆیە ڕەخنەگرانی سەر بەم ڕەوتە ڕەخنەییە وەکو بەلگەنامەیەکی مێژوویی مامەلە لەگەلٚ دەقی ئەدەبیدا دەکەن، لە ڕوانگەی ئەم میتۆدە ڕەخنەییەوە دەقی ئەدەبی (( جیهانێکی سەربەخۆ نییە، ناکرێت لە دەقێکی ئەدەبی بکۆلینەوە بەبیٚ ئەوەی لەو هۆکارە دەرەکییانە بکۆلینەوە کە دەورێکی سەرەکییان لە پێکهێنانی دەقەکەدا هەبووە، بۆیە دەبێت گرنگی تایبەتی بە بارودۆخە مێژوویی و کۆمەلایەتی و ئابۆرییەکەی ئەو سەردەمە بدرێت کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە))[٤]. بۆ نموونە ڕەخنەگری فەرەنسی (هیپۆلت تین) (( ئەدەبی بە سیٚ هۆکاری بنچینەیی پەیوەست کردووە ئەویش: (ژینگە و ڕەگەز و کات ـ سەردەم)ن))[٥] پێی وایە، کە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری لە ژێر کاریگەری ئەم سیٚ هۆکارە مێژوویە سروشتییەدایە و ئەم هۆکارانە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە خۆدی نووسەر و

---

[١].هەڤال سەلیم تەیب، بۆنیادگەری دناڤ رەخنا کوردیدا، چاپا ئێکیٚ، چاپخانا حەجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٤١.

٢. هەمان سەرچاوە ، هەمان لاپەرە.

[٣]. حەمە کەریم عارف، دەربارەی شیعر و شاعری، چ یەکەم، چا یاد، هەولێر،٢٠٠٧، ل٣٢.

٤. رێبین خەلیل، مێتۆدی ڕەخنەی مێژوویی لە لیکۆلینەوەی ئەدەبیدا، گ ڕامان، ژ ١٦٥، ٢٠١١، ل٧٤.

٥. د. کەمال مەعروف،میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی، گ مێرگ، ژ ٦٢، ٢٠١٠، ل٩٤.

بەرهەمەکەیەوە هەیە. هەر لە بەر ئەوەشە، کە ڕەخنەگرانی ئەم ڕەوتە ڕەخنەییە گرنگی تایبەت بە زانینی مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەر سەردەمێك، یان هەر نووسەرێك دەدات، چونکە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەقەکاندا بۆیان یارمەتیدەر دەبێت.

## ـ دەق لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی دەروونییەوە

ڕەخنەی دەروونی وەك قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی و پەنجە خستنە سەر نهێنییەکانی دەق، پشت بە ژینگە و کەسایەتی نووسەر دەبەستێت. (( میتۆدێکی زۆر باوە و ژمارەیەکی زۆری ڕەخنەگران پەیڕەوی بنەماکانی ئەو میتۆدەیان کردووە، بە مەبەستی شیکردنەوە و تێگەیشتنی بەرهەمی ئەدەبی و هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی باری دەروونی نووسەر تا بە هۆی زانینی ژیانی نووسەرەکەوە بتوانرێت هێندێك لایەنی شاراوەی بەرهەمەکە ئاشکرا بکرێت، چونکە باری دەروونی نووسەر کاریگەری لە سەر بەرهەمەکەی دەبێت))[1]، واتا دەبێت ڕوانگەیەکی تاکە کەسی بدەینە دەق بەو واتایەی، کە ئەدەب یان دەقی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی دەروونی خۆدە و دەگەڕێتەوە سەر ئەو بارودۆخە سایکۆلۆژیایەی، کە نووسەر تێیدا دەژیت، چونکە لە تێڕوانینی ئەم قوتابخانە ڕەخنەییەوە بارێکی دەروونی لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە پاڵپشتی نووسەر دەکات و پاڵی پێوە دەنێت، کە ئەم بەرهەمە بنوسێت. بۆ نموونە پوختەی بۆچوونەکانی ڕابەرانی ئەم قوتابخانە ڕەخنەییە لە بارەی داهێنانی ئەدەبییەوە بریتین لە (فرۆید) نەستی تاك، واتا بارە چەپێندراوەکانی سەردەمی منداڵی و خەساندن و گرێ ئۆدێب و چەپاندنی ململانێی دەروونی، هەروەها (یۆنگ نەستی کۆ)، واتا تەرزە سەرەتاییەکانی ناواخنی نەستی کۆ پێك دەهێنن وەکو بۆماوەیی لە باب و باپیرانەوە بێ سیستەمی پەروەردەیی، هەورەها (ئەدلەر) هەست کردن بە کەمی، دەکەنە پێوەر بۆ بەرهەم هێنانی دەقی ئەدەبی.[2]

## ـ دەق لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە

دەق لای سوسیۆلۆجییەکان ئەگەر لەو بۆچوونە فەلسەفی یانەی، کە سەر بە فەلسەفەی میتافیزیك ساڵەهای ساڵ جەختیان لە سەر دەربڕینی تاك و گرنگی دان بە تاکەکەس سەرچاوەی گرتبوو، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە لەگەڵ دەرکەوتنی هزر و فەلسەفەی ماددی مارکسیدا کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز بۆ بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی هاتنە کایەوە. بۆ نموونە ئەگەر پێشتر دەقی ئەدەبی هەوڵدان بێت بۆ ناسینی دەروونی مرۆڤ، یان ڕادەی سوودبەخشی بۆ کۆمەڵ و ئەو بابەتانەی تر، بەڵام لە لای ڕەخنەگرانی سوسیۆلۆجی بە تایبەتی دوای دەرکەوتنی بیری ماددی مارکسی، کە هۆکاری ئابووری کردە هۆکاری سەرەکی بۆ کاری ئەدەبی، واتا ((لە فەلسەفەی

---

١. ڕێبین خەلیل، میتوودی ڕەخنەی دەروونی لە بۆاری ئەدەبیدا، گ ڕامان، ژ ١٧٠، ٢٠١١، ل٥٤.

[٢]. هەڵمەت بایز رەسووڵ، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، چ یەکەم، چا موکریانی، هەولێر، ٢٠١٢، ل٥٧.

**ماددی مارکسیدا هەموو کۆمەڵگایەك دوو بۆنیاد بە خۆوە دەگرێت، ژێرخانی کۆمەڵ کە بەرهەمی ئابووری دەگرێتەوە، سەرخانی کۆمەڵیش وەکو بۆاری رۆشنبیری و هزری و سیاسی و کە رەنگدانەوەی ژێرخانێتی، هەر گۆڕانێك لە هێزی بەرهەمهێنان ڕوو بدات، کاریگەری لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و رێکخستنی هزرەوە دەبێت))[١] جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە، کە چۆن ئەو هۆکارە ئابوورییە دەبێتە هۆی ئەوەی تێروانین و هەلوێستی نووسەر بەرامبەر بە ژیان و کۆمەڵ دەربکەوێت، بۆیە بەلامانەوە شتێکی سەیر نییە، کە رەخنەگرە کۆمەڵناسەکان باس لە کۆمەڵ و ئەو چینە دەکەن، کە نووسەر تێیدا پەروەردە بووە، بەو واتایەی کە نووسەر هەڵگری ئەو بیروباوەڕانەیە، یان ئەو گرفت و معانات و ئێش و ئازارانەی چینە کۆمەڵایەتییەکەیەتی، لە بەرهەمەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.بۆ نموونە لە لای رەخنەگرێکی وەکو (ڤاولەر)ەوە، ((دەق واتا ڕووی سەرەوەی (سەرخانی) کۆمەڵایەتی یە، بەلام لە ڕووی زمانەوانی یەوە بریتی یە لە کۆمەڵە زنجیرەیەکی یەك بەدوایەکداهاتووی لە ڕستە، کە گونجان لە نێوانیاندا لە ئاستە جیاوازەکاندا بەدی دەکرێت))[٢]، واتا ئەم ڕەوتە ڕەخنەییە دەقی ئەدەبی بە کۆمەڵ و ژینگە و دەوروبەر دەبەستێتەوەکە دەقەکە تێیدا سەری هەڵداوە، بەلام ڕەخنەگرێکی وەکو (ڤاندایك) کە هەولی دەدا هێندێك چوارچێوەی دەستووری و تیۆری بۆ بۆنیاتی دەق دیاری بکات. لەو باوەڕەدا بوو. کۆمەلێك گرفتاری و کێشە، کە رێزمانی ڕستە نەیتوانیوە چارەسەریان بکات لە ناو بۆاری شیعردا لە بەرئەوەی ناچنە ژێر یاسا و دەستوورەکانی رێزمانی یەوە، بۆیە ڕەوانبێژی دەتوانێت وەکو لێکۆلینەوەی ئەدەبی ئەو ڕستە نەگونجاوانە بەیەکەوە بگونجێنێ.[٣] هەرچەندە لە لای هێندێك لە زمانەوانەکان ڕستە گەورەترین یەکەی ئاخاوتنە بەمەش پێویستە، کە ڕستەکانی ناو یەك دەق یەکەیەکە شی بکرێنەوە، واتا ((لەم ڕوانگەیەوە دەق دەکاتە زنجیرە ڕستەیەکی یەك بە دوای یەك ))[٤]، بەلام (ڤاندایك) پێ وایە دەق سنوورەکەی لەوە فراوانترە، کە تەنها کۆمەڵە ڕستەیەك بێت و ((دەیەوێ سنووری ڕستە ببەزێنێ، لە چوارچێوەی پراگماتیك و واتاسازی لە دەق بکۆلینەوە))[٥].یەکێکی تر لەو بۆچوونانە، کە جەخت لە سەر لایەنی یەك بوون و گۆنجان دەکەنەوە، بەو واتایەی، کە دەق یەکەیەکی زمانی یە، لە میانەی بەکارهێنانیدا پەیوەندی بە ڕستەوە نییە، بەڵکو بە رێگەی ئەوەوە پەیدا دەبێت. زانایانی زمانەوانی (هالیدای و روقیا حەسەن)ن، کە (( لە گۆشەنیگای زمانەوە دەڕواننە دەق و ئەو تایبەتییە رێزمانییانە دیاری دەکەن وا لە پارچە گوتنێك دەکەن بە دەق دابنرێ. دەق و نادەق لە یەکتری جیا دەکەنەوە))[٦].**

---

[١]. د. کەمال مەعروف، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چ یەکەم، چا لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٣.

[٢]. محمد عزام، النص غائب تجليات التناص في الشعر العربى، دمشق، ٢٠٠١، ص١٤.

٣. سعيد حسن بحيرى، علم لغة النص المفاهيم و الاتجاهات، القاهرة، ٢٠٠٤، ص٧٦.

٤. حەمە کەریم عارف، خوێندنەوەی خوێندنەوە، گ هەنار، ژ ٦٨، ٢٠١١، ل٩.

٥. قەیس کاکل تۆفیق، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئاداب، هەولێر، ٢٠٠٢،ل٢٦.

٦. سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٢٦.

قوتابخانەی ڕەخنەی مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی ئەدەب لە بەرهەمی ئەدەبی دەکۆڵنەوە، بەهای جوانی و هۆنەرییەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکان فەراموش دەکەن، هەروەها ئەدەب لە چوارچێوەی چەند یاسا و بۆچوونێکی زانستیی ڕووتدا سنوور بەند دەکەن، بۆچوونەکانی (سانت بیڤ، تین، برۆنتێر) لە بۆاری ڕەخنەی مێژووییدا، هەروەها بۆچوونەکانی (فرۆید، یونگ، ئەدلەر) لە بۆرای ڕەخنەی دەروونیدا، هەوەرها بۆچونەکانی ڕەخنەگرانی بۆاری ڕەخنەی کۆمەڵایەتیش بە هەمان شێوە نموونەی دیار و بەرچاوی پرۆسەی سنوور بەندکردنی ئەدەبن.

## ـــ دەق لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی فۆرمالیستی ڕووسەوە

فۆرمالیستە ڕووسەکان هەمبەر تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی پێشوودا، بۆچوونێکی تازەیان هێنایەکایەوە. ئەدەبیان وەك فۆرمێکی زمانی تەماشا کرد. پێیان وابوو، کە پێویستە ئەدەب وەك فۆرمێکی زمانی لە بەرچاو بگیرێت،چونکە بەلایانەوە ئەوەی دەق دەکاتە دەقی ئەدەبی، ئەدەبیەتی دەقە، نەك بابەتی مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتی ... هتد، زمان وەك توخمێکی سەرەکی و پێکهاتەیەکی گرنگی دەق، تەوەرەیەکی گرنگی کاری فۆرمالیستە ڕووسەکانە[1]. بەلایانەوە ڕاڤەی کاری ئەدەبی لە ژیانی نووسەرەوە، یاخۆد لە شیکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییەوەسەرچاوە ناگرێت، گرنگی بەرهەمی ئەدەبی بە هۆی دانەرەکەیەوە بەدەرناکەوێت، بەڵکو لە بیرۆکە و چوونیەتی مامەڵە کردنی لەگەڵ زماندا بەدەردەکەوێت، چونکە داهێنانی ئەدەبی هونەری زمانە.[2] فۆرمالیستە ڕووسەکان لە کارەکانیاندا گرنگی بە لایەنی فۆرم و جوانناسی و جوانکاری دەقە ئەدەبیەکانیان دەدەن، واتا گرنگییان بە ئەو ئامرازانە دەدا، کە پێکهاتە و ساختاری بەرهەمی ئەدەبی پێك دەهێنن[3]، (( بایەخیان بە چەمکی کانت بۆ فۆرمدا، جەختیان لە سەر ڕۆڵی پێزانین کردەوە، شێوەیەتی ڕەوتێکە کە مەبەستی زاڵبوونی شێوە و بەهای جوانییە لە کاری ئەدەبیدا، بە سەر هزرو و ئەندێشە یاخود هەستەکان، چەمکی شێوە مانایەکی نوێی پەیدا کرد کە بە تەنیا توێکلێکی ڕووت نەبێت، بەڵکو یەکەیەکی کاریگەر و هەست پێکراوە))[4].

## ـــ دەق لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی نوێیەوە

---

[1].هەڵمەت بایز رەسول، دەقاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی (بەختیار عەلی)دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب، ٢٠١٢، ل٤١

[2]. د. کەمال مەعروف، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ل٦٣.

٣. د. سیروس شمیسا، نقد ادبی، چ ٤، چاپخانەی رامین، تهران، ١٣٨٣، ص١٥٦.

٤. د. کەمال مەعروف، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ٦١.

ڕەخنەی نوێ ئاڕاستەی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ڕەخنەیی بۆ خۆدی دەق گەڕاندەوە، لە پێکهاتەی زمانی و بنیاتی هونەری دەق دەکۆڵێتەوە. بەمەش سنووری بۆ هەموو ڕەوتە ڕەخنەییەکانی پێش خۆی دیاری کرد. مەبەستی ڕەخنەی نوێ لایەنی ناوەوەی دەقە و گرنگی بە لایەنی دەرەکی دەق نادات، (( بۆیە دەبێت هەموو هەولێکی ڕەخنەگر بەرەو ڕووی سیمای جوانی ببێتەوە نەك بەرەو دیاردەکانی مێژوویی یاخود کۆمەڵایەتی یان ڕەوشتی بێتەوە، ڕەخنەگرە نوێیەکان گرنگییەگی تایبەت بە جێبەجێکردنی کاری هونەری دەدەن و هەوڵ و کۆششێکی زۆریان کرد کە دەری بخەن و شێواز و بابەت یەك شتە و ناکرێت لێکتر جودا بکرێنەوە، کاری هونەریش یەکەیەکی ئۆرگانییە، لێرەدا بەدەردەکەوێت کە ناوەرۆکیان پشتگوێ نەخستووە، بەڵکو هەوڵیان داوە لە ڕوانگەی شێوازی هونەرییەوە بڕیار لە سەر ناوەرۆك بدەن))[١]، جەخت دەکەنە سەر یەکێتی ئۆرگانی لە ئاستی فۆرم و ناوەرۆك و گەشەکردنی ڕەگەزەکان لە بەرهەمی ئەدەبیدا، ئەدەبیات وەکو جۆرەکی تایبەتی زمان دەهێننە بەرچاو و زیاتر بە زانستی زمانەوە گرێ دەدەن، چونکە ڕابەرەکانی ئەم ڕەوتە ڕەخنەییە پێیان وایە، کە بەرهەمی ئەدەبی بە پلەی یەکەم هونەرێکی زمانی یە، لەبەرئەوەشە کە هێماکانی دەق شی دەکرێنەوە و بەدواداچوونی دەلالەتەکانی دەکرێت و لێکۆلینەوەی پەیوەندییە شاراوەکانی ئەنجام دەدرێت.[٢]

ڕەخنەی نوێ وەکو یەکەیەکی پێکەوە گرێدراو و خاوەن بۆنیاتێکی هونەری مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات، بەو واتایەی کە هەموو پارچەکانی پێکەوە گرێ دراون و کارلێك لەگەڵ یەکتر دەکەن. باوەڕیان وایە ڕوو کردنە دەق وەکو بۆنیادێکی هونەری بۆ خزمەتکردنی دەق و خوێندنەوەی ڕەوشتێکی چاکە، گەڕاندنەوەی بایەخە بۆ دەق، کە ماوەیەکی زۆر بوو پشتگوێ خرابوو، ئامانجێکی زۆر گرنگ بوو. بەم جۆرە نوێنەرانی ڕەخنەی نوێ بایەخیان بە ناوەوەی دەق داوە و هەموو شتێکی دەرەکییان پشتگوێ خستووە، گرنگییان بە خوێندنەوەی وورد و مانا گرانەکان داوە[٣]، باوەڕیان بە هەمەڕەنگی ئاستی واتایی هەیە، مەبەستەکی دیاریکراو لە لایەن نووسەرەوە بە سەر خوێنەردا ناسەپێنرێت.

## ـــــ دەق لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی بۆنیادگەرییەوە

دەق لە تێڕوانینی بۆنیادگەری جیاوازە لەگەڵ سەرجەم تێڕوانینی ڕێبازە ڕەخنەییەکانی تر، دەق لە داهێنەر و ڕێڕەو و ڕەوتی مێژوویی و کۆمەلایەتی دادەبڕێت، (( شیکردنەوەیەکی وەسفییە بۆ تاقە ڕەهێندێکی دەق کە بۆنیادی زمانەکەیەتی))[٤]، لە کرداری ڕەخنەدا دەق پشت بە نووسەر و

---

١. هەمان سەرچاوە، ل٦٩.

٢. نعمت الله حامد حامد، شرۆڤەکرنا هوزانێن گرۆپێ نووکرن هەروهەر ل دویڤ بنەمایێنڕەخنا نوێ یا ئەنگلو ـ ئەمریکی، نامەی دکتورا، زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی ئاداب، ٢٠١٣،ل٤٣ ـ ٤٦.

٣. د. کەمال مەعروف، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ل٦٨ ـ ٧٢.

٤. د. فۆئاد ڕەشید، ناسنامەی دەق، ل١١٠.

**ڕەوتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی یەوە نابەستێت بەڵکو پشت بە چەمك و زانستی زمان دەبەستێ، بەلایانەوە دەق بۆنیادێکی زمانەوانی سەربەخۆی داخراو و دابڕاوی لە هەموو چەمك و ئەگەرە دەرەکییەکان هەیە، مامەڵە کردنیان لەگەڵ دەقی ئەدەبی وەکو مامەڵە کردنە لەگەڵ ڕستەدا، چونکە ڕستە لە زانستی زمانەوانیدا توانای باسکردنی لە زۆرئاستدا هەیە.[1]بەتایبەتیش ئەم جۆرە تێڕوانینە لە لایەن ڕەخنەگری فەرەنسی (ڕۆلان بارت) ەوە هاتەکایەوە، کە بۆ یەکەم جار (بارت) لە جیاتی کاری ئەدەبی زاراوەی دەقی بەکارهێنا، چونکە (( بەرای بارت ((بەرهەم)) دەسکردێکی هونەرییە کە نووسەر دەسەڵاتێکی تەواوی چاودێری کردنی بە سەردا هەیە و سەلمێنەری مۆدێلی نەریتیی مەبەستمەندیی نووسەر و تێڕوانینی نووسەر ـ تەوەر بۆ پرسی ڕاڤەیە. زاراوەی ((بەرهەم)) هەروەها پێشاندەری ئەو بۆچوونانەیە کە نووسەر بە کەسێکی هەڵوێردەی هەڵکەوتەی تاقانە و سەرچاوەی خەیاڵ و خۆڵقاندن دەزانێ کە نووسراوەیەکی هەتا بڵێی بەرز و ڕەسەن دادەهێنێ))[2]، هەروەها پێی وابوو، کە نابێت لە کاتی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە دەقەکاندا تەنیا سەیری لایەنی دەرەوەی دەق بکرێت، چونکە ئەمە بریتی یە لە تێپەرین بە سەر چەند کارێکی تری ئەدەبیدا، یان بە واتایەکی تر دەق خۆی بریتی یە (( لە یەکگرتن و کارلێکردنی نێوان کۆمەڵە دەقێك و بە هۆی ئەم کردارانەشەوە دەقێکی نوێ بەرهەم دەهێنرێت))[3] ، زمانی دەقەکانی تری هەڵگرتووە، لە لایەکی تریشەوە دەق هێزێکی گۆڕینە لە سەر هەموو ژانر و پلەکان و ڕێبازەکانی تر تاوەکو ببێتە واقعێکی هاودژ و دژایەتی سنووری یاساکانی عەقل بکات، دواخستنێکی بەردەوام و لە یەك نەچووە، ئەوە نییە بلێ چوارچێوەیەکی تایبەتی بەخۆوە گرتووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بێ واتا و بێ سنوورە و خۆی نادەتە دەست هزر و عەقلێکی دیاری کراوەوە، بەڵکو بەرەو یارییەکی کراوە و هەمەڕەنگ دەچێت، هەروەها ئەوەشی ڕوون کردەوە، کە دەق بریتی یە لە پێکەوە گرێدانی چەند بەشێك لە هێما و دەنگی زمانی و کۆمەلێك رۆشنبیری هەمەجۆر، کە لە کۆتاییدا وێنەیەکی فرە دەلالیمان پێ دەبەخشێت، دەق یەکەیەکی کراوەیە خوێنەر بەشداری لە بەرهەممهێنانی دا دەکات.[4] هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، کە (بارت) دەقی ئەدەبی لە کاری ئەدەبی جیا کردووتەوە، پێی وایە، کاری ئەدەبی پارچەیەکە لە ماددەیەك کە جێگایەکی فیزیاوی لە کتابخانەدا داگیر کردووە، وەکو هەموو شتێکی ماددی دەتوانین دەست لێ بدەین، بەڵام دەقی ئەدەبی کێڵگەیەکی زمانییە بەردەوام خۆی لە پولین کردن دوور دەخاتەوە[5]، واتا سنوورێك لە نێوان ڕێبازە ئەدەبییەکاندا ناهێڵێت و دەق دەتوانێت شیعر بێ، یا پەخشان بێ، یا چیرۆك بێ، بۆ**

---

١. د. کەمال مەعروف، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ل٨٢.

٢. راجیر وێبستێر، و/ عەبدولخالق یەعقووبی، تۆژینەوەی تیۆری ئەدەبی، چ یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٥٠.

٣. پ. ی. د. نەجم خالد ئەلوەنی، جۆرەکانی دەقاوێزان لە رۆمانی (پێنجەمین کتێب)ی جەبار جەمال غەریب دا، چ یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٦.

٤. د. صلاح فضل، بلاغة الخطاب و علم النص، ط ١، القاهرة، ١٩٩٦، ص٢٩٧ ـ ٢٩٨

٥. رولان بارت، نظريه النص، ت: د. محمد خير البقاعي، مركز الانماء الحضارى، ط٢، حلب ـ سوريا، ٢٠٠٥، ص٣٩.

نموونه لەم كۆتایی یانەدا چەندین زاراوەی وەك پەخشانە شیعر و رۆمانە شیعر ، .... هتد، بەرچاو دەكەوێت، هەر لەو جیاوازیانە پێمان دەڵێ كاری ئەدەبی تاكە، بەڵام دەق هەمەجۆرە و لە یەك دەق پێك نەهاتووە، بەڵكو لە كۆمەڵە دەقێك پێكهاتووە، بۆیە لایەنی كۆمەڵایەتی تێدەپەڕێنێت و هەر ئەمەشە زیندوو بوونی پێ دەبەخشێت و یەك واتا بە سەر خوێنەردا ناسەپێنێت.

## ـــ دەق لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی یەوە

هەڵوەشاندنەوەگەرایی خاوەن فەلسەفەیەكی تایبەتە لە شیكردنەوەی دەقی ئەدەبیدا، بە بۆچوونی ئەم ڕەوتە ڕەخنەییە هەر خوێندنەوەیەك سەرەتا و پرۆژەییێكە بۆ دروست بوون و پەیدابوونی خوێندنەوەیەكی نوێتر بۆ دەق، پشت بە تیۆری ئەدەبی، یا واتایی، ڕاڤەیی نابەستێت، بەڵكو ڕێبازێكی دیاریكراوی خوێندنەوەی دەقە، لە ڕوانگەی ئەو بنەمایە تێدەگەین، كە خوێنەر تەوەری سەرەكییە لە پێكهاتەی دەق و دیاری كردنی ماناكەیدا، پێوەندی دەق بە بوونی خوێنەرەوەیە و خوێنەر سەرچاوەی سەرەكییە خۆی مانای بەدەردەخات و ڕۆڵی نووسەر دەبینێت، واتا خوێنەر لە بەر تیشكی بیرۆكەیەكی دەروونی و زمانەوانی، بۆچوونی تاكی تایبەتدا دەیەوێت بە پێوانەی كەسایەتی خۆی دەقەكە ببینێت. بەم شێوەیەش دەق مانای ڕاستەقینەی خۆی لە دەست دەدات و دەبێتە ڕەنگدانەوەی بیرۆكە و باری دەروونی و رۆشنبیری تاكێتی، نەك ڕەنگدانەوەی خۆدی دەقەكە.[1] ئەم ڕەوتە ڕەخنەییە گرنگی بە زمان و بنیاتی دەق دەدات و لە ڕێگەی زمانی دەقەكەوە، دەقەكە شی دەكاتەوە، وەك (( ستراتیژیەتێكی كار بە شوێن كایە دووانە لێكدژیەكان دەق دەگەڕێت و لە بار یەكیان هەڵدەوەشێنێتەوە و بۆ جارێكی دی و لە دیویێكی دیكەوە ڕاڤەیان بۆ دەكاتەوە، واتە زیاتر جەخت لە ئاستی ژێرەوەی زمان (میتازمان) دەكاتەوە))[2]. ئەم ڕەوتە ڕەخنەییە بە پێچەوانەی ڕەخنەی نوێ بوونی یەكێتی ئۆرگانی لە دەقی ئەدەبیدا ڕەت دەكاتەوە، شیكردنەوەیەكی ووردبینانە بۆ دەقی ئەدەبی ئەنجام دەدات. تاكو بسەلمێنێت دەقی ئەدەبی یەك واتای نییە، لە پێناو بەرفرەكردنی فەزای گۆتار و ڕەواندنەوەی تارماییە وەهمییەكان و والاكردنی دەروازە لە بەردەم مانا نوێیەكان، ئەو مانایانەی، كە كەوتوونەتە ئەو دیو دیوارە كۆنكریتییەكانی ئایدۆلۆژیا كار دەكات، بەوەی لە ڕێگەی ستراتیژیەتەكانیانەوە جارێكی دی مانا كۆنەكان وورد و خاش بكەن و مانای نوێ و ڕەهەندی نوێتر لە شوێنیان دابمەزرێنن.[3]ئەم ڕەوتە ڕەخنەییە (( ئامانجی دەرخستنی ڕۆڵی خوێنەری تاكە لە پێشكەشكردنی دەق یان ڕاڤەكردنیدا،

---

١. د. كەمال مەعروف، تیۆرە نوێیەكانی ڕەخنەی ئەدەبی، ل١٠٠ ـ ١٠١.

٢. عبدوالستار پیرداود حەسەن، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی كوردیدا لە تیۆرەوە بۆ پراكتیزە كردن، نامەی ماستەر ، زانكۆی سەلاحەددین/ كۆلێژی پەروەردە، ٢٠١٠، ل١٣٧.

٣.هەمان سەرچاوە، ل٢٨.

که‌ هه‌ر خوێندنه‌وه‌ و یاخۆد ڕاڤه‌یه‌كی ده‌قه‌كه‌، خراپه‌ كردنه‌ به‌ خوێندنه‌وه‌ و ڕاڤه‌كردنی پێشوو، ئه‌مه‌ش وا ده‌كات، كه‌ ده‌ق كراوه‌ و بێكۆتایی بێت)).[١]

## ـــــ ده‌ق له‌ ڕوانگه‌ی میتۆدی ڕه‌خنه‌ی هێرمۆنتیكی یه‌وه‌

هێرمۆنتیكا له‌ ساده‌ترین مانادا، خوێندنه‌وه‌ی ده‌قه‌، گرنگی ده‌قه‌كه‌ به‌ پێوانه‌ و نیاز و مه‌به‌ستی نووسه‌ر ناپێورێت، به‌ڵكو ڕه‌خنه‌گر ڕه‌مزه‌كانی ده‌ق ده‌كاته‌وه‌، ده‌ق هیچ مانایه‌كی نییه‌، ته‌نیا به‌ هۆی خوێندنه‌وه‌وه‌ نه‌بێت، خوێنه‌ری به‌توانا مانای نوێ به‌ ده‌قه‌كه‌ ده‌به‌خشێت، ده‌قی ئه‌مڕۆ كراوه‌یه‌[٢]، كه‌واته‌ هێرمۆنتیكا (( بریتییه‌ له‌ خوێندنه‌وه‌ی ده‌ق به‌ده‌ر له‌ مه‌به‌ستی سه‌ره‌كی نووسه‌ره‌كه‌ی))[٣]، واتا خوێنه‌ر له‌ ڕێگه‌ی خوێندنه‌وه‌ و هێرمۆنتیكه‌وه‌، ده‌قێكی نوێ به‌رهه‌م ده‌هێنێ و مانای پێده‌به‌خشێت، لێره‌وه‌ هێرمینیۆتیكا وه‌ك (تیۆر) و وه‌ك (چه‌مك) دێته‌ ناو تیۆره‌ جۆراوجۆره‌كانی خوێندنه‌وه‌ و خوێنه‌ر، وه‌ك تیۆر ده‌بێ به‌ بنه‌مایه‌كی فه‌لسه‌فی بۆ خوێندنه‌وه‌، وه‌ك چه‌مكیش له‌ ناو پرۆسه‌كانی خوێندنه‌وه‌دا پشتی پێده‌به‌ستریٰ.[٤]

هێرمینیۆتیكا بنجینه‌كانی خۆی له‌ فینۆمینۆلۆژیای (هۆسرل، هایدگه‌ر، ئه‌نگاردن، گادامێر) وه‌رگرتووه‌. ئه‌و فه‌لسه‌فه‌یه‌ی، كه‌ (خۆد) ده‌كا به‌ سه‌رچاوه‌ی تێگه‌یشتن. لێره‌شه‌وه‌ خۆدی وه‌رگر توانای به‌رهه‌مهێنانه‌وه‌ی ده‌قی هه‌یه‌، له‌ میانه‌ی كرده‌ی تێگه‌یشتن و ده‌رككردن، ده‌توانێ چه‌ندین دیوی مانا له‌ نێو فره‌مانایی و له‌ نێو بۆنیادی ده‌ق ببینێ.[٥]بۆ نموونه‌ (پۆل ریكور)، كه‌ به‌ ڕه‌خنه‌گرێكی بواری ڕێبازی فینۆمینۆلۆجی ناسراوه‌. له‌ پێناسه‌ كردنی ده‌قدا ده‌ڵێت : ((ده‌ق هه‌ر گۆتارێكه‌ كه‌ به‌ یارمه‌تی نووسین جێگیر كرابێت))[٦]، هه‌روه‌ها فه‌یله‌سوفی فینۆمینۆلۆجی (ڕۆمان ئه‌نگاردن) له‌و باوه‌ڕه‌دایه‌، كه‌ ده‌قی ئه‌ده‌بی ته‌نیا له‌ ڕێگه‌ی ئه‌م ئاستانه‌ی، كه‌ له‌ خۆی ده‌گرێت، وه‌كو ٠ئاسته‌كانی (ده‌نگی، یا ده‌لالی، یا بۆنیاتی، ....هتد)، ناخوێندرێته‌وه‌، تاكۆ كۆمه‌ڵێك شیكردنه‌وه‌ی شێوازگه‌ری بۆ نه‌كرێت، چونكه‌ زانستی ده‌ق هه‌وڵدانه‌ بۆ پێكه‌وه‌ گرێدانی هه‌موو ئه‌و ئاستانه‌ به‌یه‌كه‌وه‌. سه‌ره‌ڕای ئه‌مه‌ش خوێندنه‌وه‌یه‌كی سه‌رتاسه‌ری یه‌ بۆ دیاری كردنی هه‌موو ئه‌و په‌یوه‌ندییه‌ هاوبه‌ش و لێكچواندنه‌ی، كه‌ له‌ نێوان ئه‌و ئاستانه‌دا هه‌یه‌، هه‌روه‌ها بۆ ئه‌وه‌ی فینۆمینۆلۆجی بتوانێت جوانترین خوێندنه‌وه‌ له‌ چوارچێوه‌ی یه‌ك بیرۆكه‌دا له‌ سه‌ر بنجینه‌ی مه‌رام

---

١. د. كه‌مال مه‌عروف، تیۆره‌ نوێیه‌كانی ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی، ل ٩٩ ـ ١٠٠.

٢. هه‌مان سه‌رچاوه‌، ل١١٣.

٣. ئه‌حمه‌د ڕه‌زا، له‌ دروونشیكارییه‌وه‌ بۆ لێكدانه‌وه‌، چ١، چاپخانه‌ی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٢٠.

٤. نه‌وزاد ئه‌حمه‌د ئه‌سوه‌د، ئه‌زموونی خوێندنه‌وه‌ (چه‌ند لاپه‌ره‌یه‌كی ڕه‌خنه‌یی)، له‌ بڵاوكراوه‌كانی چاپ و په‌خشی سه‌رده‌م،چ١، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٨.

٥. هه‌مان سه‌رچاوه‌، ل٢٣.

٦. ولات محمد، دلالات النص الآخر في عالم جبرا ابراهيم جبرا الروائي، الطبعة الاولى، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠٧ص١٨.

و مەبەستێکی دیاریکراودا بۆ دەق بکات[١]، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە حەزی دەربڕینی مرۆڤ هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە بنەماکانی ئەو مەرام و مەبەستانەی، کە خوێنەر بە دەقەکە دەبەخشێت، واتا گواستنەوە لە ڕێسا و سنوورەکانی دەقەوە بۆ خوێنەر، ئەوەی خوێنەر لە کردەی خوێندنەوەدا بە دەقەکەی دەبەخشێ. یەکێکە لە دیارترین ئەو بیرۆبۆچوونە ڕەخنەییە بنچینیانەی ڕەوت و میتۆدە ڕەخنەییەکانی پاش بۆنیادگەری دایانڕشتووە، بەمەش دەسەڵاتی خوێندنەوەی وەك بەرهەمهێنەری دەق گەڕاندەوە بۆ ناو کاری ئەدەبی و خوێنەری بە دەقەوە بەستەوە.

**ـــ دەق لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی سیمیۆلۆژیاوە**

یەکێك لەو ڕێبازە ڕەخنەیی و ئەدەبیانەی، کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم زیاتر دەرکەوت، ڕێبازی ڕەخنەی سیمیۆلۆژیا بوو. ئەم ڕێبازە هەوڵەکانی خۆی چڕ کردەوە بۆ ئاشنایەتییەکی زیاتر بۆ ناساندنی دەق، تا ئەو جێگەیەی، کە سیمیۆلۆژیا زۆر جار لەگەڵ زاراوەی هاودەقی (دەقاوێزان)ی، پێکەوە گرێ دراون. سیمیۆلۆژیەکان وا سەیری دەقیان کردووە، کە لە بنچینەدا (( هەموو تێکستێك کۆمەڵێك تێکستی تری لە خۆی گرتووە، لە ئەنجامی تێکەڵبوون و بەیەکداچوونی ناوەکی وەك پرۆسەیەکی ئاڵۆزی بەرهەم هێنانی تێکستێك، کۆمەڵێك تێکست دەبنە هۆی دروستبوونی تێکستی تر))[٢] بەو واتایەی، کە دەق بریتی یە لە کۆمەڵە دەقێکی یەك بەدوایەك دا هاتوو، سوودمەند بوو بەیەکتر، هەروەها لەو باوەڕە دابوون، کە دەق تەنیا ئەوە نییە، کە دەنووسرێت بەڵکو دەکرێت لە شێوەی هێما یان نیشانەدا پێشان بدرێت، واتا مەرجی نووسین و خوێندنەوەیان نەکردە بنەمایەکی سەرەکی بۆ دەق، ئەوان پێیان وایە بەبێ ئەوەی پەنا ببەنە بەر نووسین و خوێندنەوە دەکرێ، وەکو هێماکانی ئاماژەناسی تەماشا بکرێت. بۆ نموونە وەکو هێماکانی هاتووچوو، کە هۆشداری دەدەنە مرۆڤ لە کاتی وەستان، تێپەڕین، هەروەها لە شتی ترسناك[٣] بۆیە بە پێی ئەو میکانزمانە جەخت لە سەر هەردوو لایەنی بەرهەمهێنان و وەرگرتن دەکەنەوە.

ڕێبازی سیمیۆلۆژی بۆ بیر و بۆچوونەکانی ڕەخنەگری فەرەنسی (میخائیل باختین) دەگەڕێتەوە، کە لە کتابەکەیدا بەناوی (جوانیناسی و تیۆری ڕومان)دا بلاوی کردنەوە. (( باختین لەم کتێبەیدا ڕوانینی خۆی لە سەر زمان و پێکهاتەی ڕۆمان دامەزراندووە کە هەر بە (تیۆری ڕۆمان) ناسراوە. باس لەوە دەکات کە ڕۆمان ستروکتۆرێك و ئامادەییەکی وای هەیە، لە ژێر ئاراستەیەکی کۆدەنگی . Poly phonine، جۆراوجۆرییەك، یان جۆربەجۆرییەکی مەزن لە زمانزانی شێواز، کولتور

---

١. محمد عزام، النص الغائب تجليات التناص في الشعر العربى، ص١٣.

[٢]. د. موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی (تیۆری نێو تێکست theorie d Intertexualite)، گۆڤاری رامان، ژمارە ١٤٢، ٢٠٠٩، ل١٥٥.

٣. رامان سلدن و پیترویدوسون، راهنمای نظريه ادبى معاصر، ترجمه: عباس مخبر، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٤، ص١٣٥ ـ ١٣٧.

پێشان دەدات، جیاوازییەکان لە شێوەی دیالۆگیزم پێشان دەدا))[1]، دواتر (جولیا کریستیڤا) لە سالی ١٩٦٨ بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بیروبۆچوونەکانی (باختین)ی خوێنەری ڕۆژئاوایی گەیاندە ، هەر ئەویش پێداگیری لە سەر هاودەقی کردەوە، لە کتابەکەی خۆی بە ناونیشانی (شورشی زمانی شیعری) ئاماژە بەوە دەکات، کە دەق بریتی یە لە پێکەوە گرێدانی بە هێندێك شێوە و جۆری دەقی پێش خۆی.[2] هەر لەو میانەیەدا ڕەخنەگری تازە (جاك دریدا) بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆچوونێکی تازەی خستە سەر پێناسە و بۆچوونەکانی پێش خۆی بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر پشتی بە مێژوو و فەلسەفە بەست، یارییەکی کراوە و داخستنی لە دەقدا هێنایە کایەوە. ئەویش ئەوەیە، کە دەق تەنها ڕەگ و ریشە و نەژادێکی نییە، بەڵکو لە چەند ڕەگێکی جیاواز پێکهاتووە.[3] لێرەوە دەکرێت لە بواری سیمۆلۆژیادا ئاماژە بە گرنگترین پێناسە بدەین ، کە هاوکات لەگەڵ (جۆلیا کریستیڤا)، ڕەخنەگری بەناوبانگ (فلیپ سولێر)، سێ ئاستی جیاوازی بۆ دەق دیاری کردووە، کە بریتین لە (ئاستی سەرەوەی دەق، ناوەوە، ئاستی قوول)، مەبەستی لەو ئاستانە ئاستی یەکەم: لە دڕکاندنی وشە و ڕستە و گرێ پێك دێت، واتا ئەو شتانەی، کە دەنووسرێن و بە ڕوون و ئاشکرایی دەخوێندرێنەوە. ئاستی دووەم: بریتی یە لە هاودەقی، یان بەواتایەکی تر ڕۆح و جەستەی دەقە، بە وشە و ڕستە نانووسرێت، بەڵکو هەر لە ناو کتاب خۆیدا دەچێتە دەرەوە و لە خالێکی دوورتر لە سنووری خۆی دەردەکەوێت، یان هێندێك جار واتایەك هەیە پێ دەڵێن واتای ئەو دیوی ڕستە. ئاستی سێ یەم: بریتی یە لە ئاستی نووسین و کرانەوەی زمان[4]، بە پێی ئەم بۆچوونەی سولێر واتای دەقی نووسراو بێ کۆتایی و بێ سنوورە کە لە کۆمەلێك زنجیرەی یەك بەدوایەکدا هاتوو پێك هاتووە، کە بە تەنیا هیچ پارچەیەك دەلالەتی ڕاستەقینەی خۆی وەرناگرێ، بەڵکو خوێنەری دەق ناچار دەکات، کە ببێتە بەشێك لە ئاستی ناوەوەی بەشەکەدا، کە ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەکان دواجار لە بۆچوونەکانی (ڕۆلان بارت) بۆ دەق و نووسین نزیك دەبێتەوە ، کە زاراوەی مەرگی نوسەری تێیدا بەکار دێت، واتا دەقی ئەدەبی هیچ پێوەندییەکی بە نووسەرەوە نامێنێت، بەڵکو خوێنەر بە ڕاڤە و تێڕوانینی خۆی سەر لە نوێ دەقێکی تر بنیات دەنێت.

ئەگەر لە هەموو ئەو بۆچوونانەی سەبارەت بە دەق و چەمکی دەقمان لە چوارچێوەی ڕەوتە ڕەخنەییە نوێەکان خستنەڕوو وورد بینەوە. ئەوا دەبینین، کە پێوەندییەك لە نێوان بۆچوونەکانی

---

[1]. د. موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی ( تیۆری نێوتێکست)، گۆڤاری رامان، ژمارە ١٤٢، سالی ٢٠٠٩، ل١٥٦.

٢. بابك احمدی، ساختار و تاویل متن، نشر مرکز، چاپ چهاردهم، چاپ سعدی، ١٣٩١، ص٣٢٥ ـ ٣٢٨.

[3]. ام. اچ. ایبرمز، فرهنگ توصیفی اصطلاحات ادبی، ت/ سعید سبزیان مراد ابادی، چ/ اول، چا/ راهنما، تهران، ١٣٨٤، ل٢٩١.

[4]. محسن عارف صالح، پراکتیزە کرنا تیورا دەقی د مەم و زینا خانیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆیا دهوکێ/ جڤاتا کولێژا ئادابێ، ٢٠١٢، ل١٧.

ئەم ڕەوتە ڕەخنەییانەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە بۆچوونەکانیاندا بۆ دەق، دەق پەیوەست دەکەن بە تیۆرەکانی زمانەوانییەوە، هەروەها جەخت لە سەر سەربەخۆ بوون و کراوە بوونی دەق دەکەنەوە لە ڕووی واتاوە، خوێنەر بەرهەمهێنەری مانا و دەقی نوێ یە، واتا ڕەوتە ڕەخنەییە نوێیەکان (( وا لە دەق دەڕوانن کە دەق کۆتاییێکی کراوەی هەیە و لە بەرامبەر خوێنەردا هەمیشە بە کراوەیی دەمێنێ کۆتایی ماناش نییە، هەر وەك چۆن دەقی کراوە و دەقی داخراو لای ئەمبێرتۆ ئیگۆ و دەقی خوێنراو و دەقی نووسراو لای ڕۆلان بارت دەرکەوتن))[١]، هەروەها لە سەردەمی ئەمڕۆدا هەر ((لە ژێر کاریگەری میتۆدە جیاوازەکانی ڕەخنەی نوێدا کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەر پرنسیپەکانی زانستی نوێی زمان و سیمیۆلۆژیا دامەزراوە، ژانرە ئەدەبییەکان سنووری نێوانیان بە ئاسانی دەبەزێنرێن و ئاوێتەی یەکدی دەکرێن و هەندێ جار ژانرێك یان چەشنێکی نوێیان لێدروست دەکرێت، چونکە ڕەخنەی نوێ لە ڕوانگەیەکی زمانەوانییەوە دەق دەخوێنێتەوە و پتر گرنگی دەداتە ئەدگارە ئەدەبییەکانی دەق))[٢]، لە ئەنجامی ئەم ئاوێتە بوونەش چەند دەقێکی ئەدەبی سەریان هەڵدا کە بە شێوە تەقلیدییەکەی ناچنە ژێر هیچ یەکێك لەو ژانرە ئەدەبییانەی بۆ شیعر و چیرۆك و شانۆنامە دانراون. ئەمەش وای لە ڕەخنەگرانی ئەوروپی بە تایبەتیش فەرەنسی و عەرەبییش کردووە، جگە لە زاراوەی "دەق" زاراوەی دیکەشی بۆ دابنێن، لە لای ڕۆلان بارت و جاك دریدا "نووسین" یان "نوسینی دەقێتی" بەکارهاتووە[٣]، هەروەها لای نووسەر و ڕەخنەگرانی کوردیش زاراوەکانی وەکو (تێکست ، دەق، قەسیدە، دەقی کراوە، دەقی ئاوێتە، دەقی والا)بۆ ئەم جۆرە دەقانە بەکارهاتووە. لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی، کە لە بۆاری لێکۆلینەوی دەقی ئەدەبیدا هاتوونەتەکایەوە. تیۆرێك بۆ دەقی ئەدەبی دانرا، کە ناسراوە بە (تیۆری دەق)، ئەم چەمکانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:[٤]

| | |
|---|---|
| ١. پراکتیزە کردنی واتایی | Pratigues Signifiuntes |
| ٢. بەرهەمهێنان | Produc tiveite |
| ٣. تێڕامان | La Signifiance |
| ٤. خولقاندنی دەق | Geno – texte |
| ٥. ئەفراندنی دەق | Phone –texte |
| ٦. هاودەقی | Intertexte |

١. هەڵمەت بایز ڕەسول، دەقاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی (بەختیار عەلی)دا ، ل٣٩.

٢. د. فوئاد ڕەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتە بۆونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا)، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٦٥، ل٣٣.

٣. نەزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەرەیەکی ڕەخنەیی)، ٥٩- ٦٠.

٤. د. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، شانۆی کوردی لە نێوان دەقی خۆماڵی و بیانیدا، لە بڵاوکراوەی گۆڤاری شانۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٧٧.

**ـ جۆرەکانی دەق**

هەریەکە لە زانایان و ڕەخنەگران بە پێی بۆچوونی تایبەتی خۆیان، لە سەر چەند بنەمایەك، چەند جۆرێکیان بۆ دەق دەست نیشانکردووە. مەسەلەی دیاریکردنی جۆرەکان، یا شێوازەکانی دەق لە ناو ڕەخنەگران و زانایان کێشەی هێنایەوە، بە تایبەتیش لە لایەن زانایانی زمانەوانییەوە کێشەکە قوڵ کراوەتەوە، هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن پسپۆڕانی زمان سەبارەت بە زمانی دەق و جۆرەکانی بە شێوەیەکی جیاواز دەرکەوتووە، بەڵام هەندێ بنەمای سەرەکیش هەیە، کە لە سەری ڕێك کەوتوون، بە تایبەتی لە سەر مەسەلەی بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانە و زمانی هۆنەری، کە هەموویان بەیەکەوە جیاوازی دەخەنە نێوانیانەوە، پەیوەندییان بە واقیعی ژیانی ڕۆژانەوە، لە نێو لێکۆڵینەوەکاندا ڕەنگی داوەتەوە[1]هەربۆیەشە پۆلین کردنێکی یەکگرتوو و یەکجارەکییان بۆ جۆر و شێوازەکانی دەق نییە.لێرەشدا ئاماژە بە چەند جۆر و شێوازەکی دەق دەکەین، کە لە لایەن ڕەخنەگر و زانایانەوە لە سەر چەند بنەمایەکەوە خراونەتەروو:

هێندێك لە زانا و ڕەخنەگران لە ڕووی جۆرەوە دەقیان بەسەر چوار جۆردا دابەشکردووە، کە بریتین لە: (دەقی تەواو، دەقی دەرەکی، سەرڕووی دەق، پێش دەقی).[2]هەروەها (جیرار جینێت) لە ڕووی پەیوەندی نێوان دەقەکانەوە چەند جۆرێکی دەق دەستنیشان دەکات، دەخاتەڕوو:

١. **دەقی هاوتەریب** (Paratexte): ئەم جۆرە دەقە چوارچێوەیەکی دەرەکی هەیە و لە دوو شێوەدا خۆی دەبینێتەوە:

ا. **دەقی دەوروبەر** (Peritexte):ئەم جۆرە دەقە لایەنی دەرەوەی دەق دەگرێتەوە، وەکو ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی، پێشەکی دەروازە، وشەکان و وێنەکانی سەر بەرگ ..... هتد.

ب . **دەقی دەرەکی** (Epitexte): ئەم جۆرە دەقە بە دەوری دەقی ناوەکیدا دەخولێتەوە و پەیوەندی بە ژمارەی چاپ، بەرگ، نامەگۆڕینەوە، یادداشت، ...... هتد. هەیە.

٢. **دەقی وەسفکار** (Metatexte): ئەم جۆرە دەقە دەتوانین بە دەقی ڕاڤەکاریش ناوی بنێن، باسی پەیوەندی ڕەخنەیی نێوان دوو دەق دەکات.

٣. **دەقی گشتگیر** (Architextualite): ئەم جۆرە دەقەیە، کە پێوەندی بە تەلاری دەق و جۆری دەقەوە هەیە.

٤. **دەقی پێش** (hypertextualite): مەبەست لەم جۆرە دەقە، ئەو دەقانەن کە دەبنە سەرچاوە بۆ دروست بوون و سەرهەلدانی دەقی نوێ.

٥. **نێو دەقی** (Intertextualite): ئەم جۆرە دەقە، مەبەستی لە دەقاوێزانە.[3]

---

[1]. محسن عارف صالح، پراکتیزە کرنا تیورا دەقی د مام و زینا خانیدا، ل٢٨ ـ ٢٩.

٢. سعید علوش، معجم المصطلحات الادبیة المعاصرة، دار الکتاب اللبنانی، ط١، بیروت، ١٩٨٥، ص٢١٣ ـ ٢١٤.

٣. د. نەجم خالید ئەلوەنی، جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (پێنجەمین کتێب)ی جەبار جەمال غەریب دا، ل ٣١ ـ ٣٦.

هێندێك لە ڕەخنەگران لە سەر بنەمای گەیاندن و دەلالەتەوە، دەقیان دابەشی سەر چەند جۆرێك کردووە، بۆ نموونە ڕەخنەگر (گرێنتس) لە سەر ئەم بنەمایە ئەم جۆرانەی لە دەق دەسنیشان کردووە:

١. **دەقی گرێ دراو:** ئەم جۆرە دەقانەن، کە لایەنەکانی سوز، یاسا، سامان، داخوازی، ...... هتد. دەگرێتەوە.

٢. **دەقی ئاراستە کردن:** ئەم جۆرە دەقە، دەقەکانی وەکو ریکلام، پرۆپاگندە، دەقی سیاسی، دەقی فێرکاری، .... هتد. دەگرێتە خۆی.

٣. **دەقی کۆکراوە (عەمبارکردن):** مەبەست لەم جۆرە دەقە، دەقەکانی وەکو: یادەوەری ڕۆژانە، تێبینی و پێرست، پلان دانان، ..... هتد.

٤. **دەقی نهێنی:** ئەم جۆرە دەقانە دەگرێتەوە، کە بە ئاشکرایی بڵاو ناکرێنەوە. وەکو: نامە، ڕاپۆرت، بلیت، ........هتد.

٥. **دەقی بەربڵاو:** ئەو دەقانەن، کە بە ئاشکرا بڵاو دەکرێنەوە، وەکو: ڕۆمان، چیرۆك، کتاب ..... هتد.[1] یەکێکی تر لە ڕەخنەگران بە ناوی (دیمتر)ی، لە کتابێکی خۆیدا زیاتر لە (١٦٠٠) ناوی بۆ جۆرەکانی دەق دیاری کردووە. تەنانەت پێی وایە، کە زمانی ڕۆژانە بەشی ئەو هەموو شێوە و جۆرە جیاوازانەی دەق ناکەت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی سێ بنەمای (هەلوسە، ئەرکی دەق، ناوەرۆکی دەق) لە بەرچاو گرتووە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەو دەقانە بکەین، کە لە شێوەی ڕێنمایی، راوێژکاری، نامە، هەواڵ ... هتد.ئەوا ناتوانین یەك لایان بکەینەوە، تەنیا لە میانە و چوارچێوەی ئەرکی گەیاندن و ئەرکی دەق و ناوەرۆکی گشتیدا نەبیت.[2]کەواتە ئەگەر وابێت ، دەتوانرێت جۆرەکانی دەق لە سەر ئەو بنەمایانە دەتوانرێت دەسنیشان بکرێت. هەروەها زانای زمانەوانی عەرەب (لەتیفە هەباس)ی، بەم شێوە خوارەوە دەقی بۆ سەر چەند جۆرێك دابەش کردووە:[3]

١. **دەقی کۆن:** ئەمەشیان دەبێت بە دوو جۆرە:

أ. دەقی ئەدەبی

ب. دەقی نائەدەبی

٢. **دەقی ڕەسەن:** ئەم جۆرە دەقەش دابەشی سەر چەند جۆرەکی تر دەبیت.

أ. دەقی ڕاگەیاندن

ب. دەقی ڕۆژانە

ت. دەقی پێشەیی

پ. دەقی گۆڕینەوە

---

[1]. سعید حسن بحیری، علم لغة النص المفاهیم و الاتجاهات، ص٦٦.

[2]. محسن عارف صالح، پراکتیزە کرنا تیورا دەقی د مام و زینا خانیدا، ل ٣٢ ـ ٣٣.

٣. هەمان سەرچاوە، ل٣٣ ـ ٣٤.

**ج. دەقی ئەدەبی**

**هەروەها (رولان بارت) لە کتێبی (S/Z)دا، قسە لە سەر دوو جۆر دەق دەکات، لە چوارچێوەی دەقی کلاسیکدا باسی دەقی خوێنراو (Readerlytext) دەکات، لەم جۆرە دەقەشدا خوێنەر بەکاربەرە و ڕاستەخۆ بەرەو مانای دەق دەڕوات. جۆرەکەی تریش لە دەق، دەقی نووسراوە (Writerly text)ە، کە جیاوازە لە دەقی کلاسیکی، خوێنەر دەتوانێت لە هەر خوێندنەوەیەکدا بەرهەم هێنەری مانا بێت. ڕۆلێکی ئەرێنی دەبینێ، کۆمەلێك سیما و خەسلەت لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە، وەکو کردارێکی بەرهەمهێنەر نەك وەك بەکاربەر، لەم جۆرە دەقەدا فرە مانایی لە چوارچێوەی زمانی دەق و هەموو ئەو پاشخانە ڕۆشنبیریەی کە دەقەکە هەڵیگرتووە، بەدی دێت[١] ، هەروەها (ئەمبێرتۆ ئیکۆ) دوو جۆرە دەقی دیاری کردووە، کە (دەقی کراوە و دەقی داخراو)ە. دەقی کراوە خوێندنەوە و ڕاڤەی جیاواز هەڵناگرێت، ڕۆلی وەرگر ڕۆلێکی دیاریکراوە، خوێنەر ناتوانێت لێی دەربچێت، هەرچی دەقی داخراوە، بە پێچەوانەی دەقی کراوە، خوێندنەوە و ڕاڤەی جۆراوجۆر و جیاواز هەڵدەگرێت.** [٢]

## ـ چەمك و زاراوەی دەقی والا

**دەقی والا، وەك دەرهاویشتەو بنەمایەکی تەکنیکی شیعری پۆست مۆدێرنە، وەك زۆرێك لە چەمك و زاراوە ڕەخنەییەکان لە نێوان ڕەخنەگران و نووسەرانەوە بیروڕای جیاوازی لە سەرە،هەریەکەیان بە پێی بیروڕای تایبەتی خۆیانەوە باسیان کردووە، چەندین زاراوەی جیاوازیشیان لە جیاتی زاراوەی (والا) بۆ ئەم جۆرە دەقانە بەکارهێناوە،بۆ نموونە (قەسیدە،* دەق،** دەقی کراوە،*** چامەی درێژی نوێ****)،هەروەها هێندێك لە رەخنەگران و نووسەران بە جۆرێك لە جۆرەکانی دەقی کراوە ناوی دەبەن*****.تەنانەت هێندێکیان لە جیاتی زاراوەی (دەقی والا) زاراوەی تریان پێشنیار کردووە، بۆ نموونە: د.فوئاد لەم بارەیەوە دەڵێت: ((دانانی زاراوەی ((تێکستی والا))لە ڕووی مانا و مەبەستەوە، وەك زاراوەیەکی ڕەخنەیی، جۆرە لێڵییەك دێنێتە ئاراوە، جا بۆ ئەوەی زاراوە ڕەخنەییەکان تێکەڵی یەکدی نەکەین و لە پێناو بەکارهێنانێکی وردتری ئەم زاراوانە، باشتر وایە لە جیاتی زاراوەی ((تێکستی والا)) زاراوەی ((تێکستی ئاوێتە))بۆ دەقی ((کورسی )) و هاوشێوەکانی بەکاربهێنرێت)).** [٣]

---

١. عەبدولخالق یەعقووبی، دەنگی بلورینی دەق، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢١٧.

٢. د. میجان الرويلي ـ د. سعد البازعي، دليل الناقد الادبى، ط/ الثانية، دار البيضاء، بيروت، ٢٠٠٠، ص١٨٢ ـ ١٨٣.

*بۆ زانیار زیاتر بڕوانە : ئیدریس عەلی، ئەدەبی کوردی ... دەبێت شانازی بکات بەم قەسیدەیەوە، ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆی ژمارە (٤)، ٢٨/ ٥/ ٢٠١٢، ل٧ ، هەروەها بڕوانە: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەرەیەکی ڕەخنەیی)، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلیمانی، ٢٠٠٦، ل١٢٠.

** نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەرەیەکی ڕەخنەیی)، ل٦٥ ـ ٦٦.

**لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە دیاردەی ئاوێتە بوون و بەیەکداچوونی نێوان ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی کوردیدا نوێ نییە بەڵکو بۆساڵی حەفتاکان دەگەڕێتەوە، کە لەو کاتەدا ئاوێتە بوونی نێوان ژانرە ئەدەبییەکان لە مەدایەکی تەسکتردا بوو بۆ نموونە: لە نێوان چەند لایەنێکی ئیستاتیکی دوو ژانری ئەدەبی یان ژانرێکی ئەدەبی لەگەڵ هۆنەرێکی تردا، بەڵام (دەقی والا) ئاوێتەی بۆنیادی چەند جۆرە ژانرێکی جۆراوجۆرە، کە لە ئەنجامی فراوانبوونی مەودای ئاوێتە بوونی نێوان ژانرەکانەوە، بە هۆی کۆمەلێك هۆکارەوە، هاتووتەکایەوە، کە دواتر ئاماژەیان پێ دەکەین، واتا دەقی والا جۆرێکە لە جۆرەکانی دەقی ئاوێتە، کەواتە هەموو دەقێکی والا دەقێکی ئاوێتەیە، بەڵام هەموو دەقێکی ئاوێتە دەقێکی والا نییە.**

**گرفتی هەرە سەرەکی (دەقی والا) بە پلەی یەکەم جیاکردنەوەیەتی لەو دەقەی ، کە ڕاڤە کردن و شیکردنەوەی لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاری کراودایە، کە بە (دەقی کراوە) ناسراوە.بۆیە لە سەرەتادا هەوڵ دەدەین، دەقی کراوە شیبکەینەوە، بۆ زانینی ئەوەی ئایا مەبەست لە (دەقی کراوە) چییە؟ دەقی کراوە و دەقی والا یەك شتن، یان دوو زاراوەی جیاوازن؟ دەقی کراوە ئەم جۆرە دەقەیە، کە لە ئینگلیزیدا پێی دەگۆترێت (Open Source) یا (Open text) ، هەروەها لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگۆترێت ( "النص المفتوح" یان " الاپر المفتوح" یان " العمل المفتوح" )[1] لە زمانی فارسیشدا پێی دەگۆترێت (متن باز)[2] . زاراوەی دەقی کراوە، زاراوەیەکی ڕەخنەیی نوێیە،**

---

*** بڕوانە: ئاوات محمد، دەق و ڕاڤەکاری (شیکردنەوەی ئەو رستانەی دەکەونە دیووی شاراوەی دەقەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٢٧ ـ ١٢٨ ، هەروەها حەمە مەنتك، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠ ـ ٢٠١٠ز)، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٥٨.هەروەها حەمە مەنتیك، دەقی کراوە لە ئەدەبی نوێ کوردیدا کتێبی ملوانکەی شێرکۆ بێکەس وەك نموونە، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ١، لە چواردەمین ڤیستیڤالی گەلاوێژدا . هەروەها (حەمە سەعید حەسەن)، لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (شاعیرێك ڕۆح بە بەر بێگانەکاندا دەکات)، زاراوەی دەقی کراوەی لە جیاتی زاراوەی دەقی والا بەکارهێناوە. هەروەها (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)، دەلێت: لە هەندێ ناوەندای ئەدەبیدا و بە تایبەتی لە ڕەخنەی نوێی عەرەبیدا، بەو تێکستانەی پتر لە ژانرێك لە خۆ دەگرن دەوترێت (دەقی کراوە) ، یان (تێکستی والا).بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١١، ل٣٤٥ ـ ٣٤٧. هەروەها

**** بڕوانە: لوقمان رەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانیشێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٦٩.

***** ئارام سدیق، لە نێوان دەقی کراوە و چیرۆکی کراوەدا (چیرۆکی "نووسینەوەی درۆ"ی ئارام کاکەی فەلاح وەك نموونە)، گۆڤاری هەنار، ژمارە ٧٥، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢، ل٦٥ ـ ٦٧.

٣ . د. فوئاد ڕەشید، دەقی ئەدەبی "ئەدگار . چێژ ز بەها"، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگا ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٣٢.

[1] . نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، ل٣٤٥.

٢ . فرهنگ واژەهای مصوب فرهنگستان زبان و ادب فارسی، ١٣٧٦ تا ١٣٨٥، بخش لاتین، صفحه ٧٨. ویکی پیدیا، دانشنامه ازاد

له لیكۆلینه‌وه‌كانی ڕه‌خنه‌ی ئه‌دبی و هونه‌ری نوێدا به‌كار دێت. (( ڕۆماننووس و سیمیۆلۆژیستی ئیتالی ئه‌مبرتۆ ئیكۆ (١٩٣٢) ئه‌م زاراوه‌ی داهێناوه و كتێبێكیشی به‌و ناونیشانه چاپكردووه)).[١] ئه‌م زاراوه‌یه له تێڕوانینی (ئه‌مبرتۆ ئیكۆ)یوه پێوه‌ندی به ڕاڤه‌كردن و شیكردنه‌وه‌ی تێكستی ئه‌ده‌بی و به‌رهه‌می هونه‌رییه‌وه هه‌یه. (ده‌قی كراوه) ئه‌و جۆره ده‌قه‌یه، كه نووسه‌ره‌كه‌ی له كاتی نووسینی ده‌قه‌كه‌دا خوێنه‌رێكی دیاری كراو له به‌رچاو ده‌گرێت، له چوارچێوه و سنوورێكی دیاریكراودا ڕێگا به چه‌ند لێكدانه‌وه و ڕاڤه‌كردنێكی دیاریكراو ده‌دات[٢]، خوێندنه‌وه و ڕاڤه‌ی جیاواز هه‌ڵناگرێت و كه‌متر بواری بۆ لێكدانه‌وه و شیكردنه‌وه‌ی تێدایه و ڕۆڵی وه‌رگر ڕۆڵێكی دیاریكراوه، خوێنه‌ر ناتوانێت لێی ده‌ربچێت. (زیاتر ئه‌و ده‌قانه ده‌گرێته‌وه كه یه‌ك ڕووداو له خۆیگرتووه و سنووری ڕووداو و زه‌مه‌نی دیاریكراوه، یاخود سنووردار و كورته به‌مه‌ش ده‌قێكی یه‌ك ڕووداوی لیٚ ده‌كه‌وێته‌وه، ئه‌مه‌ش ئه‌وه ده‌گه‌ینێت كه ئه‌و ده‌قه له چوارچێوه‌یه‌كی دیاریكراوی مه‌به‌ستدار نووسراوه).[٣] دیاره له به‌رامبه‌ر (ده‌قی كراوه) (ده‌قی داخراو)یش هه‌یه، له ڕوانگه‌ی (ئه‌مبرتۆ ئیكۆ)وه ئه‌و جۆره ده‌قه‌یه، كه لێكدانه‌وه و ڕاڤه‌گردنی جیاواز هه‌ڵده‌گرێت، فه‌زایه‌كی فراوانی بۆ خوێندنه‌وه و لێكدانه‌وه هه‌یه، ده‌كرێت له چه‌ندین ڕوانگه‌وه سه‌یر بكرێت[٤]، چونكه چه‌ندین مانا و شیكردنه‌وه هه‌ڵده‌گرێت. واتا (ئه‌و ده‌قه ده‌وڵه‌مه‌نده‌یه، كه ده‌توانێت هه‌موو تاقیكردنه‌وه ده‌وڵه‌مه‌ند و ئه‌بستمۆلۆژیه‌كانی ڕه‌خنه‌گر هه‌ڵمژێ و په‌نجه‌ره‌ی ده‌وڵه‌مه‌ندكردنی ده‌ق له به‌رده‌م خوێنه‌ردا بخاته سه‌ر پشت، هه‌موو خوێندنه‌وه‌یه‌كی نوێی ژیرانه ده‌وله‌مه‌ندتری ده‌كات و نهێنی داهێنانه‌كانی باشتر والاّ ده‌كات).[٥] ئه‌م جۆره ده‌قانه زیاتر وه‌كو ئه‌و تابلۆیه ڕیكلامییانه‌ن، كه به شێوه‌یه‌ك دروست ده‌كرێن، كه بینه‌ر له هه‌ر گۆشه‌ییه‌كه‌وه سه‌یری بكات، بتوانێت په‌یامی جۆراوجۆر و جیاواز لێیان به‌رهه‌م بهێنێت[٦]، واتا ئه‌و ده‌قه‌یه، كه خاوه‌نی مانا و جوانی شاراوه‌یه. ڕه‌خنه‌گر و خوێنه‌ری هوشیار له كرده‌ی خوێندنه‌وه‌دا هه‌ستی پێده‌كات و ده‌یدۆزێته‌وه، دوای هه‌ر خوێندنه‌وه‌یه‌ك ده‌سته‌به‌ری مانه‌وه‌ی زیاتر ده‌كات و ئه‌و ڕاستیه بۆ ڕه‌خنه‌گر و خوێنه‌ر ده‌خاته‌ڕوو، كه ده‌ق مانای جۆراوجۆر هه‌ڵده‌گرێت و له یه‌ك مانا و یه‌كجار خوێندنه‌وه‌دا كۆتایی پیٚ ناهێت، به‌و واتایه‌ی، كه (( ده‌ق له ڕه‌وتی دووباره خوێندنه‌وه‌دا واتای یه‌كسان نادا به‌ده‌سته‌وه، له‌گه‌ڵ هه‌ر

( http://www.persianacademy.ir/fa/wordspdf)

[١]. نه‌وزاد ئه‌حمه‌د ئه‌سوه‌د، فه‌رهه‌نگی زاراوه‌ی ئه‌ده‌بی ڕه‌خنه‌یی، ل٣٤٥.

[٢]. فوئاد ڕه‌شید، كتێبی (فه‌رهه‌نگی زاراوه‌ی ئه‌ده‌بی و ڕه‌خنه‌یی) و چه‌ند سه‌رنجێك، گۆڤاری ڕامان، ژماره ١٨٠، ٢٠١٢/٥/٥، ل١٥٤.

[٣]. لوقمان ڕه‌ئۆف، بنه‌ماكانی مۆدێرنه له شیعره‌كانی شێركۆ بێكه‌سدا، ل١٩٠.

[٤]. فوئاد ڕه‌شید، كتێبی (فه‌رهه‌نگی زاراوه‌ی ئه‌ده‌بی و ڕه‌خنه‌یی) و چه‌ند سه‌رنجێك،، ل١٥٤.

[٥]. ڤیستیڤاڵی شاعیری گه‌وره‌ی كورد (مه‌حوی)، له‌شاری هه‌ولێر، ده‌زگای ئاراس، ڕۆژانی ٢٨/ ٣٠ئاب/ ٢٠٠١، ل٨١.

[٦]. دكتر احمد رضی ، عضو هیات علمی دانشگاه گیلان، دیوان حافظ بازترین متن ادب فارسی، فصلنامه پژوهشهای ادبی، شماره ٤، تابستان، ١٣٨٣، ص١١٧.

**خوێندنەوەیەکدا، واتایەکی تازە وەدەست دێنیٚ))[١]، چونکە ڕێگە و چۆنێتی خوێندنەوەمان جیاوازە لە میانی جیاوازی تێڕوانین و ئاستی زانین، هەروەها دیدی جیاوازمان بۆ دونیا و دەورووبەرمان، واتا خوێنەر بەشداری لە بەرهەمهێنانی مانادا دەکات.**

**لە راستیدا بە درێژایی مێژوو، دەقی داخراو بە دڵی خەڵك دەبێت و زیندووترین بەرهەمی ئەدەبی بەرهەم دەهێنێت ئەویش لەبەر ئەو تایبەتمەندیانەی، کە هەیتی ئەوانیش:**

**١. دەتوانیٚ لەگەڵ خوێنەری جیاواز لە بارۆدۆخی جیاواز و لە کاتی جیاواز پەیوەندی دروست بکات و قەناعەت بە زەوقە جیاوازەکانیان بهێنێت.**

**٢. دەتوانیٚ چالاکی فیکری خوێنەر ئەکتیڤ بکات و وای لیٚ بکات، لەگەڵ هەر جارە خوێندنی دەقەکە شتی نۆی فێر بێت و لێکدانەوەی نۆی بۆ بکات. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئەم دەقانە بەردەوام زیندوو بن.[٢]**

**د.محمد عنانی لە بارەی هەردوو زاراوەی (دەقی کراو و دەقی داخراو)ی (ئەمبرتۆئیکۆ)یەوە، لە کتێبەکەیدا (المصگلحات الادبیە الحدیپە) نووسیویەتی : ئەو دوو زاراوەیە وەرگێراوی ئەو دوو زاراوەیەیە، کە (ڕۆلان بارت) لە کتێبەکەیدا (s/z) بەکاری هێناوە[٣]، کە زاراوەی (دەقی خوێنرا و دەقی نووسراو)ن، لە ڕوانگەی (ڕۆلان بارت)ەوە (دەقی خوێنراو (Readerly text)، ئەو جۆرە دەقەیە، کە خوێنەر تێیدا بەکاربەرە و ڕاستەوخۆ بەرەو مانای دەق دەڕوات، مافی داهێنانی لیٚ زەوت دەکرێت. تەنیا دەتوانێت دەقەکە بەو شێوەیە بخوێنێتەوە، کە نووسەر مەبەستییەتی، بەڵام لە دەقی نووسراودا (Writerly text)، خوێنەر دەتوانێت لە هەر خوێندنەوەیەکیدا بەرهەمهێنەری مانا بێت، ڕۆلێکی ئەرێنی دەبینیٚ و کۆمەڵێك سیما و خەسلەت لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، وەکو کردارێکی بەرهەمهێنەر نەك وەك بەکاربەر).[٤]**

**چەمکی دەقی کراوە و دەقی داخراو لای (ئەمبریۆ ئیکۆ) لەگەڵ دەقی خوێنراو و نووسراوی (رۆلان بارت)دا، هاونزیکایەتی ئەرکی و ماناییان هەیە، لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەبن، واتا دەقی کراوەی ( ئەمبرتۆ ئیکۆ) لە بەرامبەر دەقی خوێنراوی (رۆلان بارت) و دەقی داخراویش لە بەرامبەر دەقی نووسراوی ( رۆلان بارت)دا نزیکن، کەچی هێندێك جار بە هەڵە لای بەشێکی بەرچاوی ڕەخنەگران دەقی کراوەی (ئەمبرتۆئیکۆ) لە بەرامبەر دەقی نووسراوی (رۆلان بارت) و دەقی داخراوی (ئەمبرتۆ ئیکۆ) بەرامبەر بە دەقی خوێنراوی (رۆلان بارت)دا بەکاردەهێنرێت.ئەمەش پێچەوانەی هەردوو**

---

١. بابەك ئەحمەدی، پێکهاتە و ڕاڤەی دەق ، و/ مەسعود بابایی، کتێبی دووەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی فکری و ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٤٦.

٢. دکتر احمد رضی ، عضو هیات علمی دانشگاه گیلان، دیوان حافف بازترین متن ادب فارسی، ل ١١٧ ـ ١١٨.

٣. فوئاد رەشید، کتێبی (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی) و چەند سەرنجێك،، ل١٥٤.

٤. بهرام مقدادی، فرهنگ اصطلاحات نقد ادبی، فکر روز، تهران، ١٣٧٨، ص٤٤٤. هەروەها عەبدوالخالق یەعقووبی، دەنگی بلورینی دەق (ڕەخنە و لێکۆڵینەوە)، ل٢١٧.

**تێگەیشتنەکەی (رۆلان بارت)و(ئەمبرتۆ ئیکۆ)یە[1]، هەروەها(حەمە کەریم عارف)لە توێژینەوەیەکدا بەناوی (خوێندنەوەی خوێندەوە)، زاراوەی نادەق یا دەقی مردووی بۆ دەقی خوێنراو (کراوە)، هەروەها زاراوەی دەقی زیندوو بۆ دەقی نووسراو (داخراو)ی بەکارهێناوە، بەم شێوەیە باسیان دەکات:(دەقی مردوو ئەو دەقەیە یەك مانا زیاتر هەڵناگرێت،سنووری شوێنکاتی خۆی نابەزێنێت، پەیوەستن بە کات و شوێن و سات و بۆنەیەکی تایبەتەوەو لەدوای گەیشتنی پەیامەکەی ئیدی ماناکەی بەتاڵ دەبێتەوە.دەقەکەش،چونکە هیچ چرییەکی کەلتووریی نییە،دەپۆکێتەوە و پێویستی بەهیچ شرۆڤەکار،یان پرۆسەیەکی هێرمۆنتیکی نامێنێت،هەلو مەرجە شارستانی و کەلتوورییەکەی بەسەر دەچێت و مردار دەبێتەوە.بۆ نموونە: خوتبەیەکی رامیاری، دەقێکی بانگەشەیی، ...هتد، بەڵام بە پێچەوانەوە دەقی زیندوو لێکدانەوەو راڤەی جیاوازو هەمەجۆر هەڵدەگرێت، بەچەندین مانا بارگاوییە،خوێندنەوەو شیکردنەوەو لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت، شوێنکاتی خۆی دەبەزێنێت و لەهەموو سەردەمێکا هەر بەزیندوویی دەمێنێتەوەو لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە.[2] لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت،کە زاراوەی (دەقی کراوە) بۆچوونێکی هێرمۆنتیکییە،پێوەندی بەشیکردنەوەو راڤەکردنی دەقەوە هەیە،ئەم زاراوەیە بۆ ئەو جۆرە دەقانە بەکاردێت،کە لێکدانەوەو راڤەکردنیان لەچوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراودایە،بەڵام زاراوەی (دەقی والآ) شێوازێکی نوێ دەربڕینی ئەدەبییە،کە خۆی لە بەرجەستەکردنی بۆنیادی چەند جۆرە ژانرێکی ئەدەبی جۆراوجۆردا دەبینیتەوە، ئاوێتەیەکە لە بۆنیادی ژانرە جوراوجورەکان،کەواتە زاراوەی دەقی کراوە جیاوازە لە زاراوەی دەقی والآ.**

**لێرەدا زاراوەی (والا)،چەند واتاو مەبەستێك دەگەینێت،بۆیە بەپێویستی دەزانین ئەم زاراوەیە لە رووی فەرهەنگییەوە شی بکەینەوە،تاکو بزانین شاعیر یا نووسەری دەقەکە بە چ مەبەستێك بەکاری هێناوە،تا چەندیش ئەم زاراوەیە لەرووی فەرهەنگییەوە لەگەڵ ئەو دەقانەی،کە چەند ژانرێك لەخۆ دەگرن دەگۆنجێت.[3] سەرەتا وشەی (والآ)لەرووی فەرهەنگییەوە وەردەگرین،ئینجا هەوڵدەدەین،لەگەڵ وشەی (دەق)وەکو زاراوەیەك روونی بکەینەوە.**

**وشەی (والا) لە رووی فەرهەنگییەوە ئەم مانایانەی هەیە:**

**. والآ: پارچەی شتی رەنگاورەنگە کە منداڵان دەیکەن بە جلوبەرگی منداڵانە[4]**

**. والآ: ئاواڵە[5]**

**. ئاواڵە: وەکریێ، والآ، کراوە، دژی داخراو[1]**

---

[1] . د. میجان الرويلی ـ د. سعد البازعی، دلیل الناقد الادبی، ص١٨٠ ـ ١٨١.

[2] . حەمە کەریم عارف، خوێندنەوەی خوێندنەوە، گۆڤاری هەنار، ژمارە ٦٨، ٢٠١١، ل١٠.

[3] . د. فوئاد رەشید، دەقی ئەدەبی "ئەدگار، چێژ، بەها"، ل١٣٠.

[4] . شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٤٨٨.

[5] . عبدالرحمن شرفکندی (هەژار)، هەنبانە بۆرینە (فرهنگ کردی ـ فارسی)، چ/ ششم، چاپخانەی انتشارات صدا و سیما(سروش)، تهران، ١٣٨٨، ل٩٠٥.

لەو ڕوون کردنەوە و خستنە ڕوویەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە لە ڕووی فەرهەنگییەوە وشەی (والا) دوو واتا و مەبەست دەگەیەنێت:

- ڕەنگاوڕەنگی و هەمەجۆری

- کراوە، دژی داخراو

کەواتە (دەقی والا) خۆی لە بەردەم دوو ئاراستەی خوێندنەوەدا دەبینێتەوە، کە ئەوانیش (دەقی کراوە ، دەقی والا)ن، زاراوەی (دەقی کراوە) هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، زاراوەیەکی ڕەخنەییە زیاتر لە لای (ئەمبرتۆ ئیکۆ)یەوە بەکارهێنراوە، بۆچوونێکی هێرمۆنتیکییە زیاتر پەیوەندی بە مەسەلەی جۆری خوێنەر و تاکرەهەندی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی دەقەکانەوە هەیە، کەچی زاراوەی (دەقی والا) شێوازێکی نویَ دەربڕینی ئەدەبییە، بۆ ئەو دەقانە بەکارهێنراوە، کە بۆنیادی چەند ژانرێکی ئەدەبی جۆراوجۆر لەخۆ دەگریَ. هەروەك وتمان لە ڕووی فەرهەنگییەوە یەکێك لە مانا و مەبەستەکانی وشەی (والا)، ڕەنگاوڕەنگی و هەمەڕەنگییە، کەواتە دەکرێت مەبەست لە (دەقی والا) هەمەجۆری و هەمەڕەنگی دەق بێت، لە ڕووی ژانرە ئەدەبییەکانەوە، هەربۆیە دەڵێن لە ڕووی فەرهەنگیشەوە ئەم زاراوەیە تا ڕادەیەکی زۆر گونجاوە بۆ ئەو دەقانەی، کە چەند جۆرە ژانرێکی ئەدەبی جیاواز لەخۆ دەگرن. جگە لەمەش ئەگەر نموونەی (دەقی والا) لە ئەدەبی کوردیدا وەربگرین، وەکو کتابەکانی (کورسی، ملوانکە، و ئەسپێك لە پەڕەی گۆڵاڵە)، ئەوا دەبینین شاعیر یا نووسەر خۆی لە پێشەکی ئەم کتێبانەدا ئاماژەی بە ڕەنگاوڕەنگی و هەمەجۆری ئەو کتابانەی لە ڕووی ژانرە ئەدەبییەکانەوە کردووە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری پێشەکی کتابی (کورسی) بکەین. ئەوا دەبینین، کە شاعیر خۆی ئاماژەی بە هەمەجۆری و هەمەڕەنگی ئەو دەقەی کردووە، لەوەی کە دەڵێت:[2] لە یەك تێکستی والادا:

شیعر

چیرۆك

پەخشان

شانۆنامە

هەروەها لە کتابی (ملوانکە)دا، شاعیر خۆی لە پێناسەی (تێکستی والا)دا دەڵێت: ماڵێکە نە یەك بابەت و نە یەك فۆڕمی دیاریکراوی تیا ناژی هیچ کام لە شیعر و چیرۆك پەخشان و پەخشانە شیعر و شانۆنامە خاوەنی هەموو ماڵەکە نین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ماڵی هەموویانە[3]، لە کتێبی (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە) دا دەڵێت: وا ئەمجارەش لە ڕێی ئەم دەقە والایەدا بە یەکتر ئەگەینەوە. (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)، کە لە دنیا بینی و جۆری شێواز و تێکەڵەی هەموو ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا، ئەچێتە ڕیزبەندیەکەی : ((کورسی)) و ((ملوانکە)) و ((ئێستا کچێك

---

[1]. هەمان سەرچاوە، ل١٣.

[2] . شێرکۆ بێکەس، کتێبی کورسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٥، ل٧.

[3].شێرکو بێکەس، کتێبی ملوانکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٦.

نیشتیمانمه))وە بگرە فراوانتریش، شیعر و پەخشان و چیرۆك و شانۆنامەی لە خۆیدا کۆکردووتەوە و هەمووشیان یەك تەوەر و ناوەندی سەرەکی بە یەکیانەوەئەبەستێەوە[1].واتا (دەقی والا)، (( تەنیا کۆکردنەوەی کۆمەلێك ڕەگەزی ئەدەبیی وەك شیعر، چیرۆك، ڕۆمان، شانۆ نییە، بەڵکو ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان ئەو ڕەگەزانەیشە. لێرەدا کاتێ باس لە هاوسەنگی دەکەین، ئەوا مەبەستمانە بڵێین شێرکۆ بێکەس وەك شاعیرێکی خاوەن ئەزموون بە دوو ئاراستەدا مامەڵەی لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەدا کردووە. ئاڕاستەی یەکەم: بەکارهێنانیان وەك ئەوەی لە کۆنتێکستی خۆیاندا هەن، ئاراستەی دووەم: دروستکردنی هارمۆنیکا و هاوسەنگیی نێوان هەریەکەیان))[2].

لە بەر ئەو ئاماژانەی شاعیر، خوێنەر زیاتر هەست بەوە دەکات، کە مەبەست لە زاراوەی (تێکستی والا) هەمەجۆری و هەمە ڕەنگی دەقەکەیە لە ڕووی ژانرە ئەدەبییەکانەوە، کە لە ڕووی ناسنامەی ئەدەبییەوە فرە ژانر و فرە ڕەگەزە، بە تەنیا سەر بە دونیای تاکە ژانرێکی ئەدەبی دەست نیشانکراوەوە نییە. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کە جگە لە زاراوەی (دەقی والا) زاراوەی تریش بۆ ئەو جۆرە دەقانە، کە چەند جورە ژانرێکی ئەدەبی لە خۆ دەگرن بەکارهێنراون، بەلام ئێمە زاراوە (دەقی والا)مان بەلاوە پەسەندترە، چونکە لە ڕووی فەرهەنگییەوە تا ڕادەیەکی زۆر گونجاوە بۆ ئەو جۆرە دەقانەی کە بۆنیادی چەند جۆرە ژانرێکی ئەدەبی جۆراوجۆر تێیدا بەرجەستە کراوە، ئەو زاراوەیە بە بەراورد لەگەڵ زاراوەکانی تر لە ناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا زیاتر بڵاوبووتەوە، هەروەها (( لە ڕەخنەی نوێی عەرەبیدا، بەو تێکستانەی پتر لە ژانرێکی ئەدەبی لەخۆ دەگرن، دەوترێت دەقی کراوە یان تێکستی والا))[3]، هەروەها لە بەر ئەوەی ئێمە لێکۆلینەوەکەمان لە سەر (دەقە والاکان)ی شێرکۆ بێکەسە، شێرکۆ بێکەس خۆی ئەم زاراوەیەی بۆ ئەم جۆرە دەقانە بەکارهێناوە.

## ـ ژانرە ئەدەبییەکان و دیاردەی ئاوێتەبوونیان

ژانرە ئەدەبییەکان، لە ڕیزی پێکهاتەکانی دیکەی ئەدەب وەکو شێواز ناسی و ڕەخنەی ئەدەبی، یەکێکە لە جۆرە نوێیەکانی زانستی ئەدەب، کە بابەتی سەرەکی پۆلینکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکانە لە ڕووی ناوەرۆك و ڕووخسارەوە بە سەر چەند گرۆپێکی سنووردا و دیاریکراوەدا، یان بە واتایەکی تر جۆرە ئەدەبییەکان بریتییە لە کۆمەلێك تایبەتمەندی هونەری گشتی، کە

---

[1] . شیرکو بێکەس، کتێبی ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٥.

* شێرکۆ بێکەس، کتێبی ملوانکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٦.

** شێرکۆ بێکەس، کتابی ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٥.

[2] . عەلی عوسمان یاقووب، "ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە" پانتاییك بۆ فۆرمە جیاوازەکان، ر/ ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆی ژمارە (٤)، ٢٨/ ٥/ ٢٠١٢، ل٣.

[3] . نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، ل٣٤٧.

**هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی و یاسای تایبەتی خۆیانن.[1] لە بارەی چوونیەتی ئیش کردنیشیان دەتوانین بلێن: کە جۆرەکان پێشاندەری گۆڕانکارییە ناوەکی و دەرەکی و بابەتی جوانیناسی ئەو بەرهەمانەن، کە لە ژێر دەستی نووسەردان.[2] لە ڕووی زاراوەشەوە، وشەی ژانر (Genre) وشەیەکی فەرەنسییە، بنچینەی بۆ وشەی (Genus)ی لاتینی دەگەرێتەوە. لە زمانەکانی ڕۆژئاواشدا بە چەندین شێوەی تر دەربڕاوە وەکۆ : (Forms,Kinds,Typs,Generes)، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زیاتر (Genre) بۆ ئەم مەبەستە بەکارهاتووە. لەناو لێکۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییە کوردییەکاندا لە بەرامبەر ئەو زاراوەیە زاراوەکانی (جۆر، هونەر، شێوە، ژانر) بەکارهاتوون، هەروەها بەرامبەر زاراوەی (Literary Genres الاجناس الادبیە، زاراوەکانی وەکو: ( جۆرەکانی ئەدەب، هونەرەکانی ئەدەب، جۆرە ئەدەبییەکان، ژانرە ئەدەبییەکان) بەکارهاتوون.[3]**

**توێژەرانی بۆاری ئەدەبیاتناسی لە ڕوانگەی جیاواز و جۆراوجۆرەوە پێناسەی ژانری ئەدەبییان کردووە. بۆ نموونە (جیرار جینیت) لە پێناسە کردنیان دا دەڵێت: (( ژانرە ئەدەبییەکان چەند جۆرێکی ئیستاتیکی رووتن)).[4]**

**ژانرە ئەدەبییەکان بە هۆی ئەو ڕۆڵەی، کە لە مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا دەگێڕن، جیگەی بایەخن، هەربۆیەشە لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەمەوە لەو کاتەی، کە کاری ڕەخنەیی و لێکۆلینەوە لە ئەدەبی جیهانیدا سەریان هەڵداوە، بە کۆمەلێك قۆناغ و گەشەسەندنی ئالۆز تێپەر بوونە، بابەتی گرنگی توێژینەوەی تیۆرییەکانی ئەدەبی و هونەرین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە سنوورێك لە نێوان ژانرەکانی ئەدەب دابنرێ و ببێتە پێوەرێك بۆ لە یەکتر جیاکردنەوەیان، (( چۆن ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەدەب لە یەك ڕەنگ و یەکدەنگ نییە و لە هەمان کاتیشدا چەسپاویش نییە و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی دەگۆڕێت، ئاوەهایش چوارچێوەی هونەری و ئیستاتیکی دەقی ئەدەبی شتێکی چەسپاو و نەگۆڕ نییە)).[5] وەك زانراوە ئەدەب لە سەردەمی گریکەکانەوە، بە دڵنیایی لە سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستو وەکو سێ چەشنی سەربەخۆ، جیاجیا بەش بەش کراو، کە ( داستان، دراما، شیعر)ە، بە پێی زاراوە ئەدەبییەکانی ئێستای ئەدەب، کۆنترین سەرچاوەش لەم بۆارەدا کتێبی (هونەری شیعر)ی،**

---

[1]. رحمان مشتاق مهر و رسول کاڤم زادە، انواع ادبی، شعر غنایی و حسب حال سرایی، دو فصلنامە ـ تخصصی علامە، سال دهم، شمارە پیاپی ٢٦، بهار و تابستان ٨٩، ص١٥٠.

[2]. رنە ولك و اوستن وارن، نڤریە ادبیات، ترجمە چیاو موحد و پرویز مهاجر، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، ١٣٧٣، ل٢٧١.

[3]. د. فوئاد ڕەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە "کێشەی ئاوێتە بۆونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا"، ل٣١ ـ ٣٢.

[4]. جیرار جینیت، مدخل الی جامع النص، ترجمە: عبدالعزیز شبیل، ص٧٤.

[5]. د. فوئاد ڕەشید، ناسنامەی دەق، ل٢٦.

ئەرستویە لەم كتابەیدا زۆر بە وردی و هوشیارییەوە، سروشت و تایبەتی هەریەك لەو چەشنانە دەست نیشان دەكات.[1]

لە تێڕوانینی تیۆری كۆنی ئەدەبدا، هەر ژانرێك یاسا و ڕێسایەكی چەسپاو و سەپێنراوی هەیە، كە نەدەكرا لێیان لابدرێت و تێكەڵی یەكتر بكرێن، واتا هەر ژانرێكی ئەدەبی بۆنیاد و قەوارەی تایبەتی سەربەخۆی خۆی هەیە، لە ڕووی سروشت و بەهاوە لە ژانرێكی تر جیاوازە، هەربۆیەشە جەخت لە سەر سنووربەندكردنی ژانرە ئەدەبییەكان دەكاتەوە. باوەڕیان وابوو، كە دەبێت ژانر "پاك" بێ، تێكەڵی هیچ ژانرێكی تری ئەدەبی نەبێت، یاسا و ڕێساكانی بۆنیاد و ستایڵ و دەربڕینی هەست و ئەندێشەی هەر ژانرێك جیابێ لە ژانرێكی تر.[2]ئەم تیۆرە تێكەڵ بوون و ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەكان لەگەڵ یەكتردا، هەروەها لە دەرەوەی سنووری خۆشیاندا بە باش نازانێ، باوەڕی بە ئاوێتە بوونی ژانرە ئەدەبییەكان نییە، نە لە نێوان خۆیاندا و نە لە دەرەوەی سنووری خۆشیاندا. ئەم بیروباوەڕانە تا سەدەی هەژدەهەم برەویان هەبوو، تەنانەت لە نیوەی دووەم سەدەی هەژدەهەمدا ڕەخنەگری ئەڵمانی (لێسینگ) لە كتێبێكدا بە ناوی (لاوكۆون) لە ساڵی (١٧٦٦)ز، سەر لە نوێ لە گۆشەنیگای ترەوە جیاوازی و سەربەخۆیی هونەر و ژانرە ئەدەبییەكانی لە بەرپەرچدانەوەی ئەو هەوڵانەی، كە باسیان لە هاوبەشی و لە یەكتر نزیك كردنەوەی ژانرەكان و هونەرەكانی دەكرد، دووپات كردەوە، لە سەدەی نۆزدەیەمدا (فەردینادبرۆنتێر) لە ژێر كاریگەری تیۆری پەرەسەندنی (چارلس داروین)ەوە، تیۆری پەرەسەندنی ژانرە ئەدەبییەكانی دارشت. بە پێچەوانەی بیروبۆچوونی نووسەر و ڕەخنەگرە كۆنەكانی سەردەمی ئەرستۆوە پێی وابوو، كەهیچ ژانرێكی ئەدەبی قەوارەی چەسپاو و نەگۆڕی نییە، بەڵكو وەكو گیاندارێكی ئۆرگانی لە دایك دەبێت و گەشە دەكات، لەناو دەچێت، یانیش لە ژێر كاریگەری ژانرێكی ترەوە سەرهەڵدەداتەوە[3]، واتا (( (برۆنتێر) وا دەبینێ كە چۆن لە سروشتدا هیچ شتێك لە ناو ناچێت بەم جۆرەش لە ئەدەبدا هیچ شتێك لە ناو ناچێت، چونكە جۆری ئەدەبی وەكو جۆری بایۆلۆجی وایە سەرهەڵدەدات و گەشە دەكات و لە ناو دەچێت، بەڵام لە ناوچوون لە جۆرەكانی ئەدەبدا وەك لە ناوچوونە لە جۆرەكانی بوونەوەرە زیندووەكاندا . بە تەواوەتی لەناو ناچێت بەڵكو هەندێ لە ڕەگەزەكانی بەردەوام دەبن لە جۆرێك یاخود لەو جۆرانەی كە لێیەوە فراژییان كردووە)).[4]لایەنی پۆزەتیڤانەی

---

[1] . زاهیر رۆژبەیانی، چیرۆكی هونەریی كوردیی (شێوە و شێواز و، بۆنیاد)، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧، ل٢٢٢.

[2] . پیتەر هالبێرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێواز ناسی، وەرگێڕانی/ ئەنوەر قادر محمد، مەڵبەندی كۆردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٥٥ ـ ٥٦.

[3] . فوئاد رەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (كێشەی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەكان لە ئەدەبی هاوچەرخی كوردیدا)، ل٣٢ ـ ٣٣.

[4] . د. شكری عزیز الماچی، تیۆری ئەدەب، و/ پ. ی. د. سەردار ئەحمەد گە ردی، چاپی یەكەم، چا/ ماردین، هەولێر، ٢٠١٠، ل٩٧.

تیۆرییەکەی (برۆنتێر) لەوەدایە، کە (( لە لایەك ڕۆلێکی گرنگی هەبوو لە هەڵوەشاندنەوەی هزری نەگۆڕی و نەمری چوارچێوەی ژانرە ئەدەبییەکان، لە لایەکی دیکەشەوە سەرنجی توێژەرانی بۆ لیٚ ورد بوونەوەی ژانرە ئەدەبییەکان ڕاکێشا)).[١]

ژانرە ئەدەبییەکان لە تێڕوانینی تیۆری نویٚ ئەدەبدا، ئەم تیۆرە باوەڕی بە ئاوێتە بوونی ژانرە ئەدەبییەکان هەیە، چ لە ناوخۆیاندا، یا لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەدەبدا، سەرەتای ئەم بۆچوونە بۆ سەدەی نۆزدەهەم، سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕێبازی ڕۆمانتیکی دەگەڕێتەوە. ئەم تیۆرە باوەڕی بە پاکی ژانرەکانی ئەدەب نییە، چونکە لەو باوەڕەدان، کە خاسیەتە تایبەتی یەکانی هەر ژانرێکی نویٚ لە ناکاو و لەنەبوونەوە سەریان هەڵنەداوە، بەڵکو ئەو خاسیەتانە لە ژێر سێبەری خاسیەتی ژانرەکانی تردا دەمێننەوە، لە هەمان کاتیشدا هێندێك لە خاسیەتەکانی ژانرە کۆنەکە بەلاوە دەنێن، بەرەنگاری هێندێکی تریان دەبنەوە، هێندێکیان بەو جۆرەی، کە بە گۆنجاوی دەبینرێن دووبارە بەکاردەهێنرێنەوە، بیٚ ئەوەی لە ڕێکخستنە باوە پێکهاتەکانی ئەو بونیادە بە تەواوی دابڕێت، بە تێپەر بوونی کات ڕێچکە نوێیەکە بەرەبەرە جێگەی خۆی دەگرێت، خاسیەتەکانی ژانرێکی نویٚ دەردەکەوێت، بەم جۆرەش ئەم ژانرە دروست دەبێت.[٢] واتا هەر ژانرێکی ئەدەبەی لە منداڵدانی ژانرەکانی پێشووتردا لە دایك دەبێت و گەشە دەکات، گۆڕانی بەسەردا دێت. هەرچەندە هەڵگری خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی ژانرەکانی ترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە ژانرێکی سەربەخۆ لە ژانرەکەی پێش خۆی، بۆ نموونە: بۆ نووسینی ڕۆمان سوود لە بەشێك لە ڕەگەز و توخمەکانی داستان وەرگیراوە.

لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، چەند هۆکارێك لە پرۆسەی ئاوێتەبوون و نەهێشتنی سنووری نێوان هونەر و ژانرە ئەدەبییەکاندا ڕۆڵی گرنگیان بینیووە، کە ئەوانیش : ئێستاتیکای بەراوردکاری، کە بەشێکە لە ئیستاتیکای هاوچەرخ، گرنگی دەدات بە شیکردنەوەی ڕەگەزە ئیستاتیکییەکانی زۆربەی هونەرەکان و دیاری کردنی لایەنی هاوبەش و لە یەك چوونیان، کاریگەری فاکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەم، گەشەسەندنی تیۆرە نوێیەکانی زانستی زمان و تێکەڵ بوونیان بە ڕەخنەی ئەدەبی و زانستی نوێی شێواز، کە گرنگیان دەدایە دەلالەتی ئاماژە گشتییەکانی زمان، لەم کارەشیاندا ناسنامەی ژانرێتی بەرهەمەکە فەراموش دەکرا، هەروەها کاریگەری ڕێبازە ئەدەبییەکانی (ئاینده خوازی، دادائیزم، سوریالیزم)، چونکە لە قۆناغ و سەردەمی ئەم ڕێبازە ئەدەبیانەدا نەك تەنیا ژانری ئەدەبی و هونەرییان تێکەڵ دەکرد، تەنانەت هێندێکجار لە پارچە کاغەزی ڕۆژنامە و کتێبی جیاجیادا دەقی تایبەتییان بەرهەم

---

١ . د. فوئاد ڕەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتەبۆونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا)، ل٣٣.

٢. د. عبدالله ابراهیم، السردیه العربیه الحدیپه تفکیك الخگاب الاستعماری و اعاده تفسیر النشاه، گ/ الاولی، المرکز الپقافی العربی، بیروت، ٢٠٠٣، ص٦.

دەهێنا.[١] کەواتە ((هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەکردن و گۆڕانی کۆمەڵگە پەیوەندی جوانیناسی و ئیستاتیکی خۆی بە جیهانەوە لە ڕێگەی چەند ژانرێکی دیاریکراوەوە بەرجەستە دەکات)).[٢] لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێبازە نوێیەکانی ڕەخنە سنووربەندی نێوان ژانرەکان بەرەوکاڵبوونەوە و نەمان رویشت. تا ڕادەیەك، کە ئێستا ئەو سنووربەندییە نەماوە، چونکە (( لە ژێر کاریگەری میتۆدە جیاوازەکانی ڕەخنەی نوێدا کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەر پرنسیپەکانی زانستی نوێی زمان و سیمیۆلۆژیا دامەزراوە، ژانرە ئەدەبییەکان سنووری نێوانیان بە ئاسانی دەبەزێنرێن و ئاوێتەی یەکدی دەکرێن و هەندێ جار ژانرێك یان چەشنێکی نوێیان لێدروست دەکرێت، چونکە ڕەخنەی نوێ لە ڕوانگەیەکی زمانەوانییەوە دەق دەخوێنێتەوە و پتر گرنگی دەداتە ئەدگارە ئەدەبییەکانی دەق)).[٣]

لە سەدەی بیستەمدا زۆر بە ڕوونی هەست بە تێکەڵبوون و ئاوێتە بوونی نێوان ژانرە ئەدەبییەکان دەکرێت، چونکە سنووری نێوانیان بەردەوام لە گۆڕان و تەسك بوونەوەدایە، هەربۆیەشە جیاکاری لە نێوان ژانرەکانی ئەدەبدا ئەو بایەخەی جارانی نەماوە. ژانرەکان لە ناو خۆیاند ئاوێتە و تێکەڵاوی یەکتر دەبن، ژانرێکی تری نوێ دروست دەبێت. ژانرە کۆنەکەش یان وازی لێ دەهێنرێت، یان لە ناو ئەچێت.[٤] ئەمەش پێوەندی بە ژانرەکان خۆیانەوە هەیە، کە بە گوێرەی پێداویستییەکانی سەردەم و هاتنە پێشەوەی بابەتی نوێ، تووشی گۆڕان دەبن. بەو واتایەی، کە (( سەرهەڵدان و گۆڕان و ژیان و مەرگی ژانر و فۆرمی ئەدەبی پێوەندە بە کۆمەڵێك یاسا و بنەمای میژوویی و کۆمەلایەتی ڕۆشنبیرییەوە، هەریەك لەو بنەمایە بە شێوەیەك لە شێوەکان دەبێتە هاندەر و زەمینە سازکەری هەر گۆڕانکارییەك)).[٥] بۆ نموونە: کاتێك شیعر لە ڕووی کێش و سەرواوە گۆڕانی بەسەردا هات، ڕووی کردە کێش و سەروای ئازاد (( بە دوای سەرچاوەی دیکەدا گەڕا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تر بۆنیادە زمانی و وێنەییەکانی دروست بکاتەوە، بە تایبەتی لە دوای ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە شیعری هاوچەرخ و نوێدا بە سەر فۆرم و بۆنیاد و زمانی شیعردا هاتوون. شیعر چیتر باوەڕی بە سنوورەکانی خۆی نەماوە و پەڕیوەتەوە بۆ نەك تەنها ئەو دیوی سنووری ژانرە ئەدەبیە نزیکەکان ، بەڵکو بۆ هونەرەکانی تریش ... ئەمەش پێویستی بە وزەیەکی شیعریی گەورە هەیە)).[٦] هەروەها (( پێشکەوتنی هونەری پەخشان و بە تایبەتیش هونەری ڕۆمان

---

[١] د. فوئاد رەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتەبۆونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا)، ل٣٣.

[٢] . د. عبدالمنعم تليمه ، مقدمه ﻓﻰ النڤريه الادب، دار الپقافه للگباعه و النشر، قاهيره، ١٩٧٦، ص١٣١.

[٣] . د. فوئاد رەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتەبۆونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا)، ل٣٣.

٤. د. عبدالله ابراهيم، السرديه العربيه الحديپه تفكيك الخگاب الاستعمارى و اعاده تفسير النشاه ، ص٥٢.

[٥] . د. فوئاد رەشید، ناسنامەی دەق، ل٢٦ ـ ٢٧.

[٦] . نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەرەیەکی ڕەخنەیی)، ل١١٨.

**له كۆتايی سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌م و له سه‌ده‌ی بيسته‌م وای له شيعر كرد خۆی له به‌رده‌م ته‌كنيكی تازه و دواجاريش نه‌فه‌سی درێژبدۆزێته‌وه، چونكه رۆمان به به‌راورد له‌گه‌ڵ شيعر له پانتاييه‌كی فراوانتردا مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ واقيع ده‌كا)).[١] له‌و كاته‌دا شيعر زياتر په‌لی بۆ هه‌موو ژانره‌كانی تر هاوێشت، بێئه‌وه‌ی خۆشی وه‌كو ژانر، خه‌سله‌ته تايبه‌تيه‌كانی خۆی له ده‌ست بدات. ئه‌م په‌ڵهاوێشتنه‌ی شيعر خۆی له په‌خشانه شيعر، داستانه شيعر، درامای شيعری، مه‌نه‌لۆژی درامی ناو شيعر، شيعری درێژی ئه‌مڕۆ و پاشانيش چيرۆك شيعر، ياخۆد رۆمانه شيعر ده‌دۆزێته‌وه[٢]، (( وزه‌ی جووڵه ئامێزی شيعر له‌وه‌دايه، كه ده‌توانێ له چوارچێوه‌ی ريتم و موسيقای شيعرييه‌وه، نه‌ك هه‌ر په‌ڵ بۆ ژانره‌كانی تريش بهاوێ، به‌ڵكو هه‌موو ژانره ئه‌ده‌بييه‌كانی تريش له ناو خۆيدا به‌رجه‌سته بكات، چونكه دواجار شيعر ده‌قه. ده‌قيش خه‌سله‌تێكی زيندووی هه‌يه و له پانتاييه‌كی فراواندا جمۆجۆڵ ده‌كات، له سه‌رده‌می ئه‌مڕوی ئه‌ده‌ب، هه‌موو پرنسيپه پيرۆزه‌كان، گشت سنووره قه‌ده‌غه‌كراوه‌كان له به‌رده‌م، نه‌ك هه‌ر شيعر ، به‌ڵكو ته‌واوی به‌رهه‌می ژانره‌كانی تری ئه‌ده‌ب كۆڵياندا، هزری داهێنه‌رانه‌ی نووسه‌ر تا دێ ژانره ئه‌ده‌بييه‌كان زياتر له يه‌ك نزيك ده‌كاته‌وه و زۆر له پێكهاته‌ی ژانره‌كان تێكهه‌ڵكێش ده‌كات))[٣]، ته‌نيا شيعر سوودی له توخمه هونه‌ريیه‌كانی ڕۆمان، چيرۆك، شانۆنامه، سينه‌ما، شێوه‌كاری، وه‌رنه‌گرتووه. ................ به‌ڵكو ئه‌وانيش به تايبه‌تی رۆمان ، چيرۆك، شانۆنامه سووديان له هه‌ندێ‌توخمی شيعری وه‌رگرتووه، زمانێكی شيعرييانه‌يان تێكه‌ڵ به زمانه په‌خشانييه‌كه‌يان كردووه و بۆ گێڕانه‌وه‌ی ڕووداوه‌كان (نه‌ك بۆ وه‌سفه‌كان).[٤] به‌م شێوه‌يه (( هه‌موو ژانره‌كان بۆ ده‌وڵه‌مه‌ندكردن و به هونه‌ريكردنی بۆنيادی خۆيان سووديان له يه‌كتری وه‌رگرت. ڕۆمان و چيرۆك و شانۆ و شيعر و سينه‌ما .... تاد سووديان له بۆنيادی يه‌كتر وه‌رگرت. ته‌نانه‌ت ئێستا جۆرێك له ده‌ق په‌يدا بووه، وه‌كو (ده‌قی كراوه)* ده‌ناسرێت)).[٥] واتا تێكست به سه‌ر ده‌ره‌وه‌ی خۆيدا كراوه‌ته‌وه، ئيدی له‌گه‌ڵ چه‌ند ده‌قێكی تر و چه‌ند ڕه‌گه‌زێكی تردا به نێو يه‌كدا ده‌چن، هيچ ژانرێكيش نييه به ته‌واوی گوزارشت له ژانره‌كه‌ی خۆی بكات و كاريگه‌ری ژانره‌كانی تری به سه‌ره‌وه نه‌بێت، نه شيعر به ته‌نها ڕه‌گه‌زه‌كانی شيعر له**

---

[١] . شێرزاد هه‌ينی، ٩٥٥ ده‌قيقه له‌گه‌ڵ شێركۆ بێكه‌سدا، چاپخانه‌ی تيشك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٤.

[٢] . هه‌مان سه‌رچاوه، هه‌مان لاپه‌ڕه.

[٣] . شێرزاد هه‌ينی، ٩٥٥ ده‌قيقه له‌گه‌ڵ شێركۆ بێكه‌سدا، ل٥.

[٤] . نه‌وزاد ئه‌حمه‌د ئه‌سوه‌د، شيعرييه‌تی ده‌ق و هه‌نگوينی خوێندنه‌وه (ده‌ق و ڕه‌خنه)، چاپخانه‌ی ڕه‌نج، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٤. پيداجونه‌وه له كتابخانه‌ی خۆمان

*ده‌قی كراوه، ((هه‌رچه‌نده ئه‌م زاراوه‌يه تايبه‌ته به (ئيمبه‌رتۆ ئيكۆ)، به واتا ئيكۆيه‌كه‌ی ئه‌و ده‌قه‌يه كه ڕاڤه و خوێندنه‌وه‌ی جياجيا به پێی خوێنه‌ره‌كان هه‌ڵده‌گرێت، به‌ڵام ئێمه مه‌به‌ستمان له‌و واتايه ئيكۆييه نييه، به‌ڵكو مه‌به‌ستمان ئه‌و ده‌قه‌يه، بۆ نموونه له شيعردا توخم و ڕه‌گه‌زی چيرۆك، رۆمان، شانۆ، گرته‌ی سينه‌ما .... تاد ده‌دۆزێته‌وه. (شێركۆ بێكه‌س) چه‌ند ده‌قێكی له‌مجۆره‌ی هه‌يه وه‌كو (كتێبی ملوانكه، ئه‌سپێك له په‌ڕه‌ی گوڵاڵه) )). بڕوانه: حه‌مه مه‌نتك، ته‌كنيكی فره‌ده‌نگی له ڕۆمانی كورديدا (كرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠ ـ ٢٠١٠)ز، چاپخانه‌ی له‌ريا، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٥٨

[٥] . حه‌مه مه‌نتك، ته‌كنيكی فره‌ده‌نگی له ڕۆمانی كورديدا (كرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠ ـ ٢٠١٠)ز، ل٢٥٨.

**خۆ دەگرێت و نەچیرۆك و نە رۆمان و ...... هتد. بەڵكو ئاوێزان بوونێكی شیعری لە سەرانسەر ڕەگەزەكانی ژانرە جیاجیاكاندا دروست دەبێت و تێكستێكی نوێ بەرهەم دەهێنێت، كە دەشێت بە تێكستی والاّ بناسرێت.[١] لە ئەنجامی ئەم ئاوێتە بوونە دەقێك بەرهەم دێت، كە بە شێوە تەقلیدییەكەی ناچێتە ژێر هیچ یەكێك لەو ژانرە ئەدەبییانەی بۆ شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و شانۆنامە دانراون، بۆ ئەم جۆرە دەقە زاراوەی تریش بەكار هاتووە، وەكو: زاراوەكانی (دەق، تێكست، نووسین، نووسینی دەقێتی)**، تەنانەت بەكارهێنانی ئەم زاراوانە بۆ دەقی بەرهەم هاتوو، لە گۆتاری ڕەخنەی نوێدا خۆی لە خۆیدا سیمای كاڵبوونەوە و دیارنەبوونی ناسنامەی ژانری ئەدەبییە. لەو ڕوانگەیەشەوەیە، كە هەر ناولێنانێك دەستەوەستانە لە پەنجە خستنە سەر ئەدگارەكانی بنیاتی دەقەكە[٢]. بەم كارەش ڕەخنەی نوێ توانی قەوارەی سەربەخۆیی ژانرەكان هەڵبوەشێنێتەوە و سنوورەكانی نیوانیان لابەرێت و دەرگا بۆ بەیەكداچوون و هاوبەشیكردن و ئاوێتەبوونیان بكاتەوە، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی سنووری ئەدەبدا، لە ئەنجامی ئەمەشدا دەقی ئاوێتە بەرهەم هاتئەم جۆرە دەقەش وەكو شۆرشێك وایە بە سەر زۆربەی ژانرەكانی تری ئەدەبیدا، چیتر ئەو ژانرانە باویان نەماوە وەكو شیعر تەنها شیعر بێت و پێكهێنەر و یاسا و ڕێسای تایبەتی خۆی هەبێت، بەڵكو شیعر ئێستا پێكهاتەیەكە تێكەڵ لەگەڵ هەموو ژانرەكانیتر. ئێستا لە بۆنیاد و پێكهاتەی هەموو شیعرێك، هونەری گێڕانەوەی وەك : دایەلۆگ، مەنەلۆگ، فلاش باك، شانۆگەری، سینەما ..... هتد، ئەمانە هەمووی دەدۆزیتەوە، واتە ئەو قاڵبەی بۆ شیعر دانرابوو هەڵوەشاوەتەوە، هەروەها لە ڕووی بۆنیادی زمانەوە چیتر ئەو زمانە باوی نەماوە كە تایبەت بیّ بە شیعر.[٣]**

**ـ دەقی ئاوێتە لە ئەدەبی كوردیدا**

**دەقی ئاوێتە لە ئەنجامی ئەو بۆارەی، كە تیۆری نویّ ئەدەب و ڕەخنەی نویّ بۆ پەیوەندی هاوبەش و نزیكی لە نێوان ژانرە ئەدەبییەكاندا و مەسەلەی تێكەڵ بوون و بەیەكداچوونیان لە چوارچێوەی ئەدەب و لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەدەبیشدا ڕەخساند بووی، هاتوتەكایەوە. بابەتێكی گرنگ و سەرەكی تیۆر و ڕەخنەی نویّ ئەدەبە، وای لە ڕەخنەگران كردووە، كە بە دوای ئیشكالییەتی دەقدا بچن، ئەگەر سەیری بابەتەكان و ئەزموونی لێكۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەكان بكەین، ئەوا دەبینین لە ( لێكۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەكانماندا تا ئێستا بە شێوەیەكی بەرفراوان لەم بابەتە نەكۆڵدراوەتەوە. هەرچەندە لە مێژە وەكو دیاردەیەكی دابڕاو ئاماژە بۆ نزیكی و**

---

[١] . نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەرەیەكی ڕەخنەیی)، ل١٢١.

** بڕوانە: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەڕەیەكی ڕەخنەیی)، ل٦٠.

[٢] . د. فوئاد رەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (كێشەی ئاوێتەبۆونی ژانرە ئەدەبییەكان لە ئەدەبی هاوچەرخی كوردیدا)، ل٣٣.

[٣] . حەمە مەنتیك ، دەقی كراوە لە ئەدەبی نوێی كوردیدا كتێبی ملوانكەی شێركۆبێكەس وەك نموونە،گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (١).

هاوبەشی هونەر و ئەدەب کراوە، لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە لە ژمارە (٢٧)ی گۆڤاری بەیاندا لە ڕێگای وەرگێڕانی وتارێکەوە سەبارەت بە تێکستی وێنەیی، نووسەر ناسراو (مەحموود زامدار) ڕوویەکی ئەم بابەتەی خستووتە بەرچاوی نووسەر و خوێنەری کورد، بەڵام وەك توێژینەوەیەکی تیۆری زانستی زۆر دڕەنگ و کەم ئاوڕ لە بابەتی پێوەندی و بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان دراوەتەوە. لە ساڵی (١٩٩٧) (د. محمد بەکر) لە نامەی دکتۆراکەیدا ئەوەندەی پێوەند بێت بە باسەکەیەوە بە چەند ڕستەیەك ئاماژەی بۆ ئەم بابەتە کردووە. لە ساڵی (١٩٩٨) لە ژمارە (٢٩)ی گۆڤاری (ڕامان) کۆمەڵە وتارێکی لە بارەی پێوەندی نێوان شیعر و وێنە و هونەر و ئەدەب بڵاوکراوەتەوە.ئەگەر بە ووردی سەرنجی ئەم وتارانە و هەر وتارێکی تری ئەم بوارە بدەین، کە تا ئێستا لە گۆڤارەکانماندا بڵاوکراونەتەوە. بۆمان دەردەکەوێت، کە زۆربەی وتارەکان نزیك بوونەوە و بەیەکداچوونی هونەر و ئەدەبیان بە شێوەیەکی بنچینەیی و بەرفراوان گرێ نەداوەتەوە بە بابەتی ئاوێتە بوونی ژانرە ئەدەبییەکانەوە، کە ئەمە بنەمای تیۆری و ئیستاتیکی ئەم جۆرە دیاردانەیە)[١]، بەڵام د. فوئاد ڕەشید لە ساڵی (٢٠٠١)دا، ژمراە (٦٥)ی گۆڤاری ڕاماندا، لێکۆلینەوەیەك بە ناوی ( دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا) بلاوکردووتەوە، لەم لێکۆلینەوەیەدا بە شێوەیەکی زانستیانە (دیاردەی ئاوێتە بوونی ژانرەکانی ئەدەب لە ناوەوە خۆیان و لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەدەبدا، هۆکارەکانی ئاوێتە بوون، جۆرەکانی ئاوێتە بوون) بە شێوەیەکی زانستیانە دەخاتەڕوو. لەم لێکۆلینەوەیەدا بەیەکداچوون و لێك نزیکبوونەوەی هونەر و ئەدەب بە شێوەیەکی بنچینەیی و بەرفراوان بە بابەتی ئاوێتە بوونی ژانرە ئەدەبییەکانەوە پەیوەست دەکات، بە جۆرێك لە جۆرەکانی دەقی ئاوێتە دادەنێت.

دەقی ئاوێتە، ئەو دەقە ئەدەبییەیە، کە لە ئەنجامی تێکەڵ بوون و بەیەکداچوونی هێندێك ڕەگەزی ئیستاتیکی دوو ژانری ئەدەبی یان زیاتر، یان ژانرێکی ئەدەبی و هونەرێکی تردا پێك دێت، ژانرێکی نوێ دروستدەکات،کە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی.هەڵبەتە کرداری ئاوێتە بوونەکەش ئاوێتە کردنێکی میکانیکی نییە،بەڵکو لە فۆرم و دارشتنێکی نوێدایە،هەربۆیەش (جیرارجێنیت) پێی وایە،کە لە ئەنجامی ئەم ئاوێتەکردنە ژانرێکی نوێ بەرهەم دێت،مەرج نییە دەقی ئاوێتە تەنیا بەرهەمی ئاوێتە بوونی دوو ژانری ئەدەبی بێت،بەڵکو هەندێجار لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی ژانرێکی ئەدەبی لەگەڵ ڕەگەزی ئیستاتیکی هۆنەرێکی دیکەوە وەك هونەری شێوکاری، وێنەکێشان دروست دەبێت،وەك دەقی وێنەیی، یان لەگەڵ ئامراز و هێماکانی بوارێکی زانستیدا،وەك ئەو تێکستانەی، کە زیاتر لەڕێگای هێماکانی بیرکاری و ئەندازەوە لەگەڵ خوێنەر دەدوێن[٢]،یان لە ئەنجامی

١. د. فۆئاد رەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتە بۆونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا)، ل٣١.

٢. د. فۆئاد رەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتە بۆونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا)، ل٣٤.

**ئاوێتەکردن و بەکارهێنانی بۆنیادی چەند جۆرە ژانرێکی ئەدەبی جیاواز جۆراوجۆر لە دەقێکی ئەدەبیدا بەرهەم دێت.وەك دەقی والاَ،کە پانتاییەکە لە فۆرمە جیاوازەکان،لە ئەنجامی فراوانبوونی مەودای ئاوێتەبوونی نێوان ژانرە ئەدەبییەکانەوە هاتووتەکایەوەو خۆی لە بەرجەستەکردنی بونیادی چەند جۆرە ژانرێکی جیاوازی ئەدەبیدا دەخاتەڕوو.وەك ژانرەکانی:چیرۆك، رۆمان، شانۆ.**

هەواڵنامەی کتێب

## ـ جۆرەکانی دەقی ئاوێتە لە ئەدەبی کوردیدا

ئەگەر لە دیاردەی ئاوێتە بوونی دەق لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیدا وورد بینەوە. ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە کرداری ئاوێتە بوون و بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە چوار تەوەردا خۆی دەبینێتەوە، کە پێشتر د. فوئاد ڕەشید لە لێکۆلینەوەکەیدا بەناوی (دەقی ئاوێتە (ناو ناسنامە))، لە گۆڤاری رامان ژمارە (٦٥)دا، سێ تەوەری خستووتەڕوو، کە ئەوانیش (ژانری ئەدەبی لەگەڵ ژانری ئەدەبی، ژانری ئەدەبی لەگەڵ هونەرێکی دیکە، ژانری ئەدەبی لەگەڵ کەرەستەی زانستیێکی ڕووت)، تەوەرەی چوارەمیش ئەو جۆرە دەقەیە، کە بونیادی چەند جۆرە ژانرێکی ئەدەبی جۆراوجۆر و جیاوازی ئەدەبی لە خۆدەگرێت. پانتاییەکە لە فۆرمە جیاوازەکان پێ دەگوترێت (دەقی والا)، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی دەقی ئاوێتە، بەو واتایەی هەموو (دەقێکی والا)، دەقێکی ئاوێتەیە، بەلام مەرج نییە هەموو دەقێکی ئاوێتە (دەقێکی والا) بێت. لەم لێکۆلینەوەیدا من هەلوەستە دەکەمە سەر ئەو جۆرەی دەقی ئاوێتە، کە لەم سالانەی دواییدا لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، کەواتە دەتوانین جۆرەکانی دەقی ئاوێتە لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، لەم چوار تەوەرەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

### ـ تەوەری یەکەم:

ئەو دەقە ئاوێتانەن، کە لە ئە نجامی بەیەکداچوون و تێکەلبوونی ڕەگەزی ئێستاتیکی و هێندێك تایبە تمەندی دوو ژانری ئەدەبی بەرهەم هاتوون. بۆ نموونە ڕۆمانە شیعر، چیرۆکە شیعر، .... هتد. ئاوێتە بوونی ئەم دوو ژانرە لە ئە نجامی گەشەکردن و پەیدابوونی شیعری ئازاد و دوورکەوتنەوە لە کۆت و بەندی کێش و سەروا هاتووتەکایەوە، چونکە سنووری نێوان شیعر و رۆمان، یاخۆد شیعر و پەخشان، یا شیعر و چیرۆك، .... هتد. تەسك کردووتەوە. ئەم جۆرە ئاوێتە بوونەش لە ئەدەبی کوردیدا دیاردەیەکی نوێ نییە، (( لە سالانی حەفتاکان ڕەگوڕیشەی بەدیارکەوت. دوای ئەوەی ( لەتیف هەلمەت) کۆ شیعری (خوا و شارە بچکۆلەکەمان)ی بلاو کردەوە. دەنێو ئەم دیوانەدا و دیوانەکانی دواتریشی کۆمەلێ دەقی کراوە بەرچاو دەکەون وەکو (ئەم کولەکانە ئەشکێنم، لە باولێکی کلیل ونبوودا، چوار هەلبەست لە ڕۆژمێری ڕێبوارێکی ماندوودا) دەقی (دژی گوێ بەرەو ئەو) لە بەرگی دووەمی دیوانەکەیدا، ئەمانە دەتوانرێت بە (دەقی کراوە)* لە قەلەم بدرێن، چونکو و شاعیر هەوڵیداوە و هونەرەکانی گێڕانەوەی وەکو هونەری شانۆ، فلاش باك، ، چیرۆکی بەکار بردووە))[1]، هەروەها (لەتیف هەلمەت) خۆشی ئاماژە بەوە دەکات و دەلێت: نەمویست خۆم بچمە ئەو باسەوە، چونکە نامەوێت هەمووی خۆم باسی بکەم، یەکەم دەقی ئاوێتە لە شیعری کوردیدا من نووسیومە لە سالی (١٩٧٠)دا لە دیوانی (خواوشارە بچکولەکەم)دا بلاوبووەتەوە،

---

*لیرەدا مەبەستی نووسەر لە (دەقی کراوە) دەقی والآیە، هەروەك نووسەر خۆی لەم بارەیەوە لە کتێبی ، (تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو سالّی ٢٠٠٠ ـ ٢٠١٠)ز، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٥٨) دا دەلێت: ((هەرچەندە ئەم زاراوەیە تایبەتە بە (ئیمبەرتۆ ئیکۆ)، بە واتا ئیکۆیەکەی ئەو دەقەیە کە ڕاڤە و خوێندنەوەی جیاجیا بە پێی خوێنەرەکان هەلّدەگرێت، بەلاّم ئێمە مەبەستمان لەو واتایە ئیکۆییە نییە، بەلّکو مەبەستمان ئەو دەقەیە، بۆ نموونە لە شیعردا توخم و ڕەگەزی چیرۆك، رۆمان، شانۆ، گرتەی سینەما .... تاد دەدۆزێتەوە. (شێرکۆ بێکەس) چەند دەقێکی لەمجۆرەی هەیە وەکو (کتێبی ملوانکە، ئەسپێك لە پەڕەی گولاّلە) )).

[1] . حەمە مەنتك، دەقی کراوە لە ئەدەبی نوێی کوردیدا کتێبی ملوانکەی شێرکۆبێکەس وەکو نموونە،

پێشتریش لە ئێستگەی کوردی دەنگی بەغداوە لە بەرنامەکانی (کاک جەلالی میرزا کەریم و کاک عەبدولا عەباسدا) بلاوبووەتەوە.[1]

## ـ تەوەری دووەم

ئەو جۆرە دەقە ئاوێتانەن، کە لە ئەنجامی بەیەکداچوون و ئاوێتەبوونی ژانرێکی ئەدەبی لەگەڵ هونەرێکی تردا بەرهەم دێن.وەکو هونەرەکانی شێوەکاری، وێنە کێشان، (( دەتوانین هەردوو شیعری (دامە) و (هۆش)ی (عەباس عەبدوڵلا یووسف)ی شاعیر کە لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (٣) بلاو کردۆتەوە و مێژووی (٩٧٩/١١/٣) و (٩٧٩/١١/١٧)ی لە سەر دانراوە بە کۆنترین مێژوو دابنێین بۆ نووسینی شیعرێکی وێنەیی و ئەندازەیی.. بەلام وەك ئاگاداربین (خلود)ی فەرهاد پیربال بەر لە مێژووی بلاوکردنەوەی ئەم شیعرانە لە کۆهۆزانی (Eixl) لە پاریس لە ساڵی (١٩٩٠) بلاوبۆتەوە))[2] ، کەواتە ئەم جۆرە دەقانە دەبنە دوو جۆر:[3]

**١ـ دەقی وێنەیی:**

لەم جۆرە دەقانەدا وێنەی شتێکی ماددی بە هۆی وشەیەك یان چەند وشەیەك دروست ئەکرێ، بە شێوەیەك ، کە پەیوەندییەکی سیمانتیکی وشەکان و سیمای گشتی وێنەکە بەیەکەوە گرێ دەدات. بۆ نموونە: دەقەکانی (پەرداخێك، خاچێك)، لەم دوو دەقەدا دەبینین، کە وێنەی شتێکی ماددی بە وشە کێشراوە و ناونیشانی دەقەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە فۆرمی دەقەکەوە هەیە، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ خوێنەر لە وەرگرتن و تێگەیشتنی پەیامی دەقەکە، بەلام مەرج نییە هەموو دەقێکی وێنەیی بەم شێوەیە بێت، واتە ناونیشانی دەقەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە فۆرمی دەقەکەوە هەبێت. بۆ نموونە لە دەقی (خلود)دا، ناونیشان ئەو ڕۆڵە نابینێت.

**٢ـ دەقی شێوەکاری**

شیعرییەتی ئەم جۆرە دەقانە لە ڕێگای یاریکردن بە فۆرمی ڕێنووسی وشەکان و پارچە پارچە کردنیان و جێگۆڕکێی جوگرافیای وشە و ڕستەکان و بەجێهێشتنی بۆشایی و دانانی خاڵ لەگەڵ وەرگر دەدوێت، مەرج نییە ئەم کردارەش وێنەی شتێکی ماددی پێك بێنێت.(( مەبەست لێی شیعرێك نییە باسی شێوەکاری بکات، بەڵکو مەبەست لە دابەشبوونی جوگرافی وشە و مۆرفیم یا ڕەنگی ڕەشە بە سەر پانتایی سپی کاغەزدا کە شکڵێك بۆ شیعرەکەی دەستەبەر دەکات)).[4]

## ـ تەوەری سێیەم

ئەم جۆرە دەقە ئاوێتانەن، کە لە ئەنجامی ئاوێتەبوون و بەیەکداچوونی وشە و ڕستەکان لەگەڵ کەرەستە و هێماکانی زانستێکی ڕووتدا وەکو زانستی بیرکاری و ئەندازە و کیمیا بەرهەم دێن.لەم جۆرە دەقانەدا هێل و هێما و ژمارە، جێگەی وشە و دەربڕینەکان دەگرنەوە، واتا هێما و هێڵ و ژمارە دەبنە جێگری وشە و دەربڕینەکان.نووسەر پەیامی دەقەکە بە بەکارهێنانی کەرەستە و هێماکانی یەکێك یان زیاتر لە زانستە ڕووتەکان بەرجەستە دەکات،

---

[1] . halmathttps://www.facebook.com/latif

[2] . ئەسکەندەر جەلال، شیعری شێوەکاری یا شێوەکاری شیعری، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٩)، ١٩٩٨، ل٢٠٣.

[3] د. فۆئاد ڕەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتە بوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا)، ل٣٤ـ ٣٥.

[4] . ئەسکەندەر جەلال، شیعری شێوەکاری یا شێوەکاری شیعری، ل٢٠١.

**به بەکارهێنانی کەمترین ئامرازی زمانی مەبەستەکەی دەگەینێت.بۆ نموونە : دەقەکانی ( پەرگاڵ )ی فەرهاد پیربال و ( هیچ )ی زانا خەلیل و ( ئاشتی یا ئاشووب )ی ئەحمەد لەتیف خورشید.**

## ـ تەوەری چوارەم

**ئەم جۆرە دەقە ئاوێتەیە، خۆی لە ئاوێتە کردن و کۆکردنەوە و بەکارهێنانی بۆنیادی چەند جۆرە ژانرێکی جیاواز و جۆراوجۆر ئەدەبی لە یەك دەقدا دەخاتەڕوو و بەرجەستە دەکات، پانتاییەکە بۆ فۆرمە جیاوازەکان، بۆ نموونە وەکو ( دەقە والاکان )ی شێرکۆ بێکەس، ئەم جۆرە دەقانە تەنیا کۆکردنەوەی کۆمەڵێك ژانری جۆراوجۆری ئەدەبی وەك شیعر و پەخشان و ڕۆمان و .... هتد. نییە، بەڵکو ڕاگرتنی هاوسەنگی نیوانیشیانە، واتا(( شاعیر یان نووسەر بە دوو ئاڕاستە مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕەگەزانەدا دەکات. ئاڕاستەی یەکەم: بەکارهێنانیان وەك ئەوەی لە کۆنتێکستی خۆیاندا هەن. ئاڕاستەی دووەم: دروستکردنی هارمۆنیکا و هاوسەنگیی نێوان هەریەکەیان ))[1]،ئەم دەقە دەرەنجامی فراوانبوونی مەودای ئاوێتە بوونی نێوان ژانرەکانە، بە تایبەتی لە دوای ئەوەی پاکژی و سەربەخۆیی ژانرە ئەدەبییەکان لە لایەن تیۆر و ڕەخنەی نوێ ئەدەبییەوە ڕاگەیندرا، لە لایەکی تریشەوە (( لە سەردەمی ئەمڕۆی ئەدەب، هەموو پرەنسیپە پیرۆزەکان، گشت سنوورە قەدەغەکراوەکان لە بەردەم، نەك هەر شیعر، بەڵکو تەواوی بەرهەمی ژانرەکانی تری ئەدەبی کوڵیاندا، هزری داهێنەرانەی نووسەر تا دێ ژانرە ئەدەبییەکان زیاتر لە یەك نزیك دەکاتەوە و زۆر لە پێکهاتەی ژانرەکان تێکهەڵکێش دەکات )).[2] هەربۆیەشە ( ململانێ شاعیر یان نووسەر لەگەڵ فۆرمە جیاوازەکانی ئامێزی هەموو ژانرە ئەدەبییەکان دەکات بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی " والا "، کە بتوانێت ئازارە گەورەکان دەرببڕێت. بێ ئەوەی ڕێگا بدات ئەو گەورەییە پانتاییەکانی شیعر بچووك بکاتەوە، چونکە شیعر گفتوگۆی شاعیرە لەگەڵ خودی خۆی، بۆیە ڕووبەری ئەگەرەکان لە بەردەم شاعیر تەسك دەکاتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ببێتە دەنگێکی کۆمەڵایەتی، پێویستە پەرە بە شێوازێکی یا ڕێگەیەکی تازە بدرێت بۆ گوزارشتکردن، بەو واتایەی، کە (( هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشە کردن و گۆڕانی کۆمەڵگە پەیوەندی جوانیناسی و ئیستاتیکی خۆی بە جیهانەوە لە ڕێگەی چەند ژانرێکی دیاریکراوەوە بەرجەستە دەکات ))[3]، ئەو ڕێگا تازەیەش، ئەو ڕێگایەیە کە شێرکۆ بێکەس لە چوارچێوەی دەقە والاکانیدا وەکو ئەزموونێکی تازە لە ئەدەبی کوردیدا بنەماکانی دارشت.[4] ( شێرکۆ بێکەس ) ڕەچەشکێنی ئەم بوارەیە، (( ڕەچەشکێنی ( شێرکۆ بێکەس ) ڕەچەشکێنی فۆرمەلی شیعریە و لەگەڵ ئەو شێواز و ستایلەی ڕابردووی خۆیدا جیا دەبێتەوە و بنەما و سکێچێکی دیکە، بۆ قاڵبی شیعریی بە هەموو فۆڕمەکانی ( کێش، قافیە، پەیوەستبوونی ئاسۆی و ستوونی ) دەشکێت و ستایلی جیاوازتر لە دەقی شیعریدا دەگرێتەبەر، لە سەرەتادا ئەم هەنگاوەشی، لە هەندێ دەقی شیعرییدا، بە شێوەی پارچە دەردەکەوێت و دواتر وردە وردە، ئەم سنوور بەزاندنەی دەقی شیعری، زیاتر دەکات، واتە لە دەقێکی شیعریەوە دەست پێدەکات بۆ پەخشانە شیعر تێکستێکی والا و بەدیوانیکردنی شیعرێکی والا )).[5]سەبارەت بە ( دەقی والا )، وەك دیاردەیەکی پۆست مۆدێرنە* لە ئەدەبی نوێی**

---

[1] . عەلی عوسمان یاقووب، "ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە" پانتایەك بۆ فۆرمە جیاوازەکان، ڕ/ ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆی ژمارە (٤)، ٢٨/ ٥/ ٢٠١٢، ل٣.

[2] . شێرزاد هەینی، ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا، ل٥.

[3] . د. عبدالمنعم تليمه، مقدمه فى نقريه الادب، ص١٣١.

[4] . لوقمان ڕەئوف، سیماکانی پۆست مۆدێرنە لە ئایدیای شیعریی شێرکۆبێکەس، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، ٢٠١١، ل١٦٠.

[5] . هەمان سەرچاوە، ل١١٩ ـ ١٢٠.

کوردیدا، له لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانماندا تا ئێستا بەشێوەیەکی بەرفراوان و زانستیانه لێ نەکوڵدراوەتەوە، ئەوەی که باسیش کرابێت، به شێوەی وتار له ڕووپەڕی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە خراونەتە ڕوو، که هەریەکەیان به جۆرێك باسی ئەم جۆرە دەقەی کردووە، چەندین زاراوەشیان بۆ بەکاربردووە، زۆربەشیان تێکەڵیان کردووە لەگەڵ چەمك و زاراوەی (دەقی کراوە)، که لێرەدا دەتوانین ئاماژە به هێندێکیان بکەین:

(نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) له کتێبی (ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەرەیەکی ڕەخنەیی)دا، که له ساڵی (٢٠٠٦)ەوە، بڵاوی کردووتەوە. له لاپەرە (١١٧)ەی ئەم کتێبەدا له ژێر ناونیشانی ( پێکهاتەی گێڕانەوە له " سرووده بەردینەکان"ی شێرکۆ بێکەسدا"، باسی والایی و فرەژانری ئەم دەقەی کردووە، هەروەها له ساڵی (٢٠٠٧)دا، (د. فوئاد ڕەشید) له کتێبی (دەقی ئەدەبی "ئەدگار، چێژ، بەها")دا، که لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی تیۆری و پراکتیکییە، له لاپەرە (١٢٧)ی، ئەم کتێبەدا له ژێر ناونیشانی ( تێکستی ((کورسی)) زاراوەی ناسنامە ئەدەبییەکەی )، له ڕووی ناسنامەی ئەدەبییەوە باسی (دەقی کورسی) دەکات، زاراوەی ناسنامەی ئەدەبی (کورسی)، که (دەقی والا)یە، له ڕووی فەرهەنگییەوە لێکی داوەتەوە ، له کۆتاییشدا زاراوەی (ئاوێتە) له جیاتی زاراوە (والا) بۆ دەقی کورسی و هاوجۆرەکانی پێشنیار دەکات. هەروەها (ئاوات محمد)، له کتێبی ( دەق و ڕاڤەکاری، شیکردنەوەی ئەو ڕستانەی دەکەونە ئەو دیوی شاراوەی دەقەوە)، که له ساڵی (٢٠٠٨)دا، بڵاوی کردووتەوە . له لاپەڕە (١٢٧)ی ئەم کتێبەدا، له ژێر ناونیشانی " هەمیشە شیعر خوی نویٚ دەکاتەوە، کتێبی ملوانکە وەك نمونە " ، به کۆرتی باسی دەقی ملوانکە کردووە. ئاماژە به والایی ئەم دەقەی کردووە و به دەقی کراوە ناوی دەبات. دەڵێت: ئەم دەقی شاعیر له هەموو پێکهاتەکانی تری دەقی شیعری نامەئلوفترە و پێویستە شاعیر له نووسینی ئەم جۆرە دەقانەدا، له یەك کاتدا هەموو جۆرە ئەدەبییەکان له ناوخۆیدا جێگە بکاتەوە و له ناو دەقەکەیدا زۆرێکیان بەکاربهێنێت. بەم شێوەیەش له تەکنیکی ئەم جۆرە دەقانەدا هەست دەکەیت. زۆرێك له پێکهاتە و بوونیادە ئەدەبیەکانی تر دەخوێنیتەوە، بەڵام دواجار ئەوە له بیرتدا چەسپیووە، که تۆ مامەڵە لەگەڵ شیعردا دەکەیت،هەروەها (لوقمان رەئوف) له کتێبی ( بنەماکانی مۆدێرنە له شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا ) ، که له سالی (٢٠٠٩)دا، بڵاوی کردووتەوە، تا ئەو شوێنەی، که پەیوەندی به بابەتەکەیەوە هەبێت له شوێنی لابەلادا باسی دەقی والا دەکات، هەهەروەها نووسەر له کتێبەکی تریدا به ناوی (سیماکانی پۆست مۆدێرنەلە ئایدیای شیعریی شێرکۆ بێکەس)دا، که له ساڵی (٢٠١١)دا بڵاوی کردووتەوە. (دەقی والا) به دەرهاوێشتەیەکی پۆست مۆدێرنە له قەلەم دەدات [١]، ئاماژە بەوە دەکات، که له دوای ساڵانی نەوەدەکانەوە له ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە.

---

[١] ـ لوقمان رەئوف، سیماکانی پۆست مۆدێرنەلە ئایدیای شیعری شێرکۆ بێکەس، ل١٦٠.

* لێرەدا دەمەوی ئاماژە بەوە بکەم که دەقی کورسی، دەقێکی والایە چونکە دەقی والا دەقێکە که چەندین ژانری ئەدەبی جیاواز لەخۆ بگرێت. بۆنیادی دەقی کورسی بۆنیادی هەریەکە له ژانرەکانی (شیعر، چیرۆك، رۆمان، دراما، پەخشانە شیعر)بەخەسڵەت و تایبەتمەندییەکانیەوە تێیدایە. هەروەك شێرکۆبێکەس خۆشی له پێشەکی دەقەکەدا ئاماژەی پێکردووە، (لۆقمان رەئوف) له بارەی ئەم دەقەوە دەڵێت: (ئەوەی بایەخی زیاتری بۆ ئەم دیوانە دروستکردووە، وێنە جیاجیاکان و شێواز و ڕەگەز و هەمە جۆرەکانی ئەم دیوانەیە). که دواتر له بەشەکانی تردا باسیان دەکەین و دەخەینە ڕوو.

**بەشێوەیەکی کورت باسی (دەقی والا) دەکات، لە شیعری (شێرکۆ بێکەس)دا بە یەکێك لە غەرەزە ناتەقلیدیەکان دادەنێت، باس لە ناوەرۆك و رووخساری رۆمانە شیعر و دەقە والاکانی شاعیر دەکات، ئەزموونی شیعری (شێرکۆ بێکەس) دابەشی سەر سێ قۆناغی شیعری دەکات. هەروەها (ئەحمەدی مەلا) لە کتێبەکەیدا، کە لێکۆلینەوەیەکی ئەدەبییە بە ناوی (بنبەست لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا و چەند بابەتێکی تر)، لە لاپەرە (٥١)ی ئەم کتێبەدا لە ژێر ناونیشانی ("کورسی" شێرکۆ بێکەس حەکایەتێکە بۆ منالان)دا، دەقی والای (کورسی) بە حەکایەتێك بۆ منالان لە قەلەم دەدات.* لە ساڵی (٢٠١٢)شدا، لە بارەی دوابەرهەمی شێرکۆ بێکەس، کە بە ناوی " ئەسپێك لە پەرەی گولاڵە)یە ، چەندین نووسەر و رەخنەگر لە رۆژنامەی رەخنەی چاودێر، پاشکۆی ژمارە (٤)دا**لە روانگەی جیاوازەوە لەم دەقە والایەیان کۆلیوەتەوە، هەروەها (حەمە مەنتیك) لە لێکۆلینەوەیەکدا بە ناوی (دەقی کراوە لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، کتێبی ملوانکەی شێرکۆ بێکەس وەکو نموونە)، کە لە ژمارە (١)ی گۆڤاری گەلاوێژدا بلاوی کردووتەوە. باسی کراوەیی و فرە ژانری ئەم دەقە دەکات، بە شیوەیەکی کورت ئاماژە بە بۆنیادی هونەری ئەم ژانرە ئەدەبییە دەکات، کە لە (بنیاتی شیعر و بنیاتی چیرۆك و بنیاتی رۆمان و بینای درامی و بنیاتی شێوەکاری) پێك هاتووە.**

**هەروەها (حەمە سەعید حەسەن) لە لێکولینەوەیەکدا بە ناوی (شاعیرێك رۆح بە بەر بێگیانەکاندا دەکات)، کە بە شێوەی وتار لە رۆژی (٢٠١٢/٦/١٠)دا لە گۆڤاری گولاندا بلاوی کردۆتەوە. باسی هەردوو دەقی (ئێستا کچێك نیشتیمانمە و ئەسپێك لە پەرەی گولاڵە) دەکات،دەڵێت:دەقی والای (ئەسپێك لە پەرەی گولاڵە) نۆستالژیایە بۆ نیوەی دووەمی، سەدەی رابردووی سلێمانی، کە شاعیر تێدا مێژووی تیکۆشانی نهێنی شار و خەباتی ئاشکرای شاخ دەگێرێتەوە. لەم دەقەیدا نیشتیمان ئاشت دەکاتەوە، چونکە لە دەقی پێشووی (ئێستا کچێك نیشتیمانمە)دا لە**

---

**ئەو لێکۆلینەانەی کە لە لایەن رەخنەگر و نوسەرانەوە لە رۆژنامەی رەخنەی چاودێردا خراونەتەڕوو:

١.ئازاد بەرزنجی، پەڕەکانی یادەوەریی گولاڵەیەك (چەند سەرنجێکی خێرا سەبارەت بە دەقی " ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە"،ل٢.

٢.مەنسور تەیفوری، ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە .. ئەو کاتەی شتەکان دەدوێن، ل٢.

٣.عەلی عوسمان یاقووب، "ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە" پانتاییەك بۆ فۆرمە جیاوازەکان، ل٣.

٤.وەلید عومەر، ململانێی شێرکۆ لەگەڵ زماندا (دوا بەرهەمی وەك نموونە)، ل٤.

٥.سۆزان جەمال، سەرنجێکی کورت لە سەر ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە، ل٥.

٦.عەباس بۆسکانی، خوێندنەوەیەك بۆ " ئەیپێك لە پەڕەی گولاڵە "، ٦.

٧.هەورامان وریا قانع، شێرکۆ بێکەس .. شاعیری شیعرە، ل٦.

٨.ئیدریس عەلی، ئەدەبی کوردی .. دەبێت شانازی بکات بەم قەسیدەیەوە، ل٧.

٩.ئاوات محەمەد، با شێرکۆ نەدوێت لە دێرێك قەسیدەی بپرسن شیعر مانای چییە؟، ل٨.

١٠.ئەحمەد رەزا، دەقی والا .. وەك فۆرمێکی نوێی شیعریی، نەك ئەزموون، ل٩.

١١.سۆران ئازاد، توانای زمان لە ئافراندنی وێنەدا لە دیوانی (ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە)ی شێرکۆ بێکەس، ل١٠.

١٢.دانا عەسکەر، بەماتریالکردنی کارەکتەرەکان لە "ئەسپێك لە پەڕەی گوولاڵە"ی شێرکۆ بێکەس دا، ل١١.

داخی ڕووداوەکانی حەڤدەی شوبات و ڕۆژانی دواتر دڵی لە نیشتیمان ڕەنجابوو. هەروەها ( (دەقی والا ) بە دەقی کراوە ناودەبات، کە خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت. بە ژانرێکی سەربەخۆ دادەنێیت، باس لە ئەزموون و توانا و ئەو خەیاڵە فراوانە دەکا، کە (شێرکۆ بێکەس ) هەیەتی، بە جادووگەرێکی هونەرمەند ناوی دەبات. لەوەی کە بە هۆی ئەوئەزموون و خەیاڵەوە لە دەقە والاکاندا رۆح بە بەر بێگیانەکاندا دەکات بۆ نموونە: لای ئەو دەربەندێك دێتە قسە و هەموو بە سەرهاتەکانی ورد و درشتی دەگێڕێتەوە.

## ـ تەوەری سێیەم/

## ـ دەقی والا فۆرمێکی تازەی ژانرە ئەدەبییەکان

دەقی والا وەك یەکێك لە دەرهاوێشتەکانی پۆست مۆدێرنە لە ئەدەبی کوردیدا، ئەزموونێکی نوێیە، لە (( شیعری پوست مۆدێرنە لە کۆتایی سالانی نەوەدەکانەوە، لە ناو شیعری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و لە سەرەتاکانی هەزارەی نوێدا، پەلی زیاتری لە ناو شیعری شاعیرانی کورد، چ لە ناو هەریم و چ لە تاراوگە هاویشتووە ))[1]. لەم سالانەی دواییدا کاری لە سەر کراوە، کە بە هۆی فراوانبوونی مەودای ئاوێتە بوونی ژانرەکان، لە ئەنجامی کالبوونەوە و نەمانی سنووری نێوان ژانرە ئەدەبییەکان، لە ژێر کاریگەری ڕەوتە رەخنەییە نوێیەکان و تیۆری نوێ ئەدەب و کۆڵدانی هەموو بنەما پیرۆزەکان، گشت سنوورە قەدەغە کراوەکان لە بەردەم، نەك هەر شیعر ، بەڵکو تەواوی ژانرەکانی تری ئەدەب، هاتووتەکایەوە، هەروەها گەورە بوونی موعاناتەکان نووسەر یان شاعیریان ناچار کرد، کە ملمڵانێ لەگەڵ فۆرمە جیاوازەکاندا بکات، تاکو بتوانێت لە ڕێگەیانەوە گوزارشت لەو موعاناتە گەورانە بکات، بێ ئەوەی پانتاییەکانی شیعر تەسك بکاتەوە، چونکە تەنیا بەرهەمی گەورە دەتوانێت موعاناتی گەورە دەربڕێت، بەڵام هێندێك لە شاعیرانی تر بە هۆی گەورە بوونی موعاناتەکانیان. کاتێك، کە تێنوێتییان تەنها بە شیعر نەشکاوە، دەستبەرداری شیعر بوونە و پەنایان بردووتە بەر رۆمان، چوونەتە ژێر باری ئەو بۆچوونەی، کە پێی وایە رۆمان پانتاییەکەی گەورەترە لە شیعر، بەوەی کە شیعر ژانرێکی تایبەتە، گفتوگۆی شاعیرە لەگەڵ خۆدی خۆی، بۆیە رووبەری ئەگەرەکان لە بەردەم شاعیر تەسك دەکاتەوە، بەڵام لە (دەقی والا )دا شاعیر نەك هەر دەستبەرداری شیعر نابێت، بەڵکو لەگەڵ پەخشان و چیرۆك و شانۆنامە .... هتد. بە شێوەیەکی هاوتەریب لە چوارچێوەی (دەقێکی والا )دا تێکهەڵکێشی دەکات، دواجار شیعر دەبێتە دەنگێکی کۆمەڵایەتی.[2] ئەم جۆرە دەقە شێوازی نووسینی جیایە، دەقێکە کە ناچێتە ژێر ناوی هیچ یەکێك لە ژانرە ئەدەبییەکانی (شیعر، چیرۆك، پەخشان،.... هتد.)، واتە (( دەکرێ "دەق" ێك بنووسرێ نەچێتە ژێر ناولێنانی هیچ یەکێك لەو چوار ژانرە ئەدەبییە (شیعر، چیرۆك، رۆمان، شانۆنامە ) و تەنانەت نەچێتە ژێر ژانری ( پەخشانەشیعر )یشەوە، بەڵکو "دەق" ێك بێ وەك ژانرێکی ئەدەبی، سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێ و، تایبەتمەندیی خۆی بەوە جیا بکاتەوە کە تۆرێك بێت لە پەیوەندییەکانی، نێوان توخمە جیاجیاکانی چەند ژانرێکی ئەدەبی و پێکهاتەی جومگەکانی لە جەستەی دەقێتیدا رێکبخات ))[3]، ژانرێکی نوێ پێك بهێنێت، کە هەموو ئەو ژانرانە لەخۆ بگرێت.

---

[1]. لوقمان رەئوف، سیماکانی پۆست مۆدێرنە لە ئایدیای شیعریی شێرکۆبێکەس، ل١٧٥.

[2]. عەلی عوسمان یاقووب، "ئەسپێك لە پەرەی گوڵاڵە" پانتاییەك بۆ فۆرمە جیاوازەکان، ل٣.

[3]. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەرەیەکی رەخنەیی)، ل٦٦.

(دەقی والا) لە سادەترین پێناسەدا (( ماڵێکە نە یەك بابەت و نە یەك فۆرمی دیاریکراوی تیا ناژی هیچ کام لە شیعر و چیرۆك و پەخشانە شیعر و شانۆنامە خاوەنی هەموو ماڵەکە نین، بەلام لە هەمان کاتدا ماڵی هەموویشیانە. ئەشێ لە حەوشەی ئەم ماڵەدا گوێمان لە خوێندنی باڵندەکانی شیعر بێ. یان لە ژووریکیا چاومان بە نەخش و نیگار و مافووری ڕەنگالەی پەخشان و پەخشانە شیعر بکەوێ. یان لە ڕاڕاوێکا تووشمان ببێ بە تووشی حیکایەت خوانێکەوە، چاومان بە ڕەوتی چیرۆك بکەوێ یان لە هۆڵەکەیدا درامای شانۆ ببینین. هر جارە ببینە میوانی یەکێکیان ))[1]، کەواتە دەتوانین بڵێن (دەقی والا) بریتییە لە پانتاییەك بۆ کۆکردنەوەی چەند ژانرێك بەیەکەوە، مەزراندنی هەریەکەیان بە خەسلەت و تایبەتمەندی خۆیەوە لە دەقێکدا، بەو واتایەی (دەقی والا) هەڵگری تایبەتمەندی ژانرەکانی ترە، لە هەمان کاتیشدا ناچێتە ناو چوارچێوەی هیچ یەکێك لە ژانرە سەربەخۆیەکان، کە پێی بگۆترێ شیعر، یا رۆمان، یا دراما، ..... هتد، بەڵکو ئاوێتەی بۆنیادی چەند ژانرێکی جۆراوجۆری ئەدەبییە لە ناو یەك دەقدا. ئەم دەقەش تەنیا کۆکردنەوە و ئاوێتە کردنی ژانرە جۆراوجۆرەکان نییە بەڵکو ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوانیشیانە، بەو واتایەی کە نووسەر، یان شاعیر لەم جۆرە دەقانەدا بە دوو ئاراستە مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا دەکات، (( لە لایەك سەربەخۆیی ڕەگەزە ئەدەبییەکان دەپارێزن، لە لایەکی ترەوە کار لە سەر بەرهەمهێنانی جیاواز دەکەن ))[2]، واتا لەم دەقەدا چیرۆك، چیرۆکبوونی خۆی لە دەست نادات، شانۆیش لە سەر بنەما شانۆییەکانی بە جێگیری دەمێنێتەوە، هەروەها شیعریش سەرەڕای ئەوە کە پانتاییە فراوانەکەی خۆی دەپارێزێت، پەل بۆ ڕەنگەکانی تریش دەهاوێژێت، بەو مەبەستەی شان بە شانی ژانرەکانی تر گرۆتینێکی سۆسیۆلۆژی بە دەقەکە ببەخشێت. (( هیچ ژانرێکیش نییە بە تەواوی گۆزارشت لە ژانرەکەی خۆی بکات و کاریگەری ژانرەکانی تری بە سەرەوە نەبێت، نە شیعر بە تەنها ڕەگەزەکانی شیعر لەخۆ دەگرێت و نە چیرۆك و نەڕۆمان ..... هتد، بەڵکو ئاوێزان بوونێکی شیعری لە سەرانسەری ڕەگەزەکانی ژانرە جیاجیاکاندا دروست دەبێت و تێکستێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت، کە دەشێت بە تێکستی والا بناسرێت )).[3]

ئەوەی لە (دەقی والا)دا، هەموو ئەو ژانرە ئەدەبییانە بە یەکەوە دەبەستێتەوە و بە شێوەیەکی دینامیکیانە پەرەیان پێ دەدات (گێڕانەوە)یە، بەوەی گێڕانەوە خاڵی هاوبەشە لە نێوان هەموو ئەو ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، هەر لە چیرۆك، رۆمان، شانۆ و شیعرەوە تاکو مێژوو، سینەما و هونەری شێوەکاری . مەنەلۆگی درامی و دیالۆگ وەك دوو کەناڵی گرنگی گێڕانەوە زمانی ڕۆژانە ئاوێتەی زمانی نووسین دەکەن، کە لە ڕێگایانەوە شاعیر وێنەی واقیع دەکێشێت.[4] لەم جۆرە دەقانەدا گێڕانەوە پانتایی دەقە شیعرییەکەی داگیر دەکات و تەواوکەری گۆزارشتە زەینییەکانە، کە شاعیر دەریاندەبڕێت. لە دەقی والادا شاعیر یان نووسەر دەبێت، هەم شاعیر، چیرۆکنووس، رۆماننووس، شانۆنامەنووس ..... هتد بێت، واتا دەبێت شارەزاییەکی باشی لە بارەی خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی هەموو ئەو ژانرە ئەدەبی و هونەرییانەی هەبێت. تاکو بتوانێت، بە جوانترین و چێژدارترین شێوە هەریەك لەو ژانرە ئەدەبییانە بە خەسلەت و تایبەتمەندی خۆیانەوە بیانەزرێنێتە ناو دەقەکە. ڕەخنەگریش بە هەمان شێوە کاتێك لێکۆلینەوە لە دەقی والا دەکات، دەبێت شارەزایی تەواوی لە بارەی ژانرە ئەدەبییەکانەوە هەبێت. لەم دەقەدا شاعیر، یان نووسەر لەگەڵ زماندا بە هێمنی دەچێتە پێشەوە، ئیشی سازدانی فۆرم و ڕەگەزەکانی

---

[1]. شێرکۆ بێکەس، کتێبی ملوانکە، ل٦.

[2]. عەلی عوسمان یاقووب، "ئەسپێك لە پەرەی گوڵاڵە" پانتاییەك بۆ فۆرمە جیاوازەکان، ل٣.

[3]. نەزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەرەیەکی ڕەخنەیی)، ل١٢١.

[4]. عەلی عوسمان یاقووب، "ئەسپێك لە پەرەی گوڵاڵە" پانتاییەك بۆ فۆرمە جیاوازەکان، ل٣.

فۆرمە، کەمتر خۆی بە ماناوە سەرقاڵ دەکات. لە ئە نجامی ئەمەشدا کەمتر دەستەویەخەی زمان دەبێتەوە. ڕەوانبێژی و وێنە و لەزەتی بەلاغەت و چرکەی حەکایەتئامێز جێی مانا دەگرنەوە و شاعیر زۆر جار لە دڵی شتەکانەوە درووستیان دەکات. لەم جۆرە دەقانەدا دوای تێهەڵکێشکردنی شیعرییەت و گێڕانەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ میتافۆر و مەجاز و وێنە درووست دەبێت، زمان کەمێك لەو دیکتاتۆرییەتی خۆی دەکەوێت. بەو ڕەقیتی و جەبرەی خۆی مل بۆ شاعیر نادات و ڕەوتی شیعری خاو دەکاتەوە[١]، (( هێز و جۆش و وزەی خۆی و وێنە شیعرییەکان دەپارێزێت و هەر بۆ ئەوە نییە چیرۆك بگێڕێتەوە، بەڵکو ئەو هەستەیش دەگوازێتەوە، کە لە ڕەگەزەکانی چیرۆك، لە کارەکتەر و بیرۆکەکە و دەوروبەرەکەدا و لە ڕەگەز و کەرەسە شانۆییەکاندا، هەروەها لە ئێستاتیکای شیعردا دەکەنەوە. لە سەرێکی ترەوە، لە بەرئەوەی حەکایەت بیژ شێوازێکی بێ وێنەی هەیە لە بیرکردنەوەی میتافۆری و لە دەربڕین، ئەو کرژی و ئاڵۆزییە داینامیکییەی، کە لە پاڵ دەنگی ئەوەوە دروست دەبێت، هێندێکجار لە شێوە فیلمێکی سینەماییدا هەنگاو دەنێ و ڕووداوەکان لە چەندین حاڵەتی فلاشباك و هەڵبەز و دابەزدا ڕێچکەی ڕێزبەندی خۆیان دەشکێن ))[٢].

ئەم دەقە خوێنەر لە سەر جۆرێکی تری خوێندنەوە رادەهێنێت، هەر لە سەرەتاوە خوێنەر لە ناو بازنەی خوێندنەوەی تەقلیدیانەی ژانرێکی دیاریکراوەوە دەردەهێنێت، لە ناو چوارچێوە زانراوەکانی یەکێك لە ژانرە دیاری کراوەکان ڕزگاری دەکات، فەزایەکی ئازادی خوێندنەوەی بۆ دابین دەکات، دەرەخسێنێت و ئاڕاستەکانی خوێندنەوە و شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ واڵا دەکات. ئەم جۆرە دەقانە بە هۆی جۆراوجۆرییەتی دەق و تێکەڵ کردن و ئاوێزان کردنی ڕەگەزەکانی ژانرە جیاجیاکان، خوێنەر بە فەزایەکی تر و فۆرمێکی تر و ڕەنگێکی تر لە وەرگرتن و خوێندنەوە ئاشنا دەکات. هەر خۆی (( وشەی " کراوە "* مەودایەك لە ئازادیی خوێندنەوە و وەرگرتن دەخوڵقێنێت ))[٣] بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم دەقە واڵایانە لە تەکنیکی ئەم ژانرە تێبگات، (( ئەم ژانرە بەم شێوە سەردەمیانەی لە لا روونتر بێ، باشترە لایەك بە لای ژانرە ئەدەبییەکانی تریش بکەینەوە، کە شیعر لە ڕێگای واڵاکردنی سنوورەکانی تایبەت بە خۆی، پەیوەندییەکی ئۆرگانی سەردەمانەی لەگەڵ دامەزراندوون ))[٤].

لەم دەقەدا نووسەر دەتوانێت بە جۆرێك لە جۆرەکان خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا، لە گۆڕانی ژانرەکان ئاگادار بکاتەوە. بۆ نموونە: (شێرکۆ بێکەس) لە داو بەرهەمی، کە دەقی واڵای "ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە"یە، لە زۆربەی شوێنەکان ژانرەکانی لە یەکتر جیاکردووتەوە، هەروەها لە دەقی واڵای " ئێستا کچێك نیشتیمانمە"، زۆر بە کەمی ژانرەکانی لە یەکتر جیاکردووتەوە، بە پێچەوانەشەوە نووسەر لە ناو دەقەکەدا دەتوانێت بە هیچ جۆرێك ئاماژە بە گۆڕانی ژانرەکان نەکات..لەم حاڵەتەشدا پێویستە خوێنەر خۆی لە چوارچێوەی تێگەیشتنی دەقدا سەلیقەی جیاکردنەوەی ژانرەکانی هەبێت. (دەقی واڵا) لە ڕووی چێژەوە (( خوێنەر دەباتە نێو فەزاکانی خەیاڵ و زەینی شیعری و ..... ئاسۆکانی لێکدانەوە و فڕین و چێژی بۆ واڵا دەکات دەیەوێت ناوبەناو لە خەیاڵێکی فڕین

---

١. وەلید عومەر، ململانێی شێرکۆ لەگەڵ زماندا (دوابەرهەمی وەك نموونە)، ڕ/ ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆی ژمارە (٤)، ٢٠١٢/٥/٢٨، ل٤ ـ ٥.

٢. عەلی عوسمان یاقووب، "ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە" پانتاییەك بۆ فۆرمە جیاوازەکان، ل٣.

*لێرەدا مەبەستی نووسەر لە وشەی (کراوە)، وشەی (واڵا)یە، لە لای هندێك ڕەخنەکران و نووسەران ئەم زاراوەی بۆ بەکارهاتووە. هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکردووە.

٣. عەباس بۆسکانی، خوێندنەوەیەك بۆ "ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە"ی شێرکۆبێکەس، ڕ/ ڕەخنەی چاودیر، پاشکۆی ژمارە (٤)، ل٦.

٤. شێرزاد هەینی، ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا، ل٥ ـ ٦.

ئامێزەوە بیهێنێتەوە نێو واقیع و لە واقیعیشەوە جارێکی تر بۆ فڕین و خەیاڵێکی شیعرییانە ))[1] ئەم هاتووچوویەی خوێنەر لە نێوان خەیاڵ و واقیع بۆئاوێزان بوونی ژانرە جۆراوجۆرەکان دەگەڕێتەوە لە نێو دەقی والادا، بەو پێیەی شیعر زادەی خەیاڵە بە بەراورد لەگەڵ ژانرەکانی تر بۆیە خەیاڵی تێدا بەرجەستە دەبێت. خوێنەر کاتێك شیعر دەخوێنێتەوە دەچێتە ناو دونیای خەیاڵ، کاتێکیش دەگاتە سەر خوێندنەوەی ژانرەکانی تر ، لە دونیای خەیاڵەوە دەچێتە ناو دونیای واقیع، چونکە لەم ژانرانەدا ئاستی خەیاڵ کەمترە لە چاو ئەوەی کە لە شیعردا هەیە، کەواتە چێژی ئێستاتیکای دەقی والا جیاوازە لە چێژی ئێستاتیکای دەقێکی تر، کە تەنیا چیرۆکە، یا رۆمانە، یا پەخشانە ....... هتد.

کاتێك نووسەر پەنا بۆ نووسینی دەقی والا دەبات، چەند ژانرێك پێکەوە لە دەقێکدا کۆدەکاتەوە، پەیامی خۆی لە رێگەی ئەم ژانرانەوە بەرجەستە دەکات و دەخاتەڕوو. مانای ئەوە نییە، کە توانای نووسینی ژانرێکی دیاریکراوی نەبێت، بەڵکو ئەم جۆراوجۆری دەربڕینە لای نوسەر گەڕان و هەوڵدانە بە شوێن شکڵە لە بارەکاندا تا ببنە کالای لە قەد و بالای ناوەرۆکەکان. هەموو ناوەرۆکێکیش یەك شکڵی دیاریکراویان نییە. رێگا هەیە، جۆرەکانی شیعریش وەك رێگاکانی ژیان، وەك تاقیکردنەوەکانی، وەك پێ دەشت و هەوراز و نشێو و لوتکەکانی سروشت خۆی، فرە جۆرن و هەر رێگەیەکیش جۆرە رەوتێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەلای منەوە گیرسانەوەش بە تەنیا شکلێکەوە، بە یەك شێوە دەربڕینەوە شاعیر تووشی جوینەوە و سەرئەنجامیش وەك باخی بێ ئاوی لێدێت، سەربەستی شاعیر لە بازنەیەکی داخراودا گیر ئەدات، ئاسمانی خەیاڵ تەنگەبەر ئەبێتەوە[2]، ئەم ژانرە لە لایەکەوە (( رووبەرێکی فراوان لە زمان ئەخاتە بەردەمی شاعیر بۆ ئەوەی زۆر ئازادانە تر هاتوچۆی تێدا بکات ))[3]، بۆارەکی فراوانتر بێت و ئازادانە مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا بکات، لە لایەکی تریشەوە لەوانەیە تەنیا ژانرێك دەرەقەتی ئەو هەموو خەیاڵە نەکات، کە لە زەینی نووسەردا پەنگی خواردووە، بۆیە نووسەر ناچار دەبێت بۆ گوزارشت کردن لەو خەیاڵە بەرفراوانە، پەنا بۆ ژانرەکانی تر ببات و هەموویان بەیەکەوە لە دەقێکدا بخاتەڕوو. جگە لەمەش (( دەبێت شاعیر، شاعیری سەردەمی خۆی بێت و هەر سەردەمێك شیعری خۆی و زمان و ژانری تایبەت بەخۆی دەوێت. سەردەمی ئێستامان دیواری نێوان هونەرەکانی کورتتر کردۆتەوە، لەم ڕووەوە هەمیشە هەوڵمداوە کە بۆ شیعر سوود لە ڕوانگە و بینینەکانی رۆمان و سینەما و شانۆ وەربگرم تاکو پانتاییەکی فروانتر بۆ مانۆڕدانی شیعر بخوڵقێت )).[4]

## ـ خەسلەت و تایبە تمەندییەکانی دەقی والا

١ـ دەقی والا پانتاییەکە بۆ ژانرە جیاوازەکان، پشت بە کۆکردنەوەی چەند ژانرێك دەبەستێت لە دەقێکدا. هەریەکە لەو ژانرانەش بە خەسلەت و تایبە تمەندی خۆیانەوە دەمەزرێندرێنە ناو دەقەکەوە.

٢ـ دەقی والا بەرجەستەکردنی چەند جۆرە ژانرێکی جۆراوجۆرە و هەریەکە لەو ژانرانەش زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەر ژانرێك تا ڕادەیەك زمانی خۆی دەپارێزێ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زمانی شیعری زاڵە بە سەر

[1]. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی)، ل١١٧.

[2]. یاسین عومەر، ئەزموون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٩ ـ ٣٠.

[3]. شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتیمانمە، ل٣٢٧.

[4]. مەنۆچیهری ئاتەشی، بێگومان شێرکۆ نیشتیمانی لە ووشەکاندایە، لە فارسییەوە: ڕەزا مەنۆچێهری، گۆڤاری ئاینده، ژمارە (٦٥)، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٣٣.

دەقەکەدا، (( فەزای دەقەکە لە زمانی شیعر جیا نابێتەوە ))[1]، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە (( رۆمانی ناو دەقەکە و شانۆییەکە و رێپورتاژەکان و راپۆرتە دیمۆگرافییەکان و چنینی چیرۆکەکان و دیمەنە سینەماییەکان و هێڵە شێوەکارییە وتراوەکانیش ئەخوێنینەوە. بە هەموو ئەو پێکهاتانەش، بۆنیادی دەقەکە لۆژیکە دارێژراوەکەی خۆی ناشێوێنی ))[2]، بەو واتایەی دەستبەرداری زمانی شیعری نابێت.

٣ـ دەقی والا بازدانە بە سەر هەموو جۆرە شیعرییەکانی تری وەکو بالادە و پۆستەرە شیعر و داستانە شیعر و قەسیدە و شیعری لیریك، هەموویان لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە. لە بەر ئەوە ئاساییە ئەگەر بڵێن کۆتایی هێنانە بە هەموو ئەوانە و دەسپێکی نوسینێکی تازەیە.[3]

٤ـ لە دەقی والادا دەکرێ نووسەر لە ناو دەقەکەدا ئاماژە بە گۆڕانی ژانرەکان بکات و لە یەکتریان جیا بکاتەوە، لە ناو دەقەکەدا، بە پێچەوانەشەوە دەکرێ جیاکردنەوەی ژانرەکان لە ناو دەقەکەدا بۆ خوێنەر بەجێبهێڵێت و خوێنەر خۆی جیایان بکاتەوە.

٥ـ لە دەقی والادا نووسەر دەتوانێت، جگە لە دانانی ناونیشانی گشتی بۆ دەقەکە، دەتوانێت ناونیشان بۆ ژانرەکانی ناو دەقە والاکەش دابنێت. ئەمەش دەوەستێتە سەر شارەزایی و لێهاتوویی نووسەر .. بۆ نموونە: (شێرکۆ بێکەس) لە دەقی (" ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە")دا، جگە لە ناونیشانی گشتی دەقەکە لە ناو دەقەکەدا ناونیشانی بۆ هەریەکە لە ژانرەکانی (شیعر، چیرۆك، شانۆنامە)داناوە.*

٦ـ دەقی والا دەقێکی پڕ ئاماژەیە و یەك چەقی دیاریکراوی نییە و یەك یاسا پەیڕەو ناکاو کۆتاییەکی دیاریکراوی نییە. بۆ نموونە: وەك دەقی والا "ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە" دەبینین یاسای نووسینەوەی بیرەوەرییەکان و شانۆیی و بیبلیۆگرافی و گۆشە سینەمایی و شیعریی و چیرۆك و رۆمان و دیمەنە شێوەییەکان لە یەکتر ناچن، بەڵام یەك بۆنیادی جیۆلۆژی لۆژیکەکەی ئەپارێزێ.[4]

٧ـ هەروەك چۆن لە دەقی شیعریدا ڕەمزگەرێتی و فرەمانایی بەرچاوە، بە هەمان شێوە لە دەقی والاشدا پارێزراوە و (( ڕەمز و دەلالەتەکانی ئەم دەقە ناکۆتایە و ناگەنە بنبەست و تەم و مژاوییش نین. لە هەمان کاتیشدا خوێندنەوەی جیاوازی ئەوێ )).[5]

٨ـ دەقی والا هەموو ژانرەکانی لە یەك ژانردا کۆکردۆتەوە، بۆیە خوێنەری خۆی بەرەوە خوێندنەوەی ژانرەکانی تریش ئاڕاستە دەکات و پاڵی پێوە دەنێت بۆ خوێندنەوەی ژانرەکانی تریش، بۆ نموونە: لە گفتوگۆی شانۆنامەکاندا بەشداری بە خوێنەر دەکات، تەنانەت ئەگەر خوێنەر شانۆنامەش نەخوێنێتەوە.

٩ـ دەقی والا هەڵگری خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی ژانرەکانی جۆراوجۆرە لە چوارچێوەی یەك دەقدا، بە هۆی ئەم خەسلەتەشەوە بۆاری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی فراوانتر دەکات.

---

[1] . شێرکۆ بێکەس، ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە، ل٥.

[2] . ئەحمەد ڕەزا، دەقی والا وەك فۆرمێکی نوێی شیعری، نەك ئەزموون، ڕ/ ڕەخنەی ژاودێر، پاشکۆی ژمارە (٤)، ل٩.

[3] . هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.

*بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شێرکۆ بێکەس، ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە، ل١٣٥، ١٤٦، ١٤٨، ١٥٠، ١٥١، ٢٨٥.

[4] . ئەحمەد ڕەزا، دەقی والا وەك فۆرمێکی نوێی شیعری، نەك ئەزموون، ل٩.

[5] . سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

۱۰ـ دەقی والاّ هەوڵی بەرجەستە کردنی تەکنیکەکانی گێڕانەوەی چیرۆك و رۆمان دەدات، لەگەڵ زمانی شیعری تێکەڵیان دەکات. لە شێوازێکی گێڕانەوەی سادە بەرەو شێوازێکی زیندووتر و کاریگەرتری دەبات، هاوئاستی گێڕانەوەکانی ئێستای دەکات.

۱۱ـ دەقی والاّ بەوەی، کە چەند ژانرێك لەخۆ دەگرێت. خوێنەرێکی هۆشیار دروست دەکات، کە لە ناو دەقەکەدا بە دوای ژانرە جیاوازەکاندا بگەرێت.

۱۲ـ لە دەقی والاّدا ناتوانین، خاڵێك یان هێڵێك بۆ دیاریکردنی شیعرییەت دەستنیشان بکەین، لەوێشەوە شیعرییەتی تێکستەکە بپێوین، واتەناتوانین لە میانی یەکێ لە رەگەزە کاریگەرەکانی شیعرییەتەوە لە ئیستاتیکاو جیهانبینینی ئەم دەقە وورد بینەوە. ........ تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە سەرجەمیان دەچنە نێو تۆرێك لە پەیوەندی بەنێو یەکداچووی بۆنیادێکی گشتییەوە، کە بۆنیادی گشتی دەقەکەیە.[1]

---

[1]. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەرەیەکی رەخنەیی)، ل۱۲۰.



هەواڵنامەی کتێب

## ـ بنياتى دەقى والآ

## ـ تەوەرى يەكەم/

## ـ بنياتى شيعر

بە شێوەيەكى گشتى لە زۆربەى زمانەكاندا، يەكەم دەقى ئەدەبى نووسراو بە شێوەى شيعر بووە. يەكەمين نموونەى تۆماركراوى شيعرەكان، هەر هەمان شيعرە سەرەتاييەكانى مرۆڤن (تراژيديا، كوميديا، حەماسە)، كە كۆنترين جۆرى ئەدەبين لە يۆنان، شيعر بە درێژايى مێژووى خۆى بە چەندين قۆناغى جياوازادا تێپەڕيوە، (( يەكێكە لە بەشەكانى دووانەى وتە لە بەرامبەر پەخشان)). چەندين پێناسە لە لايەن ڕەخنەگران و زانايانى ئەدەبەوە بۆ شيعر كراون، كە هەريەكەيان لە ڕوانگەى تێڕوانينى خۆيانەوە لێ دواون و پيناسەيان كردووە، هێندێك لەو پێناسانە گرنگى بە ديوى دەرەوەى شيعر دەدەن. بۆ نموونە (ئەرستو) يەكێكە لەو كەسانەى، كە جياوازى دەكات لە نێوان وتەيەك، كە تەنيا كێش و خەيالّى هەبێت لەگەلّ وتەيەك، كە تەنيا كێشى هەبێت. دەلّێت ئەو ووتەيەى كە تەنيا كێشى هەبێت شيعر نييە، هەروەها هێندێكى تر لەو پێناسانە گرنگيان بە ناوەرۆك و بابەتى شيعر و هێندێكى تريش گرنگيان بە ئامانج و تايبەتمەندييەكانيان داوە بۆ نموونە: ويليام وردزۆرس (١٧٧٠ ـ ١٨٥٠) شاعيرى ئينگليزى لەو باوەڕەدايە، كە شيعر خۆى لە خۆيدا هەستەكان و دەربڕى خەيالّى ئەوە، كە زۆربەى كات شێوەيەكى موسيقى هەيە. كۆلّريدج پێوايە ئامانجى راستەوخۆ و روونى شيعر پێوەندى بە چێژ بەخشينەوە هەيە، هەروەها د. شفيعى كدكنى لە سالّى (١٩٣٩)دا، لە بارەى پێناسەى شيعرەوە دەلّێت: شيعر تێكەلّبوونى عاتيفە و خەيالّە، كە خۆى لە زمانێكى مۆسيقايى دا دەردەخات.بە پێى ئەم پێناسەيە، پێنج ڕەگەزى گرنگ شيعر پێك دەهێنن، كە ( عاتيفە (ئەنديشە)، خەيالّ، زمان، مۆسيقا، شكلى شعر)ن، مەبەست لە شكلى شيعرى ئەو قالبانەنە كە (سۆز و خەيالّ و زمان و موسيقا)ى شيعرى تێيدا بەرجەستە دەكرێن[١]. ئەم ڕەگەزانە لە قالبێكدا دەتوێنەوە و ئاوێتەى يەكتر دەبن و شيعر دروست دەكەن. بە جۆرێك كە خەيالّ ڕەنگدانەوە و بەرجەستەكردنى هێزى ڕاستەقينەى سوز و عاتيفەيە، زەحمەتە بتوانرێت سوز لە خەيالّ و بيريش لە سۆز جيا بكرێتەوە، كەواتە شيعر خەيالّ و ئەنديشەى شاعيرە كە لە ڕێگەى زمان و مۆسيقاوە دەريانەدەبرێت و بەرجەستەيان دەكات.ئامانجى شاعير لە شيعردا گۆزارشتكردنە لە سۆز و خەيالّى خۆى لە ڕێگەى زمانەوە، ئەم سۆز و خەيالّەش لە ڕێگەى وێنە هونەرييەكانەوە شێوەى شيعرى بەخۆيانەوە دەگرن، كەواتە خەيالّ وێنەيەكە، كە بە هۆيەوە عاتيفە و سۆز بەرجەستە دەكرێن،(( كارى خەيالّ بەرهەمهێنانى وێنەكانە و لە ڕێگەى وێنەكانەوە سوز و عاتيفەى شاعير شێوەى شيعرى لەخۆ دەگرێ و

[١]. سەرچاوەى پێشوو،ص ١٧١ ـ ١٧٢.

لە قسەکردنی ئاسایی جیای دەکاتەوە))[1]، واتا وێنە پێوەندییەکی بەهێزی بە سۆزەوە هەیە. هۆکارێکە، کە شاعیر بۆ بەرجەستەکردنی هەستەکانی خۆی پشتی پێ دەبەستێت، کەواتە خەیاڵ بنەمای سەرەکی وێنەی شیعرییە و سۆزیش بنەمای بەهێزکردنی وێنەی شیعرییە.

شیعر وەك هەر ژانرێکی تری ئەدەبی چەند ڕەگەزێکی سەرەکی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە ژانرەکانی تری وەك (چیرۆك، ڕۆمان، پەخشان، دراما، .... هتد). ئەم ڕەگەزانە لە نێو ڕەخنەگران و لێکۆلەراندا بیروڕای جیاوازیان لە سەرە، هێندێکیان تەنیا (مۆسیقا) دەکەنە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی شیعر لە ژانرەکانی تر ، هێندێکی تریشیان (وێنە) بە پێوەری جیاکردنەوەی شیعر لە ژانرەکانی دی دادەنێین. ناکرێت هیچ یەکێك لەم ڕەگەزانە بە تەنیا بکرێت بە پێوەر و تاکەمەرجی جیاکردنەوەی شیعر لە ژانرەکانی تر، چونکە ئەوەی کە دەقێکی شیعری دەسازێنێت ((شێوازی دارشتنی زمانە کە ڕەگەزی شیعرییەکانی وەك: مۆسیقا و وێنەشیعری، ... تیایدا دەردەکەوێت، دەبێتە مایەی داهێنانی دەقی شیعری))[2]، چونکە زمانی شیعری پێوەندییەکی ئاوێتەیی لەگەڵ (ریتم)دا هەیە، کە هەردووکیان دوو کۆڵەکەی هاوبەش و سەرەکین لە پێکهاتەی یەکێتی شیعردا، ریتم لە وشەوە ئاوازەکەی دەبیسترێت و لە شیعری نوێدا زیاتر پەیوەندی بە ئاوازی ناوەوەی شیعر هەیە. لەبەر ئەوەشە دەبینین، کە شاعیری نوێخواز بەردەوام هەوڵ دەدات، کە لە نێو زمانی باو و دیالێکتەکاندا دەستەواژە و وشە هەڵبژێری و بەهای جوانی بداتێ و بە شێوازێکی هونەری نوێ لە نێو چوارچێوەیەکی وێنەی نایابدا بە ئەندیشە و خەیاڵ و سۆزێکی بەتین و زمانێکی شیعرە فرە ڕەهەند بەرهەمە شیعرییەکەی پێشکەش بکات. هەربۆیە لێرەشدا ئێمە (مۆسیقا، وێنە)، کە لە سەرەکیترین خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی شیعرن دەکەینە پێوەر بۆ نیشاندانی ژانری شیعر لە ناو دەقە والاکاندا.

## ـ مۆسیقای شیعر

مۆسیقا، یەکێکە لە رەگەزە سەرەکییەکانی بنیاتی دەقی شیعری و بەشدارییەکی کارا لە پێکهێنانی بنیاتی شیعریدا دەکات. لە بەر ئەو رۆڵە گرنگەی، کە لە بنیاتی دەقی ئەدەبیدا دەگێڕێت بە تایبەتی لە شیعردا، لە لایەن لێکۆلەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبییەوە بووەتە جێگەی بایەخ پێدان(( وشەی ریتم(Rhythm) لە بنچینەدا لە وشەی (Rhythmos)ی گریکییەوە هاتووە، کە واتای زان، بلقدان، رویشتنی رووبار و جۆگە دەدات))[3] مەبەست لێ دووبارەبوونەوەی ڕەگەزێکی ڕێکخراوە جا ئەم ڕەگەزە ڕێکخراوە، چ وەك کەرەستەیەکی زمانی بێت، لە دەنگ، وشە، ڕستە، یان هەر دیاردەیەکی تری ژیان بێت وەکو شەو و ڕۆژ و ... هتد.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ئەو دیاردیەی، کە دووبارە دەکرێتەوە. دیاردەیەکی دەستنیشانکراو نییە (( دەبیت گرێدای مەسەلێن دەنگی بیت یان ڕەنگی بیت یان جهی یان هەر تشتەکێ دی دناڤ دەقێ ئەدەبیدا))[4]، کەواتە دەتوانین بلێین (( دویڤئێکهاتنەکا لسەرێکە و دناڤبەرا حالەتێن دەنگ و بێدەنگی، روناهی و تاریی، لڤین و راوەستانێ، هێز و لاوازیێ، فشار و نەرماتیێ، کورتی و

---

[1] . هەمان سەرچاوە، ص١٧١ ـ ١٧٢

[2] . جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠ ـ ١٩٧٠)، دەزگای سەردەم، چ١، شلێمانی، ٢٠٠٨، ل٧٣.

[3] . د. عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراورد کردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، چ١، هەولێر، ١٩٩٩، ل٧١.

[4] . یاسری حەسەنی، بنیاتێ ریتمێ دشعرا نوویا کوردی دا دەڤەرا بەهدینان ١٩٧٠ ـ ١٩٩١، دەزگەهێ سپیرێز، چاپخانا حەجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٧.

درێژیی، ........... هتد))[1].هەر لە کۆنەوە ریتم وەکو پێوەرێکی سەرەکی بۆ لە یەکتر جیاکردنەوەی شیعر و پەخشان بەکارهاتووە. کەچی ئەم بۆچوونە راست نییە، چونکە ریتم لە ناو هەموو دەقێکی ئەدەبیدا بوونی هەیە، بەلاّم لە هەر دەقێکدا بە شێوەی جیاواز دەردەکەوێت، چونکە بە پێی جۆراوجۆری هونەرەکان کەرەستەی پێکهاتنیشی جیایە و دەگۆڕێت.واتا ریتم وەك زاراوە و چەمك لە ناو چەندین هونەردا هاوبەشە، لە موزیك (مۆسیقا)، شیعر ، پەخشانی هونەری، سەمادا باش دیار دەبێت. لە هونەری وێنەکێشانیشدا جۆرە ریتمێکی زەینی ـ بینراو لە رێگەی گۆنجانی نێوان ڕەنگەکان بەدی دەکرێت، کە زۆر لە ریتمی شیعرییەوە نزیکە، بەو واتایەی کە شیعر وێنەیەکی دەنگدارە و وێنەش شیعرێکی بێدەنگە.[2] شیعر بە هۆی مۆسیقاوە کاردەکاتە سەر هەست و دەروونی مرۆڤ و چێژ و لەززەت دەبەخشێ، جۆرە ئاهەنگێك لە دەروونی مرۆڤدا دروست دەکات. هەربۆیە (( ریتم گرنگترین ئامرازی چێژی ئەدەبییە لە ناو هەر دەقێکی ئەدەبی، یان هونەریدا. ریتم یارمەتی زووتر وەرگرتن و هەرسکردنی کەرەستەکانی دەق دەدات و لە هەمان کاتدا خولیایەکی خێراتری بۆ دروست دەبێ، تا هەری زووە، ئاسانتر واتایەکە بۆ مێشکی بگوازێتەوە، چونکە ریتم یارمەتی واتا دەدات، بۆ تێپەرین بە دیوی ئاستی هوش و بیرکردنەوە و هەستەوەرەکان و هەروەك یارمەتی نقووم بوونی واتا دەدات)).[3] لەبەر گرنگی کاریگەرییەکەی لە سەر وەرگر، لە پیشەوەی ئاستەکانی تری دەقی شیعری سەیر کراوە و هەر لە کۆنەوە گرنگی زیاتری پێدراوە، چونکە بۆنیادی ریتم کرۆکی گۆتاری شیعرییە و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە ئەزموونی شیعریدا. بۆیە بە درێژایی چەندین سەدە بووەتە مایەی دیاری کردنی ڕەگەزی شیعری و پێکهێنەرێکی ئیستاتیکیشە لە شیعری نوێدا[4]، لە بنیاتی هونەری شیعری نوێدا ریتم ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێ، چونکە ڕەگەزێکی بنچینەیی پێکهاتەی بنیاتی مۆسیقای شیعرە، مۆسیقاش هەر لە کۆنەوە تەواوکەری شیعر بووە، کە لە شیعری تەقلیدیدا لە کێش و سەروادا بەرجەستە بووە، ڕەخنەگران و پسپۆڕانی بواری شیعر، ئەو جۆرە مۆسیقایە بە مۆسیقای دەرەوەی شیعر ناودەبەن، بەلاّم لەگەڵ پەرەسەندن و گەشەکردنی شیعر، جۆرێکی تر لە مۆسیقای شیعر دروست بووە، کە بە مۆسیقای ناوەوە ناوی دەبەن. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی، کە شاعیرانی نوێ بۆ گۆزارشتکردن لە ناوەرۆکی نوێ بە تایبەتی بۆ دەربڕینی هەستی هەڵچوون و ئەزموونی شیعرییان، لە کێش و سەروا دوورکەوتنەوە، ڕوویان لە مۆسیقای ناوەوە کرد، چونکە ئەم جۆرە مۆسیقایە زیاتر هاوکارە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و ئەزموونی شیعریی، بەلاّم مۆسیقای دەرەوە ڕێگرە لە بەردەم شاعیران بۆ دەربڕینی سۆزی هەڵچووی شاعیر و ئەزموونە شیعرییەکەی ، شاعیری نوێ بایەخ بە کۆمەڵێك دیاردەی مۆسیقایی نوێ دەدا، کە دەبنە هۆی دروست بوونی مۆسیقای ناوەوەی شیعر وەك دووبارەکردنەوەی پیت و وشە و دەستەواژە ، .... هتد. واتا ریتمی شیعری نوێ پێوەندی بە دەنگی پیت و وشەکانەوە هەیە. پسپۆڕان و ڕەخنەگرانی بواری شیعری بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر مۆسیقای شیعری دیار دەکەن. ئەوانیش (مۆسیقای دەرەوە، مۆسیقای ناوەوەن)، بەلاّم لێرەدا ئێمە تەنیا لە مۆسیقای ناوەوەی شیعر دەدوێن، چونکە بزاڤی نوێکردنەوەی شیعری کوردی خۆی لە گۆڕانی بنەڕەتی و ڕیشەیی بنیاتی شیعردا دەبینێتەوە، لە ڕووی ئاستەکانی زمانەوانی و شێوازگەری و سیمانتیکی و ئاوێتەی وێنەی شیعرییەوە،

---

[1]. هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.

[2]. خەلیل ئیبراهیم مستەفا، شیعرییەتی دەق بە نموونەی شیعرە کوردییەکانی (مەحوی)، نامەی ماستەر، ز. سەلاحەددین/ کۆلێژی زمان، ٢٠٠٩، ل٢٠.

[3]. هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل٧٥.

[4]. خەلیل ئیبراهیم مستەفا، شیعرییەتی دەق بە نموونەی شیعرە کوردییەکانی (مەحوی)، ل٢١.

بە تایبەتیش لە ڕووی مۆسیقاوە، شیعری نوێ کێش و سەروای ڕەت کردۆتەوە، لە میانەی ریتمی وشەکانەوە، زیاتر بایەخ بە مۆسیقای ناوەوەی شیعر دەدرێت.

## ـ مۆسیقای ناوەوە و سەرچاوەی درووستبوونی

مۆسیقای ناوەوە بەشێکی گرنگی مۆسیقای شیعرییە و لەگەڵ مۆسیقای دەرەوە بنیاتی گشتی شیعر پێك دەهێنن. ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر لە پێکهێنان و سازاندنی دەقی شیعریدا دەگێڕێت، بنەمای جێگیر نییە، چەندین دیاردە بەشداری لە بەرهەمهێنانیدا دەکەن. زاراوەی مۆسیقای ناوەوە، یان ریتمی ناوەوە زاراوەیەکی نوێیە، لە بەرهەمە ڕەخنەییە کۆنەکاندا بەدی ناکرێت، چونکە شاعیرانی نوێخواز لەو باوەڕەدا بوون، کە مۆسیقای شیعری تەنیا بە هەبوونی کێش و سەرواوە دروست نابێت. بەڵکو لەگەڵیدا (( ئاوازێکی دیکە لە ئارادا دەبێت، کە ئاوازی ناوەوەی هەڵبەستەکەیە، ئەم ئاوازەش بریتییە لە نەغمەی دەنگەکان و لێکدان و پێکەوە گونجاندنیان و پاش و پێش خستنی و بەکارهێنانی هەندێ لە ئامرازە زمانی یەکان بە جۆرێکی ئەوتۆ کە زۆر جار لە کێشەکان کاریگەرتر دەبن ))[1].مەبەست لە مۆسیقای ناوەوە (( ئەو گونجاندنەیە، کە لە نێوان دەنگدار و بێ دەنگەکانی وشەکانی شیعرێك دایە، بۆ نموونە کە لە شیعرێکدا دەنگی (ا) یا (ب) لە چەند وشەیەکدا، چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە جۆرە مۆسیقایەك دروست دەکات ))[2] ، یان بریتییە (( لە هەماهەنگی و ڕیژەی پێکهاتەی وشەکان و ئاهەنگی تایبەتی هەر دەنگێك لە تەنیشت دەنگەکانی دیکەدا ))[3] زۆر لە مۆسیقای دەرەوە ئاڵۆزترە، (( خۆی لە ڕێکخستنێکی ورد و جوانی وشەکانی ناو دێڕە شیعر و پاش و پێش کردنیان و دووبارەکردنەوەیاندا دەردەخات و بەمەش ئاوازێکی ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخشێ، کە هەندێ جار لە مۆسیقای دەرەوەی شیعر کاریگەرترە ))[4]، واتا هەڵبژاردنی دەنگ و وشەکان و ڕێکخستنیان بە پێی هەست و ڕادەی کاریگەری شاعیر ئەو ریتمە دروست دەکات، کە لە ئەنجامی چنینی دەقی شیعرەوە دروست دەبێت. ئەم جۆرە ریتمە زیاتر پەیوەستە بە دەروونی شاعیرەوە، هەربۆیەشە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت، چونکە ڕەنگدانەوەی باری دەروونی و سۆزی شاعیرە، باشترین ڕێگایە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز هەر لە لەبەرئەوەشە، کە ئەزموونی ڕۆشنبیری شاعیر ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە خوڵقاندنی ریتم و مۆسیقایەکی زیندوو بۆ دەقە شیعرییەکان دەبینێت.دەستنیشانکردن و خستنەڕووی مۆسیقای ناوەوە لە بنیاتی دەقی شیعرەکانی دەقی والادا پێویستی بەبەکارهێنانی چەندین میکانیزم هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە دروست بووە.ئەوانیش:

١ـ دووبارەکردنەوە

٢ـ هونەری ڕەگەزدۆزی

٣ـ دژیەك

## ١ـ دووبارەرکردنەوە

---

[1] . د. دلشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٨٩.

[2] . محمد رچا شفیعی کدکنی، موسیقی شیعر، مۆسسە انتشارات اگە، تهران، ١٣١٨، ٩٦.

[3] . هەمان سەرچاوە، ص٥١.

[4] . ئاسۆ عومەر، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر (لای پیرەمێرد و شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران)، چ١، چاپخانەی خانی، دهوك، ٢٠٠٩، ل١٣٠.

دووبارەکردنەوە ڕۆڵێکی گرنگ لە بنیاتی مۆسیقای ناوەوە دەبینێت. لە بنیاتی مۆسیقای دەرەوەدا تایبەتە بە کێش و سەروا و پاش سەروا، کە خۆی لە دووبارەکردنەوەی چەند بڕگەیەکی یەکسان لە کورتی و درێژی، لە چوارچێوەی پێیەکانی کێشدا بەرجەستە دەکات، یاخود لە دووبارەبوونەوەی چەند دەنگێکی دیاریکراو، یان چەند وشە و دەستەواژەیەك لە شێوەی پاش سەروا لە کۆتایی هەموو دێڕەکاندا. ئەمەش دووبارەکردنەوەیەکی ئاشکرایە و ڕواڵەتی دەرەوەی دەقی ئەدەبی پێشان دەدات، بەڵام دووبارەکردنەوە لە بنیاتی مۆسیقای ناوەوەدا بە شێوەیەکی نادیار و بەبێ پەیوەست بوونی بە هیچ یاسایەك کاری خۆی دەکات. (( دوور لە سەپاندنی هەر یاسا و ڕێسایەك خۆی بە ئارەزووی نووسەر گونجانی دەوروبەر و ڕێککەوتنی لەگەڵ واتادا و بەهێزبوونی کاریگەرییەکەی دەبێ. بەم شێوەیە خۆڕسکانە لە نێو دەق دەبینرێ و کاریگەرییەکەشی بە ڕوونی هەست پێدەکرێ، بێ ئەوەی کار لە بێ هێز بوونی واتا بکات، بەڵکو چڕوپڕتر و بەتین و بەهێزتری دەکات ))[1]. مەبەست لە دووبارەکردنەوەی دەنگێك، یان وشەیەك، یان دەستەواژە، یاڕستەیەکە لە ناو دەقێکی شیعریدا، واتە دووبارەکردنەوە لە بچووکترین پێکهاتە، کە دەنگە بۆ گەورەترین پێکهاتە، کە ڕستەیە دەستپێدەکات، دووبارەکراوەکان دەبێت لە جارێك بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێو واتایان بەك بێت. دووبارەکردنەوە هۆکارێکی گرنگە بۆ خولقاندن و بەهێز کردنی مۆسیقای ناوەوەی دەق و (( ژبەر ڕۆل و ئەرکێ بەرچاڤ و دیارێ دووبارەکرنێ دئاڤاکرنا ریتما ناڤخۆیی دا کو وەکو ستوینەکێ یە ئەو لسەر دهێتە ئاڤاکرن، دشێین بێژین دووبارەکرن کلیلکا ڤەگرن و ئەشکەرا بوونا ریتما ناڤخۆیی یە، .... دەلالەتا دووبارەکرنێ مەبەست ژێ تێگەهاندن و ڕۆهنکرنە دجارا ئێکێ دا و لادانا دەلالەتێ یە بەرەف واتایەکا دیترڤە لدیڤ پێدڤیێن ڕێرەوی دجارا دووێ دا. یانژی مەبەست پێ هەردووك کریارن دهەمان دەمدا. لەورا دووبارەکرن ب هەمی جۆرێن خۆڤە، جۆرەکێ تایبەتێ ریتمێ دروست دکەتن ))[2]، کەواتە دووبارەکردنەوە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی سازاندنی لایەنی مۆسیقا لە دەقی شیعریدا، لە مۆسیقای ناوەوەی دەقدا دووبارەکردنەوە بەرێگا و شێوازی جیاواز دروست دەبێت، بۆیە لەم شیکردنەوەیەدا لە سەر ئاستی دەنگ و وشە و دەستەواژە (گرێ) و ڕستە دوبارەکردنەوە دەستنیشان دەکەین.

## ١ـ دووبارەبوونەوەی دەنگ

دووبارەبۆنەوەی دەنگ یەکێکە لەو بنەما سەرەکی و گرنگانەی، کە شاعیر بە هۆیەوە مۆسیقایەکی جوان بۆ دەقەکەی دەسازێنێت. ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە سازاندنی مۆسیقای دەقی شیعریدا بە تایبەتی لە مۆسیقای ناوەوەدا هەیە، واتا شاعیر زۆر جار بە مەبەستی خۆلقاندنی جوانی و سەرنج ڕاکێشان بۆ وشەکان و سازاندنی مۆسیقای ناوەوەدا، پەنا دەباتە بەر دووبارەکردنەوەی دەنگێك لە وشەکانی دەقی شیعریدا، چونکە ((شیعر یەکێ لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی مۆسیقییەتە، ئەم مۆسیقییەتە لە دووبارەبوونەوەی ڕێك و تایبەتی دروست دەبێت، دووبارەبوونەوەی دەنگ (بزوێن و نەبزوێن) لە وشە درێژەکان جۆرە مۆسیقایەکی کاریگەر دەخولقێنێ ))[3]. پێویستە دووبارەبۆنەوە (( لە ئاستی دەنگەوە دەست پێبکرێ، چونکە دەوروبەری دەنگ لە نێو وشەو و دەوروبەری وشە لە نێو ڕستە و دەوروبەری ڕستە لە نێو دەق، بە شێوەیەك ڕۆڵ دەگێڕن، کە یەکەمیان دەوروبەرێکی دەنگی و وشەسازی و دووەمیان پێکهاتەیی و ڕستەسازی و سێیەمیان دەقی و دەلالییە ))[4]، هەروەها بە هۆی ئەوەش کە دەنگ (( بچوکترین یەکەی واتا گۆڕە و هەر

---

[1]. هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل٨٣.

[2]. نعمت الله حامد نهێلی، شێوازگەری (تیۆری و پراکتیك)، چ١، چاپخانا حەجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٣٢ ـ ٢٣٣.

[3]. د. عەزیز گەردی، سەروا ـ لێکۆلینەوەیەکی شیکاری بەراوردە، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩، ل٤١.

[4]. د. منذر عیاشی، الاسلوبیه و تحلیل الخگاب، ص١١٦.

دەنگێکیش لەگەڵ دەنگێکی تر بە هۆی فۆرمەوە لە یەکتری جیادەکرێنەوە و هەر ئەم لێك جیابوونەوەشە کە دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا، بۆیە لە هاوشێوەبوونی بچووکترین یەکەوە دەست پێدەکەین، چونکە لەیەك نەچوونی تەنها پیتێك لە بۆنیادی دوو وشەی هاوشێوە ماناکانیان دەگۆڕێت، بەڵام ئەگەر سەیری رووەکەی تر بکەین. ئەوا جوانترین وێنەمان بۆ بەرجەستە دەکات. ئەویش هاوشێوەبوونی زۆرترین ژمارەی دەنگەکانە. ... و دووبارەکردنەوەی دەنگ رۆڵی چڕکردنەوەی هاوشێوەبوونی دەنگی دەگێڕێ لە بۆنیادی دەقی شیعری و چڕکردنەوەکەشی بە هەردوو ئاراستەی ئاسۆیی و ستوونی بەناو جەستەی دەق رووەدەچێت))[1]. دووبارە بوونەوەی دەنگەکان جۆرە هەمەڕەنگییەك لە دەنگ دروست دەکەن و سەرنجی خوێنەر بۆ وشەیەك، یان چەند وشەیەك رادەکێشێت. شێرکۆ بێکەس بە هۆی ئەو ئەزموونی شیعری و توانایەی، کە هەیەتی بە هۆی دووبارەبوونەوەی چەند دەنگێك لە وشەکانی دێڕەکاندا، کەشێکی مۆسیقی جوان و سەرنج راکێش لە بنیاتی شیعری دەقە والاکاندا خوڵقاندووە. بۆ نموونە:

بە بێکەس مەڵێن بەهارە

ئەو نایەوێ جوانیی بەدیلی ببینێ. (کورسی: ل١٠٨ ـ ١٠٩)

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا بەهۆی (٨) جار دووبارەکردنەوەی دەنگی (ە)، (٦) جاریش دووبارەکردنەوەی دەنگی (ب) مۆسیقای ناوەوەی پێکهیناوە و ئاوازێکی خۆشی بەشیعرەکە بەخشیووە.

وتم تۆی وەختێ کە ئەبێت

بە پەروانەی دەوری گڕێ

وتم پەروانەیە وەختێ

ئەکەوێتە ناو باوەشی ئاگرەوە.

وتم ئاگرە وەختێ کە ئەبێت

بە سوتوو

وتم سوتوویشە ئەو وەختەی

" با " یەك ئەیبا بۆ نادیارو

نادیاریشە وەختێ لە سەری خودادا

ئەبێ بەخەو! (کورسی: ١٣٢ ـ ١٣٣)

لەم شیعرەی سەرەوەدا دووبارەبوونەوەی دەنگی (ە) ٣٤ جار، دەنگی (ت) ١٥ جار ریتمێکی جوانی داوە بە شیعرەکە، کە سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت.

کورسیەکە: بێگومان .. بێگومان

بە درێژایی تەمەنی تەختەکانم

بەدرێژایی تەمەنی چاوەڕوانیم

من لە هەر شوێنێ ژیابم .. دڵتەنگترین کاتەکانم

وەختێ بوو، رق لە سەرم دانیشتبێ و (کورسی: ١٨٥ـ ١٨٦)

لەم شیعرەدا شاعیر لە رێگەی دووبارەکردنەوەی (١٧) جار دەنگی (ە)، (١١) جار دەنگی (أ)، (١٠) جاریش دەنگی (م)، (٩) جار دەنگی (ت) مۆسیقایەکی جوان و سەرنج راکێشی بۆ شیعرەکە خوڵقاندووە.

باڵ لێکدە با لەشی یاخیت

هەواڵنامەی کتێب

---

[1]. خەلیل ئیبراهیم مستەفا، شیعرییەتی دەق بە نموونەی شیعرە کوردییەکانی (مەحوی)، ل٤٥.

ببیّ بە باڵندەی دەم " با "
بە باسکی خواو
باوەش بکا بە مەحاڵدا.
باڵ لێکدە با هەوری یاخیت
بباریّ وەك شەستەی تووڕە (ملوانکە: ٦٥ ـ ٦٦)

لەم شیعرەشدا شاعیر لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی دەنگی (ب) ١٦ جار، دەنگی (أ) ١٥ جار، دەنگی (ە) ١٥ جار، مۆسیقایەکی جوان و سەرنج ڕاکێشی بەرجەستە کردووە.

ئەوەندەی ئیمە لە ماڵەوەین
نەمریشك ئەوەندە لە کۆڵاندایەو
نەدەلەك ئەوەندە لە کونداو
نەماکەو ئەوەندە لە قەفەزدا
نە .. نە .. نە .. نە .. (ملوانکە: ل١٦٢ ـ ١٦٣)

لەم شیعرەشدا لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی دەنگی (ە) ٤٥ جار، دەنگی (ن) ١٤ جار، دەنگی (أ) ١٢ جار مۆسیقای شیعریی پێکهێناوە.

ئەوەتەی هاتوومەتە ئەم نیشتیمانەوە
کەس نامناسیّ و کەس نامبینیّ و
ئەوەی ناوی نەبیّ منم.
من لێرە تەنهام. (ئێستا کچێك نیشتیمانمە، ل٣٢)

لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی دەنگی (ە) ١٥ جار، دەنگی (ن) ١١ جار، دەنگی (م) ٩ جار مۆسیقای جوانی بە شیعرەکە بەخشیووە.

تاقە پەڕێکی باڵی ئەو
بەسە هەتا سەرگوروشتەی
سەفەری ڕێگەی سەراب و
ئەودیو سەراب و گومانت
سەرجەم بۆ بنووسێتەوە! (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل ١٤ ـ ١٥)

لەم شیعرەشدا دووبارەبوونەوەی دەنگی (س)، (ە) مۆسیقایەکی جوانیی بە دەقە شیعرییەکە بەخشیووە.

تو شاعیری
تا نەبینراو نەهێنیتە ناو ڕستەوە
پەیڤەکانت هەر نابینان!
هەتا نادیار نەکەی بە خەونی هەمیشە و
ژان بە پرسیار!
نە عەشق ئەگاتە ناو دڵت و
نەشیعریشت
ئەبیّ بە عاشق و دڵدار! (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە، ل٢١ ـ ٢٢)

دووبارەبوونەوەی دەنگی (ە) ٢٣ جار، دەنگی (ن) ١٦ جار، دەنگی (أ) ١٥جار، دەنگی (ی) ١٠ جار مۆسیقایەکی جوان و سەرنج ڕاکێشی بە شیعرەکە بەخشیووە، هەروەها شاعیر لە بنیاتی شیعری دەقەوالاکاندا، دیاردەی دووبارەکردنەوەی دەنگی لە سەر ئاستی دوو دەنگ و سێ دەنگ و چوار دەنگیش بەرجەستە کردووە، بەهۆی ئەم دووبارەکردنەوەیەش توانیویەتی مۆسیقا و ریتمی زۆرجوان و سەرنج ڕاکێش بە شیعرەکە ببەخشێت. وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

من هەللاجی
ناو ئاوازە سپیەکانم. لە دەنگما جەستەی تاراوگەم
هەلگرتووە لە چاوما پرشنگە خوێناویەکان و لە تاڵە
موەکانی قژیشما پەلکە گیای نامۆیی؟ (کورسی، ل١٣٤)

پە پولەکان بوون بە وشەو
مەقامەکان بوون بە جۆگەو
شیعرەکان بوون بە باڵندەو
دارەکانیش بوون بەداری
خۆر و ئالاو (کورسی: ل٢٤٠)

ئاوێنەی مێیت و تەماویت؟
ئەستێرەی مێیت و کزکزیت. (ملوانکە: ل١٣٦)

لەم دوانانەدا
کامەیان پەرپووت ترو
لە هەتاو دوورترو
دڵتەنگترو
ئەنگواز ترو
شێدارترە
ژووری ژنە؟ (ملوانکە: ل٨١ ـ ٨٢)

بۆیە منیش بڕیارم دا
وەکو کراسێکی کۆن و
چاویلکەیەکی شکاو و
نامەیەکی بزرکراو
ئەوم لە بیر بچێتەوە (ئێستا کچێك نیشتیمانە، ل٢٠١)

بەدژی ئازادییەوە
بەدژی ڕەنگی سپییەوە
بە دژی درەختەکانەوە
بەدژی چاوی بارانەوە
ئێوە نازانن بە دژی خۆرەتاوەوە. (ئێستا کچێك نیشتیمانە، ل١٣٣)

لە سەر شەقامەکان، لە سەر تەلارەکان



هەواڵنامەی کتێب

له سەر جامی پێشەوەی هەموو ئوتومبیلەکان
له سەر دیواری کوڵانە برسیەکان
له سەر دەرگای ماڵان و
له سەر شان و ملی هەموو کەژەکان.
ئەنووسم ڕۆزانا!( ئێستا کچێك نیشتیما نمە : ل٢١٦ )
مامۆستامان. جەستە لاوازەکەی ئێمە
لەو زەمانە ڕەنگ زەردەدا
لەو زەمانە دڵ ڕەقەدا
له چاو کێوی کارەساتدا
مێروولە بوو ( ئەسپێك له پەڕەی گوڵاڵە : ل٧٢ )

چوومە ماڵی ( با )یەکەوە
گڤەیەك هات بە پیرمەوەو
دەرگای ژووری زریانێکی بۆ کردمەوەو ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل١٧١ )

## ٢ـ دووبارەبوونەوەی وشە

دووبارەبوونەوەی وشە پێوەندی بە ئاستی وشەوە هەیە، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو لە سازاندنی مۆسیقای ناوەوەی بۆنیاتی شیعردا دەبینێت. مەبەست لێی (( وشەیەك دووجار یان زیاتر بە هەمان واتا لە نێو پێکهاتەی دەقەکەدا دووبارە ببێتەوە. جا بە هەر مەبەستێك بێ، چونکە هەڵبژاردنی ئەو وشەیەلە لای نووسەر مەبەستێکی لە پشتە و دەشێ پەیوەندی بە باری دەروونی خودی نوسەرەوە هەبێ، یان هەڵوەستەکردن لە سەر ئەو وشەیە بە مەبەستی جەختکردن و دڵنیایی بێ، لە هەمانکاتدا شێوەیەکی جوانکاری و ئیستاتیکی بە دەقەکە دەدات. .... هەموو ئەو مەبەستانە، دەشێ لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە لێی بڕوانین، ئەویش گەمە کردنە بە زمان. لێرەدا ئەوەی یاری پێدەکرێ خودی وشە دووبارەبووەکەیە ))[1]. پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کە دووبارەبوونەوەی دەنگ لە ڕێگەی هاوشێوەبوونی دەنگییەوە خاوەن ڕەهەندی ریتمی و دەلالی کاریگەرە، بەڵام دووبارەبوونەوەی وشە کاریگەریەکەی فراوانتر و بەهایەکی بەرزتر و هەمەلایەنەتری هەیە، چونکە (( لە نێو هەموو دووبارەبوونەوەیەکی وشەدا، دووبارەبوونەوەی دەنگ خۆی تێدا ئاخنیوە. بەو پێیەی دەنگ، وشە دروست دەکات، بۆیە هەرچەندەی ژمارەی دەنگەکان لە پێکهاتەی وشەدا زیاتر بێ، بەها و ریتمی دووبارەبوونەوەی وشە زیاتر دەبێ ))[2]، کەواتە دووبارەبوونەوەی وشە، واتا دووبارەکردنەوەی وشەیەك دووجار، یان زیاتر بە هەمان مانا لە بنیاتی دیرە شیعرییەکاندا، هێندێك جار ئەم دووبارە کردنەوەیە تەنیا لە تاکە دێڕەکدا بەرجەستە دەکرێت، هێندێك جاریش ئەو دووبارەکردنەوەیە سنووری تاکە دێڕ دەبەزێنێت و بە سەر سەرتاپای دەقدا بڵاو دەبێتەوەجا چ بە شێوە ستوونی بێت یان ئاسوویی، ئاوازێکی خۆش و سەرنج ڕاکێش بە دەقە شیعرییەکە دەبەخشێت. دووبارەبوونەوەی وشە وەکو بنەمایەکی گرنگی سازاندنی مۆسیقای ناوەوەی دەقی شیعری، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی بینیووەلە سازاندنی

---

[1]. هێمن عومەر خوشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل١١١.
[2]. هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.



هەواڵنامەی کتێب

مۆسیقای ناوەوەی بنیاتە شیعرییەکانی دەقە واڵاکاندا، جا دووبارە بوونەوەکە چ بە شێوەی ئاسۆیی بێت، یان ستوونی، کە لە خوارەوەدا دەیا نخەینەڕوو:

بارێزەیەك لە ئازادی

چاوتەر چاوتەر جێنەهێڵێ!( کورسی: ل١١٩)

لە شپرزەیی پەنجەما

پەرت پەرت ئەبێ و (کورسی: ل ١٢٧)

بۆ یەکە مجار هەتاو لێیدام

بریقەشم نزیك نزیك (ملوانکە: ل١٩)

وەکو و شە پۆل لەگەڵ خۆمدا

دوور دوور ئەتبەم (ملوانکە: ل٢٨)

سارومارە ... سارومارە

ئەم دیرۆکی دەسەڵاتی سەرزەمینە (ئێستا کچێك نیشتیما نمە: ل٣٣)

سبەی نەئەبوو .. مێژوو ون ئەبوو

جاری وا هەیە ئەستوور ئەستوورم و

جاری وایش هەیە باریك باریك (ئێستا کچێك نیشتیما نمە: ل٢٣٧)

لە دڵەوە بۆ دڵە و

لە ئازارەوە بۆ ئازار و

لە ئەوینەوە بۆ ئەوین. ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٢٦)

ئاسمانی شین ڕەش ڕەش بوو بوو

کۆتر بوو بوو بە داڵێك و

رووبارەکە

وشك وشك و ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٥٨)

بەم جۆرە دووبارەکردنەوەیە دەگوترێت:(یەك پاتکردن)، کە تەنیا جارێك لە سنووری تاکە دێرێکدا دێت. جۆرێکە لە جۆرەکانی پاتکردنەوەی دوویی، کە دووبارەکردنەوەیە لە ئاستی ئاسۆیی بچوکترین سنووری پاتکردنەوەی وشەیە و لەوە کەمتر، پاتکردنەوەکە لە ناو دەچێ.دەرکەوتنی لە ناو سنووری تاکە دێڕدا دەشێ چەند شێوەیەکی تریشی هەبێ[1] بۆ نموونە:

لە دیوارەوە بۆ دەرگا و بۆ پەنجەرە و

بۆ حەمام و بۆ توالێت

زەق . زەق .زەق . زەق (ملوانکە: ل٥٣)

ماڵەوە .. ماڵەوە .. ماڵەوە.

ئەوەندەی ئێمە لە ماڵەوەین

.........................

.........................

---

[1]. د. ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاریی شیعری کلاسیکی کوردی، چ١، چاپخانەی هیڤی، هەولێر، ٢٠١١، ل٤٤.

نه .. نه .. نه ... نه ( ملوانكه : ل١٦٢ ـ ١٦٣ )

وشه پەنگی ئەخواردەوە و

بوو بوو بە دەریاچەی سەری.

بۆ تووڕه .. تووڕه تووڕه ( ئێستا کچێك نیشتیما نمه : ل١٣٩ )

ئەی ( با )ی حەسرەت

سەما، سەما، سەما، سەما

بە دەوری ئەو مامزەدا ( ئێستا کچێك نیشتیما نمه : ل١٩٩ )

هەروەها دووبارەبوونەوەی وشە لە ئاستی ستوونی بنیاتی شیعری دەقەوالاكاندا، مۆسیقایەكی جوانی بە شیعرەكە بەخشیووە بۆ نموونە :

چەندین نەوە جیاجیای كورسیم بەرێكرد و

خوم مامەوە. چەندین دەرگای خائینم دی.

چەندین مێزی بەرتیل خۆر و گەڵێ تەپلەكی بێبیار و

چەندین شمشاڵی دڵدار و چەند تەختەبەندی بێئاگا

لە ئازار و چەندین كەمانچەی عاشق و چەند قەڵەمی ( كورسی : ٢٤٤ ـ ٢٤٥ )

تەنیا، تەنیا لە خەویشدا هەر من تەنیا

لە رووناكیدا هەر تەنیا

لە تاریكیشدا دوو تەنیام لە یەك لەشدا! ( ملوانكە : ل٣٧ )

ئەوەندەی ئێمە لە ماڵەوەین

نە مریشك ئەوەندە لە كۆڵاندایە و

نە دەلەك ئەوەندە لە كۆندا و

نە ماكەو ئەوەندە لە قەفەزدا ( ملوانكە : ل١٦٢ ـ ١٦٣ )

ئێوە نازانن بە دزی خۆرەتاوەوە

چەند شیعریان كوشتووە.

چەند چیرۆكیان سەربڕیوە.

چەند شانۆنامەیان فراندووە.

چەند خەویان زیندە بە چاڵ كردووە. ( ئێستا کچێك نیشتیما نمه : ل١٣٣ )

كتێب تەوقەیان لەگەڵ یەكتردا پێكردین و

كتێب خستینە تەنیشت یەكەوە و

كتێب ئاڵ و گۆڕی مەراقی پێكردین و

كتێب ڕێزێ خەون و ڕێزێ پرسیاری

نەكراوەی پێ نووسین و ( ئێستا کچێك نیشتیما نمه : ل٢٤٣ )

دوورتر ئەڕۆم ئەگەمە كیشوەری

ڕەش و

ئەگەمە دنیای پێست ڕەش و

ئەگەمە ئازاری ڕەش و
ئەگەمە لای نانی ڕەش و
شیری ڕەش و شیعری ڕەش و
لە ژێر دەوارێکی ڕەشدا دائەنیشم (ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە: ل١١٦ ـ ١١٧)
چی بۆلبۆلی قوڕ و کۆتری قوڕ و
کەوی قوڕ و پەپووسلێمانکەی قوڕ و
قومری قوڕ هەیە هەر هەموو
هاتوونەتە سەر جادەکە و (ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە: ل٢٥٣)

هەروەها شاعیر بە شێوەیەکی زۆر داهێنەرانە، توانیویەتی لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی وشە لە چوارچێوەی بەشەکانی ئاخاوتندا، مۆسیقایەکی زۆر جوان بۆ دەقە شیعرییەکان بسازێنێت.بۆ نموونە:

### ١ـ دووبارەبوونەوەی جێناو

ئەو ڕۆژە من پڕ بووم لە تەم
خەم لە سەرم دانیشتبوو
ئەو ڕۆژە من ئازار بووم و
تیغ لە سەرم دانیشتبوو
ئەو ڕۆژە من هەڵئەقرچام
گڕ لە سەرم دانیشتبوو
هەر ئەو ڕۆژە (کورسی: ل ٢٤٠ ـ ٢٤١)
من نامەوێ هەمان میراتی بێدەنگی
بۆ جێبێڵم .. من نامەوێ
وەك تۆ بلێم، وەك تۆ بکەم
وەك تۆیش بمرم ؟ (ملوانەکە: ل١٤٣ ـ ١٤٤)
ئەم دەست بەو دەستی نەزانی پەنجە دزرا ؟
ئەم قاچ بەو قاچی نەزانی ڕێگە دزرا ؟
ئەم چاو بەو چاوی نەزانی سەرنج دزرا ؟
ئەم باڵ بەو باڵی نەزانی فڕین دزرا ؟ (ئێستا کچێك نیشتیمانمە: ل٣٣)
هەتا ئیتر جارێکی دی
ئەم مێژووە و
ئەم میللەتە و
ئەم وڵاتە نەبینمەوە. (ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە: ل١٦٦)

### ٢ـ دووبارەبوونەوەی وشەی پرس

نەتئەزانی هەموو شەوێ
کامیان، کامیان ئەکەنە خەو
درەختەکەی بەر پەنجەرە؟(کورسی: ل١١٨)

تو ئەم ( با ) یە چۆن ئەبینی و ؟!
چۆن ئەیدوێنی و یان لە کوێ ئەیدۆزیتەوە؟ ( ملوانکە : ل٥١ )
تو ئەو چاوانەت بۆچییە؟
تو ئەو دەستانەت بۆچییە؟! ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٨٤ )
گوڵ چۆن کوژراو
ئاو چۆن خنکاو
ڕەنگ چون سووتاو
لە غوربەتدا
بەفر چۆن مرد؟! ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل١٠ )

٣ـ دووبارەبوونەوەی ژمارە

سیانیان لە شێوەی سێ تۆپداو
سیانیان لە شێوەی قەڵەمداو ( کورسی : ل٢١٤ )
نۆزدە هەناسەی بەردێکی سەر ڕێگا.
نۆزدە بلقی قیری جادەیەکی هاوین.
نۆزدە قاوغە فیشەکی شەڕی ناوخۆ.
نۆزدە تیکەی لە قورگ گیراو.
نۆزدە گۆرەوی کونکون و
نۆزدە سکاڵای ونکراو ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٢٦ ـ ٢٧ )
وەك دوو دڵۆپ فرمێسك و
دوو وشەی غەمگین و
دوو گوڵە گەنمی تینوو..
دوو دەست لە کەلەپچەیەکدا ..
دوو سێو لە سەبەتەیەکدا ..
دوو ئاوێنە لە ڕێگەیەکدا
دوو ڕەنگی بێزار لە ڕەنگدانێکدا ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ٢٣٤ )
چل منداڵەکەیش وان لەوێ.
چل شکۆفەکەیش وان لەوێ.
چل گۆرانیە سەوزو سور و
چل چۆلەکەیش وان لەوێ.
بەدەوری جەستەی لاوازداو
لە ئێوارەی گیانەڵادا
هەمووجارێ ئەبنە چل مۆمی داگیرساوو
ئەبنە چل ڕەشە ڕیحانە و
ئەبنە چل فرمێسکی هەتاو ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل٨٢ ـ ٨٣ )

### ٤ ـ دووبارەبوونەوەی کار

نە ئازار ئەبوو بە وەتەن
نە غەریبی ئەبوو بە ناونیشانی ژیان و
نەبێ ئارامی ئەبۆ بە شاعیر! (کورسی : ل١٣١)

من حەز ناکەم لەم ماڵەدا
هەرچییەك بێ با بچووك بێ
با بەردێك بێ و پرسیارێك بێ و
بەلام ئازا
یەخەی ئەم نێرە نەریتەی
ئێرە بگری!
هەرچییەك بێ !!(ملوانکە : ل١٤٢)

وا هات ، عاشقان !، وا خۆی هات.
بە پۆشاکی گەلاڕێزانەوە.. واهات !.( ئێستا کچێك نیشتیما نمە : ل٥)
ئەم دەست بەو دەستی نەزانی پەنجە دزرا !
ئەم قاچ بەو قاچەی نەزانی ڕێگە دزرا !
ئەم چاو بەو چاوی نەزانی سەرنج دزرا !
ئەم باڵ بەو باڵی نەزانی فڕین دزرا. (ئێستا کچێك نیشتیما نمە : ل ٣٣)
هەر ئەنووسم و ئەنووسم
هەر ئەبارێم و ئەبارێم ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل٣٣٤)

### ٥ـ دووبارەبوونەوەی ئامراز

لە سەر من ئەبوو بە هەلم و
لەسەر من ئەبوو بە تیشك و
لە سەر من ئەبوو بە کۆتر و (کورسی: ل١١٦)
تو ببینم بە شکاوی وەکو شوشەبەندی دڵم
تو ببینم بە ژاکاوی وەکو ڕۆحم و
تو ببینم بە تۆراوی وەکو لەشم
ئەی شیعری جوان ! (ملوانکە : ل٥٤)

وشە لە زمانی خۆی و
نهۆم لە تەلاری خۆی و
دووکان لە جامخانەی خوی و
هەموو شتێ لە شتێکی خۆی بێزارە!)). ( ئێستا کچێك نیشتیما نمە، ل١١
شیعری جوان

لە دڵەوە بۆ دڵە و

لە ئازارەوە بۆ ئازار و

لە ئەوینەوە بۆ ئەوین. ( ئەسپێك لە پەرەی گوڵاڵە : ل١٢٦ )

**٣ـ دووبارەبوونەوەی دەستەواژە( گرێ )**

جگە لە دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشە، دووبارەکردنەوەی دەستەواژە ( گرێ ) ڕۆڵی گرنگی لە دروست بوونی ئاوازی ناوەوەی شیعردا هەیە، ئاوازێکی خۆش و ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخشێت.ئەم دووبارەبوونەوەیە(( لە سەرێکەوە ڕایەڵە و تەلی ریتم درێژ دەکاتەوە و لە لایەکی دیکەش ڕەهەندی واتایی قووڵتر دەبێتەوە و دەست ڕەنگینی نووسەر لە نیشاندانی وێنەیەکی پڕ ئیستاتیکا و جوانکاری زیاتر نیشان دەدات )).[1]لە بنیاتی شیعری دەقە والاکاندا ، شاعیر بە هۆی ئەو توانا و ئەزموونەی، کە هەیەتی بە شێوەیەکی داهێنەرانە لە ڕێگەی دووبارە کردنەوەی دەستەواژە، مۆسیقایەکی زۆر جوان بە بنیاتی شیعرەکان بەخشیووە، بۆ نموونە :

بە درێژایی تەمەنی تەختەکانم

بەدرێژایی تەمەنی چاوەڕوانیم ( کورسی : ل١٨٥ )

سیانیان لە شێوەی سی تۆپداو

سیانیان لە شێوەی قەڵەمداو ( کورسی : ل٢١٤ )

بە سواری گڤە و حوشترو

بەسواری تەم و ماشێن و

بە سورای وشەی عارەبی

سەر بەرەو ژوور بردمیان و ( ملوانکە : ل٢٠ )

تۆ هەر لەم جەستەی نەفرەتەوە

هەر لەم ئاوێنەی شکاوەی بەختی منی

هەر لەم بارانە کوژراوەی

ڕۆحی منی ( ملوانکە : ل١٣٨ )

لە ناو ئەم هەموو پاییزە جوانانەدا ..

لە ناو ئەم هەموو گوڵاڵە زەردانەدا ..

لە ناو ئەم هەموو شیوەنە شۆخانەدا .. ( ئێستا کچێك نیشتیمانە : ل١٢٩ )

سێ کتێب هەبوون

کتێبێکی زەمانی پێغەمبەر و

کتێبێکی زەمانی (( کانت )) و

کتێبێکی زەمانی (( مارکس )) ( ئێستا کچێك نیشتیمانە : ل٢٥٥ )

لە جێی ماڵێك

لە جێی دایکێك

هەواڵنامەی کتێب

---

[1]. هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل١٢٣.

**لە جێی باوکێك**

**لە جێی خوشك و لە جێی برا** .. (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل٥٠)

**بە سەرەو لێژیی تەمەنداو**

**بەسەرەو لێژیی خەفەتداو**

**دائەگەڕاو، هەتا ئەهات** (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل٧٢)

**٤ـ دووبارەبوونەوەی ڕستە**

دووبارەبوونەوەی ڕستە ڕۆڵی گرنگ لە بەرزکردنەوەی پلەی شیعرییەتی دەق لە ڕێگەی هەردوو ئاستی دەنگی و دەلالیدا دەبینێ بەوەی، کە هاوشێوەبوونێکی فراوانتر لە بنیاتی دەقدا بەرجەستە دەکات . ڕستە دووبارەبووەکەش دەکرێت. لە تاکە وشەیەك پێك هاتبێت، چونکە زمان لە دوو ئاستی سەرەکی (ڕووخسار و واتا) پێك دێت. مەرج نییە لە هەموو بارەکاندا هەردوو ئاستەکە جووت بن. بۆ نموونە: (( زمانی کوردی، ئاستی سەرەوە و ئاستی ژێرەوەی هەیە دەشێ ڕستەیەکی تەواو لە تاکە وشەیەك پێکهاتبێ، ئەو تاکە وشەیەش کاری ڕابردووی تێنە پەڕ بێ. ئەمەش بە تایبەتی لە کەسی سێیەمی تاك دەبێ و جێناوەکەش دەرناکەوێ. بەم شێوەیە وشەیەکی تەواو ڕستەیەکی تەواو پێکدێنێ. وەك وشەکانی (فڕی، مرد) لە بۆنیادی سەرەوەدا، هەروەها لە بۆنیادی ژێرەوەدا دەبێتە: (ئەو فڕی، ئەو مرد) ))[1]. بە هۆی ئەم دووبارەبوونەوەیە خوێنەر هەست بە بێزاری ناکات، لە خوێندنەوەی شیعرەکە بەردەوام دەبێت. تا کۆتایی شیعرەکە لەگەڵ شاعیردا دەبێت. بەم جۆرەش خوێنەر چێژێکی خۆش لە خوێندنەوەی شیعرەکە وەردەگرێت و زیاتر سەرنجی دەدات. (شێرکۆ بێکەس) بە شێوەیەکی داهێنەرانە ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیەی لە بنیاتی شیعری دەقەواڵاکاندا بەرجەستەی کردووە، کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و مۆسیقایەکی جوان بە شیعرەکان دەبەخشێت. بۆ نموونە:

**لە سەر من ئەبوو بە هەڵم و**

**لە سەر من ئەبوو بە تیشك و**

**لە سەر من ئەبوو بە کۆتر و**

**لە سەر من ئەبوو بە باران** (کورسی : ل١١٦ ـ ١١٧)

**تو ببینم بە شکاوی وەکو شوشەبەندی دڵم**

**تو ببینم بە ژاکاوی وەکو ڕۆحم**

**تو ببینم بە تۆراوی وەکو لەشم** (ملوانکە : ل٥٤)

**هەموو حەزێك دوو ژووری هەیە.**

**هەموو مافێك دوو ژووری هەیە.**

---

[1]. هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل١٢٩.

هەموو یاسایەك دوو ژووری هەیە.
هەموو پەیڤێك دوو ژووری هەیە. (ملوانكە: ل٨١)
قەڵەم هەیە لە باخەڵی ساماندایە.
قەڵەم هەیە باران پێی ئەنووسێ.
قەڵەم هەیە وا لە پەنجەكانی گوڵە بەرۆژەدا.
قەڵەم هەیە بە دەستی تۆڵەوە.
قەڵەم هەیە لە خێلی خوێنە.
یان لە هۆزی شمشێر.
قەڵەم هەیە سەری پڕە لە بەفر.
قەڵەم هەیە دڵی پڕە لە پەپوولە.
قەڵەم هەیە گیانی پڕە لە دڕكەزی.
قەڵەم هەیە و هەیە و (ئێستا كچێك نیشتیمانمە: ل١٦٢)
من نازانم شتێك هاتۆتە ڕۆحمەوە..
من نازانم چ ناوێكی لێبنێم و چۆنی بانگكەم؟!
كۆبوونەوەی بروسكەیە و ئەویش نییە! من نازانم؟
پەنگخواردنەوەی وەڕسبوونە و ئەویش نییە!من نازانم؟ (ئێستا كچێك نیشتیمانمە: ل٢٤)
ڕێگەت نادەم
هەرچیت ویست تیاما بنووسی و
هەرچیت ویست تیاما بڕێژی
ڕێگەت نادەم
لەمشەوەوە ڕێگەت نادەم (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٤٨ ـ ١٤٩)

## ٢ـ ڕەگەزدۆزی

ڕەگەزدۆزی بۆنیادێكی هونەری سەربەخۆیە و لایەنێكی هەرە دیارە و كاریگەری مۆسیقای ناوەوەیە، لە هەر دەقێكی ئەدەبیدا بە تایبەتی لە دەقی شیعریدا، ڕۆڵێكی گرنگ لە سازاندنی ئاوازی ناوەوەی شیعردا دەبینێت و مۆسیقایەكی خۆش بە شیعرەكە دەبەخشێت. ((ڕەگەزدۆزی لە ڕووی زاراوەوە، بە واتای جۆراوجۆر كردن دێت. لە ڕووی چەمكەوە، بەكارهێنانی چەند وشەیەكە، كە بە شێوەیەك لە شێوەكان لە هێندێك پیتدا لەگەڵ یەكتردا هاوبەش بن. بەو وشانەش دەگوترێت: بنەماكانی ڕەگەزدۆزی))[1]، واتا شاعیر لە بنیاتی دەقی شیعریدا ((دوو وشە یان پتر بێنی، لە ڕواڵەتدا وەكو یەكو یەك وابن یا بەیەك بچن بەڵام هەریەكەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت كە جۆدابێ لە واتای وشەكانی تر))[2]، هەر لە بەر ئەو لێكچوونەی ڕووخساری دوو وشەكەیە، كە ڕەگەزدۆزی دەچێتە خانەی یەكەیەكی ریتمی لەخۆ گەورەتر، كە بنیاتی هاوشێوەبوون و لە یەكچوونی هەموو، یان زۆربەی دەنگەكانی دوو

---

[1]. میمنت میر صادقی (ژوالقدر)، واژەنامە هنر شاعری، فرهنگ تفصیلی اصگلاحات فن شعر و سبك ها و مكتب هار ان، چ/ سوم، تهران، ١٣٨٥، ص١٠٧.

[2]. عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی كوردیدا، بەرگی دووەم، جوانكاری، ١٩٧٥، ل٧.

وشەکەیە (( تەنانەت لە زۆر باردا لە یەکچوون و جووت بوونی تەواوی وشە و دەستەواژەکانە ))[1]. ئەم هاوشێوەبوونە سەرەرای ئەوەی (( رایەڵەی ریتمەکە درێژتر دەکاتەوە و لادانەکە هونەریتر وووردتر دەبێت و دەلالەتی واتاییەکەش قوولتر دەبێتەوە. لە ئەنجامدا لە نێو هاوشێوەبوونی وێنەی دوو وشەدا، وێنەیەکی فراوانتر لە زەینی خوێنەر دەسازێنێ و چێژ و خۆشییەکیش بەرووی ئاسایەکەی دەبەخشێ ))[2] لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی شێوازگەریدا ساغ بووەتەوە، کە رەگەزدۆزی یەکێکە لە سیماکانی شێوازگەری و شاعیری هاوچەرخ بۆ بۆیاغکردنی زمانی شیعری بە سروشتێکی چرو بە ئابووریکردنی وشەکان سوودی لێ وەردەگرێت، چونکە پێوەندییەکی مەجازی سەربەست وشەکانی رەگەزدۆزی پێکەوە گرێ دەدات. ئەم پێوەندییەش دەتوانێت کاتەکە درێژ و کۆرت بکاتەوە. لە سەر ئەم بۆنیاتەش وەکو رەگەزێکی زاڵ و سەرەکی لە دەستنیشانکردنی ریتمی ناوەوەی شیعردا بەکاردەهێنرێت و پەیرەو دەکرێت.[3]بەکارهێنانی رەگەزدۆزی لە دەقی ئەدەبیدا بە تایبەتی لە شیعردا، شێوازی دەربرینی دەق بەهێز دەکات. کەرەستەیەکی سوودمەندە بۆ شیعرییەت ، کاریگەری (( بۆنیادی رەگەزدۆی لە سەر سازاندنی شیعرییەتی دەق کاریگەرییێکی دوو ئاراستەیە و یەکێکە لە بەهێزترین دیاردەکانی دەربرین، کە کاریگەرییێکی چالاك لە ریتمی دەنگی و دەلالیدا دەکات و لەو رێگەیەوە دەچێتە بازنەی شیعرییەتەوە )) .[4] رەگەزدۆزی بە شێوەیەکی گشتی بە سەر دوو ئاست،یان دوو بەشی سەرەکیدا دابەش دەبێت.

## ئاستی یەکەمیان: رەگەزدۆزی تەواو

لەم ئاستەی رەگەزدۆزیدا دەبێت، هەردوو وشە لە رووی رووخسارەوە، واتا لە رووی ژمارەی پیتەکان، جۆری پیتەکان، شێوەی پیتەکان، رێزی پیتەکان یەك بگرنەوە، (( بە ئەندازەی موویەك جیاوازیان نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت. واتایان جۆداو رواڵەتیان یەك بێ ))[5]، کەواتە رەگەزدۆزی لە سەر دوو تەوەری جیاواز بنیات دەنرێت، کە تەورەی لێکچوونی دوو وشەکەیە لە رووی دەنگی (رووخسار) و تەوەری جیاوازبوونی دوو وشەکەیە لە رووی دەلالەت (واتا)وە، لێرەدا جەخت لە سەر هەردوو تەوەری، هاوشێوەبوونی رواڵەت و جیاوازبوونی واتا دوو وشەکە دەکرێتەوە، چونکە ئەگەر دوو وشەکە لە واتادا لە یەکتر جیاوازا نەبن، ئەوا دووبارەکردنەوەی وشەیە و ناچێتە خانەی هونەری رەگەزدۆزییەوە.ئەم جۆرە رەگەزدۆزییەش چەند جۆرێکی هەیە،وەکو : رەگەزدۆزی هاورەسەن، تەبا، ئاوێتە، ........ هتد.کەواتە دەبێت وشەکانی رەگەزدۆزی لە خوێندنەوە و نووسیندا وەك یەك بن، تەنیا لە واتادا جیاواز بن.

## ئاستی دووەمیان: رەگەزدۆی ناتەواوە

ئەم جۆرەی رەگەزدۆزی (( بەشێکی گرنگی (رەگەزدۆزی)یە، لە دوو وشە پێك دێت، کە تا رادەیەك لێکچوون لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام لێکچوونەکە تەواو نەبێت، لە واتاشدا هەردوو وشەکان لە یەکتری جیاواز بن و هەریەکەو واتای سەربەخۆی خۆی هەبێت ))[6]، واتا دەبێت لە رووی ژمارە، جۆر، شێوە، چوونیەتی رێزبوونی پیتەکان لەگەڵ

---

[1]. خەلیل ئیبراهیم مستەفا، شیعرییەتی دەق بە نموونەی دەقی (مەحوی)، ل٥٨.

[2]. هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل١٤٣.

[3].نعمت الله حامد نهێلی، شێوازگەری (تیۆری و پراکتیك)، ل٢٤٣.

[4]. خەلیل ئیبراهیم مستەفا، شیعرییەتی دەق بە نموونەی شیعرە کوردییەکانی (مەحوی)، ل٥٨.

[5]. د. عەزیز گەردی، رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ل٧.

[6]. د. ئیدریس عەبدوللا، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، ل١٨.

یەکتردا جیاواز بن. ئەم جۆرە ڕەگەزدۆزییەش چەند جۆرێکی هەیە، لێرەشدا ئەو جۆرانە دەخەینەڕوو، کە شاعیر بە شێوەیەکی بەرچاو لە بنیاتی شیعرەکاندا بەرجەستەی کردوون.

**١ـ ڕەگەزدۆزی جۆدا**

ئەو جۆرە ڕەگەزدۆزییەیە، کە دوو وشەکانی ڕەگەزدۆزی تێیدا، لە ڕووی ژمارە و شێوە و ڕیزبوونی پیتەکانیان وەکویەکن، بەڵام لە یەکێ لە پیتەکانیان لە یەکتری جیان، واتا لە ڕووی جۆری پیتەکانەوە لە یەکتری جیاوازن بۆ نموونە:

**گێرمە و کێشەی ڕەنگ و دەنگ و**
**هەڵگرتن و داگرتن و چەند ئاشێو**
..............................
**لە شەوێکی سپی و کپی زستاندا بوو** (کورسی، ل٣٣)
**وردە وردە دائەبەزیم تا کوچەکانی تاریکیی**
**" ئەوەتەی هەم تاریکیم و**
**ڕووناکیشم"**
...............
.............
**هەرچی ڕەنگێکم ئەبینی**
**هەرچی دەنگێکم ئەبینی** (ملوانکە: ل٣٩)
**جەستەیەك لە خەم و**
**جەستەیەك لە تەم و** (ملوانکە: ل٦٧)
**ئەمڕۆ لە بەر ئاوێنەدا بووم**
**ڕووت و قووت بووم** (ملوانکە : ل١٥٦)
**هەموو حیلە و کوڕژنەکانم بە با چوون و**
**هەموو سمکۆڵەکانم گەرگەسان بوون و** (ئێستا کچێك نیشتیما نمە: ل٤٠)
**گوێ درێژی بی کلك، ئەسپی بێ یاڵ،**
**ئاوی لاڵ و** (ئێستا کچێك نیشتیمانە: ل١٠٠)
**بە ڕۆژ ئەو درەختی شیعرمو**
**بە شەو تەورە** (ئێستا کچێك نیشتیما نمە: ل١٥٩)
**لەسەر منەو**
**لەبەر منە!** (ئێستا کچێك نیشتیما نمە: ل٤٦)
**بوون بە نمە و بوون بە کلوو**
**دوای ئەوانیش**
**بۆ خۆیشم بووم بە گۆمێکی**
**چاو شینی ڕوون!** (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٧٠)
**ڕەشەبای لم نەبینەوە و**

هەواڵنامەی کتێب

جارێکی تر نەچینەوە (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل٢٠٧)
هەندێ قسەی دەمامکدار
کە بە تەنها هەر خۆم و خۆی (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل٢٠٩)
لە هەر سووچی خەمێکدا بم
ڕامئەگرێت و ئەمپشکنێ.
لە هەر تەمێکدا بم (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل٣٣٨)

٢ـ ڕەگەزدۆزی زیاد

لەم جۆرەی ڕەگەزدۆزیدا دەبێت.ئەو دوو وشەیەی، کە ڕەگەزدۆزییەکە پێك دەهێنن. لە ڕووی جۆر و شێوە و ڕێزبوونی پیتەکانیان وەك یەك بن، بەلاّم لە ڕووی ژمارەی پیتەکانەوە لە یەکتر جیاواز بن. واتا ئەو وشانەی، کە ڕەگەزدۆزیەکە پێك دەهێنن. یەکێکیان پیتێك، یان دوو پیتی لە وشەکەی تر زیاتر بێت. دەکرێت ئەو پیتە زیادانە لە سەرەتایی وشەکە، یان ناوەڕاست، یان کۆتایی وشەکەدا بێت. بۆ نموونە :

ئەبێ خواوەندی مێینەی ڕۆژانی زووی من لە کوێ بێ؟! (ملوانکە : ل٤٠)
باڵ لێکدە با لەشی یاخیت
بێ بە باڵندەی دەم "با" (ملوانکە : ل٦٥)
شیر و شمشێری جیهاددا تێمە پەڕە
ئەی مامزی سپی شیعر! (ملوانکە : ل١٥٩)
من گەورەم کردیت و .. کردمیت بە پیاوو
ژیایت و نەمردیت! (ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل١٧٤)
ئەی (با)ی حەسرەت
تۆماندوویش بی، ماندوو نابم
لە بەرئەوەی ئەم سەمایە
سەمای ئەبەدیی عەشقێکە(ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٢٠٠)
بۆ یەکەم جارییشە خۆم و ناوەکەم
تەبا بین و لەیەك بچین (ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٢٢٥)
ئەو وەختەی کە بووی بە عاشق
عەشق ئەتکا بە شمشاڵ و (ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٢٤٣)
شاخ ئەناسێ و
شاخیش لە هەور زۆر چاکتر (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل٧)

من هەور نیم
بە تەنها هەر لە بەر هەور (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل١١٥)
شیری ڕەش و شیعری ڕەش و
لە ژێر دەوارێکی ڕەشدا دائەنیشتم (ئەسپێك پەڕەی گوڵاڵە : ل١١٧)
ئێمە هەموومان هەر ئەمرین



هەواڵنامەی کتێب

**تۆیش هەر ئەمری** (ئەسپێك پەڕەی گوڵاڵە : ل١٢٣)
**(( زەمان )) شیعرم لە یاد ناکا**
**چونکە هەموو بەیانییەك**
**وشەیەکی جوانی (( زمان ))** (ئەسپێك پەڕەی گوڵاڵە : ل١٦١)
**بە ڕەوە گورگی ڕەشەوە**
**قەڵای سووری دێویکیان گرت** (ئەسپێك پەڕەی گوڵاڵە : ل٢٤٥)
**دنیای دەریێ، دار و دیوار و پەنجەرە و**
**گوێسەبانە و، هەموو شتێ پێئەکەنن** (ئەسپێك پەڕەی گوڵاڵە : ل٢٤٩)

**٣ـ ڕەگەزدۆزی لار**

**لەم جۆرەی ڕەگەزدۆزیدا دەبێت، ئەو دوو وشەیەی کە ڕەگەزدۆزییەکە پێك دەهێنن، لە ڕووی ژمارە و جۆر و ڕیزی پیتەکانیان وەك یەك بن، بەڵام لە ڕووی شێوەوە لە یەکتر جیاواز بن، واتا لە ڕووی خاڵی سەرپیتەکان، یاخۆد هەبوونی نیشانەی (٧) لە سەر یا لە ژێر پیتەکان جیاواز بن. بۆ نموونە:**

**بەرەو سەری سەرێ ئەرواو**
**عەریزەیەك بۆ خوا ئەبا!** (کورسی: ل٢١٦)
**لە باتی ماڵ، لە بری کار، لە جیاتی ژن**
**بەڵێنی بێ قاچم باتێ** (ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٤٤)

## ٣. دژیەك

**یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی، ڕۆڵی گرنگ لە سازاندنی مۆسیقای ناوەوەی شیعردا دەبینێت.ریتمێکی تایبەت بە دێرە شیعرەکان دەبەخشێت. بریتییە (( لە هێنانی دوو وشەی مێمل و دژیەك، یا ڕووبەڕووکردنی دوو واتای پێچەوانە ))[١]، وەکو وشەکانی : شەو و ڕۆژ، ڕاست و چەپ، جوان و ناشرین .... هتد. دژیەك (( ئەگەر بە شێوازێکی هونەری لە نێو دەقدا بەرجەستە ببێ، ئەوا دەبێتە نێوەندێك بۆ پێوەندی بەستنی شیعرییەتی لەگەڵ هەریەك لە ئیستاتیکا و ڕەوانبێژی و شێوازگەری، چونکە بە هۆی ئەم کەرەستانەوە پەیوەندییەکە بەتین دەبێ و وشە دژیەکەکان لە واتایەکی فەرهەنگی ڕەها (مگلق) بۆ بە شیعرییەت بوونێکی پڕ لە ئێستاتیکا و شێوازێکی ڕەوانبێژی دەچن ))[٢]، هەر لە بەر ئەوەیە، کە (( شێوازگەری بئاوایەکێ گشتی و ریتما ناڤخۆیی بئاوایەکێ تایبەت، کاچەوا گرنگێی ددەتە بۆنیاد و خالێن وەکیەکی و ژێك نێزیکی، هەر دیسان بهەمان شێوە گرنگێی ددەتە بۆنیاد و خالێن هەڤدژیێ ژی. لەورا هەڤدژیێ جهەك تایبەت دناڤ بیاڤێ ڤەکۆلینێن وێدا گرتیەو بوویە جهێ پویتە پێکرنا ڤەگۆلەرێن وێ، هندەك ژ ڕەخنەگرێن فۆرمالیست وەسا دبینن کو هەڤدژی پیڤەرەکە ژ پیڤەرێن هۆزانێ ))[٣].**

---

[١]. د. عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم، ل٦٨.
[٢]. هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل١٧٠.
[٣]. نعمت الله حامد نهێلی، شێوازگەری (تیۆری و پراکتیك)، ل ٢٤٦.

ڕەگەزدۆزی وێنەیەکی زەینی و هونەری پێچەوانە دەخوڵقێنێت، کاریگەرییەکی تایبەتی هەیە لە سەر هەستی خوێنەر و (( لە مێشکی خوێنەردا جۆرێك لە دوانەیی (دوالیزم)* دێنێتە کایەوە و کاریگەرییەکەی لە سەر دەروونی دەبێ، وێرای کاریگەرییە جوانکارییەکەی، کە خۆی لە دووبارەکردنەوەی هێندێك دەنگ و هاوسەنگی و بەخشینی ریتم دەبینێتەوە. لە هەموو ئەمانەشدا زمانی دەق بەرەو بەهێزبوون و هونەری بوون دەبات و ڕێگا خۆش دەکات کە بەرەو شیعرییەت بوون کرانەوە بچێ ))[1]. بە شێوەیەکی گشتی دژیەك لە ناو پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا بە تایبەتی، لە ناو پێکهاتەی دەقی شیعریدا دوو جۆری هەیە.

## یەکەم: دژیەکی فەرهەنگی

ئەم جۆرە وشە دژیەکانەن، کە هەر خۆیان لە بنەڕەتدا پێوەندییەکی سروشتی دژیەکی واتاییان هەیە، لە واتادا دژی یەکترن بەبێ ئەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی یاسا ڕێزمانییەکانەوە بەرهەمیان بهێنێت. وەکو وشەکانی درێژ و کورت، ڕەش و سپی، ... هتد. شاعیر لە بنیاتی شیعری دەقی والادا، بە هۆی ئەو ئەزموونە شیعری و ئەدەبییەی، کە هەیەتی. بە شێوەیەکی داهێنەرانە توانیویەتی لە ڕێگەی ئەم هونەرەوە مۆسیقایەکی جوان بە دێڕە شیعرەکان ببەخشێت و بەرجەستە بکات. بۆ نموونە:

**"با" یەکان ئەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای هەڵکردنی خۆیان، ئەو**
**پرسیارانەی بە نەهێنی یان ئاشکرا کوژران زیندوو ئەبنەوە.** (کورسی: ل٩٢)
**مەقامێ: لە شێوەی هەوراز و نشێوی**
**شاخاندا. مەقامێ:** (کورسی: ل١٥٦)
**جا بچووك بووبێ بە قەدەر پەلکە گیایەك،**
**یاخۆد گەورە هێندەی ئاواتی مرۆڤێ** (کورسی: ل١٨٦)
**وەختێ کۆتایی ئەبێتە سەرەتا**
**بەرلەوەی دەنگ وەکو** (ملوانکە: ل٧)
**خەونی درێژی بیابان**
**لە باشوورەوە بۆ باکوور** (ملوانکە: ل٢٠)
**لێرە تۆڵەکە هەرزانترە یان قژی پیرێژنێ؟!**
**لفکە شامی گرانترە یان مەکی بێوەژنێ؟!** (ملوانکە: ل٨٠)
**ئانادایە من ئەمەوێ**
**جیاواز بژیم**
**جیاواز بمرم!** (ملوانکە: ل١٤١)
**وتی من ژان و ئارام و**

---

*(دوالیزم) تیۆرێك، یان سیتەمێکی هزرییە، کە جیاوازی دەخاتە نێوان دوو شتی سەربەخۆ جا بەردەست بن، یان بەرهەست، کە هندێك جار یەکتر تەواو دەکەن وەکو نێر و مێ. هندێك جاریش لە دژی یەکەن و هاودژن وەکو رووناکی و تاریکی، خێر و شەر، .... هتد.

[1]. هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل١٧٥.

ئیلهامەکەی ڕۆحی دایکم! ( ملوانکە : ل١٨٣ )
دروشم و شیعر و بانگەشەو
پەیڕەوی ناوخۆو بەرنامەو
سروودی تازە و کۆن ئەخوێن!
........................
بە دەنگی پێی ڕێبوارانـدا
سکی خاڵی و سکی تێری
........................
لەو شوێنەی زۆرم پێئەکەنم و
لەو شوێنەی کەمم ئەگریم! ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٤٧ ـ ٥٠ )
جێگیر لە ناو ڕەش و سپی و
گرژ و مۆنیش
لە ئاوێکی ڕاوەستاودا! ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٥٣ )
چاو ئەبرێتە کرانەوە و نوشتانەوەی
پە نجەی دەستمان ! ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٦١ )
جاری وا هەیە پڕم لە خۆشەویستی، لە لێبوردن،
لە بەزەیی، لە عەقلی ڕووناك، لە ئازادیی
جاری وایش هەیە پڕم لە ڕق و لە بۆغزو
لە توڵە و تاریکی .....
گەلێ جار بە دەنگێکی گڕ ئەدوێم و
گەلێ جاریش بە دەنگێکی ناسك
جارێ مێم و جارێ نێرو ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٢٣٥ ـ ٢٣٦ )
لە سووچێکدا
نیوە ڕووناك . نیوە تاریك.
........................
لەگەڵ بۆنی ..
عارەقی ڕەش و سپیدا ..
........................
مێزێکی خڕ
زەمانێ تاڵ
ڕۆحێ شیرین ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل ١٨٢ ـ ١٨٩ )
لە جەنگەوە ئاشتی هەڵدێ و
لە خوێنەوە .. هەڵاڵە ئەڕسکێنەوە. ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : لی٢٣٢ )
**دووەم ـ دژیەکی نافەرهەنگی**

ئەو جۆرە دژیەکەیە، کە لە ڕێگەی یاسا ڕێزمانییەکانەوە بەرهەم دەهێنرێت. بریتییە لە کۆکردنەوەی واژەیەك لەگەڵ نەفیەکەی، بە هۆی ئامرازی نەفی کردنەوە نەفی دەکرێت.جا ئەم واژەیە سەر بە هەر بەشێکی ئاخافتن بێت، واتا لە دژیەکی نافەرهەنگیدا هەر دوو وشەکە یەك سەرچاوەیان هەیە و هەردووکیان یەك شتن، بەڵام بە هۆی پێشگر، یا ئامرازی نەفی واتایەکەی پێچەوانە دەبێتەوە.[1] بۆ نمونە:

ئەو نایەوێ گوڵ لە ناو ژووری کوێرێتیو
نێرگزە جاریش بێ ئاسمان
قەت ببینێ
ئەو ئەیەوێ سەمای گوڵ و ( کورسی: ل١٠٩ ـ ١١٠ )
ئاخر کچم تارومارە
لەم ڕێی هات و نەهاتدا
..................
سەراب هەیە و غوبار هەیەو
ئەوەی کە نییە هەر ژنە ( ملوانکە: ل١٤٢ ـ ١٤٣ )
پەیتا پەیتا بە ناو ماندا دێت و دەچێ ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە: ل٦١ )
وەکو جەستەی شەمشەمەیەك خۆ هەڵواسیو بە بنمیچی
ئەشکەوتێکدا. تەریو تەریو. لە سووچێکی بەزەییدا.
دیار و نادیار. هەیە و نییە، ئەژی و ناژی، ئەمری و نامرێ ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە: ل١٠٢ )
لە بیر دیرۆکی مرۆڤ و
لە بیری وڵات چوونەوە
بەڵام بیر خوا نەچوونەوە ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە: ل ١٨٨ )
جوانییەکی بێ گوناهە
لە نیشتیمانێکی پڕ گوناهدا ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە: ل٢٢٢ )
ڕامبۆ ئەهات
لە سەر ئەم مێزە بچووکە
دائەنیشت و فەسڵێ لە دۆزەخەکەی خۆی
ئەخوێندەوە
کێ نەئەهات؟! ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٢٠٠ )
خۆم لە دڵی خۆمدا ئەڵێم
هەبێ و نەبێ ئێستا لەوێ لە سەر دیواری ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٢٥٥ )

## ـ وێنەی شیعری

[1]. هێمن عومەر خوشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل١٧٠ ـ ١٧٣.

یەکێك لەو بابەتە سەرەکییانەی، کە بۆاری ڕەخنەی ئەدەبیٚ نویٚ گرنگی بە لیٚکۆڵینەوەی دەدات. ویٚنەی شیعرییە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بە تەواوەتی چەمکی وێنەی شیعری و پێناسەکەی ڕوون نەبۆتەوە، بەڵام ئەوە ئاشکرایە، کە ((وێنە زۆر کۆنە و بوونی بە بوونی شیعرەوە بەندە))[1]، واتا وێنەی شیعری لەگەڵ سەرهەڵدانی شیعرەوە، سەری هەڵداوە و مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. بە پێی ڕێبازە شیعرییەکان ڕۆڵ و ئەرك و جۆرەکانی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. (( بۆنیادی وێنە لە شیعری کۆن، لەگەڵ شیعری ئێستا و دەقی ئەدەبی هاوچەرخدا جیاوازە، لە سۆنگەی پەیوەندی شیعر بە ژانرەکانی دیکەوە))[2]، لە بەر ئەوەشە دەبینین وێنەی شیعری لە سەرەتای حەفتاکانەوە لە لایەن شاعیرانی ئەو سەردەمەوە بایەخی پێدراوە، تا ڕادەیەك، کە ((لە دوای ناوەڕاستی حەفتاکانەوە دەبینین سیمای وێنەکان بەرە بەرە گۆڕانی بە سەر دێت و زمان ڕەگەزێکی گرنگی بنیاتی وێنەی هونەرییە و بەرەو چڕبوونەوە و خەست بوونەوە دەڕوا ڕوو دەکاتە ڕەمز و ئەفسانە و سروشت بەخشین لە بری دەربڕینی ڕاستەوخۆ))[3]، بەمەش وێنە لە دەقی ئەدەبی هاوچەرخدا، ڕۆڵ لە پتەوکردنی بۆنیادی زمان دەگێڕێ، بە جۆرێك ئەگەر زمان لە ناو دەقدا بنەمایەکی گرنگ بێت بۆ دروستبوونی شیعرییەت، ئەوا (( وێنە کەرەسەی یەکەمی زمانی شیعرییە ))[4]، کەواتە (( وێنە لە شیعری نوێدا، بریتییە لە داهێنان و تواناستێکی شیعریی لە ناو کرۆکی دەقی شیعریدا، بە شێوازێکی بنەمای زیندوو، شێوازێك کە وێنەکە بریتی بێت لە هزرەکە و هیچ جیاوازی و دابڕانێك لە نێوانیاندا نەبێت ))[5].

وێنەی شیعری یەکێکە لە لایەنە سەرەکییەکانی شیعر، زیندووترین و چالاکترین بنەمای شیعرییە، ڕۆڵێکی گرنگ لە خوڵقاندنی دەقی شیعریدا دەبینێت. ئەم گرنگییەش بە جۆرێکە، کە هەندێ جار سەرتاپای شیعر دەگرێتەوە و دەبێتە تاکە ڕێگەی داهێنان لە شیعردا. یەکێك (( لەو بنەما هونەرییانەی کە پرۆسەی داهێنانی شیعرییانە پێ کامڵ دەبێت وێنەی شیعرییە، هەر بۆیە زۆربەی لیکۆڵەر و ڕەخنەگر و شاعیرەکانیش خۆیان گرنگییەکی تایبەتیان پێداوە و لە باسەکانیاندا پانتاییەکی فراوانیان بۆ تەرخان کردووە))[6]. ئەم گرنگییەش زیاتر لە شیعری هاوچەرخدا دەردەکەوێت، چونکە شاعیرانی هاوچەرخ ئەوەندەی گرنگی بە وێنەی شیعری دەدەن. ئەوەندە گرنگی بە مۆسیقای شیعری نادەن، بە بنەمایەکی سەرەکی شیعری دادەنێن. لە پێکهێنانی بنیاتی وێنەی شیعریدا، چەند ڕەگەزێکی سەرەکی وەك ( زمان، ئەندێشە، واقع، بیر، سۆز، نەست ) ڕۆڵی گرنگ دەبینن، سەرەڕای ئەم ڕەگەزانەش تێکەڵی بۆاری سیمانتیکی دەبێت و چەندین دەلالەت دروست دەکات وەکو: دەلالەتی زمانەوانی، زەینی، دەروونی، ڕەوانبێژی، هێمایی.[7] وێنەی شیعری (( پابەندە بە ئەندیشەی شاعیرەوە و زادەی خەیاڵە، خەیاڵیش بنچینەی سەرەکی دارشتنی شیعرە و ڕۆڵێکی گرینگی لە پتەوکردنی هەست و نەست و گەیاندنی تاقی کردنەوەی شیعری شاعیر

---

[1]. سەردار گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٥

[2]. هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل٢٧٥.

[3]. سەردار گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا ، ل٤٢٥.

[4]. د. کەمال مەعرووف، ڕەخنەی نوێی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٣٨.

[5]. لوقمان ڕەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بیکەسدا، ل٨٦.

[6]. د. دلشاد عەلی محەمەد، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، دەزگای سەردەم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٦٧.

[7]. د. سەردار ئەحمەد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، ل٤٧.

**هەیە ))[1]. ڕەگەزی خەیاڵ ڕەگەزێکی گرنگە لە دروست کردنی وێنەی شیعریدا بەواتایەی، کە (( داهێنانێکە شاعیر بە خەیاڵی تیژڕەو دەیکێشی و بە وشە دایان دەرێژێ بە شێوازێکی کاریگەر ))[2]. وێنەی شیعری سەرچاوەی یەکەمی واقعە، شاعیر ڕاستەوخو وێنەکانی دونیای واقع ناگوازێتەوە بۆ ناو دەقی شیعری، بەڵکو (( ئەو واقیعەی کە شاعیر وەریدەگرێ هەڵی دەوەشێنێتەوە و جارێکی تر بە شێوازێکی ئەدەبی دایدەرێژێتەوە و لە ناو وێنەیەکی هونەریدا سەر لە نوێ بنیاتی دەنێتەوە ..... ، واتە ئەرکی وێنە دووبارە خۆڵقاندنەوەی واقیعە وەك مرۆڤ خۆی دەیەوێ و تێی گەیشتووە نەك وەك هەیە ))[3]، هەروەها چەندین سەرچاوەی تر هەن، کە زۆر گرنگن لە بنیاتنانی وێنەی شیعریدا، ئەوانیش ( ئەدەبی میللی، ئایین، ئەفسانە، کۆمەڵگا، مێژوو، سروشت )ن.[4]**

**( شێرکۆ بێکەس )، یەکێکە لە شاعیرە هاوچەرخە دیار و بەتواناکان، کە (( عەودالی ڕۆشنییە، واتە عەودالی دروستکردنی وێنەیەکە بۆ دەوروبەری خۆی، کە تیایدا مانای شتەکان و شێوەی پەیوەندیکردنەکان ڕوون بێت، بەڵام ئەم دیدە ڕۆشنییە، ڕۆچوونیشە بۆ ناو بینینی ناکۆکی و ئاڵۆزیەکان تا شاعیر دیدە ڕوونتر بێت، زیاتر هەستی بە جەبریەتی ئەو دابەشبوونە قووڵەی، نێوان خۆی و بوونی ئایدیاڵ دەکات ))[5]. لە پێناو بنیاتنانی وێنەی شیعری جوان و سەرنج ڕاکێش، بە شێوەیەکی بەرچاو وشە فەرهەنگییەکان بەکاردەهێنێت. جگە لەوەش سەرەکیترین کەرەستەی وێنە شیعرییەکانی شێرکۆ ڕووداوی واقیعی و مێژوو و توانستە زەینییەکانی شاعیر خۆیەتی.(( ئەگەر وێنەی شیعری یەکێك بێت لە ڕەگەزەکانی شیعر و ئامرازی گواستنەوەی ئەزموونی شاعیر و هۆکاری گەشەسەندنی دەقی شیعری و ترۆپکی داهێنان بێت و بەرزترین ڕۆڵ لە ناو دەقی شیعریدا بگێڕێت، ئەوا (شێرکۆ بێکەس ) ئەو تاقگە بە خووڕەیە، کە بە بەردەوامی لە دروستکردنی وێنەی شیعردایە و ناسرەوێت. قەڵەمێکە وێنەکان ڕەنگ ڕێژ دەکات و هەر وێنە و لەشکلێ، هەر وێنە و لە تەرزێ، هەر وێنە و لە ڕەنگێ دەنەخشێنێت، هیچ وێنەیەك لەوی تر ناچێت ))[6]. شاعیر لە بنیاتی دەقە شیعرییەکانی دەقی والادا، بۆ سازاندن و بەرجەستە کردنی وێنەی بەرز و جوان، بە هۆی ئەو ئەزموونە هونەری و خەیاڵە فراوانەی، کە هەیەتی چەندین ڕێگەی گرتووتەبەر، لێرەدا ئاماژە بە هێندێك لەو ڕێگا و وێنە شیعرییانە دەکەین.**

## ١ـ وێنەی لێکچواندن

**هونەرێکە لە هونەرەکانی ڕوونبێژی، شاعیران بۆ جوانکردنی شیعرەکانیان بایەخیان پێداوە. (( لە زاراوەدا بە مانای شتێك وەکو شتێکی تر لێکردن، لە ڕووی چەمکەوە بە واتای بەراورد و دۆزینەوە و بەبیرهێنانەوەی لێکچوون، یان لێکچوونەکانی نێوان دوو شت، یان دوو ئەمری جیاواز دێت ))[7]. لێکچواندن هونەرێکە بەشداری لە پێکهێنانی**

---

[1]. سروشت جەوهەر حەوێز، تازەکردنەوە لە شیعرەکانی (ئازاد دلزار)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، ز/ سەلاحەددین، ٢٠١٠، ل١٦٢.

[2]. د. سەردار ئەحمەد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، ل٥٧.

[3].هەمان سەرچاوە، ل٩٨ ـ ٩٩.

[4]. هەمان سەرچاوە، ل٢٧٣.

[5]. د. کەمال مەعرووف، ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، ل١٣.

[6]. هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆبێکەسدا، دەگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٩،ل٣٢٦ ـ ٣٢٧.

[7]. میمنت میر صادقی (ژوالقدر)، واژەنامە هنر شاعری (فرهنگ تفصیلی اصگلاحات فن شعر و سبك ها و مکتب هی ان)، ل٨٣.

وێنەی شیعریدا دەکات. بریتییە لە لێکچواندنی شتێك بە شتێکی تر، کە لە سیفەتێکدا هاوبەش بن، یان (( بەستن و پەیداکردنی وێکچوونێك لە نێوان دوو شت بە هاوبەشبوونیان لە یەك سیفەت یان زیاتر بۆ مەبەستێك یان چەند مەبەستێکی دیار ))[1]، کەواتە وێنەی لێکچواندن ئەو وێنەیەیە، کە ئەنجامی تێکەڵ کردنی، خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی دوو شتدا بەرهەم هاتووە. سەرەڕای هاوبەشی پێکردنی چەند سیفەتێکی تایبەت، کە لە هەردوو شتەکەدا هەیە.(( ئێستاتیکای وێنەی لێکچواندن لەوەدا چڕ دەبێتەوە، کاتێك دەقی ئەدەبی بە هۆی لێکچواندنەوە جۆرێك لە مۆنتاژ لەخۆ دەگرێ و بە هۆی هێنانەوەی ناوبەناوی وێنەی هونەرییەوە، دووبارە دەق بە هێزێکی کاریگەر بارگاوی دەبێتەوە و سیستەمی هونەری دەق بە هۆی مۆنتاژی ڕووداوەکان و گۆڕینەوە بە وێنەی لێکچواندنەوە ستراتیژی تر دەبێ و بۆنیادێکی ئۆرگانیزمی بە پێکهاتەی دەق دەبەخشێ. شیعریەتبوونی وێنەی لێکچواندنەکە بەرهەم دێ ))[2].ئەمەش دەبێتە هۆی سازاندنی وێنە و سەرنج ڕاکێشانی هەست و سۆزی وەرگر بۆ بیروبۆچوونەکانی نووسەر، کەواتە (( وێنەی لێکچواندن لە نێو دەقی ئەدەبیدا، نێوانی دەق و وەرگر خۆشتر دەکات و جۆرە کارلێك کردنێك بەخۆوە دەبینێ، بە هۆی ئەو کەشە ئیحا ئامێزەی، کە لە دەقدا بەرجەستە دەبێ، بە جۆرێك کاریگەرییەکی سیحری لە دواى خۆیدا بەجێ دێڵێ، ئەمەش زیاتر لە ئەنجامی کارابوونی خەیاڵە لەو پرۆسەیەدا ))[3].

ئەو وێنە لێکچواندن و خواستنانەی، کە لە شیعری هاوچەرخدا بەگشتی و شیعری هاوچەرخی کوردیدا بە تایبەتی بەدی دەکرێت. ئەوانە نین، کە لە کلاسیکدا هەبوون، هەرچەندە لە ڕەگ و ریشەی لە ئەوانەوە دروست بوون، بەڵام ئەمانە زۆر قووڵتر و خەیاڵئامێزتر و سیحراویترن[4]، هەورەها (( شاعیری نوێخواز دەیەوێت ئەو چوارچێوە چەندییەی لێکچوواندن بشکێنێت و پێوەندییەکانی وێنەی لێکچواندن بەرەو ئاستی چۆنایەتی بەرێت ))[5]. وێنەی لێکچواندن هۆکارێکە لە هۆکارەکانی ڕوونکردنەوەی زانیاری و دیاردەکان، دەرخستنی لایەنی نادیاری شتێك لە ڕێگەی شتێکی ترەوە، بۆیە بۆ مەبەستی ڕوونی دەربڕین بەکارهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا (( بە دیوێکی دیکە لە پاڵ ڕوونکردنەوە، دەربڕین بەرەو بەهێزی و تەم و مژی دەبات. لە ئەنجامی جۆرێك لە نائاسایی بوونی لێکچوونەکان و مەودای دووری پەیوەندی کەرەستەکان بە یەکترییەوە، زمانێکی پتەو و ناسادە دێتەکایەوە، کە هێندە چڕبوونەوەی بەخۆوە دیتووە، لە نێویدا ڕوونکردنەوە و فرەدەنگی و خەیاڵ قووڵتر دەبینرێن ))[6].هەر لێکچواندنێکیش لە چوار بنەڕەتی پێك دێت، کە (( لی چوو، لەوچوو، ئەوزار، ڕووی لێکچوون ))ن.لەو چوار بنەڕەتەش (لێ چوو ، لەوچوو) دوو بنەڕەتی سەرەکین و دەبێت لە لێکچواندنەکەدا هەبن. بەبێ هەر یەکێك لەو دوو بنەڕەتە لێکچوواندن دروست نابێت.لێکچواندن ڕۆڵێکی گرنگ و بالا لە بنیاتی وێنەی شیعریدا دەبینێت ، ئیستاتیکا بە دەقی شیعری دەبەخشێ.
(شێرکۆ بێکەس) لە بواری هونەری لێکچواندندا وێنەی شیعری یەکجار زۆر و جوان و سەرنج ڕاکێشی لە بنیاتی شیعری دەقەوالاکاندا بەرجەستە کردووە، بۆ نموونە:

**من بێ خەونەکانی مرۆڤ، دڵنیابن**

---

[1]. د. عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، ڕوونبێژی، چاپخانەی (الجاحظ)، بەغداد، ١٩٧٢، ل٢٢.

[2]. هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل٢٨٢.

[3]. هەمان سەرچاوە، ل٢٨١.

[4]. ناز ئەحمەد سەعید، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا، چ١، چا بینایی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٦٩.

[5]. د. محەمەد بەکر، پەخشانە شیعری کوردی، ل٧٤.

[6].هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل٢٨١.

ئەبووم بە گوێزێکی پووت و
بێ خۆشەویستی منداڵ و پەنجەکانیان
بێ خۆشەویستی ژنان و، دەم و لێوو
شنەشنی پرچەکانیان
نەمئەتوانی هەرگیز بژیم!
ئەو پەنجانە بۆ من پەلك و گەڵای تر بوون.
ئەو پرچانە بۆ من چڵ و لاسکی تر بوون. ( کورسی: ل٨٢ ـ ٨٣ )

ئەم وێنەیە لە سەر بنەمای هونەری لێکچواندن بنیات نراوە. کاتێك شاعیر خۆی خاڵی دەکاتەوە لە خەونەکان، خۆی بە گوێزێکی پووت دەچوێنیت، کە ئەم لێکچواندنەش جۆرێکی ناوازەی لێکچوواندنە و جەخت کردنەوەیە لە سەر مرۆڤ بوون و دروست کردنی ئەو هاوکێشەیەیە، کە مرۆڤ بریتی یە لە خوشەویستی. بنەڕەتەکانی لێکچواندن لەم وێنەیەدا ( شاعیر: لێ چووە، گوێز: لەوچووە، پووتی گوێزەکەش: ڕووی لێکچوواندن )ەکەیە.

لێرەدا ( پەنجەکان ) بۆ ( منداڵەکان ) دەگەڕێتەوە، بۆ( پەلك و گەلای ) تر، ( پرچ )یش هی ژنەکانە بۆ ( چل و لاسکە ) دەگەڕێتەوە.شاعیر دارەکە بەخۆیەتی، پەلك و چل و لاسك بەشە بنچینیەکانی دارن، ئەگەر چل و لاسکی نەبێت ئەوا گەشە ناکات. واتا شاعیر ( پرچی ) لە ڕووی گەشەوە بە ( چل و لاسك ) چوواندووە، ( پەلك و گەلاش )، کە ڕەمزی چڕی و جوانین، گەر نەبن دەبێتە گەڵاڕێزان. لێرەشدا ( پەلك و گەڵا : لەوچوو، پەنجەکان: لێ چوو )، ( چل و لاسك: لەوچوو، پرچەکان: لێ چوو، ڕووی لێکچواندنیش: ڕووی گەشەکردنیانە ). ئەم جۆرە وێنە لێکچوواندنە ( کەلەکەبوونی وێنەی تاك )ی پێ دەگۆترێت، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی وێنەی لێکدراو.


بێکەس بەرەوە ڕێزی یەکەم هەنگاوی نا.

.....................................

ڕێك بەرامبەر مستەر ئەدمۆنس
" بیست و حەوت ساڵە" ی خوێندەوە
دەنگی هەڵچووی بوو بە تۆفان
وشەکانیش بە مەشخەڵان
چاوم لێبوو مستەر ئەدمۆنس
بوو بە کیسەڵ
ملی بردە قاوغ و ( کورسی: ل١٠١ ـ ١٠٢ )

لەم وێنە لێکچواندنەدا، تۆفان ڕەمزی تۆڕەییە، بۆیە شاعیر دەنگی هەڵچووی ( بێکەس )ی بە تۆفان چواندووە. ئەو وشانەی لە ناو ( بیست و حەوت ساڵەدا ) شاعیر بە ( مەشخەڵان )ی چوواندووە، کە ڕەمزی شۆڕش و سەرکەوتنە. هەموو کات ئەو شۆڕش و خەباتە، کە دەکرێت. دەرئە نجامی تۆڕەبوونە بەرامبەر بە زوڵم و زۆرداریەکان، کاتێك کە سەرکەوتنیش بەدەست دەهێنن. مەشخەلانەکەیان بەرز دەکەنەوە.ئەم تووڕەبوونەی ( بێکەس ) بەرامبەر بە زولم و زۆرداری ئینگلیزەکانە. بەرامبەر ئەم وێنەی سەرکەوتنە، وێنەی شەرمەزاری ( ئەدمونس )ە، کە دەیخاتە قاڵبی ( کیسەل )، کە سەری بباتە ژوورەوە. وێنەیەکی زۆر دەگمەنە بە تاییەتی، کە پشتی ( کیسەڵ ) ڕەقە وەکو بەرد، واتا

هیچ گیانێکی تێیدا نامێنێ. وێنەی سەرکەوتن بەرامبەر بە وێنەی شەرمەزاری، خۆی وەکو کورد، (ئەدمونس)یش ئینگلیز. بەم شێوەیە:




بنەڕەتەکانی لێکچواندن لێرەدا بریتین لە:

دەنگی هەڵچوو: لێ چوو     تۆفان: لەوچوو     ڕووی لێکچوون: تۆڕەیی مستەرئەدمۆنس: لێ چوو

کیسەڵ: لەوچوو

**کوڕێکی تار ژەنیان هەبوو**
**لە سەر من تاری لێئەدا**
**لە سەر من ئەبوو بە هەڵم و**
**لەسەر من ئەبوو بەتیشك و**
**لە سەر من ئەبوو بە کۆتر** (کورسی: ل١١٦)

لەم وێنەی لێکچواندنەدا، شاعیر یەك (لێ چوو)ی بەرامبەر بە سێ (لەوچوو)ی داناوە. لێرەدا (کوڕ)ەکە: لێ چووە، کە شاعیر لە جاری یەکەمدا لە ڕێگەی ئەبستراککردنەوە بە (هەڵم)ی چواندووە، واتا شتێکی بەرجەستە لە ڕێگەی لێکچواندنەوە بە شتێکی ژیری (واتایی) بچوێنێ، و سیفەتی ژیری بدەیتێ. لە جاری دووەمیشدا: بە هەمان شێوەی وێنەی یەکەم، بە(تیشکی) چواندووە، کە شتێی ژیرییە، لە جاری سێیەمیشدا: بە (کۆتر)ی چواندووە، کە ئەمەش شێوازی بەرجەستەکردن (بەگیانەوەرکردن)ی پێ دەڵێن، کە یەکێکە لە ئەرکەکانی لێکچوواندن. ئەم جۆرە وێنەی لێکچواندنە (وێنەی لێکدراو)ی پێدەگۆترێت.

**خانم ئەتوت گوڵی دار چوالەیە**
**ناسك ناسك، نەتئەزانی** (کورسی: ل١١٧)

لەم وێنەی لێکچواندنەدا:

خانم: لێ چوویە     گوڵی دارچوالە: لەوچوویە     ڕووی لێکچوون: ناسکی

ئەم جۆرە لێکچواندنە پێ دەگۆترێت: وێنەی تاك

**مەقامێ: هەروەکو خەیاڵی**
**ڕووباری بن بنار**
**غەرییە و تەنیایە و دوور ئەڕوا** (کورسی: ل١٥٧ ـ ١٥٨)

لەم وێنەی لێکچواندنەدا :

مەقامیێ:لیێ چوو خەیاڵی ڕووباری بن بنار: لەوچوو ڕووی لێکچوون:غەریب، تەنیا، دور رویشتن

ئەوزار: هەروەکو


**پۆلیێ هەور**

**سیانیان لە شێوەی سیێ تۆپداو**

**سیانیان لە شێوەی قەڵەمداو**

**هێندێکی تریان لە شێوەی ئەسپ و کەلێ دا.** ( کورسی : ل٢١٤ )

لەم وێنەیەدا شاعیر، یەك ( لیێ چوو )ی بەرامبەر بە سیێ ( لەوچوو ) داناوە و وێنەیەکی لێکدراوە، بەم شێوەیە :




هەواڵنامەی کتێب

**پەپوولەکان بوون بە وشەو**

**مەقامەکان بوون بە جۆگەو**

**شیعرەکان بوون بە باڵندەو**

**دارەکانیش بوون بە داری**

**خۆر و ئاڵا!** ( کورسی : ل٢٤٠ )

ئەم وێنەیە، ( چوار ) وێنەی لێکچواندنی تێیدایە، کە پەپوولەکان، مەقامەکان، شیعرەکان، دارەکان ( لیێ چوون )، وشە، جۆگە، باڵندە، داری خۆر و ئاڵا ( لەوچوون ). لە سەر ئاستی شیعرەکە ( پەپوولەکان ) شتێکی زیندووە و بەرجەستەیە، لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی بە ئەبستراك کردنەوە، کە یەکێکە لە ئەرکەکانی لێکچواندن بە شتێکی ژێری ( واتایی ) کە وشەیە چواندووە. ( مەقامەکان ) کە شتێکی ژێری ( واتایی )یە شاعیر لە ڕێگەی بەتەنکردنەوە، کە یەکێکە لە ئەرکەکانی لێکچوواندن بە ( جۆگە ) کە بەرجەستەیە چواندووە. ( شیعرەکان )ی، بە ( باڵندە ) چواندووە،کە بەم کردارەش دەگۆترێت بە ئاژەڵکردن، جۆرێکە لە جۆرەکانی بەرجەستەکردن و یەکێکە لە ئەرکەکانی لێکچوواندن.( دارەکانیش )کە ناوێکی بەرجەستەیە بە داری ( خۆر و ئاڵای ) چواندووە، کە ناوێکی بەرجەستەیە.لەم شیعرەدا چوار وێنەی تاك بە یەك چوێندراون، کە پیێ دەگۆترێت ( کەڵەکەبوونی وێنەی تاك ) هەموویان پێکەوە وێنەیەکی لێکدراو لە سەر بنەمای ئەم کەڵەکە بوونە پێك دەهێنن. لێرەدا ( خۆر ) نیشانەی سەرکەوتن، ئازادی، سەربەستی، نەمانی دوژمنە، ( خۆر و ئاڵا )ش دووانەیەکن تەواوکەری یەکترن، چونکە کە خۆر هەبوو. ئاڵاش دەبێت، کە ئاڵا هەبوو، واتا هەبوونی خۆر. ئەمانە وەکو جمکەیەکن لە ئەنجامی ئەوەی کاتێك کە پەپوولەکان یەکسان دەبن بە وشە، مەقامەکان یەکسان دەبن بە جۆگە، شیعرەکان یەکسان دەبن بە باڵندە.دارەکانیش یەکسان دەبن بە

خۆر و ئالا. داری خۆر و داری ئالا، ئەو دارەیە کە ئالای پێ ڕاگیر دەکرێت. خۆریش ئەوەیە، کە لە ناوەڕاستی ئالاکەدایە، کە کردوویەتی بە خۆر و ئالا، کردوویەتی بە خۆرێکی زیندوو.

**من بدوێم**
**هەر وەکو دووانی ئەو هەورە سکپڕەی**
**لە نێوان برووسکە و بارینداا**
**وەستاوە و ژان بە ژان**
**ژێی تەم و تەنیایی مێینەی ئەژەنێ!** (ملوانکە: ل١٢)

وێنەیەکی زۆر جوانە، شاعیر دووانی ئافرەتێکی بە دووانی هەوری سکپڕ چوواندووە، (هەوری سکپڕ) ئەمەش پێ دەگۆترێت بە کەسکردن، چونکە سك پڕی سیفەتی ئافرەتە یان ڕەگەزی مێیە و دراوەتە پاڵ هەور، مەبەستی شاعیر لە هەوری سکپڕ، ئەو هەورەیە کە لە سەر بارینە و پڕ ئاوە، واتا ئەو کەسە پڕ قسەیە، قسەی زۆری پێیە بۆ گۆتن. بارین ئەو کاتەیە کە منداڵەکە لە دایك دەبێت. برووسکەش (ژانەکان)ە، برووسکەی بە ژان چوواندووە. یەکەم جار برووسکەی هێنایە، چونکە نیشانەی بارینە، ژانیش نیشانەی منداڵبوونە. ژەنین نیشانەی هەوڵدانە، تەم و تەنیایی دەلالەتە بۆ ئەو وڵداشەی کە لەگەڵ منداڵەکە هەیە.

دووانی ئافرەتەکە: لێ چووە هەوری سکپڕ: لەوچووە ئەوزار: وەکو
برووسکە: لێ چووە ژان: لەوچوویە ، بارین:لێ چوو منداڵ بوون: لەوچوو

**من شپرزەم وەکو دوا گەڵای درەختێ**
**لە پاییزداو، من دڵتەنگم**
**وەك تیریژی ناو زیندانێ.** (ملوانکە: ل٣٠)

لەم پارچە شیعرەدا، شاعیر بە زمانحاڵی ملوانکە قسە دەکات و وێنەیەك دروست دەکات، لەوەی، کە دەنکە مووروەکانی هێناوەتە قسە، گۆزارشت لە حالی مانەوەی خۆی دەکات، بۆیە خۆی چواندووە بە دوا گەڵای درەخت، کە نیشانەی بە تەنیا مانەوەیەتی لە پاییزدا و چاوەڕێ وەرینە، ملوانکەی کردووتە مرۆڤ، کە ئەمەش شێوازی کەسکردنی پێ دەڵێن، کە ملوانکەش مرۆڤ بوو. هەموو ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤی دەبێت، بۆیە لێرەدا ملوانکەکە دڵی خۆی چوواندووە بەو کەمە هەتاوەی کە دەچێتە ناو تاریکی زیندانەوە. لێرەدا ملوانکەکە دوو جار خۆی بە دووشت چوواندووە بەم شێوەیە:

من(ملوانکە):لێ چوو، دوا گەڵای درەخت:لەوچوو ، ئەوزار: وەکو ، ڕووی لێکچوون: شپرزەیی
من (ملوانکە): لێ چوو، تیریژی هەتاو: لەوچوو، ئەوزار: وەك، ڕووی لێکچوون: دڵتەنگ

**من ئەو شەوە لە گوڵ مێخەکی ئارەزوو**
**کراسم بۆ خۆم دروبوو.**
**بەڵام هێشتا دڵی تەنگم لە چۆڵەکەی**
**ترساوی ناو مشتی پیاوێ و**

**لە مامزی ڕاونراوی ماندوو ماندووی**
**ناو بەرایی دەشتێکی چۆڵ و هۆڵ ئەچوو.** ( ملوانکە : ل١٤٢ ـ ١٤٣ )

لەم پارچە شیعرەدا، ملوانکەکە ئارەزووەکانی بە گوڵی میخەك چوواندە، لەوەش کراسی دروست کردووە، واتا لە ئارەزووەکانی خۆی کراسی بۆ خۆی دروست کردووە. دڵی هەمووی ئارەزووە، بەڵام دڵی چوواندووە بە چۆلەکەی ترساو، لێرەدا نەك هەر چۆلەکەیەکی ترساو لە مشتی هەر کەسێکدا بێت، بەڵکو ئەو چۆلەکە ترساوەی کە لە ناو مشتی پیاوە. ئەمەش دەلالەتە لە زوڵم و توندی و زۆرداری پیاو لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لەم وێنەیەدا شاعیر دوو لەوچووی بۆ دڵی داناوە. جارێك چۆلەکەی ترساو، جاری دووەمیش: بە مامزی ڕاوێنراو. وەکو ئەو مامزەی، کە لە دەستی ڕاوچی زۆر بەخێرایی ڕادەکات و ماندوو ماندووە. ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ململانێ نێوان ژن و پیاو لە ناو کۆمەڵگەدا و لێك تێنەگەیشتنیان لە یەکتر، کە وێنەی ڕاوچی و نێچیر دەگەینێت. لێرەدا :

| | |
|---|---|
| ئارەزووەکانی : لێ چوو | گوڵی میخەك : لەوچوو |
| دڵ: لێ چوو | چۆلەکەی ترساو : لەوچوو |
| دڵ: لێ چوو | مامزی ڕاونراو : لەوچوو |

هەواڵنامەی کتێب

**ئەی شیعری جوان!**
**نە با ببینە و نەکەس و هەرگیز و قەت مەیە بۆ لام**
**من حەزناکەم لەم ماڵەدا**
**تۆببینم بە شکاوی وەکو شوشەبەندی دڵم**
**تۆ ببینم بە ژاکاوی وەکو ڕۆحم و**
**تۆ ببینم بە تۆڕاوی وەکو لەشم**
**ئەی شیعری جوان!** ( ملوانکە : ل٥٤ )

ئەم وێنەیە زمانحاڵی ئافرەتێکە، کە نایەوێ شیعریش بە تایبەتی شیعری جوان چارەنووسی وەکو چارەنووسی ئەو بێت. هۆی دەرنەخستنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وێنەیەی، کە دەیەوێت خۆی لێ بپارێزێت. ئەویش بریتی یە لەوەی کەشاعیر لێرەدا بەرامبەر بە ( شیعری جوان ) کە ( لەوچوو )یە، سێ لێچووی داناوە، کە ئەوانیش : ( شوشەبەندی دڵم، ڕۆحم، لەشم )ە، و لە جاری یەکەمی لێکچوواندنەکەدا شاعیر شیعری جوانی بە ( شوشەبەندی دڵ )چواندووە لە ڕووی شکاندنەوە، لە جاری دووەمیشدا بە ( ڕۆحی ) چواندووە. لە ڕووی ژاکاوییەوە، کە ئەمەش سیفەتیکی گوڵە دراوەتە پاڵ ڕۆح، ئەم کردارەش ( بەرووەککردن )ی پێ دەڵێن. لە جاری سێیەمدا، بە ( لەش )ی چوواندووە لە ڕووی تۆڕەییەوە. بەم شێوەیە :

شیعری جوان ( لێ چوو ) ←
- شوشەبەندی دڵ ( لەوچوو ) وەکو ( ئەوزار ) ڕووی لێکچوون ( شکاوی )
- ڕۆح ( لەوچوو ) وەکو ( ئەوزار ) ڕووی لێکچوون ( ژاکاوی )
- لەش ( لەوچوو ) وەکو ( ئەوزار ) ڕووی لێکچوون ( تۆڕاوی )

عەشق شیعرە و
شعریش خانم
بۆیە ئەوەتا یەکەمیان
ئەڵێی مۆمە و دووەمیشیان
بۆتە مۆمدان. (ملوانە : ل١٢٣)

لێرەدا دوو وێنەی لێکچواندن هەیە، کە تێیدا شاعیر (عەشق)ی بە (شیعر و مۆم) چوواندووە، لە ڕێگەی کردرای بە تەنکردن، چونکە عەشق ناویکی واتاییە، بە (مۆم) کە ناوێکی بەرجەستەیە چواندووە.هەروەها شیعریشی بە دوو شت چواندووە، جارێکیان بە (خانم)، کە کرداری بەکەسکردنی پێ دەڵێن، جاری دووەمیش بە (مۆمدان)ی چواندووە، کە کرداری بەتەنکردنی پێ دەلێن. بەم شێوەیە :

١ـ عەشق (لێ چوو) ← شیعر (لەوچوو)
↙ مۆم (لەوچوو)

شیعر (لێ چوو) ← خانم (لەوچوو)
↙ مۆمدان (لەوچوو)

من ئێستا پڕ بووم لە باران
ئەڵێی گۆمی بەرسایەقەم
من ئێستا پڕ بووم لە پرشنگ
ئەڵێی هەیوانی ئەستێرەم (ملوانکە : ل٢٢٦ـ ٢٢٧)

لەم پارچە شیعرەدا شاعیر دوو (لەوچوو)ی بەرامبەر بە یەك (لێ چوو)ی هێناوەتەوە، جەستەی خۆی بە گۆمی بەرسایقە چوواندووە و سایەقەکە ڕووی لێکچواندنە، پانتایی جەستەی بە پانتای گۆم چوواندووە، کە دەکرێت هەردووکیان پڕ بن، واتا لە ڕووی پڕ بوونەوە. بە هۆی سایەقەکەوەیە کە پڕ بووە لە پرشنگ. گۆمی ئاو هەیە کە لە سایەقەی سامالْ تیشکی خۆر لێ دەدات هەمووی وەکو ئەستێرە دیار دەبێ.لێرەدا خۆی بە گۆمی بەرسایەقە چواندووە و پڕشنگەکەش بۆ ئەو سایەقە دەگەڕێتەوە، کە لە گۆمەکە دەدات، کە دەڵێ پڕ بووم لە پرشنگ واتا پڕبووم لە هیوا.

| | | |
|---|---|---|
| من : لێ چووە، | گۆمی بەرسایەقە : لەوچوو، | ئەڵێی : ئەوزار |
| من : لێ چوو، | هەیوانی ئەست : لەوچوو، | ئەڵێی : ئەوزار |

دەمەو عەسرەو
چون چرۆچاوی نیشتیمان
هەواگرژە و .. گەرەك مۆنە
.......................

هەوالنامەی کتێب

**ئەڵێ پشیلەی بەرگەرمای بێتاقەتم**
**خاو و خلیچك**
**لە ماڵەوە ئەچمە دەرێ. ( ئێستا كچێك نیشتیمانمە : ل٨ ـ ٩ )**

شاعیر چەند وێنەیەكی بە شێوازی بەرجەستەكردن دروست كردووە.(( ئەم شێوازە هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە، كە شاعیر بە هۆی خەیاڵ و زەین و ڕوونییەوە دروستی دەكات و جەستە و خوێن و ڕۆح دەدات بە هەموو ئەو شتە مادی و مەعنەویانە وەكو گیانلەبەر مامەڵەیان لەگەڵدا دەكا و وایان لێدەكات بجووڵێن و ببینرێن و بڕۆن و بفڕن و جۆرە سیفەتێك بە خۆیانەوە بگرن، كە دەڵێن بەرجەستە كردن مەبەست لەوەیە كە جەستە بۆ شتە ژیرییەكان دروست بكەیت ))[١]. بۆ نموونە لە دەقی سەرەوەدا شاعیر لە دەربڕینی ( چرۆچاوی نیشتیماندا )، نیشتیمانی بە كەسكردووە، چونكە نیشتیمان شتێكی واتاییە و چرۆچاوی نییە. چرۆچاو تایبەتن بە مرۆڤ و زیندەوەر، كە دراوەتە پاڵ نیشتیمان، هەروەها لە دەربڕینی ( هەوا گرژە و گەرەك مۆنە )دا، هەوا شتێكی واتاییە و گەرەكیش شتێكی بێ گیانە بەڵام لێرەدا شاعیر بە هۆی شێوازی بەكەسكردن، هەردووكی بە كەسكردووە، سیفەتی گرژی و مۆنی، كە هی مرۆڤە داویەتە پاڵیان. لێرەدا شاعیر دوو ( لێ چوو )ی بەرامبەر بە یەك ( لەوچوو ) داناوە بەم شێوەیە :

چرۆچاوی نیشتیمان : لەوچوو ، هەوا : لێ چوو ، چون : ئەوزار ، ڕووی لێكچوون : گرژی
چرۆچاوی نیشتیمان : لەوچوو ، گەرەك : لێ چوو ، چون : ئەوزار، ڕووی لێكچوون : مۆنی
پشیلەی بەرگەرما : لەوچوو ، خۆی : لێ چوو ، ئەڵێی : ئەوزار ، ڕووی لێكچوون : خاو و خلیچك

**لە ئێستەدا وا هەست ئەكەم**
**من خۆڵ و پووش و پەڵاشی**
**وەرزی نامۆیی خۆمم و**
**ئاوێنەیەكی شكاوی وردوخاشی**
**بێهوودەیی و تەنیاییم و ( ئێستا كچێك نیشتیمانمە : ل١٣ ـ ١٤ )**

لەم پارچە شیعرەدا كامەران، گە نجێكی یاخی و بێزارە ئێستای خۆی بە خۆڵ و پووش و پەڵاش داناوە، كە نیشانەی چەسپاوین، لە ناوبردنیان ئاسانە. لە وەرزێكی غەریبیدا دەژی، كە ئەویش وەرز نییە، كاتێكی دیاریكراوە لە ناوەوەی خۆیدا، لە دەرەوە لە سروشتدا ئەم جۆرە وەرزە نییە، بەڵكو وەرزێكە، كە لە ئە نجامی حاڵەتی دەروونی لە ناوەوەی خۆیدا دروست بووە.وێنەی لێكچواندنەكەش بەم شێوەیە :

من( كامەران ): لێ چوو — خۆڵ و پووش و پەڵاش : لەوچوو
من ( كامەران ): لێ چوو — ئاوێنەی شكاو : لەوچوو

**لە سەرجادەی سەهۆڵەكە ڕاوەستاوم**
**گە نجم وەكو هەندێ درەختی سەر شۆستەی**
**شان و مل و قژ خۆڵاویی پشت گوێخراو.**
**تازەم وەكو تازەترین بێ هیوایی.**
**نوێترین ڕەنگی تەنیایی.**

---
[١]. هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێركۆ بێكەس دا، ل٨٥.

**گە نجم وەکو عەلاگەیەکی رەنگینی فڕێدراو. ( ئێستا کچێك نیشتیما نمە : ل٢٧ )**

لەم شیعرەدا خۆی وەکو گە نجێك چواندووە بە هێندێك درەختی پیس و پشت گوێ خراو، ( تازە ) لەگەڵ گە نجییەتی خۆیەتی، هەمووی دژیەکە( تازەترین بێ هیوایی، ڕەنگینی فڕێ دراو ) هەمووی پێچەوانەیە شت، کە ڕەنگینە فڕێ نادرێت. بەس ئەمەش بۆ دەسەڵات دەگەرێتەوە، کە گە نجانی خۆی فەرامووش کردووە و پشتگوێ خستووە. ئەمەش بوویتە هۆی ئەوەی، کە گە نجان بێزاری خۆیان دەربڕن.وێنەکان بەم شێوەیەن:

١ـ خۆی وەکو گەنج: لی چوو، درەختی سەر شووستە : لەوچوو، وەکو: ئەزار، شان و مل و فژ خۆلاوەیی پشت گوێخراو: ڕووی لێکچوون.

٢ـ خۆی وەکو ( گەنج ): لی چوو، تازەترین ڕەنگی بی هیوایی: لەوچوو، وەکو: ئەوزار

٣ـ خۆی وەکو ( گەنج ): لێ چوو، عەلاگەیەکی ڕەنگین: لەوچوو ، ئەوزار: وەکو

واتا لێرەدا شاعیر یەك ( لێ چوو )ی بەرامبەر بە سێ ( لەوچوو ) داناوە.

هەواڵنامەی کتێب

**ئەم سرووده وەکو پارەی قەڵب ناچێ!**
**هیچ کەسێك و هیچ دوکان و هیچ بازاڕێ و**
**هیچ عەقلێك و**
**هیچ گوێچکەیەکی بێزاری**
**ئەم سەردەمە وەرناگرێ ( ئێستا کچێك نیشتیما نمە : ل٥٣ )**


شاعیر لە ڕێگەی وێنەی لێکچواندنەوە، بێ بایەخ بوونی سروودی نیشتیمانی بەرجەستە کردووە. سروودی بە پارەی قەڵپ چواندووە. هەموو کات سروود نیشانەی ناساندنی وڵات و هەڵگری هەموو بیروباوەر و ڕەنگدانەوەی داب و نەریت و بیرکردنەوەی کومەڵگا، هەموو ئەمانە دەگرێتەوە. مەبەست لەم سرووده سروودی نەتەوایەتییە نەك هەر سروودێکی ئاسایی. کە گەیشتووتە ئەوەی بە پارەی قەڵپی بچوێنێ، واتا گەیشتووتە ڕادەی بێ بایەخی، کە دەڵێ: هیچ کەس و هیچ دوکان و ....، واتا لە هیچ شوێنێك ڕەواجی نیە.

سروود: لێ چووە ، پارەی قەلپ: لەوچووە ، وەکو : ئەوزارە


**من گە نجێتیم لە سەر جادەی سەهۆڵەکە**
**بەم هاوینە**
**قاڵبێکە لە سەهۆڵی چاوەڕوانی و**
**دڵۆپ دڵۆپ ئەتوێتەوە.**
**من گە نجێتیم لە سەر جادەی سەهۆڵەکە**

وەکو پشیلەی بۆنکەری
بەردەم دەرگای ڕستۆرانت و
یاخود وەکو
قوتوی کۆکای
لەش قوپاوی لێهاتووە!. ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٥٧ ـ ٥٨ )

لەم کۆپلانەدا، کامەران لە کۆپلەی یەکەمدا: گەنجییەتی خۆی بە قاڵبی سەهۆڵی چاوەڕوانی دەچوێنێت. شاعیر ئەم جۆرە لێکچواندنەی لەسەر بنەمای شێوازی (بەتەنکردن) بەرجەستەی کردووە، کە یەکێکە لە ئەرکەکانی لێکچوواندن. مەبەستی لەم لێکچوواندنە بەرسەربردنی کاتیەکانێتی بە شێوەیەکی بێهودەیی، دڵۆپ دڵۆپ مەبەستی ڕۆژەکانە، قاڵبێك سەهۆڵ تەمەنە و دڵۆپ دڵۆپ ڕۆژەکانی تەمەنە، کە بە شێوەی بێهوودەیی بەسەری دەبات. لە چاوەڕوانی ئەو خەونەی، کە لای ئەستەمە بێتە دی. لە کۆپلەی دووەمدا: جارێك گەنجییەتی خۆی بە پشیلەی بۆنکەر چواندووە،کە شاعیر ئەم وێنەی لێکچواندنەی لەسەر بنەمای شێوازی بە ئاژەڵکردن دروستی کردووە. دیسان ئەمەش دەلالەتە لە چاوەڕوانی، پشیلەکە چاوەڕێ ئەوەیە شتێکی دەست کەوێ بۆ خواردن، بەڵام ئەمەش چاوەڕوانییەکی بێهوودەیە. جاری دووەم: گەنجییەتی خۆی چواندووە بە قوتویەکی قوپاو، کە بۆ فرێدان باشە.
واتا لێرەدا یەك ( لێ چوو ) هەیە بەرامبەر بە سێ ( لەوچوو )، بەم شێوەی خوارەوە:




واهەست ئەکەم
نیشتیمان خۆی دەرنەفیزە و سەرم بۆرغوو.
نیشتیمان بۆ خۆی چەکوشە و منیش بزمار.
من قالب و ئەو چیمەنتۆ.
ئەو مەنگەنە و منیش هاوار. ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٦١ ـ ٦٢ )




لەم وێنەیەدا، دەرنەفیز بۆ بۆرغوو، چەکوش بۆ بزمار، قالب بۆ چیمەنتۆ، مەنگەنە بۆ هاوار دەگەڕێتەوە. لە ئاکامی ئەم وێنانە، کە شاعیر لەو ئامێر و بابەتانەدا، یان لێکچواندنانەدا کە شاعیر دایناوە پەیوەندی دەسەلاتدار و بێ دەسەلات دەنوێنێت، کە نموونەی دەسەڵاتی نیشتیمان ڕادەی، یان ڕێژەی بێ دەسەلاتی کەسەکان دەست نیشان دەکات.

**ئەم مێژووی من خەم ساردە.**
**گالیسکەیەکە تا گوێچکەی ئەسپەکانی**
**لە ڕابۆردوودا چەقیون و .. باکی نییە!** ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە :ل ٨٤ )

لێرەدا شاعیر مێژووی خۆی لە لایەکەوە بە کەسێکی خەمسارد چواندووە، کە باکی لە ئەرك و ژیانی شاعیر ئەم وێنەی لە سەر بنەمای شێوازی بە کەسکردن، یان بەرجەستەکردن دروست کردووە، چونکە مێژوو ناوێکی واتایی و ژیرییە، بەڵام شاعیر لێرەدا سیفەتی خەمساردی، کە سیفەتێکی مرۆڤە پێ بەخشیووە. لە لایەکی تریشەوە بە گالیسکەیەکی چواندووە، کە لە شوێنێکی دیاری کراودا وەستابێت و چەقی بێت، هەوڵی دەرچوون نەدات. ئەمەش ئەوپەری کەمتەر خەمییە بەرامبەر بە ژیان و مێژووی مرۆڤایەتی. واتا لێرەدا شاعیر یەك ( لێ چوو )، کە مێژووە، بەرامبەر بە دوو ( لەوچوو )، کە ( مرۆڤی خەمسارد و گالیسکەی چەقیو )ن داناوە. هەروەها شاعیر لە شوێنێکی تردا بەهەمان شێوە جارێك مێژووەکەی بە کەسێکی هەمیشە پاڵکەوتووی تەمبەل و تەوەزەل دەچوێنێ. بە تەمبەڵترین وولاتی دونیا، پاشکەوتوو و خەواڵوو دادەنێت، لەلایەکی تریشەوەلە ڕووی هەنگاونان لە ئیش و کار و ئارامی لە بیرکردنەوەدا، بە ( کیسەڵی زەمان )ەی چواندووە، دەڵێ:

**ئەی مێژووی ساتووری هەمیشە پاڵکەوتوو**
**باوێشکی جیهان و**
**کیسەڵی زەمانە!** ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٨٦ )

شاعیر لە سەر بنەمای شێوازی بەرجەستەکردن، لە وێنەیەکی دەگمەنی لێکچوواندندا زۆر بەجوانی لە جاری یەکەمدا، مێژووی خۆی بە کەسێکی تەمبەڵ و پاڵکەوتوو چواندووە و لە جاری دووەمیشدا بە کیسەڵ دەچوێنێت. واتا یەك ( لێ چوو )، کە ( مێژوو )ە، بەرامبەر بە دوو ( لەوچوو )، کە ( مرۆڤی تەمبەڵ و پاڵکەوتوو، کیسەڵ )ە، داناوە.

**ئاخر من و ( سۆرانی مامە حەمە )**
**وەکو درەخت و ئاو**
**مەل و هەوا**
**دوو دۆستی گیانی بە گیانی بووین** ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل١٣٤ )

لەم وێنەیەدا شاعیر خۆی بە ( درەخت و مەل ) چواندووە، ( سۆرانی مامە حەمەش )ی بە ( ئاو و هەوا )چواندووە، ( سۆرانی مامە حەمە ) ئەو ڕۆژنامەنووسەیە، کە چەند ساڵ لەمەوبەر لە کەرکووك تیرۆکرا. مەبەستی شاعیر لەم لێکچواندنە ئەوەیە، کە چۆن مەل بەبێ هەوا ناژیت، درەختیش بەبێ ئاوا، ئەوا بە هەمان شێوە منیش بەبێ ئەو ناژیم.لێرەدا وێنە لێکچووەکان بەم شێوەیەن:

١ـ من ( لێ چوو ) ← درەخت ← لەوچوو
١ـ من ( لێ چوو ) ← مەڵ ← لەوچوو
٢ـ سۆران ( لێ چوو ) ← ئاو ← لەوچوو
٢ـ سۆران ( لێ چوو ) ← هەوا ← لەوچوو

٣ـ خۆی و سۆران: لێ چوو، درەخت و ئاو، مەڵ و هەوا : لەوچوو، وەکو:ئەوزار

هەواڵنامەی کتێب

**ئەم نیشتیمانە نیوەڕوان کە ئەبینی**
**خۆیمان لێ ئەکا بە ((گاندی)) و**
**لە شەویشدا ((بۆکاسا)) یە و**
**بەیانیان سۆفییەکی نوورانیە و**
**ئێوارانیش جلی (باریق) و (حەجاج)ی**
**لە بەردایە!**
**بە ڕۆژ درەختی شیعرە و**
**بە شەو تەورە.**
**بە ڕۆژ تیریژی هەتاوو**
**بە شەو قەمەی شەوەزەنگە!** ( ئیستا کچێك نیشتیما نمە : ل١٥٩ )

لەم وێنەی لێکچواندنەدا، شاعیر ئەوە دەخاتەڕوو، کە نیشتیمان کەسایەتی چەسپاوی نییە، خۆی لە کۆمەڵێك کەسایەتی هەمەجۆر دەدۆزێتەوە. بۆ نموونە نیوەڕوان کە دەبێتە (گاندی) ئەمەش دەلالەت و نیشانەی چاکی و خەباتگێڕی و خزمەتکەر و لە شەویشدا دەبێتە (بۆکاسا) و بەیانیانیش، کە دەبێتە سوفییەکی نوورانی بەیانی پاکترە لە هەموو کاتی تر، کە تازە هەتاو دەردەچێ، لەو کاتەدا نیشتیمان وەکو پیاو چاکێکی نوورانی لە سەرووی مرۆڤی ئاسایی، هەروەها ئێوارانیش بەرگی (باریق و حەجاج)ی لەبەردایە. ئەم دوو کەسایەتییە دەلالەت و نیشانەن بۆ زوڵم زۆرداری، شاعیر لەم وێنەیەدا شەو و ڕۆژی لە بەشەوە بۆ هەموو کاتەکانی تر دابەش کردووە. دواتر هاتووە سەر ئەوەی، کە ڕۆژەکە یەکسانە بە چی و شەوەکەش یەکسانە بە چی.بە ڕۆژ نیشتیمان یەکسانە بە درەختی شیعر، بە شەویش یەکسانە بە تەور، واتا بە شەو ئەو درەختە شیعرییە لە ناو دەبات. کە دەڵێ بە ڕۆژ تیریژی هەتاوە و بەشەویش قەمەی شەوەزەنگە، واتا بە ڕۆژ خۆی باش و چاك پێشانیان دەدات بە شەویش ئازاریان دەدات. وێنەی لێکچووەکان بەم شێوەیەن:

١ـ نیشتیمان (لێ چوو) →
گاندی (لەوچوو) ← ڕووی لێکچوون( چاکی و خەباتگێری )
بۆکاسا (لەوچوو)
سوفی نوورانی (لەوچوو) ← ڕووی لێکچوون( پاك و دلسۆز )
باریق و حەجاج (لەوچوو) ← ڕووی لێکچوواندن( زاڵم )

٢ـ نیشتیمان (لێ چوو) →
درەختی شیعر (لەوچوو)
تەور (لەوچوو)
تیریژی ڕۆژ (لەوچوو)
قەمەی شەوەزەنگ (لەوچوو)

**ئەوەی ئەینووسم**

شیعر نییە .. خۆڵەمێشە.
چیرۆك نییە .. زوخاو ڕێژە.
شانۆ نییە .. دیالۆگی نێوان زامەکانە.
تابلۆ نییە .. جەستەی منداڵی نەخۆشە
لە باوەشی برسێتیدا. ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل١٨٢ )

لەم وێنەی لێکچوواندنەدا لە جیاتی ئەوەی شاعیر نووسینەکانی بە شیعر و چیرۆك و شانۆ و تابلۆ بچوێنێ. هاتووە لە هەریەکێك لەمانە شتێکی وەرگرتووە، کە ناسنامەی ئەم داهێنانان، داهێنراوانەن لە شیعر خۆڵەمێش، لە چیرۆك زوخاوڕێژ، لە شانۆ دیالۆگی نێوان زام، لە تابلۆ جەستەی منداڵی نەخۆش. هەموو ئەمانەی کۆکردووتەوە وەکو ( لەوچوو ) بۆئەوەی پێناسەی کرۆکی نووسینەکانی پێ بکات، یان کرۆکی ئەو دێرانەی کە دەینووسێت. بەم کارەشی دەمانباتە ناو ناخ و ناوەوەی ئەم بەرهەمە داهێنراوانە. واتا لێرەدا شاعیر بەرامبەر یەك (لێ چوو)، کە (نووسینەکان)ە، چوار (لەوچوو)ی هێناوە، کە ( خۆڵەمێش، زوخاو ڕێژ، دیالۆگی نیوان زامەکان، جەستەی منداڵی نەخۆش ). بەم جۆرە وێنانە دەگۆترێت (لێکچواندنی وێنەی لێکدراو) مەبەستی شاعیر لەم جۆرە وێنانە جگە لەو ئیستاتیکایەی، کە دەبەخشێت. بۆ باشتر گەیاندنی مەبەستەکەی و زیاتر ڕوون کردنەوە و جەخت کردنەوەیە لە سەر لێ چووەکە، هەربۆیەشە لێ چووەکە بە چەند شتێك دەچوێنێت.

هەواڵنامەی کتێب


من نیشتیمانەکەم گێلە
لە خوێن ساردی و بیرچوونەوە و بێباکیدا
لە هیچ نیشتیمانێکی تر ناچێ
بۆیە منیش بڕیارم دا
وەکو کراسێکی کۆن و
چاویلکەیەکی شکاو و
نامەیەکی بزر کراو
ئەوم لە بیر بچێتەوە! ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٢٠١ )

لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی لێکچوواندنەوە نیشتیمانەکەی بە کەسێکی گێل، کە ئاگاداری دەوروبەری نەبێت، چواندووە. چەند سیفەتێکی هێناوەتەوە، کە هەڵگری گێلین وەك خوێن ساردی و بیرچوونەوە و بێباکی. سێ سیفەتی هێناوەتەوە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، کە سیمای نیشتیمانەکەی لە سیمای هیچ نیشتیمانێکی تر نەچێت. ئەمە هەنگاوی یەکەم. لە هەنگاوی دووەمدا شاعیر دەگاتە بڕیارەك، کە نیشتیمانەکەی بە چەند کەرەستەیەك چواندووە، کە ئەوانیش (کراسی کۆن، چاویلکەی شکاو و نامەی بزرکراو)، کە هەرسێکیان ( لەوچوو)ن بە هۆی سیفەتەکانی (کۆن و شکاو و بزرکراو) بڕیاری فرێدانیان دەدات. بۆ ئەوەی بە تەواوی شوێنەواری نیشتیمانەکەی لە لای خۆی بسڕێتەوە. ئەمەش هەروەکو وێنەکانی تر وێنەیەکی ناوازەی شیعری نوێی کوردییە.

ئەم عەشقە، باڵندەی شیعرێکی

کۆچەر و بێکەسە و بە تەنها دوو پرشنگ باڵێتی و
پەڕەی گوڵ چاوێتی و
هێلانە وماڵیشی گەواڵە هەورێکی
گەڕۆکی غەمناکە؛ ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٢٥١ )

لێرەدا شاعیر زۆر بە لێهاتوویی وێنەیەکی دەگمەنی بەرجەستە کردووە، لە خوارەوەدا دەیا نخەینەڕوو:




زمان ئاوە
سادە ئەژی و سادە ئەڕوا و
وەختێکیش ئەبێ بە گۆماو
لە ڕوونیدا بنی دەریاو
بەڵام وەختێ
بتەوێ دەست بەیت لە بنی و
سەرەکانی هەمووی بگری
دەست شل ئەبێت و نایگاتێ و ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل١١٩ )

لەم وێنەی شیعرییەدا شاعیر یەکەم جار لە ڕووی سادەیی یەوە ( زمان )ی بە ( ئاو ) چوواندووە، دواتر بە ( گۆماو ) لەو کاتەدا کە ئاو دەبێتە گۆماو، پانتاییەکی دیاریکراوە لە ڕوونیدا. بۆ نموونە زۆرجار دەڵێ: قسەکانی لە بنی زمانە، یان لە سەری زمانمە بەس لە بیرم نییە، کاتێك ناتەوێ بڵێ. ئەگەر لێرەدا ناو دەم هەمووی گۆماو بێت، ئەو پارچە گۆشتەش کە پێ دەگۆترێت ( زمان )، کە هۆیەکی سەرەکییە بۆ قسەکردن بە گۆماوی چواندووە، کە ئەگەر سەریشی ڕوون بێت، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێکی زۆر نهێنی تێدایە، زۆر شت هەیە، کە بە زمان ناگۆترێت. وەکو ئەوەی کە ناتوانی دەست بۆ بنی گۆم ببەی، یان دەستت ناگاتە بنی گۆمەکە.

شیعری جوان .. جوان نابێ
ئەگەر نەبێ بە باران و

هەواڵنامەی کتێب

بە ژن و
بە کێڵگە و بە دەغل و
خۆشەویست نەبێ وەکو منداڵ و
پیرۆزیش نەبێ وەکو نان. ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل١٢٧ )

ئەم وێنەیە وێنەیەکی زۆر جوان و دەگمەنە، کە لە لای شاعیر شیعری جوان یەکسانە بە هەموو ئەوانەی ( لەوچوون )، کە هەموویان سیفەتی بەرهەمداری دەیانگرێتەوە، یان هەموویان لە سیفەتی بەرهەمداری یەك دەگرن. وەکو باران، ژن، کێڵگە، دەغڵ ، هەموویان بەرهەمیان هەیە (باران: ژیانەوە، ژن: منداڵبوون، کێڵگە: بەرهەم، دەغڵ: دروێنەوە ). ئەم بەرهەمانەش مایەی خۆشەویستینە، کە لە سەر دوو بنەما دروست دەبن، کە منداڵ و نانن، کە منداڵ خۆشەویست و نانیش پیرۆزە و مایەی بەردەوامی ژیانە. منداڵ بەرهەمی ژنە، نانیش بەرهەمی باران و دەغڵە.(شیعری جوان ) لێ چووە ، ( باران، ژن، کێڵگە، دەغڵ، منداڵ، نان ) لەوچوون، واتا شاعیر لێرەدا یەك ( لێ چووی ) بەرامبەر بە شەش (لەوچووی ) داناوە، بەم جۆرە وێنەیەلێکچواندنە دەگۆترێت (لێکچواندنی وێنەی لێکدراو ).

هەواڵنامەی کتێب

ئەمشەو کاغەزی ڕەشنووسم
خۆی لوول کرد و
هەڵشاخایەوە بە سەرماو
یەخەی گرتم :
وتی با تۆ قەڵەم بیت و
منیش لە ژێر نووکتا کاغەز
با تۆ (توو) بی و منیش زەوی ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل١٤٨ )

لەم وێنەیەدا کاغەزی ڕەشنووس خۆی لە بەردەم شاعیردا ڕادەخات. داوا لە شاعیر دەکات، کە ببیتە قەڵەم و لە سەری بنوسێت. ئەمەش ئەرکی ئاسایی شاعیرە، بەڵام جیاوازی لەوەدایە، کە لێرەدا کاغەزەکە خۆی خۆی بۆ شاعیر ئامادە دەکات. وێنەکەش لە نێوان لێکچوواندنی شاعیر بە توو و خۆیشی بە زەوی دادەنێت. نووسینەکەش ڕووی لێکچوواندنە دەبێتە شکڵی هاوبەش لە سەر ئەو دەنووسێت. لە نووسیندا هاوبەشن. لەم وێنەیەدا :

تۆ( شاعر ): لێ چوو ، قەڵەم: لەوچوو
من (کاغەز): لێ چوو، کاغەز: لەوچوو
تۆ (شاعر ): لێ چوو ، توو: لەوچوو
من (کاغەز): لێ چوو ، زەوی: لەوچوو

ئا لەو چامە درێژەدا
هەر وشەیەك مرۆڤێكە و
هەر ڕستەیەك شەقامێكە و
هەر نوختەیەك پەنجەرەیە و
هەر ((وێرگولێ)) درەختێكە و
هەر ناوەرۆكێ شارێكە و
فۆڕمی گەورەیش وڵاتێكە و
ئاڵای سەر تلاری بەرزی
قەسیدەكەیش
ناونیشانی شیعرەكەیە! ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل١٥٢ )
لێرەدا شاعیر هەر وشە و دێرێكی چامەكەی چوواندووە بە شتێكی تر، بەم شێوەیە :
وشە ( لێ چوو ) ←مرۆڤ ( لەوچوو )، ئەم وێنەیەش لە سەر بنەمای شێوازی بە كەسكردن دروست كراوە، چونكە وشە ناوێكی واتاییە بێ گیان و ڕۆحە شاعیر لە ڕێگەی لێكچواندنەوە ڕۆح و جەستەی پێ بەخشیووە، و بە مرۆڤی چواندووە.
ڕستە( لێ چوو ) ← شەقام ( لەوچوو )، ئەو وێنەیە لە سەر بنەمای شێوازی بە تەنكردن دروستكراوە، چونكە ڕستە شتێكی بێ گیانە بارستایی و قەبارەی نییە، شاعیر بە شەقامی چواندووە، و بارستایی و قەبارەی پێ بەخشیووە.
نوختە ( لێ چوو )← پەنجەرە ( لەوچوو )، ئەم وێنەیە بە هەمان شێوەی وێنەی پێشتر لە سەر بنەمای شێوازی بەتەنكردن بنیات نراوە.
ویرگۆل ( لێ چوو )← درەخت ( لەوچوو )، ئەم وێنەیە لە سەر بنەمای شێوازی بەرووەككردن، كە یەكێكە لە شێوازەكانی بەرجەستەكردن، ئەركێكە لە ئەركەكانی لێكچواندن بنیات نراوە. چونكە ویرگۆل شتێكی واتاییە كەچی شاعیر لە ڕێگەی لێكچواندنەوە بە درەختی چواندووە.
ناوەرۆكەكان( لێ چوو ) ← شار ( لەوچوو )، ئەم وێنەیەش لە سەر بنەمای شێوازی بەرجەستەكردن بنیات نراوە، چونكە ناوەرۆك قەبارە و بارستایی نییە، كەچی شاعیر لە ڕێگەی لێكچواندنەوە بە شاری چواندووە، كە سنوور و قەبارە و بارستایی هەیە.
فۆرمی گەورە ( لێ چوو ) ←وڵات ( لەوچوو )، ئەم وێنەیەش بە هەمان شێوەی وێنەی پێشتر بنیات نراوە.
ناونیشانی شیعرە( لێ چوو ) ← ئاڵای سەر تەلار ( لەوچوو )، ئەم وێنەیەش بە هەمان شێوەی وێنەكانی پێشتر لە سەر بنەمای شێوازی بەتەنكردنەوە دروست كراوە.
لێرەدا چامە یەكسانە بە نیشتیمان، لە ناو نیشتیمانیش شار، شەقام، پەنجەرە، درەخت هەنە. ئەمانەش نیشانەی ئاوەدانینە، واتا دەلالەت لەوە دەكات، كە چامەكە چامەیەكی ئاوەدان و پڕ دەلالەتە.

لە سوچێكدا
پەرگیر وەكو خەمی ماندوو
كلۆڵ وەكو (( خاڵە شەمۆ
لەگەڵ ئەوەیش دەم بەخەندە

وەکو نوکتەی ((کەمال سابیر))
دائەنیشتین. ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٨٤)
لەم وێنەیەدا پەڕگیر بەمانای سێگۆشەیی و دوورەپەرێزی دێت. مەبەست لە پەڕگیر دانیشتنە بە غەمگینی و بە ماتی، واتا دانیشتنیان وەکو خەمێکی ماندوو، خەمی ماندوو (لەوچووە)، جۆری دانیشتانیان (لێ چووە) بەم شێوەیە:
سیفەتەکانی دانیشتنیان:
١ـ پەڕگیر( لی چوو )،وەکو ( ئەوزار ) ، خەمێکی ماندوو( لەوچوو ) ، ڕووی لێکچوون( دوورەپەرێزی )
٢ـ کلۆلی ( لێ چوو )، وەکو( ئەوزار ) ،خاڵە شەمۆ( لەوچوو ) ، ڕووی لێکچوون( هەژاری )
٣ـ دەم بەخەندە (لێ چوو)، وەکو(ئەوزار)، نوکتەی کەمال سابیر(لەوچوو)، ئەم سیفەتە پێچەوانەی هەردوو سیفەتەکی پێشووترە، کە بە هونەرمەندی کۆمیدی (کەمال سابیر)ی چوواندووە. ئەکتەرێکی جدی و ئاما نجدارە.

من چەرچییەکی شاعیرم و
لەگەڵ خۆما شیعر ئەگێڕم
شیعر ئەبەمە کێڵگەوە و
تۆوی وشە ئەوەشێنم
شیعر ئەبەمە باخەوە و
وەك موتوربە
قەڵەم چووز ئەکەم لە داری
دار هەنار و
..........
لە دواییدا بەری باخێ ئەچنمەوە
نە هەرمێیە و نە هەنار و
....................
لق و چڵم شتێك ئەگرێ
ئەڵێی هێشووی مانگە شەو و
جریوەی سێوە لاسوورەی
ئەستێرەیە! ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٢٢٢ ـ ٢٢٣ )
لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی هونەری لێکچوواندنەوە خۆی بە چەرچی ( دەستگێڕ ) چواندووە.ئەو بەرهەمەی، کە موتوربەی کردووە نە هەرمییە، نە سێوە. لەلایەك (لق و چل)ی بە هێشووی مانگەشەو چواندووە. لەلایەکی تریشەوەبە ( جریوەی سێوەلاسورەی ئەستیرە )، واتا لیرەداچەند وێنەیەکی لێکچوواندن هەیە:
١ـ من ( شاعیر ) ( لێ چوو )، چەرچی ( لەوچوو )
٢ـ شیعرەکانی (لێ چوو)، هێشووی مانگەشەو (لەوچوو)، ئەڵێی (ئەوزار)ە، شاعیر لێرەدا لەوچووەکەی لە سەر بنەمای شێوازی ( بەزیندەوەرکردن ) بنیات ناوە، کە جۆرێکە لە جورەکانی بەرجەستە کردن، چونکە شاعیر مانگەشەو کە شتێکی بێ گیان و ڕۆحە شاعیر هێشووی پێ بەخشیووە کە تایبەتە بە زیندەوەر.

٣ـ شیعرەکانی ( لێ چوو )، جریوەی سێوە لاسوورەی ئەستێرە ( لەوچوو )، لێرەدا ( جریوە ) سیفەتێکە لە سیفەتەکانی باڵندە، کە شاعیر لە سەر بنەمای شێوازی بەزیندەوەرکردن داویەتە پاڵ ئەستێرەکە و بۆ بریسکاندانەوەی ئەستێرەکان دەگەڕێتەوە.واتا بریسکەکانی بە جریوە چواندووە.

بەیانییەك بوو، سەعات دە
سلێمانی
چون مرواری
ئەبریسکایەوە. ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل٢٤٤ )
لەم وێنەیەدا شاعیر لە ڕووی بریسکانەوەوە سلێمانی بە مرواری چواندووە، واتا
سلێمانی ( لێ چوو ) ، مراوری ( لەوچوو ) ، چۆن ( ئەوزار ) ، بریسکانەوە ( ڕووی لێکچوون )
لە خۆمەوە دڵم ئەبێ بە لیمۆی گوشراو و،
سەرم ئەبێ بە تۆپێ قورقوشم و ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل٣٣١ )
لێرەدا شاعیر دوو وێنەی بنیات ناوە کە تێیدا :
دل ( لێ چوو ) ، لیمۆی گوشراو ( لەوچوو ) ، ئەبێ ( ئەوزار ) ، تەنگی و وشکی ( ڕووی لێکچوون )
سەر( لێ چوو ) ، تۆپێ قورقوشم ( لەوچوو ) ، ئەبێ ( ئەوزار )، قۆرس و کۆشندە( ڕووی لێکچوون )

## ـ وێنەی خواستن

خواستن هونەرێکی ڕەوانبێژییە، ڕۆڵێکی گرنگ لە بنیاتی درووستبوونی وێنەی شیعریدا دەگێڕیت. یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی وێنەی شیعری، (( زۆربەی ڕەخنەگران پێیان وایە، کە پەیوەندی لێکچوون بنەمای دروست بوونی وێنەی خواستنە بە تایبەتی ( جان کۆهین ) بۆیە گۆڕینی بۆنیادی وێنەی لێکچوواندن بۆ وێنەی خواستن، پێویستی بە دوو پرۆسە هەیە، یەکەمیان پەیوەندی بە ئاستی سەرەوە هەیە، ئەویش لابردنی یەکێکە لە دوو بنەڕەتە سەرەکیەکەی لێکچواندن، کە ( لێچوو یان لەوچوو )ە، پرۆسەی دووەمیش پەیوەندی بە ئاستی ژێرەوە هەیە، ئەویش بارکردنی دەلالەتی لابراوە لە ناوبراو ))[1] ، واتا خواستن لە سەر بناغەی لێکچوواندن درووست بووە، بنەمای درووستبۆنی پەیوەندی لێکچوونە بەوەی، کە لێکچوونێك لە نێوان هەردوو بنەڕەتی سەرەکی خواستن ( لێ خواسترا و بۆخواستراو )دا هەیە. وێنەی خواستن خۆی لە لێکچوواندن چڕۆ پڕتر پێشان دەدات، چونکە هەموو بنەڕەتەکانی لێکچوونی تێیدا لابراوە تەنیا بنەڕەتێکی ماوە جا ئەگەر (( ( لێ چوو ) لابرابێ ئەوا خواستنەکە خواستنی ئاشکرایە، کە پلەی شلەژان تەنها لە سەر ئاستی دەلالی دایە لە نێوان دال و مەدلول، کە تەواوی مەدلولی لابراو لە پێکهاتەی ڕەگەزی ئامادەدا بەرجەستە دەبێت و تیایدا دەتوێتەوە، کەچی لە خواستنی درکاودا کە ( لەوچوو ) لادەبرێ تەنها لایەنێك لە مەدلولی ڕەگەزی نائامادە لە ڕەگەزی ئامادە بەرجەستە دەبێت نەك هەمووی )).[2] بەمەش دەربڕین چڕتر دەبێتەوە و هێز و قۆرسایی زیاتر دەبێت. هەربۆیەشە شیعرییەتبوونی وێنەی خواستن لە شیعرییەتبوونی وێنەی لێکچواندن زیاترە، چونکە (( خواستن بنەماکانی دەبڕینی ئاسایی تێك دەشکێنێ و بەرەو

---

[1] . خەلیل ئیبراهیم مستەفا، شیعرییەتی دەق بە نموونەی شیعرە کوردییەکانی مەحوی، ل١١٤.

[2] . هەمان سەرچاوە، ل١١٥.

**نائاسایی بوون هەنگاو دەنێ، ئەمەش پلەیەکی دیکە شیعرییەتی شێوازی دەربڕین نیشان دەدات. ئەم نائاسایی بوونەی دەربڕین، بەوە لە لادانەکانی تری پێکهاتەی دەق جیادەکرێتەوە، کە بە خەیاڵ بارگاوی بووە ))[1].**

**خواستن ناونانی شتێکە بە شتێکی تر، یان واژەیەك بە واژەیەکی تر، بریتییە (( لە بەکارهێنانی بۆ دەربڕینی مانایەکی تر بێجگە لە مانای دروستی وشەکە بە مەرجێ پەیوەندی نێوان مانای دروست و مانای خوازەیی وشەکە وێکچوون بێ، ئەبێ نیشانەیەکیش هەبێ، کە ئێمە مەبەستمان بەم وشەیە مانا خواستروەکەیە نەك مانا دروستەکە ))[2]. شاعیرانی هاوچەرخ خواستنی بە پێز و پڕ واتا و کاریگەربنیات ناوە و سیفەت و خواستنی تازەیان هەڵبژاردووە ، چونکە(( نهێنی جوانی لە خواستن دا دەوەستێتە سەر ئەو ڕەمز و ئیشارە و سروشتەی، کە دەیگرێتە خۆی بۆ واتا شاراوە دوورەکانی کە لە سەر ڕووی مانای رووکەشیدا دێن ))[3] هەربۆیە خواستن (( لە شیعری نوێدا زاڵە بە سەر لێکچواندن و پێکهاتەکانی تری وێنەی شیعری و ڕووبەرێکی فراوانی گرتووە، لە کاتێکدا لە سەر بنچینەی لێکچواندن دروست بووە )).[4] لە ناو شاعیرانی نوێ و هاوچەرخیشدا ((شێرکۆ بێکەس)) یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە زۆر بە شێوەیەکی داهێنەرانە و لیهاتوویانە بە هۆی ئەو ئەزموونە ئەدەبی و خەیاڵە بەرفراوانەی، کە هەیەتی توانیویەتی پێوەندییە لوجیکی و ئاشنا و باوەکانی نێوان شتەکان تێك بشکێنێت، سەر لە نوێ پەیوەندی نوێ لە نێوان وشەکان (واژەکان) بسازێنێت و وێنەی خواستنی خەست و چڕ کراوە کە نوێ و نامۆن بەرهەم بهێنێت. بۆ نموونە:**

**بە بێکەس مەڵێن بەهارە**
**ئەو نایەوێ جوانیی بەدیلی ببینێ**

..............................

**ئەو ئەیەوێ سەمای گوڵ و**
**سەمای ئازادی و دڵی خۆی**
**لە یەك ئاسۆدا ببینێ!** (کورسی: ل١٠٩ ـ ١٠١)

**شاعیر چەند وێنەیەکی لە سەر بنەمای شێوازی (بەرجەستە کردن) شێوازی بەرجەستەی کردووە، بەرجەستەکردنیش ئەو کردارەیە، کە شاعیر (( جەستە و خوێن و ڕۆح دەدات بە هەموو ئەو شتە مادی و مەعنەویانە وەکو گیانلەبەر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و وایان لێدەکات بجووڵێن و ببینرێن و برۆن و بفرن و جۆرە سیفەتێك بەخۆیانەوە بگرن ))[5]، یەکەمیان: لە دەربڕینی (جوانیی بەدیلی)یە، شاعیر ڕۆح و جەستە و خوێنی بە (جوانی) بەخشیووە، کە شتێکی واتاییە و جەستە و ڕۆحی نییە، وەك زیندەوەرێك مامەڵەی لەگەڵ کردووە، چونکە لێرەدا سیفەتی (دیلی)، کە تایبەتە بە زیندەوەر (مرۆڤ) بە جوانی بەخشیووە، واتا ئەم وێنەیە لە سەر بنەمای شێوازی بەرجەستە کردن بنیات نراوە، کەواتە ئەم وێنەیە خواستنی درکاوە، چونکە لە وێنەکەدا (بۆخواستراو) و پەیوەستێك لە (لێ**

---

[1]. هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتبۆونی چیرۆکی کوردی ، ل٢٨٨ ـ ٢٨٩.

[2]. د. عەزیز گەردی ، ڕەوانبێژیبەرگی یەکەم، چا/ الجاحف، بەغداد، ١٩٧٢، ل٦٩.

[3]. د. سەردار ئەحمەد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠ ـ ١٩٩٠)

[4]. پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی کرمانجی خوارووی کوردستانی عیراقدا، نامەی دکتۆرا، ز/ سەلاحەددین، ٢٠٠٢، ل١٠٥.

[5]. هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، ل٨٥.



هەواڵنامەی کتێب

خواستراو)، کە  سیفەتی (دیلی)یە. دەرکەوتووە.وێنەی دووەمیان: لە دربڕینی (سەمای گوڵ)ە، کە خواستنێکی درکاوە، شاعیر لە سەر بنەمای شێوازی بەکەسکردن، کە بریتییە (( پێدانی خاسیەت و سیفات و هەست و سۆز و جمووجۆڵی مرۆڤ بە پێکهاتەکانی سروشت. هەر لایەنێك لە سروشت وەك مرۆڤێك مامەڵەی، لە گەڵ دەکرێت. شاعیر دەتوانێت لە دەیان وێنەی شیعری بە دەیان خاسیەتی مرۆڤ بە بەردێك ببەخشێت یان بە هەر شتێکی تر ))[1] بنیاتی ناوە، چونکە گوڵ شتێکی بێ گیان و رۆحە، توانای سەماکردنی نییە، کەچی شاعیر وەکو هەموو زیندەوەری تر گیان و جوولەی پێ بەخشیووە. وێنەی سێیەمیان: دەربڕینی (سەمای ئازادی)یە، شاعیر ئەم وێنەیەشی لە سەر بنەمای شێوازی بەرجەستەکردن بنیاتی ناوە، چونکە (ئازادی) شتێکی بێ گیان و واتاییە، شاعیر سیفەتی سەما کردنی پێداوە، و جوولە و گیان و رۆحی پێ بەخشیووە.

**سەرگەورەی ماڵ، پیاوێکی کەواو سەڵتەبەری**

**کورتە بنەی، زۆر ڕووخوش و بەخشندە بوو** (کورسی: ل١١٥)

ئەم وێنەیە لە سەر بنەمای هونەری خواستنی ئاشکرا بنیات نراوە، چونکە لێرەدا شاعیر بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ئاشکرا (لەوچووی) بۆ دەربڕینی مەبەستی خواستنەکە وەرگرتووە. لێرەدا (لەوچوو)یەکە، دەربڕینی ( سەرگەورەی ماڵ)ە، مەبەستی شاعیر لەم دەربڕینە (خاوەن ماڵ)ەکەیە.

**شەوێك تەنیایی لێی پرسیم:**

**عەشق چییە؟!** (کورسی: ل١٣١)

ئەم وێنەیە وێنەی خواستنی درکاوە شاعیر لە سەر بنەمای شێوازی بەرجەستەکردن(بەکەسکردن) (تەنیا)یی، کە شتێکی ژیری و واتاییە، بەرجەستەی کردووە و رۆح و گیانی پێ بەخشیووە وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ کردووە. لەو شوێنەی کە دەڵێ: (تەنیایی لێی پرسیم)

هەواڵنامەی کتێب

**دەنگێکی زۆر سپی**

**ئە تخاتە سەر باڵی و چون خەونێ**

**لە شەوی درێژدا هەر ئەتباو هەرئەتبا!** ( کورسی: ل١٨٥)

لێرەدا شاعیر لە سەر بنەمای شێوازی بەتەنکردن، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی  بەرجەستە کردن، دوو وێنەی زۆر جوانی خواستنی درکاومان بۆ دەخاتەڕوو:

١ـ دەنگی زۆر سپی: لێرەدا (دەنگ) شتێکی واتایی و ژیرییە، قەبارەی وبارستایی و ڕەنگی نییە شاعیر لە سەر بنەمای شێوازی بەتەنکردن، رەنگ و بارستایی و قەبارەی پێداوە، وێنە شیعرییەکەی لە سەر ئەم بنەمایە بنیات ناوە. وەکو تەنێك مامەڵەی لەگەڵ کردووە. شێوازی بەتەنکردنیش (( واتا پێدانی قەبارە و بارستایی بە شتە واتاییەکان ))[2].

---

[1]. هەمان سەرچاوە، ل٨٩.

[2]. هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، ل٨٧.

٢ـ ئەنخاتە سەر باڵی: لەم دەربڕینەشدا (دەنگ) کە شتێکی بێ گیان و ڕۆح و جوولەیە و شتێکی واتایی و ژیرییە، شاعیر لە سەر بنەمای شێوازی بەرجەستە کردن (باڵ)، کە ئەندامێکی سەرەکییە لە جەستەی باڵندەدا، پێ بەخشیووە. توانای جووله و فرینی پێ بەخشیووە و وەکو باڵندەیەك مامەڵەی لەگەڵ کردووە.

من لێرەوە چاوم لێبوو
هەندێ پەپوولەی پاییزەی
هەڵاتوو لە دەس پاگژی حکومەت (کورسی: ٢٣٨ ـ ٢٣٩)

لەم وێنەیەدا شاعیر لە سەر بنەمای هونەری خواستنی ئاشکرایەوە، بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، ڕاستەوخۆ لە جیاتی ناوی (پێشمەرگە) وەك ڕەمزێك دەربڕینی (پەپوولەی پاییزەی) بەکارهێناوە، وێنەیەکی جوانی بەرجەستە کردووە.

من بدوێم
هەروەکوو دووانی ئەو هەورە سکپڕەی
لە نێوان برووسکە و بارینداا
وەستاوەو ژان بە ژان
ژێی تەم و تەنیایی مێینەی ئەژەنێ!
بەوێنەی درەختی بێوەژن
......................
وەستاوە و نێرەبا ئەبیات و ئەیهێنێ (ملوانکە: ل ١٢ ـ ١٣)

شاعیر لە سەر بنەمای هونەری خواستنی درکاو سێ وێنەی بنیات ناوە، یەکێکیان دەربڕینی (درەختی بێوەژن)ە، کە لێرەدا (درەخت) شتێکی بێ گیان و ڕۆحە، کەچی شاعیر سیفەتی (بێوەژنی) کە تایبەتە بە مرۆڤ ڕەگەزی مێ (ئافرەتان)، پێ بەخشیووە و وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ کردووە. وێنەیەکی تریش هەیە، هەر لە سەر بنەمای هونەری خواستنی درکاو بنیات نراوە. کە دەربڕینی (نێرە با)یە، شاعیر لە سەر بنەمای شێوازی بەرجەستەکردن ئەم وێنەی بنیات ناوە. چونکە (با) شتێکی بێ گیان و ڕۆحە و شاعیر سیفەتی (نێر)ی، کە تایبەتە بە ڕەگەزی نێر لە زیندەوەراندا پێ بەخشیووە.

وەرە گوڵێ! .. وەرە کچێ!. (ملوانکە: ٢٩)

لە سەر بنەمای هونەری خواستنی ئاشکرا شاعیر وێنەکەی بنیان ناوە، دەربڕینی (گوڵێ)یە، چونکە شاعیر لەجیاتی ئەوەی بڵێ: کچێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە ڕوون و ئاشکرایی ناوی (گوڵی) وەرگرتووە و لە شوێنی ناوێ (کچێ) داناوە.

تەنها لە سەر گۆڕینەوەی نامەی نێوان
گوڵەباخ و نێرەکەوێك
خێڵی خەنجەر

**لووتی گوڵەیان بڕیوە!** (ملوانکە : ل١٥٠)

لەم شیعرەدا سێ وێنەی سەر بنەمای هونەری خواستن بەرجەستەی کردووە. یەکێکیان: لە دەربڕینی (گوڵەباخ و نێرەکەو)ە، کە خواستنی ئاشکرایە، چونکە مەبەستی شاعیر لە ( گوڵەباخ و نێرەکە )، (کچ و کور)ە،کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخو و ئاشکرا ناوی (گوڵ و نێرەکەو)ی لە جیاتی ناوی ئەوان داناوە، لێرەدا (گوڵەباخ و نێرەکە) لێ خواستراون و (کچ و کور) بۆخواستراون. دووەمیان: دەربڕینی (خێڵی خەنجەر)ە، خواستنێکی درکاوە، چونکە (خێڵ) تایبەتە بە مرۆڤەکان، کەچی شاعیر لە سەر بنەمای شێوازی بەرجەستەکردن (بەکەسکردن) بە خەنجەری بەخشیوە، وەك زیندەوەر( مرۆڤ) مامەڵەی لەگەڵ خەنجەر کردووە.هەروەها لە دەربڕینی (لووتی گوڵە)، شاعیر ئەم وێنەیەشی لە سەر بنەمای شێوازی (بەکەسکردن) بنیات ناوە، چونکە گوڵ شتێکی بێ ڕۆح و گیانە کەچی شاعیر (لووت)، کە ئەندامی جەستەی زیندەوەر (مرۆڤ) پێ بەخشیوە، وەکو (کچ) مامەڵەی لەگەڵ کردووە.هەروەك لە وێنەی یەکەمدا باسمان کرد.

**سروەیەکی سپی هات و**

**ماچیکردم و** (ملوانکە : ل١٨١)

دوو وێنەی زۆر جوانی خواستنی درکاو لە سەر بنەمای بەرجەستەکردن بنیان نراوە، کە لە یەکەمیاندا: لە سەر بنەمای شێوازی بەتەنکردن (ڕەنگی سپی) داوەتە (سروە)، کە شتێکی واتاییە و قەبارە و بارستایی نییە، لە دووەمیاندا لە سەر بنەمای شێوازی بەرجەستەکردنەوە (ماچکردن)، سیفەتێکە تایبەتە بە مرۆڤ شاعیر بە (سروەی) بەخشیوە و وەکو مرۆڤێك مامەڵەی لەگەڵ کردووە.

**مانگ ترساوە**

**مانگ گریاوە**

**مانگ نەهێنی نادرکێنێ** (ملوانکە : ل٢٠٩)

شاعیر لێرەدا چەند وێنەیەکی خواستنی درکاوی لە سەر بنەمای شێوازی بەرجەستەکردن(بەکەسکردن) بنیات ناوە، چونکە (مانگ) شتێکی بێ گیان و ڕۆحە شاعیر سیفەتەکانی (ترسان، گریان، نەهێنی نەدرکاندن)، کە تایبەتن بە مرۆڤ، پێ بەخشیوون. وەکو مرۆڤ مامەلەی لەگەڵ مانگدا کردووە.

**واهات، عاشقان!، وا خۆی هات.**

**بە پۆشاکی گەڵاڕێزانەوە .. واهات!.**

**بەنۆزدە ساڵی زەردەوە**

**بەنۆزدە چرای تاریك و**

**بەنۆزدە زامی سەوزەوە** (ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٥)

شاعیر پێنج وێنەی شیعری زۆر جوان و دەگمەنی نیشانداوە، یەکەمیان: لە دربڕینی (عاشقان)ە، کە مەبەست لێ (نیشتیمان)ە، ئەم وێنەیەش خواستنی ئاشکرایە، چونکە شاعیر بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا (لەوچوو)ی وەرگرتووە و لە شوێنی (لێ چوو)ی داناوە. دووەمیان: دەربڕینی (پۆشاکی گەڵاڕێزانە)، ئەمەش وێنەی خواستنی درکاوە، چونکە شاعیر سیفەتی (گەڵاڕێزان) کە تایبەتە بە وەرزی پاییز، بە (پۆشاکی) بەخشیووە، کە تەنێکە قەبارە و بارستایی هەیە، کەچی شاعیر لێرەدا وەکو وەرزی پاییز مامەڵەی لەگەڵ کردووە.سێیەمیان: دەربڕینی (ساڵی زەردە)،

ئەمەشیان بەھەمان شێوە خواستنی درکاوە، چونکە لێرەدا شاعیر (ساڵ)،کە شتێکی واتاییە و ڕەنگ و بارستایی و قەبارەی نیە کەچی لە سەر بنەمای شێوازی بەتەنکردن شاعیر وەکو تەنێك مامەڵەی لەگەڵ کردووە، ڕەنگی زەردی پێ بەخشیووە. چوارەم: دەربڕینی (چرای تاریکە)، وێنەی خواستنی درکاوە، چونکە چرای تاریك نییە، کەچی شاعیر رەنگی تاریکی درواەتە پاڵ چراکە مەبەستی لەو دەربڕینە نۆزدە ساڵی پڕ لە زۆلم و ستەمە. پێنجەم: دەربڕینی (زامی سەوز)ە، کە شاعیر لە سەر بنەمای شێوازی بەتەنکردن بنیاتی ناوە، خواستنی درکاوە، چونکە (زام) شتێکی بەرجەستەیە شاعیر لە رێگەی هونەر خواستنەوە بە تەنی چواندووە، وەکو هەر تەنێك رەنگی پێ بەخشیووە. بە شێوەیەکی گشتی مەبەستی شاعیر لە هەموو ئەو وێنانە بریتین لە:

عاشقان: نیشتیمان

بە پۆشاکی گەڵاڕێزانە: بە وەرزی پاییزی چواندووە لە ڕووی بێ بەرهەمی

بەنۆزدە ساڵی زەردەوە: نۆزدە ساڵی بێ بەرهەم

بەنۆزدە چرای تاریکەوە: نۆزدە ساڵ لە زوڵم و ستەم و زۆرداری

بە نۆزدە زامی سەوزەوە: نۆزدە برینی سارێژ نەکراووە

ئەم کاتەت باش!

من جوانوویەکی بێکارم

خەڵکی کەرکووکم (ئێستا کچێك نیشتیما نمە: ل٣٩)

شاعیر ئەم وێنەیەی لە سەر بنەمای خواستنی درکاو بنیاتی ناوە، چونکە مەبەستی لە (جوانوویەکی بێکار)، گەنجێکی بێکارە، کەواتە شاعیر بە شێوەیەکی راستەوخۆ و روون و ئاشکرا ناوی (جوانووی)، کە (لێ خواسترا) لەوچوویە، هێناوە و لە شوێنی ناوی (گەنج)، کە بۆخواستراوە دایناوە. واتا لێرەدا تەنیا لێ خواستراو لەگەڵ پەیوەستێکی بۆخواستراودا هاتووە.

ئەو هەموو پەلکە گیا و گەڵا و مێرووڵەو

قەلەباچکە ڕەشپۆش و

کەروێشکی هەتیوو ئەو هەموو وشە غەمگین و

ئەو هەموو پاییزە بێوەژنانە

بەدەم زریکە و قیژەوە

هاواریان کرد (ئێستا کچێك نیشتیما نمە: ل٤١)

شاعیر کاتێك سیفەتی (ڕەشپۆش)ی، کە سیفەتێکە تایبەتە بە مرۆڤ لە سەر بنەمای شێوازی بە(کەسکردن) بە (پەلکەگیا و گەڵا و مێرووڵە و قەلەباچکە)ی دراوە. وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵیان کردووە و وێنەیەکی هونەری جوانی بنیات ناوە، کە وێنەی خواستنی درکاوە. هەروەها لە دەربڕینی (کەروێشکی هەتیوو، وشەی غەمگین، پاییزی بێوەژن)، هەرسێکیان وێنەی خواستنی درکاون، چونکە شاعیر لە سەر بنەمای شێوازی بەکەسکردن، سیفەتی (هەتیوو)ی، کەتایبەتە بە مرۆڤ بە (کەروێشکی) بەخشیووە و وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ کردووە، هەروەها لە دەربڕینی (وشەی غەمگین)دا، لە سەر بنەمای شێوازی بەکەسکردن، سیفەتی غەمگینی، کە تایبەتە بە مرۆڤ، بە (وشەی) بەخشیووە، کە شتێکی واتاییە و وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ کردووە، هەروەها لە دەربڕینی (پاییزە



هەواڵنامەی کتێب

بێوەژنانە )، بە هەمان شێوە لە سەر بنەمای شێوازی بەرجەستەکردن( بەکەسکردن )، سیفەتی ( بێوەژنی ) کە تایبەتە بە مرۆڤ ڕەگەزی ( مێ ) بە پاییز، کە شتێکی واتاییە بەخشیووە، وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ کردووە.

دەروازەی ئەم نیشتیمانەی
لە سەر حەیرانی ڕووبارو
لە سەر هاواری شەقام و
لە سەر پووکە پووکی نان و
لە سەر هەناسەی عاشقان داخستووە! ( ئێستا کچێك نیشتیما نمە : ل٨٥ )

شاعیر لە سەر بنەمای شێوزای بەکەسکردن سێ وینەی خواستنی درکاوی بنیات ناوە.ئەویش لە دەربڕینەکانی ( حەیرانی رووبار، هاواری شەقام، پووکە پووکی نان )، چونکە ( حەیران، هاوار، پووکە پووك )، چەند سیفەتێکن تایبەتن بە مرۆڤ، کەچی شاعیر بە هەریەکە لە ( رووبار، شەقام، نان ) بەخشیووە. رۆح و جەستەی پێ بەخشیوون، وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵیان کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

نایشارمەوە ئەترسم!
چونکە ئەو یان دەمامکی
شاخێکی گەورە هەڵئەداتەوە
یان چنگ ئەنێتە چنگی ڕەشەبایەکی دڕ!
ئەم خۆی ( با ) یەکە بە جەستە لاواز و
خەڵکی کۆڵانێکی لاتە و نە هۆزی خە نجەری لەگەڵدایە و
نە عەشیرەتی پەیکۆل و
نە حزبی قوڕقوشم ( ئێستا کچێك نیشتیما نمە : ل١٥٣ ـ ١٥٤ )

شاعیر لە سەر بنەمای هونەری خواستنی درکاو، چەند وێنەیەکی دەگمەن و جوانی درکاو بنیات ناوە، کە تێدا لە سەر بنەمای شێوزای بەکەسکردن، شاعیر ( دەمامك )ی، کەشتێکی بێ گیان رۆحە، تایبەتە بە مرۆڤ بە ( شاخی ) بەخشیووە، وەك مرۆڤ مامەلەی لەگەڵ کردووە، هەورەها ( چنگ )، کە ئەندامێکە لە ئەندامەکانی جەستەی زیندەوەر لە سەر بنەمای شێوازی بەئاژەڵکردن بە ( ڕەشەبا ) ، کە شتێکی واتاییە و بێ گیانە بەخشیووە، وەك ئاژەڵێك مامەڵەی لەگەڵ کردووە. ئەمە لە لایەك و لە لایەکی ترەوە لە هەمان کاتدا سیفەتی ( دڕ )ی، کە تایبەتە بە ئاژەڵی دڕندە بە ( ڕەشەبا )ی بەخشیووە، وەك زیندەوەرێك مامەڵەی لەگەڵ کردووە.هەروەها لە وێنەیەکی تردا شاعیر لە سەر بنەمای شێوازی بەکەسکردن، سیفەتی ( جەستە لاواز)ی ، کە سیفەتێکە تایبەتە بە مرۆڤ، بە ( با )ی، بەخشیووە، وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ کردووە. لە ڕێگەی وێنەیەکی ترەوە ناونیشانی ( با )یەکەمان بۆ دەخاتەروو.

ئەویش لە دەربڕینی (خەڵکی کۆڵانێکی لات)ە، کە لێرەدا شاعیر لە سەر بنەمای شێوازی بەکەسکردن سیفەتی(لات)ی، کە تایبەتە بە مرۆڤ، بە (کۆڵان)ی بەخشیووە، وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ کردووە. هەروەها لە چەند وێنەیەکی تردا بێ لایەنی (با)یەکەمان بۆ دەخاتەروو. ئەویش لە دەربڕینەکانی( نە هۆزی خەنجەر، نە عەشیرەتی پەیکوڵ، نە حزبی قوڕقوشم)، شاعیر ئەم وێنانەی لە سەر بنەمای شێوازی بەکەسکردن بنیات ناوە، چونکە هەریەکە لە (هۆز و عەشیرەت و حزب) چەند شتێکن تایبەتن بە مرۆڤ، کەچی شاعیر لە سەر ئەم بنەمایە بە (خەنجەر و پەیکۆل و قوڕقوشم) ، کە چەند شتێکی بێ رۆح و گیانن بەخشیووە، وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ کردوون.

**وێنەی مامزێ بکێشە**
**کە لە وڵاتی چەقۆدا**
**زۆر کەم ژیا!.** (ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل ١٩٩)

لێرەدا شاعیر لە سەر بنەمای هونەری خواستنی ئاشکرا، وێنەیەکی زۆر جوانی بنیات ناوە، ئەویش دەربڕینی (وڵاتی چەقۆدا)یە، مەبەستی لەم دەربڕینەدا (وڵاتی زوڵم و زۆرداریيە)، شاعیر بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و ڕاستەوخۆ ئەم دەربڕینەی بەکارهێناوە.واتا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ (لێ خواستراو)ی وەرگرتووە لە شوێنی (بۆخواستراو) ی، داناوە.

هەواڵنامەی کتێب

**ئەگەر پرسیاریشت هەبوو**
**لە بوولێڵە بەدبەختەکەی**
**ئێوارانی کراس ڕەشی**
**ئەو .. بپرسە!** ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل١٣)

شاعیر لە سەر بنەمای هونەری خواستنی درکاو لە سەر شێوازی بەکەسکردن ، وێنەی زۆرجوان و دەگمەنی بەرجەستە کردووە. ئەویش لە دەربرینەکانی (بوولێڵی بەدبەخت، کراس ڕەش)) ، چونکە شاعیر سیفەتی (بەدبەختی و کراس ڕەش)ی، کە تایبەتن بە مرۆڤ بە (بوولێڵی)، کە شتێکی بێ ڕۆح و گیانە بەخشیووە، شاعیر رۆح و گیانی پێ بەخشیووە، وەکو مرۆڤێك مامەڵەی لەگەڵ کردووە.

**بەیانییەکی تەماویی**
**لە سەر تاکسییەکی زەردباو**
**تابووتی مانگە شەویکیان**
**گەیاندەوە سلێمانی!** ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل٤٧ )

لێرەدا شاعیر چەند وێنەیەکی بەرجەستەکردووە. یەکێکیان دەربڕینی (تاکسییەکی زەردباوە)، شاعیر ئەم وێنەیەی لە سەر بنەمای شێوازی بەکەسکردن بنیات ناو، چونکە (زەردباو)ی سیفەتێکە تایبەتە بە مرۆڤ شاعیر بە

( تاکسی )،کە بێ رۆح و گیانە بەخشیووە، وێنەی خواستنی درکاوە.وێنەکەی تریان لە دەربڕینی ( تابووتی مانگە شەو )دایە، کە مەبەستی شاعیر لەو دەربڕینە ( تابووتی کورە گە نجێکە ). ئەمەش خواستنی ئاشکرایە، چونکە شاعیر بە شێوەیەکی راستەوخۆ ( لێ خواستراوی ) وەرگرتووە و لە شوێنی ( بۆخواستراو )ی داناوە.

**هەموو ڕۆژێ باخچەیەکی لێ ئەکوژرا و**
**هەموو ڕۆژێ شەقامێکی سەر ئەبڕڕا و**
**هەموو ڕۆژێ هیوایەکی**
**لە دار ئەدرا** ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل٧٠ )

شاعیر لە سەر بنەمای بەکەسکردن سێ وێنەی خواستنی درکاوی بنیات ناوە. ئەویش لە دەربڕینەکانی ( باخچەیەکی لێ ئەکوژرا، شەقامێکی سەر ئەبرا، هیوایەکی لە دار ئەدرا )، چونکە کردارەکانی (کوژران، سەربڕین، لە دار دران )، چەند کردارێکن تایبەتن بە مرۆڤەکان، شاعیر لێرەدا بە ( باخچە، شەقام، هیوا )ی،کە چەند شتێکی بێ گیان و رۆحن بەخشیووە، وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵیان کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

**سەردانی ئەو دیوارەم کرد**
**کە پێنج مانگەکەی ئەم شارەی**
**لە بەردەم تیرۆر کرا!** ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل١٤٦ )

شاعیر وێنەیەکی لە سەر بنەمای خواستنی ئاشکرای بنیات ناوە. ئەویش لە دەربڕینی ( پێنج مانگەکەی ئەم شارە )، مەبەستی شاعیر لەم دەربڕینە ( پێنج گە نجە )کەی شارەکەیە، کە شاعیر بە شێوەیەکی راستەوخۆ ( لێ خواستراو )ی وەرگرتووە و لە شوێنی ( بۆ خواستراو )ی داناوە.

**لە ناوەڕاستی ئەشکە نجەی ئەم شارەدا**
**لە ناوەڕاستی ئازار و لە ناوەڕاستی برینداا**
**شار تەقیەوە و**
**خەم تەقیەوە و** ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل٢٤٥ )

لە سەر بنەمای شێوازی ( بەرجەستەکردن ) شاعیر چەند وێنەیەکی بەرجەستە کردووە. لە دەربڕینەکانی ( ناوەڕاستی ئەشکە نجە، ناوەڕاستی ئازار)دا، خواستنی درکاون، چونکە سیفەتی ( ناوەراست ) تایبەتە بە تەنەکان، کە قەبارە و بارستایی و سەر و بن و ناوەراست،..... هتدیان هەیە، کەچی شاعیر لە سەر بنەمای شێوازی ( بەتەنکردن ) بە ( ئەشکە نجە و ئازار)ی ، کە قەبارە و بارستاییان نییە و ( ئەشکە نجە و ئازار ) شتی واتایین بەخشیووە. شاعیر وەکو

تەن مامەڵەی لەگەڵیاندا کردووە. هەروەها دەربڕینی (خەم تەقیەوە) وێنەی خواستنی ئاشکرایە، چونکە شاعیر مەبەستی لە (خەم)، (شارە)، (خەم)ی بەشێوەیەکی راستەوخۆ وەری گرتووە و لە شوێنی ناوی (شار) داناوە.واتا تەنیا (لێ خواستراو) لەو خواستنەکەدا هاتووە.

**غوربەت ئەبێ بە حەسحەسی**

**..........................**

**بەسەر لا پەرەی شپرزەی**

**دیوانەکا نما ئەگەڕێ**

**لە هەر سووچی خەمێکدا بم**

**رامئەگرێت و ئەمپشکنێ.**

**لە هەر گۆشەی تەمێکدا بم** (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٣٣٨)

سەرەتا شاعیر لە رێگەی هونەر وێنەی لێکچوواندنەوە، وێنەیەکی لێکچوواندنی بەرجەستە کردووە، کە تێدا (غوربەت)ی بە (حەسحەس) پاسەوان چواندووە. دواتر لە سەر بنەمای هونەری خواستن لە سەر بنەمای شێوزای (بەکەسکردن) وێنەی (لا پەڕەی شپرزە)ی بنیات ناوە. خواستنی درکاوە، چونکە شاعیر سیفەتی (شپرزە)یی، کە تایبەتە بە مرۆڤ بە (لاپەرە)، کە تەنێکی بێ گیان و رۆحە. بەخشیووە، هەروەها لە سەر بنەمای شێوزای (بەتەنکردن)، دوو وێنەی تری خواستنی درکاو لە دەربڕینەکانی (سووچی خەمێکداو ، گۆشەی تەمێکدا) بەرجەستە کردووە، کە (خەم و تەم) دوو شتی واتایین، شاعیر (سووچ و گۆشە) کە تایبەتن بە تەنەکان پێ بەخشیون.

**ـ وێنەی شیعری لە رووی هەستی و ژیری**

وێنە هەستی ئەو وێنە شیعرییانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ بە هۆی یەکێك لە پێنج هەستەوەرەکانی ( بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، دەست لێدان)ەوە، هەستیان پێ دەکات، بەڵام (( وێنەی زەینی بەر هیچ کام لە هەستەکان ناکەوێت و وێنەیەکی واتاییە و لە ناوەوە هەڵدەقوڵێ و بە هۆی هۆشیارییەوە دەزانرێت)).[1] ئەم هەستانە رۆڵی گرنگ و بەرچاو دەبینن لە بنیاتنانی وێنەی شیعریدا، چونکە مرۆڤ لە رێگەی ئەم هەستانەوە، هەست بە شتەکانی دەورووبەر دەکات. هەربۆیە شاعیریش بە مەبەستی داهێنانی وێنەی شیعری پڕ مانا و مەبەست پەنای بۆ بردووە. ((شێرکۆ بێکەس))یش، وەکو شاعیرێکی بەرچاوی نوێخوازی کورد لە بنیاتنانی وێنەی شیعریدا بە شێوەیەکی نوێخوازانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم هەستانە کردووە. بە هۆی ئەو خەیاڵە بەرفراوانەی، کە هەیەتی لە بنیاتنانی وێنەی شیعری لە بنیاتی شیعری دەقەوالاکاندا، وێنەی هەستی و وێنەی زەینی (ژیری) زۆر جوان و ناوازە و سەرنج راکێشی بەرجەستە کردووە. بۆ نموونە:

**بێکەس بەرەو ریزی یەکەم هەنگاوی نا.**

[1]. ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر، ل١٥٥.

............................

دەنگی هەڵچووی بوو بە تۆفان

وشەکانیش بە مەشخەڵان

چاوم لێبوو مستەر ئەدمۆنس

بوو بە کیسەڵ (کورسی: ل١٠١ ـ ١٠٢)

شاعیر لەسەر بنەمای هەستەکانی (بیستن و بینین) وێنەیەکی زۆر و سەرنج ڕاکێشی لە دربڕینەکانی (دەنگی هەڵچوو، چاوم لێبۆ) بەرجەستە کردوو، چونکە (دەنگی هەڵچوو) بەرهەستی (بیستن) دەکەوێت و (چاوم لێبوو) بەرهەستی (بینین) دەکەوێت.

شەوێ نەبوو جریوەیەك، تریفەیەك.

ڕەنگێکی وێڵ دانەبەزنە ناو باڵکۆن و

.................................

هەموو جارێ کە دەستی ئەدایە تارو (کورسی: ل١١٩ ـ ١٢٠)

لەم وێنەیەشدا شاعیر بە هۆی هەستەکانی (بیستن، بینین، و دەست لێدان)ەوە، وێنەیەکی جوانی لە دەربرینەکانی (جریوەیەك، تریفەیەك، دەستی ئەدایە) بەرجەستە کردووە،کە (جریوە) بەرهەستی (بیستن) دەکەوێ، (تریفە) بەرهەستی (بینین) دەکەوێت، هەروەها (دەستی ئەدایە تار) بەرهەستی (دەست لێدان) دەکەوێ.

کورسیەکە: بێگومان .. بێگومان

بە درێژایی تەمەنی تەختەکانم

بە درێژایی تەمەنی چاوەڕوانیم

من لە هەر شوێنێ ژیابم.. دڵتەنگترین کاتەکانم

وەختێ بووە، ڕق لە سەرم دانیشتبێ و

وێستبێتی خۆشەویستیەك بکوژێ. (کورسی: ل١٨٥ ـ ١٨٦)

دیارە هیچ کام لەم وێنانە بەر هەستەکانی مرۆڤ ناکەون و وێنەی ژیرین، لێرەدا وێنەی بەکەسکردن بەشداری لە پێکهێنانی ئەم وێنە جوان و سەرنج ڕاکێشەدا کردووە.

دەستی گرتبوو بە قەدی ئەو ساڵەوە.

.................................

بۆنی گوڵ مێخەکی "وەیس"و

بۆنی گوڵە عەتری "نالی"و

دارمێوەکەی ماڵی "سائب"ی لێئەهات. (کورسی: ٢٣٠ ـ ٢٣١)

هەواڵنامەی کتێب

شاعیر لە ڕێگەی هەریەکە لە هەستی (دەست لێدان و بۆنکردن) وێنەی زۆرجوانی بەرجەستە کردووە، لە دەربرینەکانی (دەستی گرتبوو، بۆنی گوڵ مێخەك، بۆنی گوڵە عەتری "نالی" دارمێوەکە)، چونکە دەست گرتن بە قەدی سالەکەوە بەر هەستی (دەست لێدان) دەکەوێت. ئەم وێنەیەش لە ڕێگەی شێوزای (بەرووەککردن) بنیاتنراوە، چونکە ساڵ شتێکی واتاییە، بەڵام شاعیر (قەد)، کە تایبەتە بە رووەك پێ بەخشیووە. هەروەها (بۆنی ئەم گوڵانەش) بە رهەستی (بۆنکردن) دەکەوێت.

گڵۆڵەی ئەم دەنگە قرچۆکەی ئەمێستام

....................................

ئەم ڕەنگە سیسەڵەو ڕزیوەی ئەمڕۆکەم

............................

ئەم بۆنە پەژموردە و کەساسەم

تووڕدەمە کاوڵاشێ و (ملوانکە: ل١٥ ـ ١٦)

لەم وێنەیەدا شاعیر لە سەر بنەمای هەستەکانی (بیستن، بینین، بۆنکردن) وێنەیەکی زۆرجوان و ناوازەی بەرجەستە کردووە، چونکە (دەنگە قرچۆکە) بەر هەستی (بیستن) دەکەوێت، (ڕەنگە سیسەڵە و ڕزیو) بەرهەستی (بینین) دەکەوێت، (بۆنە پەژموردە) بەرهەستی (بۆنکردن) دەکەوێت.

هەواڵنامەی کتێب

من گە نجێتیم هەتا ئیستە

کچێکی بۆن نەکردووە

دەستی بەر تریفەی مەمك و

بەر خەرمان و شان و مل و

بەر لە نجەولاری باڵایەك نەکەوتووە. (ئێستا کچێك نیشتیمانە: ل٦٨ ـ ٦٩)

لەوێنەیەدا (بۆنکردنی کچ) بە هۆی هەستی (بۆنکردن)ەوە دەبێت و (دەست بەرکەوتن بە تریفەی مەمك و خەرمان و شان و مل و لە نجەولاری باڵایەك) بە هۆی هەستی (دەست لێدان)ەوە دەکەوێت. واتا ئەم وێنەیە لە سەر بنەمای هەردوو هەستی (بۆنکردن و دەست لێدان) بنیاتنراوە.

شەوانی تر بە دەم درۆی

سەوز و سوورو

بەڵێنی ترش و شیرینی

ئەو نیشیمانەی خۆمەوە

نیگاکانم ئەچوونە خەو. (ئێستا کچێك نیشتیمانە: ل٢٤٥)

شاعیر لە سەر بنەمای شێوازی (بەرجەستەکردن) دوو وێنەی بەرهەم هێناوە. یەکەمیان: دەربڕینی (درۆی سەوز و سوور)ە، کە لە سەر بنەمای شێوازی بە تەنکردن بنیاتنراوە، چونکە (درۆ) شتێکی واتاییە و بەرجەستە نییە، کەچی شاعیر ڕەنگی سەوز و سوور، کە تایبەتە بە شتە بەرجەستەکان پێ بەخشیووە. هەست کردن بە ڕەنگەکانیش لە ڕێگەی هەستی (بینین)ەوە دەبێت. دووەمیان: دەربڕینی (بەلێنی ترش و شیرین) ئەم وێنەیەش لە سەر بنەمای شێوازی (بەرجەستەکردن) بۆنیات نراوە، چونکە (بەلێن) شتێکی واتاییە، ڕەنگ و بۆن و تامی نییە، کەچی شاعیر سیفەتی (ترش و شیرین) کە تایبەتە بە خواردن و هەستی تامکردنەوە پێ بەخشیووە. و لە ڕێگەی هەستی (تامکردن)ەوە هەست بە ترش و شیرینی دەکرێت. واتا لەم وێنەیەدا دوو وێنەی هەستی (بینین و تامکردن) بەرجەستە کراون.

ئەو ڕۆژگارە
شار ژنێکی
تاق و تەنیا و لێقەوماو بوو.
هەموو جارێ بۆ (مانگ) یێکی
سەر سێدارەی
ئاسمانێکی خۆڵەمێشی و
باخچەیەکی سك سووتاوبوو! (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٥٣)

هیچ کام لەم وێنانە بەرهەستەکانی مرۆڤ ناکەون، وێنەی ژیرین، وێنەی بەکەسکردن و بەتەنکردنیش بەشداری لە بنیاتنانی دا کردووە.

مێزێکی خڕ
زەمانێ تاڵ
ڕۆحێ شیرین (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٨٩)

لێرەدا (مێزی خڕ) بەر هەردوو هەستی (بینین و دەست لێدان) دەکەوێت، چونکە لە ڕێگەی هەردوو هەستەکەوە هەست بە خڕی مێزەکە دەکرێت. (تاڵ و شیرین) دوو تامن، کە بە هۆی هەستی (تامکردن)ەوە درکیان پێ دەکرێت.

ئەگەمە بەر تاقە کلێسەی شارەکەم
سەر هەڵئەبڕم .. مەسیح لە سەر
خاچەکەی هاتۆتە خوارێ و
لە خۆشیاندا
زەنگ لێئەدا و
ڕائەوەستم و منیش نیشانەی
خاچێکی لە سەر سنگم بۆ ئەکێشم و( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٢٥١ ـ ٢٥٢)

لەم وێنەیەدا (سەرهەڵئەبڕم .. مەسیح لە سەر خاچەکەی هاتووتەخوارێ) لێرەدا هاتنە خوارەوەی مەسیح بە هۆی هەستی (بینین)ەوە هەست پێ دەکرێت. (زەنگ لێئەدا) ئەمە بەر هەردوو هەستی (بیستن و دەست لێدان) دەکەوێت، چونکە زەنگەکە بە هۆی دەستەوە لێ دەدرێت و ئە نجامی لێدانەکەش دەنگ دەبیسترێت.لە دەربڕینی (ڕائەوەستم و .. خاچێکی لە سەر سنگم بۆ ئەکێشم و) کێشانی نیشانەی خاچیش لە سەر سنگ هەر بە هۆی دەستەوە دەبێت ئەمەشە بەر هەستی (دەست لێدان) دەکەوێت.

**هێشتا بۆنی مێر گوڵانی سەرەتای مارت**
**بۆنی ڕەنگ و**
**بۆنی دەنگی ئازادیمان**
**چون بۆنی گوڵەمێخەك و قەسیدەی جوان**
**لە کونە لووتی خۆمان و**
**لە کە پووی شەقامدا ماوە!.**
**هێشتا گوێمان**
**زرنگانەوەی سەداکەی**
**ڕاچڵەکینی دار و بەرد و**
**سروودەکانی هەتاوی**
**ئەو بەیانییەی تیا ماوە!.** (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٣٠٨ ـ ٣٠٩)

هەریەکە لە دەربڕینەکانی (بۆنی ڕەنگ و بۆنی دەنگ و بۆنی گوڵە مێخەك و قەسیدەی جوان) بەر هەستی (بۆنکردن) دەکەون. شاعیر ئەم دەربڕینانەی لە سەر بنەمای هەستگۆڕکێ بنیاتناوە، چونکە (ڕەنگ) شتێکە کە بە هۆی هەستی (بینین)ەوە هەستی پێ دەکرێت، کەچی لێرەدا شاعیر هەستی (بۆنکردنی) پێداوە، واتا هەستی بینینی بۆ هەستی بۆنکردن گۆڕیوە، هەروەها دەربڕینی (بۆنی .. قەسیدەی جوان)یشی بەهەمان شێوە بنیاتی ناوە، هەروەها (دەنگ) بە هۆی هەستی (بیستن)ەوە هەستی پێ دەکرێت، کەچی شاعیر لێرەدا هەستی بۆنکردنی پێداوە، واتا هەستی بیستنی گۆڕیوە بۆ بۆنکردن، واتا هەستگۆڕکێ ((ئاڵوگۆڕکردن و گۆڕینی خاسیەت و ئەرکی هەستەکان، بە بەکارهێنانی یەکێك لە هەستەکان لە بری یەکێکی دیکە بۆ گوزارشتکردن لە بارێکی دەروونی)).[1]

## ـ سەرچاوەی وێنەی شیعری لە بنیاتی شیعری دەقەواڵاکاندا

بە شێوەیەکی گشتی دەقەواڵاکان ڕەنگدانەوەی واقعێتی کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەتی شاری سلێمانین، هەربۆیەشە شاعیر لە بنیاتنانی وێنە شیعرییەکاندا سوودی لە هەموو لقەکانی کەلەپوور وەرگرتووە، واتا هەر لە ئەفسانە و فۆلکلۆرەوە بۆ پەندی پێشینان، داب و نەریت تا دەگاتە واقیع و ڕووداوە مێژوویی و کەسایەتیە مێژوویی و بابەتە سیاسی و ئاینیەکان. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا:

**بێکەس بەرەو ڕیزی یەکەم هەنگاوی نا.**

[1]. ناز ئەحمەد سەعید، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا، ل٢٩٨.

**دوو شەقاو لەلای منەوە، بوو بە بالای**

**کلپەیەك و پە نجەکانیشی بە پشکۆ.**

**بەرامبەر مستەر ئەدمۆنس**

**"بیست و حەوت ساڵە"ی خوێندەوە**

**دەنگی هەڵچووی بوو بەتۆفان**

**وشەکانیش بە مەشخەلان**

**چاوم لێبوو مستەر ئەدمۆنس**

**بوو بە کیسەڵ**

**ملی بردەوە قاوغ و**

**ڕەنگی نەماو دەنگی نەما.** (کورسی: ل١٠١ ـ ١٠٢)

**لەم وێنەیەدا (کورسی) لە سەربنەمای شێوزای (بەکەسکردن)، بەکەس کراوە و قسە دەکات. ئەو کورسییە ئەو ڕووداوە مێژووییەمان بۆ دەگێڕێتەوە. کاتێك، کە (بێکەس)ی شاعیر لە نەوروزدا لە سەری دانیشتبوو و زۆر بەبێ ترس و بێ باکانە، بە ئامادەبوونی (مستەر ئەدمۆنس) و لایەنگرانی، باسی هەموو زوڵم و زۆردارییەکانی دەسەلاتداری ئینگلیزی کردبوو.**

**هەورەها شاعیر لە وێنەیەکی تردا ڕووداوی مێژوویی ڕاپەرینی بەردەرکی سەرا، کە ناسراوە بە ڕاپەرینی شەشی ڕەشی ئەیلوولی (١٩٣٠)، ئاوێتەی شیعرەکانی کردووە، کە خەلکێکی زۆر لەو کارەساتەدا شەهید بوون.**

**بەلام ئەمەوێ لێرەدا بۆەستم و**

**بگەرێمەوە بۆ دواوە،**

**بۆ شەڕی بەردەرکی سەرا.**

**کۆرسیەکی سەرپەڕ: ببۆرە قسەکەیشت پێئەبرم. باشە**

**لە شەڕی بەردەرکی سەرادا تۆ لە کوێ بووی؟**

**کورسیەکە: هەر لێرەبووم! بۆچی؟!** (کورسی: ل٢٢٥ ـ ٢٢٦)

**شاعیر لە وێنەیەکی تردا کارەساتی (شەری براکوژی)، کە ڕووداوێکی مێژووییە ئاوێتەی شیعرەکانی کردووە، دەڵێت:**

**من زۆر دەمێکە باوکم چۆتە لای گڵ**

**نیشتیمانی پیرۆز بە دەستە پیرۆزەکانی خۆی**

**بەر لە دەساڵ**

**لە بەیانییەکی تەماویدا**

**لە پێچی مێژوویەکی شوومدا**

**ئەو کاتەی ولات بووبوو**

**بە دەستارێکی گەورە گەورەو**

**براکانیش یەکتریان پێ ئەهاڕی!.** (ئێستا کچێك نیشتیمانە: ل٢٣٢ ـ ٢٣٣)

**لەم وێنەیەدا (ڕۆژانا)، بۆ دەستنیشانکردنی ساڵ و ڕێکەوتی وەفات و شەهیدبوونی باوکی، ئاماژە بە شەری براکوژی دەکات، دەڵێت لەو شەڕەدا شەهید بووە. شاعیر ئەم وێنەیەی لە سەر بنەمای لێکچواندن بنیات ناوە، کە (ولات)ی بە**

هەواڵنامەی کتێب

(دەستاری گەورە) چواندووە. لێرەدا مەبەستی ئەوەیە وڵات ببوو بە مەیدانی شەڕ و براکانیش تێیدا یەکتریان ئەکوشت. ئەوەی لەم وێنەیەدا بەرجەستەکراوە، خوێندنەوەی ئەو ڕووداوە رابردووەیە، کە تراژیدیای مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ، کوشتنی برا بە دەستی برا تا ئێستاش هەر ماوە. دەتوانین بڵێن، کە شاعیر لەم وێنەیەدا سوودی لە بەسەرهاتی (قابیل و هابیل) وەرگرتووە.کە بابەتێکی ئاینییە. هەروەها شاعیر لە شوێنێکی تریشدا ئەم کارەساتە لە وێنەیەکی زۆر جوان و دەگمەندا بۆمان دەخاتەڕوو و دەڵێت:

من کە چاویلکەی نووسەرم

..........................

لە دواییشدا

بڕۆم و سەرم هەڵگرم

..................

ئەم وڵاتە نەبینمەوە.

ئاخر لە ناو یەك زماندا

کە وشە وشەی ئەتککرد

لە یەك خاکدا

شاخ شاخی کوشت

شار شاری کوشت

گەڕەك گەڕەکی سەربڕی!

ئەبێ ئیتر ئەوە چی بێ

ئێمە پێی بڵێن ((شۆڕش)) و

ئەوەیش چی بێ

ناوی لێ بنێین ((ئازادی؟!)) (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٦٦ ـ ١٦٧)

ئەم وێنەی لە سەر بنەمای شێوازی بەکەسکردن بنیاتنراوە، کە تێیدا چاویلکەی نووسەر بەکەسکراوە و قسە دەکات، و باس لە شەڕی ناوخۆ دەکات و بێزاری خۆی لە بەرامبەر ئەو شۆڕش ئەو مێژوویە و ئەو میللەتە دەردەبڕێت. ئەویش لە دەربڕینەکانی (وشە وشەی ئەتککرد، شاخ شاخی کوشت، شار شاری کوشت، گەڕەك گەڕەکی سەربڕی)، کە تێیدا (وشە و شاخ و شار و گەڕەك)ی، بەکەسکردووە، هەموویان ئاماژەن بۆ ئەو دوژمنایەتی و شەر و دووبەرەکییەی کە لە نێوان خۆدی تاکەکانی کوردا هەیە، کەناویان ناوە شۆڕش بۆ بەدەست هێنانی ئازادی. دەتوانین بڵێن مەبەستی شاعیر لەم وێنەیەدا، سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان، واتا مەبەستی دوو ئیدارەیی هەردوو حزبە سەرەکییەکانی (پارتی و یەکێتی) بوو بێت. هەروەها شاعیر لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

من بە حاڵ هەر ئەوەندەم لە بیرە:

ڕۆژێك چوار ڕەنگی کوژراویان هێنایەوە

بۆ گەڕەکەکەمان. دوو تابووتی سەوز و دوو

تابووتی زەرد. دوو دایکیشم بینی نە سەوز

هەواڵنامەی کتێب

بوون و نه زەرد، هەردووکیان خوشکی یەك بوون و
ڕەنگە کوژراوەکانیش کوڕی هەردووکیان؟ (ئێستا کچێك نیشتیمانمە: ل١٢٥)

شاعیر لە بنیاتنان و بەرجەستەکردنی ئەم وێنە شیعرییە سوودی لە بابەتی سیاسی وەرگرتووە. مەبەستی لەم وێنەیە بەرجەستەکردنی سیستەمی بەڕێوەبردنی حکومەتە، کە لە سەر بنەمای دوو ئیدارەییە، کە شاعیر ئەم مەبەستەی لە دەربڕینەکانی (دوو تابووتی سەوز و دوو تابووتی زەرد)ە بەرجەستەکردووە، هەروەها مەبەستی لە دەربڕینی (دوو دایك)ەکە، دوو ئیدارەییە، واتا هەردوو ئیدارەی پارتی و یەکێتی، یان دەتوانین بڵێن مەبەستی شاعیر لە چوار تابووتەکە، چوار پارچەی کوردستانیش بێت. لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەوەیە، کە لە وڵاتێکدا دەژیت کە هەتا تابووت و لافیتەی مردووەکانیشیان بۆنی حیزبایەتیان لێ دێت، کە ئەمەش زاڵبوونی کاریگەری حیزبایەتییە و هەموو شتێك لە وڵاتدا بەسەر بازنەی حیزبایەتی دابەشکراوە.

لە وێنەیەکی تردا شاعیر ڕۆژی ڕزگارکردنی شاری سلێمانی لە دەست ڕژێمی بەعسەوە ڕاپەرینی شاری سلێمانی، کە دەکاتە ١٩٩١/٣/٧، ئەم ڕووداوە مێژووییەی ئاوێتەی شیعرەکانی کردووە، دەڵێت:

١٩٩١/٣/٧
مردنیان گرت .. مردنیان کوشت؟
ئێستاکە ئازادی ئەسپێکە
لە پەڕەی گوڵاڵە و
خەو، سوارە و
هەردووکیان پێکەوە لە شاردا
هاتوونە سەرجادە. (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٢٤٠)

ئەم وێنەی لە سەربنەمای بەرجەستەکردن بنیاتنراوە، چونکە (مردن) شتێکی واتاییە، کەچی شاعیر لە سەر بنەمای (بەزیندەوەر کردن)، هەردوو کرداری (گرتن و کوشتن)، کە تایبەتن بە زیندەوەران بۆی بەکارهێناوە، وەکو زیندەوەر مامەڵەی لەگەڵ کردووە، هەروەها لە سەر بنەمای هونەری لێکچواندنەوە لە سەر بنەمای شێوازی (بەگیانەوەرکردن)، (ئازادی)، کە شتێکی واتاییە بە (ئەسپ)ی چواندووە، ڕەمزی خەبات و ڕاپەرینە، ئەو پێوەندیە ڕەسەن و کۆنەی کە کورد لەگەڵ ئەسپدا هەیەتی. لە سەر بنەمای هونەری خواستن، لە ڕێگەی شێوازی (بەکەسکردن)، (خەو)، کە شتێکی واتاییە، سیفەتی (سواربوون)، کە تایبەتە بە مرۆڤ پێ بەخشیووە. مەبەستی شاعیر لەم وێنانەدا بەدەسهێنانی ئازادای و بەدیٰ هاتنی هەموو ئەو هیوا و ئاوات و خەون و خۆلیایانە بوو، کە دوای زەمانێك خەبات و هەوڵدان بۆی هاتنەدیٰ.

هەروەها شاعیر لەوێنەیەکی تری شیعریدا لە وەسف و پێناسەکردنی سروودی نیشتیمانیدا، داستانی مێژوویی و کەسایەتی و شوێنی مێژوویی لە پێکهاتە گرنگەکانی ئەم پێناسەیە ناو دەبات و دەڵێت:

ئەم سرووده

**هەر بۆنی قەڵای دم دم و ئەسپەکانی دوانزە سوارە و**
**بۆنی کەوای پاشا کۆرە و بۆنی تۆپەکەی**
**وەستا ڕەجەب و بۆنی کەڕووی سەدەکانی**
**ناوەڕاست و بۆنی قلیانی با پیرو**
**بۆنی ئەشکەوتەکەی هەزارمێردی لێدێ!** (ئێستا کچێك نیشتیما نمە : ل٥٤)

مەبەستی لەم وێنەیدا بەسەرچوونی سردووە نەتەوایەتیەکەیە، کە شاعیر پێ وایە ئەم سرووده لەگەڵ سەردەمی ئێستادا ناگونجێت.

شاعیر لە وێنەیەکی تردا کە لە سەر شێوازی چیرۆکی و شێوەی گێڕانەوە دروست بووە، لە ناساندنی مامۆستا و موسیقاری شاری سلێمانی (ولیەم یۆحەنا)دا، ئاماژە بۆ دوو کەسایەتی تر دەکات، کە یەکەمیان: کەریمی ئەلەکەیە، یەکێکە لە پیاوە مەسیحیە ناودارەکانی شاری سلێمانی و خێرخواز وەزیری دارایی لە کابینەکەی حکومەتی شێخ مەحمودی حەفید، کەسایەتییەکی مێژووییە. دووەمیشیان: ئەبۆنایە مەبەست لە قەشە "یوسف پەری"یە، ڕووناکبیرو کورد پەروەر. ساڵانێکی دوورودرێژ لە فەرەنسا و لە پاریس بوو. لەو ساڵانەی دواییدا بە نەخۆشی سەرەتان کۆچی دوایی کرد.[1] (شێرکۆ بێکەس) دەڵێت:

**ڕۆژێك عاشق میوانی هات. میوان هاتە ناو باڵکۆن و**
**ئۆکۆردیۆنی بەسنگەوە. میوانێکی زۆ بۆن خۆش بوو،**
**بۆنی گەردنی مریەم خاچەکەی مەسیح و بۆنی**
**مۆردی ماڵی کەریمی ئەلەکە و بۆنی ((ئەبۆنا))ی لێ ئەهات**
..........................................................
**ئاخر هەیە لەم شارەدا نەزانێ کێیە ولیەم یوحەنا!** (کورسی: ل١٢٣ ـ ١٢٦)

هەروەها لە وێنەیەکی تریشدا ناوی ئەم کەسایەتییە مێژوویەی (کەریمی ئەلەکە)ی بردووە. ئەم وێنەیەش بە هەمان شێوە لە سەر شێوازی چیرۆك و شێوەی گێڕانەوە بنیاتنراوە، لە سەر بنەمای شێوازی (بەکەسکردن) بنیاتنراوە، چونکە شاعیر سیفەتی (قسەکردن)، کە تایبەتە بە مرۆڤ بە (پشیلە)ی بەخشیووە، وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ کردووە. هەروەك لە وێنەکەدا دەڵێت:

**ـ ڕۆژتان باش!**
**من ناوم پشیلەیە. بە نەتەوە کوردم و بە ئایین**
**مەسیحی.هەندێ کەس بە ((جۆرج))یش بانگم**
**ئەکەن. ئێستە بێکارم.بەڵام ماوەیەك لەمەوبەر**
**ساعووری تاقە کلێساکەی ئەم شارە بووم. منی پشیلە**
**یان جۆرج، با پیرە هەرە گەورەم یەکێك بووە لە**
**پشیلە دەوڵەمەند و خێرخوازەکانی ناو ماڵی کەریمی ئەلەکە.** (ئێستا کچێك نیشتیما نمە :ل٥٨ـ ٥٩).

هەروەها شاعیر لە وێنەیەکی تردا بە هۆی هونەری لێکچواندنەوە (نیشتیمان)ی بە چەند کەسایەتییەکی مێژووی و ئاینی چواندووە، دەڵێت:

---
[1]. شێرکۆبێکەس، کورسی، ب. ل.

ئەم نیشتیمانە نیوەڕوان کە ئەیبینی
خۆیمان لێ ئەکا بە ((گاندی)) و
لە شەویشدا ((بۆکاسا))یەو
بە بەیانیان سۆفییەکی نوورانیەو
ئیوارانیش جلی (بارق) و حەجاج)ی
لەبەردایە! (ئێستا کچێك نیشتیما نمە: ل١٥٩)

چەند نموونەیەك لەو وێنەشیعریانەی، کە شاعیر لە بنیاتنانیاندا سوودی لە داب و نەریت وەرگرتووە. بۆ نموونە: لە وێنەیەکدا، باسی بە شوودانی کچ دەکات لە ناو بێشکەدا، کە ئەم دیاردەیەش لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا لە کۆمەڵگەی کوردیدا نەریتێکی باوو بووە، بەڵام دواتر بەرەبەرە بە هۆی بەرەوپێش چوونی کومەڵگە، بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری و پەیدابوون و پەرەسەندن و بڵابوونەوەی خوێندەواری بە شێوەیەکی فراوان، نەما. بە شێوەیەکی گشتی وەکو دیاردە تا دەوری سالانی هەشتاکان لە ناو میللەتی کورددا نەماوە، لەگەڵ ئەوەشدا بنبڕ نەکراوە. شاعیر لە نموونەکەدا دەڵێت:

ئەمڕۆ لەگەڵ خاتووندا چووین
بۆ شاییەك
لە گوندێکی نزیکی شار
لە فرسەتێکدا ملوانکە بووکەکەم دی
لێم پرسیی چۆن شووتکردووە
بەم بەرانە سمێڵ ڕەشە؟!
دوای دڵداری؟!
وتی: نەخێر، هێشتا لەناو لانکەدا بووم
کە منیان کردبووە ملی! (ملوانکە: ل١٥٤ ـ ١٥٥)

شاعیر ئەم وێنەی لە سەربنەمای شێوازی بەرجەستەکردن (بەکەسکردن) بنیاتی ناوە، چونکە لێرەدا ملوانکەی بەکەسکردووە و قسە دەکات.

هەروەها لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

لە ئێستەدا وا هەست ئەکەم
من خۆڵ و پووش و پەڵاشی
وەرزی نامۆیی خۆمم و
ئاوێنەیەکی شکاوی ورد و خاشی
بێهوودەیی و تەنیاییم و (ئێستا کچێك نیشتیما نمە: ل١٣ ـ ١٤)

لێرەدا لەو وێنەی، کە لە سەربنەمای هونەری لێکچواندنەوە بنیاتنراوە، کامەران گەنجییێتی خۆی بە (ئاوێنەی شکاو و ووردوخاش) دەچوێنێت. (ووردوخاش)ەکە تاکید بۆ زۆری شکاویەکە و جەخت کردنەوەیە لە سەری، (ئاوێنەی شکاو)یش تاوەکو ئێستاش لە بیروباوەری کۆمەڵگەدا نیشانەی بەختە، شکانیشی نیشانەی شکانی بەختە. ئاوێنە

هەواڵنامەی کتێب

نیشانەی سافی و جوانییە، هەتا دەبینین لە لای کوردانی رۆژهەڵاتدا کاتێك، کە بووك دەبرێت ئاوێنەیەکی لە پێش دەبەن و لە لای فارسەکانیش ئەو داب و نەریتە هەیە.کە ئاوێنەیەك لەگەڵ هێندێك شتی تر، کە بە هەمووی دەکاتە حەفت شت لە سەر سفرەیەك ، کە پێ دەگوترێت (سفرە عقد)لە پێش بووکەکە دادەنیین.ئەمەش دەلالەتە لەوەی، کە بووکەکە چۆن خۆی لە ئاوێنەکەدا بەسافی و جوانی دەبینی. بەختیشی وا ساف و روون بێت، هەتا کە ئاوێنەش لە دەستی هێندێك کەس بەر دەبێتەوە دەڵێن حەفت ساڵ بەختی دەگیرێ.هەروەها لە وێنەیەکی نزیك لەم وێنەدا شاعیر وێنەیەکی زۆرجوانی لەو بیروباوەڕە بنیات ناوە، کاتێك کە بووك دەهێننە ژورەوە پارەو و شوکولات و هێندێك شتی تر بە سەر بووکەدا فرێ دەدەن، کە دەلالەتە لەوەی پێ بووکە خیروبەرەکەت و خۆشی پێوە بێت. ئەم دیاردەیە وەکو نەریتیك بە شێوەیەکی بەرچاو لەکۆنەوە هەبووە و تا ئێستاش هەر ماوە لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا، لە ناو فارسەکانیش هەیە، بەلام لێرەدا شاعیر ئەم نەریتەی بۆ مەبەستێکی تر بەکارهێناوە، کە دەڵێت:

**دیسانەوەڕێوی قۆشمە هەڵیدایەوە:**

**هەتا ئێمە ڕیزێ فیشەك**

**بەسەر بووکدا ئەتەقێنین**

**سەدام دوو سێ ڕیز گوولەتۆپ**

**بەسەر بووکدا ئەتەقێنێ**

**لەوانەیە تۆزێکی تر**

**لە ئاسمانەوە نوقلیشمان بۆ فڕێیدات**

**بەڵام تکایە کەس نە یخوات**

**چونکە لەوانەیە سەدام ئەو نوقڵانەیش ژەهراوی کات!**.(ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٢١٨ ـ ٢١٩)

شاعیر لە بنیاتنانی چەند وێنەیەکدا سوودی لە داستانەکان وەرگرتووە، بۆ نموونە لە وێنەیەکدا دەڵێت:

**ئەسکەملە سنەییێکە: من حەز ئەکەم، سبەی شەوم بۆ تەرخانکەن.**

**مەگەر داستانی فیردەوسی، ئەو**

**تولانییەی ئاسیوو یان هەناسەی منی هەبێت**.(کورسی: ل٩٠ ـ ٩١)

لەم وێنەیەدا چەند کورسیەك بەکەسکراون، کە هەریەکەیان بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی بۆ ئەوانی تر دەگێڕێتەوە، لێرەدا نوورەی کورسییە ئەسکەملە سنەییەکەیە، کە بەسەرهاتی خۆی بگێریتەوە. بە کورسیەکانی دیکە دەڵێت با شەویکی تر بۆ من بێت، چونکە بەسەرهاتی ژیانی من زۆر تولانییە و دووروودرێژە و زۆری دەوێت. کورسیەکە لە ڕووی تولانی و دوور و درێژییەوە بەسەرهاتەکانی خۆی بە داستانی فێردەوسی چواندووە، دەڵێت مەگەر داستانی (فیردەوسی) بەقەد بەسەرهاتی من تولانی بێت. داستانی فێردەوسی کۆنترین بەرهەمی ئەدەبی ئێرانییە، کە زیاتر دەچێتە ناو خانەی ئەفسانەوە، باس لە بەسەرهاتی کورێك دەکات، کە بە دەستی باوکی دەکوژرێت بێ ئەوەی هەردوو لا بزانن. باوك و کوری یەکترن، دوای بریندار بوونی کوڕەکە بە دەستی باوکی، باوك بە هۆی پارچە پەروی دەستی دەزانیت کە کوری ئەوە، بەلام ئیترلەو کاتەدا کار لە کار ترازاوە چونکە کورەکە بە هۆی برینەکەی دەمریت. هەروەها شاعیر وەك زۆربەی شاعیرانی تر لە بنیاتنانی وێنەی شیعریدا سوودی لە (پەندی پێشینان) وەرگرتووە،کە بەشێکی گرنگی فۆلکلۆرە سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری ترە بۆ شاعیران.لە وێنەیەکدا دەڵێت:

**منیش لە باسەکەم لامدا. بابچمەوە بۆ ناو سەرا.**

هەواڵنامەی کتێب

بیرم نەبوو خاوەنەکەم "نوری عەریزە نووس" یان
پێئەوت. ناوی باوکیم بیرچۆتەوە. پیاوێ بەژەهرەوە
ئەخورا. (کورسی: ل٢٠١ ـ ٢٠٢)

شاعیر لەم وێنەیەدا سوودی لەو پەندە وەرگرتووە، کە دەڵێت ((هێندە پیاوێکی باشە بەژەهری ماریش دەخورێت))، مەبەست لێ، واتا پیاوێکی ئەوەندە باش و چاکە لەگەڵ خەڵك، و لە لای خەڵکەوە زۆر خۆشەویستە. شاعیر لە سەر بنەمای دیالۆگ وێنەیەکی لەم پەندە بەرجەستە کردووە.

هەروەها لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

ملوانکەی دایك: ئای کچەکەم! تۆیش وەکو من
ئاوێنەی مێیت و تەماویت!
ئەستێرەی مێیت و کزکزیت.
هەر کوتومت لە شەوگاری پرچی خۆمی. (ملوانکە: ل١٣٦)

شاعیر لە بەرجەستەکردن و بنیاتنانی ئەم وێنەیەدا سوودی لە ئەو پەندانەی، کە پەیوەندی نێوان دایك و کچ دەخەنەڕوو وەرگرتووە. بۆ نموونە پەندی ((بەختی دایك جیهازی کچ))، یان ((دایکێ ببینە کچێ بخوازە))، مەبەست لەو پەندانەش ئەوەیە، کە کچ بە زۆری دەچێتەوە سەر دایکی بۆیە پەندەکە دەڵێت: دایکەکە ببینە گەر بە دڵت بوو کچە بخوازە، چونکە کچەکە چووەتەوە سەر دایکی وەك دایکییەتی.ئەم وێنەیەش لە سەر بنەمای لێکچوواندن بنیاتنراوە.

هەروەها لە وێنەیەکی تردا دەڵێت:

ئەمڕۆ کلاوێکی ئێرە
................
شایی کرد و ژنی هێنا
گابەردێکی بەردەم ژووری
بووك و زاوا
بەدەنگێکی گڕ نەڕاندی:
ـ بەم بۆردومانی تەیارە و
تۆپ بارانە
تو خوا ئێستە وەختی شایی و
ژنهێنانە؟!
......................
قەلەباچکەیەکیش وتی:
ئەمە ژیانە و ناوەستێ
لەیەك کاتدا من ئەمرم و
یەکێکی تر سەری لە هێلکە ئەجووقێ
بۆچی نابێ؟!(ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٢١٣ ـ ٢١٥)



هەولێرنامەی کتێب

لە بنیاتنانی ئەم وێنەیەدا شاعیر سوودی لەو پەندانە وەرگرتووە، کە دەلالەتەن لە بەردەوامبوونی ژیان، لە هەموو بارودۆخەکاندا، هەتا هەناسە ئەدەین و دەژین ئەبێت هەر بژین و هەوڵی بۆ بدەین. بۆ نموونە یەکێك لەو پەندانەی، کە دەڵێت: ((هەتا مرنێ هەر کرنە)).

هەروەها شاعیر لە رێگەی سوود وەرگرتن لە بۆاری ئایینی بە تایبەتی ئایینی ئیسلام، کە بە درێژایی مێژوو لای شاعیران سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی وێنەی شیعری بووە. چەند وێنەیەکی شیعری جوان و دەگمەن بەرجەستە کردووە. بۆ نموونە لەم وێنەیەدا دەڵێت:

قاسەیەکی نێرینە مرد.

قاسەی باوك

چوار مندالی دوای خۆی جێهێشت

سێ کچە بازن و یەك کوڕە قەڵەمبڕ.

..............................

دوێنێ دادگا بە پێی دادو

قانونی پیاو

بۆ میراتی قاسەی باوك

وای بڕیەوەو وای دابەشکرد

کە قەڵەمبڕ بە تەنها خۆی

لەو میراتە

بەقەد هەر سێکیانی بەرکەوت!(ملوانکە: ل١٥١ ـ ١٥٢)

شاعیر بیرۆکەی ئەم وێنەی لە سەر بنەمای ئەو رێنماییانە بەرجەستە کردووە، کە شەرعی پیرۆزی ئیسلام دایناوە. بۆ دابەش کردنی میرات بە سەر میراتگرەکاندا، بەڵام لێرەدا دەتوانین بڵێن شاعیر بە جۆرێکی تر باسی کردووە، چونکە بە پێ ئەو شەرعە هەر نێرینەیەك بە قەد دوو مێینە میراتی بە بەردەکەوێت. کەچی لەم وێنەیەدا یەك نێرینە بە قەد سێ مێینەی بەرکەوتووە. لە وێنەیەکی تری هاوشێوەدا شاعیر دەڵێت:

لە بەردەمی

دادگایەکی دارستاندا

دەڵە سەگێ

لە سەر چەقەڵێ شایەتی دا

کە فێر بووە شەوانە دێ و

بەچکەکانی ناو گوند ئەخوا!

یەکانەیەکی بەرازیش شایەتی دا

کە دەڵە سەگ ڕاست ناکات و

بۆختان ئەکا.

کەچی لە دواییدا دادگا

بڕیاریدا چەقەڵ بەردا

لە بەرئەوەی کە شایەتی نێرینەیەك
بە پێی شەرعی ناو بێشەڵان
دووجار بەرامبەر زیاترە
لە شایەتی مێینەیەك!( ملوانکە :ل١٨٣ـ ١٨٤ )

لەم وێنەیەشدا بە هەمان شێوە شاعیر سوودی لەو شەرع و ڕێنماییانەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەرگرتووە، کە بۆ حالەتی شایەتی دان دانراون. لەو شەرع و رینماییانەشدا شایەتی دوو مێینە بەرامبەر و یەکسانە بە شایەتی نێرینەیەك.

هەروەها شاعیر لە سازاندانی چەندین وێنەی شیعریدا سوودی لە ئەفسانە وەرگرتووە. بۆ نموونە :
شیعری جوان .. جوان نابێ
.........................
هەموو جارێ گۆرانییەك
بۆ سووتانی قەقنەسێکی
عاشق نەڵێ!( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل١٢٨ )

شاعیر لەم وێنەیەدا، سوودی لە باڵندەی ئەفسانەیی (قەقنەس) وەرگرتووە، کە لە ناو شیعری کوردیدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە. باڵندەیەکی ئەفسانەییە و ئاوازێکی زۆر خۆشی هەیە. ئەم باڵندەیە دەچێتە سەر بەرزترین لوتکە دەخوێنێت. بە هۆی ئاوازە خۆشەکەیەوە باڵندەی زۆری لێ کۆدەبنەوە. هێندێك لەو باڵندانە دەخوات. هێندێك دەڵێن: ئەو باڵندەیە هەرکات، کاتی مردنی هات. بە ئاوازە خۆشەکانی دەست بە خوێندن دەکات، و هەر باڵ لێك دەدات. تا گەرم دەبێت و دەسوتێ و دەبێتە خۆڵەمێش، لەناو خۆڵەمێشەکەی هێلکەیەك دەترۆکێت و قەقنەسێکی نوێ لێ دروست دەبێت. یەکێکی تر لەو ڕەمزە ئەفسانەیانەی، کە شاعیر لە سازاندنی وێنە شیعرییەکانی بەکارهێناوە (دێو)ە، دێویش (( بریتییە لە بیرهێنەرەوەی شێوەی شەیتان، باڵدار و پێی نینۆکدار، هەرچەندە لە شێوەی مرۆڤە، لەگەڵ ئەوەشدا خەسلەتی ئاژەڵیشی تێدا بەدی دەکرێت و بەکاری خراپ و بەد ناسراوە و شەڕ لەگەڵ ڕۆحی مرۆڤ دەکات )).[1]هەروەك لە وێنە شیعریەکەدا دەڵێت:
بەڕەوە گورگی ڕەشەوە
قەڵای سووری دێوێکیان گرت
کە لە قوللە و دیوارێوە
تا ئەوساتەیش
خوێنی لێ ئەچۆڕایەوە! (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل٢٤٥ )

هەروەها شاعیر لە وێنەکی تری شیعریدا، بۆ خستنەڕووی مێژووی کتێب لە ڕووی هەبوونەوە، واتا لووی ئەو مێژووە کۆنەی کە کتێب هەیەتی. سوودی لە ئەفسانەی (گلگامش) وەرگرتووە، کە ئەفسانەیەکی زۆر کۆنی سۆمەرییەکانە، ئەم داستانە باسی (گلگامش) پاشای وەرکا و برادەرەکەی (ئەنکیدۆ) و پاڵەوانەتێیان دەکات .. باس لە نەخۆش کەوتن و مردنی (ئەنکیدو) و نیگەران بوونی (گلگامش) بەم ڕووداوەوە و هەوڵەکانی بۆ ڕزگارکردنی

[1]. جیمزهال، فرهنگ نگارەای غادرها هنر شرق و غرب، ت/ د. رقیه بهزادی، چ٤، تهران، ١٣٨٩، ل٢٤٨.

له (مردن) دەكات، بەڵام هەر بەبێ هوودە بوو. شاعیر لەم وێنەیەدا كۆنی هەبوونی كتێب بە كۆنی (گلگامش) دەچووێنێت و دەڵێت:

**من لە قڕەوە كتێبم**

**هێندەی ((گلگامش))یش كۆنم ..**

**من نەبوومایە ژیان كوێر ئەبوو** (ئێستا كچێك نیشتیمانمە: ٢٣٦ ـ ٢٣٧)

هەروەها لە وێنەیەكی تردا سوودی لە بابەتی (هەلو)یەكە وەرگرتووە . كە زیاتر دەچێتە خانەی ئەفسانەوە، گوایە لە كۆندا بۆ هەڵبژاردنی پاشای وڵات خەڵكەكە هەلویەكیان لە هەوادا دەفراند. ئەم هەلویە لە سەر شانی چ كەسێك دانیشتیبا. ئەوا ئەو كەسە دەبوویە پاشا جا لە هەر چین و توێژێكی كۆمەڵگا با. لە وێنەكەدا دەڵێت:

**" با"یەكی قژ سوو گەیشتە گردی یارە**

**هەڵۆیەك لە سەرشانی بوو ئەتوت بەفرە** (كورسی: ل١٠٥ ـ ١٠٦)

هەروەها لە بنیاتنانی چەندین وێنەدا سوودی لە بابەتە فولكلۆریەكان وەرگرتووە. بۆ نموونە لە لە بنیاتنانی ئەم وێنەی شیعرییەی خوارەوە. سوودی لە یاری (دەنكە شقارتە)، كە یاریەكی كۆنە دەتوانین بلێن: یاریەكی فۆلكلۆرە، كە یارییەكە لە نێوان دوو كەس یان دوو تاقمدا ئەكرێت. لایەك لە ناوخۆیاندا ناوێك ئەگرن. پێویستە لایەكەی تر بە دە پرسیار، بە دە دەنكە شقارتە ئەو ناوە بدۆزنەوە. لە وێنەكەدا دەڵێت:

**ئاوی قسە، كەمی ئەكرد بەرەو كزی.**

**یاریی دەنكە شقارتەكان دائەمەزرا**( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٩١)

شاعیر وەكو هەموو شاعیرانی تر لە سازاندنی چەندین وێنەی شیعریدا سوودی لە ئەدەب و شاعیرانی پێش خۆی وەرگرتووە. وەك لەم نموونەی خوارەوەدا:

**لەسەر جادەی سابۆنكەران، سی چل ژنە قەلەڕەشكە**

**ئاگرێكی گەورەیان كردبووە و یەك لە دوای یەك، عەباو**

**حیجاب و پارتیۆ و مانتۆكانیان لەبەر خۆیان داكەندۆ**

**هەر هەموویان فڕێدایە ناو ئاگرەوە هەتا تەواو تەواو سووتان** (كورسی: ل٢٨٩)

هەروەها لە وێنەیەكی تری هاوشێوەدا دەڵێت:

**من بە نەهێنی**

**لەگەڵ پە نجەكاندا ڕێكەوتووم**

**ئەمشەو زیندانەكە ئەبڕین**

**ئازاد ئەبم**

**لە دواییشدا**

**حیجابەكەیش ئەدەینە دەست**

**چەخماخەیەك**

**لە سەر بەرزترین لوتکە**
**بە بەرچاوی مێژەرەکانی دنیاوە بیسوتێنیٚ** ( ئێستا کچێك نیشتیمانمە : ل٧٥ ـ ٧٦ )
**شاعیر لە نووسین و بنیاتنانی ئەم دوو وێنەیە شیعرییە سوودی لەو دێڕە شیعرەی شێخ نووری شێخ صالح وەرگرتووە، کە دەڵێت:**

**دایگرن توخوا فڕێیدەن بیخەنە تەندوورەوە**
**حەیفە ڕۆژی ڕوون ئەنێنە ناو شەوی دەیجوورەوە**[1]

## ـ تەوەری دووەم/

## ـ بنیاتی ڕۆمان و چیرۆك

ڕۆمان و چیرۆك ئەو دوو ژانرە ئەدەبییەن، کە لە سەر بنەمای تەکنیکی گێڕانەوە بنیات دەنرێن. لە ڕێگەی تەکنیکی گێڕانەوەوە ڕووداوەکانیان دەخەنەڕوو و بە خوێنەر دەگەینن. بە شێوەیەکی گشتی جیاوازی ڕۆمان لەگەڵ چیرۆکدا لەوەدایە، کە ڕۆمان دەقێکی درێژترە لە چیرۆك، واتا چیرۆك کورتترە لە ڕۆمان، هەورەها لە ڕووی بۆنیادیشەوە پێکهاتەی ڕووداو لە ڕۆماندا ئاڵۆزتر و بەرفراوانترە بە بەراورد لەگەڵ بۆنیادی ڕووداو لە چیرۆکدا. ئێمە لێرەدا بۆ سەلماندنی هەبوونی بنیاتی ڕۆمان و چیرۆك لە ناو دەقەوالاکاندا تەکنیکی گێڕانەوە، کە بنەمای سەرەکی بنیاتنانی هەردوو ژانرەکەیە وەردەگرین. بۆ ئەم سەلماندنەش بنیاتی ڕۆمان و چیرۆك لە دەقی (کورسی و ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە) بە نموونە وەردەگرین.

## ـ تەکنیکی گێڕانەوە

گێڕانەوە وەکو پرۆسەیەکی گوزارشتکردن و دەربڕین بەشێکی گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا پێکهێناوە، هەر لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤەوە سەری هەڵداوە و هەبووە. بنەمایەکی سەرەکی ژانری ڕۆمان و چیرۆکە، پرۆسەیەکی زمانییە و خاوەنی هیچ جۆرە یاسایەکی تایبەت نییە، چونکە داهێنانی پرۆسەی گێڕانەوە بەندە بە شارەزایی و لێهاتوویی ڕۆماننووس، لە خوڵقاندنی جۆری گێڕانەوەدا. تەکنیکی گێڕانەوە لە دەقی هەر ڕۆمان، چیرۆکێکدا کەسێکی گێڕەوەوەی لە پاڵدایە، جا ئەم گێڕەوەوەیەش یان خودی ڕۆماننووس، یا چیرۆکنووسەکەیە، یان کارەکتەرێکی ناویانە، یا فرەدەنگە، هەریەکە لەوانەش گوشەنیگا و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە کرداری گێڕانەوەدا. ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوان هەریەکەیان لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیانەوە چەند جۆرە دابەشکردنێکیان بۆ تەکنیکی گێرانەوە کردووە، چەند ڕێگایەکیان بۆ تەکنیکی گێڕانەوە دەستنیشانکردووە، بەڵام ئێمە پەیرەوی هیچ یەکێك لەو ڕێگا و دابەشکردنانەمان نەکردووە، بەڵکو بۆ سەلماندنی هەبوونی بنیاتی ژانری ڕۆمان و چیرۆك لە دەقەوالاکاندا، چەند ڕێگایەکی گێرانەوەمان وەرگرتووە. لێرەدا هەوڵ دەدەین لە ڕووی تیۆرییەوە بە کورتی باسی ئەو ڕێگایانە بکەین،

---

[1]. کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی ئازاد عبدالواحد، دیوانی شێخ نوری شێخ صالح، ب١، چ/دووەم، مگبعه الجاحڤ، بغداد، ١٩٨٩، ل٤٣٤.

دواتریش بۆ هەر ڕێگایەکی گێڕانەوە لە ژانرەکانی ( ڕۆمان و چیرۆك )ی ناو بنیاتی دەقەوالآکانی ( کورسی و ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە )دا نموونە دەهێنینەوە.

## ١ـ گێڕانەوە لە ڕێی گێڕەوەوە( حیکایە تخوان )

پرۆسەی گێڕانەوە لە ناو ئەو دەقانەدا کە لە سەر بنەمای گێڕانەوە بنیات دەنرێن، لە لایەن گێڕەوەوە ئەنجام دەدرێت. دوو جۆر گێڕەوەوە هەیە. (گێڕەوەوەی خۆدی و گێڕەوەوەی بابەتی). لە گۆشەنیگای گێڕەرەوی خۆدیدا زانیاری گێڕەوەوە لەگەڵ ئەو زانیارییەی کە کارەکتەرەکان هەیانە یەکسانە، لەم گۆشەنیگایەدا نووسەری دەقەکە دەچێتە شوێنی یەکێك لە کارەکتەرەکانی ناو دەقی چیرۆك، یا ڕۆمانەکە بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك ( من )ەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، هەورەها گێڕەرەوی ( هەمان شتزان )یشی پێ دەگۆترێت، بەڵام لە گۆشەنیگای گێڕەوەوەی بابەتیدا زانیارییەکانی گێڕەوەوە زۆر زیاترە لەو زانیارییانەی کە کارەکتەرەکان خۆیان لە بارەی خۆیانەوە دەیزانن، لەم گۆشەنیگایەدا گێڕەوەوە لە دواوە دەروانێتە کارەکتەرەکانی ناو دەقی ڕۆمان و چیرۆکەکە، ڕووداوەکان بە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکی ( ئەو )ەوە دەگێڕێتەوە، گێڕەوەوەی ( هەمووشتزان )ی پێ دەگۆترێت.[١]

**نموونەی ڕۆمان**

نووسەر لە بنیاتی ڕۆمان لە دەقی (کورسی )دا پرۆسەی گێڕانەوەی داوەتە پاڵ (گێڕەوەوەی خۆدی )، بە هۆی ئەو گێڕەرەوەیەوە ڕووداوەکانمان بۆ دەخاتەڕوو و دەگێڕێتەوە. لە بنیاتی ڕۆمانی دەقی (کورس )یدا دوو گێڕەوەوە هەیە و هەردووکیان خۆدین، کە یەکێکیان نووسەری دەقەکەیە و ئەوی تریشیان (کورسی )یە، کە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە، هەردووکیان باس لە ژیان و بەسەرهاتەکانی (کورسی ) دەکەن، واتا لێرەدا نووسەر وەك گێڕەوەوەیەك خۆی لە دەسپێکی ڕۆمانەکەدا باس و وەسفی کورسی، کە کارەکتەری سەرەکی یە دەکات. دواتر گێڕانەوەی پێ دەسپێرێت. واتا (( نووسەر ئەوەی لە زەیینیدا هەیە، لەو کەسایەتییەدا کۆیان دەکاتەوە و لە ڕێی ئەوەوە دەیخاتە ڕوو، بەمەش ڕووداوە زەینییەکان لە نێوان نووسەر و کەسایەتیی سەرەکی دۆنادۆن دەکات )).[٢] لە ڕێی جیناوی کەسی یەکەمی تاك ( من )ەوە، پرۆسەی گێڕانەوە ئەنجام دەدەن. بۆ نموونە: نووسەری دەق هەر لە دەسپێکی دەقەکە بە ڕاناوی ( من )ەوە، دەست بە گێڕانەوە دەکات. لە ڕێگەی باس و وەسفی خۆیەوە دەچێتە سەر باسی ئەو کورسیە،کە ڕۆژانە لە چایخانەکەدا لە سەری دادەنیشیت، کە لە خێزانێکی نەجیب زادەیە کەچی ئەمرۆ وا بێ ناز لەو چایخانەدا کەوتووە. دەڵێت:

**منی نووسەری ئەم دەقە، دێرزەمانە،**
**لەم شارەدا، چون "با"یەکی شێت و وێتی**
**پێخاوسی شەرواڵ دڕاوی سەرگەردان،**
**دێم و دەچم و، جارێك ئەبم بە شیعرێکی**
**مەست و سەرخۆشی مەیخانەو، جارێکی دی،**
**..................................**
**....، تەنیاییشم قەلەباچکەیەکە لاواز،**

[١]. ئەردەلان شوکر سابیر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆماە شیعرەکانی (شێرکۆبێکەس)دا، نامەی ماستەر، ز/ سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٩، ل٨٧ ـ ٨٨.

[٢]. د. هیمداد حوسێن، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی نوێی کوردی، چ٢، چا/ باز، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٣٢.

مل ڕووتاوه، هەموو ڕۆژێ، لە چا یخانەیەکی
بچووکی هلمدودا، لە سەر کورسییەکی ماندوو،
لە سەر کورسییەکی تاکی، گۆشەگیری، بە ساڵاچوو،
..............................................
ئەم کورسییە
بە ڕەچەڵەك
کوڕی کوڕی
دارگوێزێکی نەقشبەندیی بەناوبانگی هەورامانە.
..............................................
بەڵام ئیتر
گەمەی زەمان ئاوەهایە
وا ئەمێستا نەوەکەیشی
لەم چا یخانە بچووکەدا
کەس نایناسێ و ( کورسی: ١٢ ـ ٢٦ )
دواتر پرۆسەی گێڕانەوە لە نووسەری دەقەوە دەگوازرێتەوە بۆ کورسیەکە، کورسییەکە بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکی( من )ەوە دەست بە گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی دەکات، هەر لە ساواییەوە و لەو تەمەنەی کە هێشتا لە قوماتەی گەڵادا بووە، تا قۆناغی گەنجییەتی و کاتێ دەبڕدرێت و دەکرێتە کورسی دوای ئەوەی دەبێتە کورسی تا دوایی هەموو ڕووداوەکانی ژیانی بە شێوەی زنجیرەیی دەگێڕێتەوە، دەڵێت:
من ڕۆژگاری بنەتووی و زۆر ساوایی خۆم بیر نییە!.
بۆ نەژادێ هەرە دووریش ڕەنگە باهۆزێ سەرخێڵ و
یان شەپۆلی گەورەی چەمێ نەنکە هەرە
دوورەکەم و یان لە ئەسڵا هەرگڵمتکی پەنابەردێ
یەکەم کەسی مێژووەکەم بێ!( کورسی: ل٣٣ ـ ٣٤ )
دواتر پرۆسەی گێڕانەوە دووبارە لە کورسیەوە دەگوازرێتەوە بۆ نووسەری دەق، نووسەری دەق پرۆسەی گێڕانەوە ئەنجام دەدات. چوونە شاخ و ئاوارەبوونی خۆی بۆ هەندەران و گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی و ڕووداوی ئەنفالکردنی کورسیەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەروەك خۆی دەڵێت:
منی نووسەری ئەم دەقە لە زەمانی کۆلێراکەی
بەعسیاندا، وەکو زۆر شیعر و چیرۆك و شانۆنامەو
پەخشانی تر وەکو زۆر خۆشەویستی بیداڵدە،
گەڵی گۆرانی ڕاونراو، گەڵی پەپوولەی پاییزە،
ڕوومکردە شاخ و دەربەندی ئەستێرەکان. لەوێشەوە
وەکو باڵندەی کۆچەری یان هەورێکی سەرهەڵگرتوو
گەیشتمە ئاسۆی هەندەران. ..............( کورسی: ل٢٨٢ـ ٢٨٣ )

هەورامانەی کتێب

بەم شێوەیە تا کۆتایی لە گێڕانەوە ڕووداوەکاندا بەردەوام دەبێت. هەروەها نووسەر لە بنیاتی ڕۆمان لەدەقی (ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە)دا، پرۆسەی گێڕانەوەی داوەتە پاڵ گێڕەرەوی خۆدی(هەمانشتزان)ەوە، کە (کڵاو)کەیە، کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە و بەشدارە لە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا، لە ڕێگەی جیناوی کەسی یەکەمی تاکی (من)ەوە پرۆسەی گێڕانەوە بە ئەنجام دەگەیەنێت. باسی ژیان و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی خۆی دەکات و دەگێڕێتەوە، کە خەڵکی وارشۆیە و دواتر چۆن گوازاوەتەوە بۆ وڵاتی ئێران لە ئێرانیش بۆ سلێمانی لەوێش دەبێتە کڵاوێکی خەباتکەری ئازادیخوازی کورد و باسی خەبات و تێکۆشانی خۆی و برادەرەکانی، کە (چاویلکەو پانتۆڵ و پاڵتو و پێڵاو)ن، لە ناو ڕیزی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا دەکات. لە ڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمی تاکی (من)ەوە، ڕۆمانەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: **((چۆن هەندێجار پەڵە هەورێ، بە تەنها خۆی ئەچێتە سەر کورسی لوتکە و بە هێواشی دائەنیشێ، دوور ئەڕوانێ و لە خاڵێکی بێکۆتایی ئاسۆگەیەك ڕائەمێنێ،ئێستەیش ئاوا منی کڵاو، لە سەر لوتکەی جەستەیەکم ......................... . منی کڵاو بە ڕەچەڵەك پۆڵەندیم و لە دایکبووی شاری ((وارشۆ))م.بۆ یەکە مجار لەگەڵ هەزارانی تری هاوڕەگەزما بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوین بڕێ کراین. .... سەدا نمان لە ئێران گیرسانەوە .......... منی کڵاو بە دەیان پۆشاکی نێر، پۆشاکی مێ، چووینە یەکێك لەو شلیفە سپی و گەورانە. ............. منی کڵاو بۆ یەکە مجار ئا بەوجۆرە گەیشتمە ناو سلێمانی! ........ منی کڵاو، گەڵی چەرمە سەریم دیوە. هەر باشیشە هەتا ئێستاکە من ماوم. خۆشاردنەوە و ڕاکەڕاکە ئێرە بۆ ئەوێ و چوونە شاخ و بۆردومان و تۆپباران و. دیسانەوە بۆ ناو شار و جارێکی تر هەڵاتنەوە بۆ ئێران و. ........ .)).** (ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە: ل٣٥ ـ ٤٤) بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و باسی خەباتی خۆی و برادەرەکانی بە دزییەوە لە ناو شاخ و شوێنە نهێنیەکان دژی دەسەڵاتی حکومەتی بەعسیەکان وەك تاکێکی دڵسۆز و خەباتگێڕی کورد دەخاتەڕوو و دەگێڕێتەوە.

**نموونەی چیرۆك**

گێڕەرەوی بنیاتی چیرۆك لە دەقی (کورسی)دا، گێڕەوەوەیەکی بابەتییە و لە ڕێی جێناوی کەسی سێ یەمی تاك (ئەو)ەوە، پرۆسەی گێڕانەوە ئەنجام دەدات. لە دەرەوەی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەیە، ئەمەش سیفەتی گێڕەوەوەی هەمووشتزانی پێ بەخشیووە، واتا گێڕەرەوی هەمووشتزانە. هەر لە سەرەتای دەقی چیرۆکەکەوە بەجێناوی کەسی سێ یەمی تاکی (ئەو)ەوە دەست بە گێڕانەوە دەکات. بەم شێوەیە:

**بەیانییەکی ئێسك سوکی پایز بوو. دنیا تازە خەریکبوو**

**گڕەی گەرمای هاوینی لە لەش دەرچێ. ناوبەناویش شنەی**

**شەماڵێ کە دیاربوو لە بەفری سەر "پیرەمەگرون"ەوە**

**بەرێ کەوتبوو، ئەگەیشت و لە ساتەوەختێکی خێرادا بەکزە**

**خۆشەکەی فێنکی ئەکردیتەوە "دیلان" لە ماڵ هاتە دەرێ.** (کورسی: ١٦٠ ـ ١٦١)

گێڕەرەوی بنیاتی چیرۆك لە دەقی (ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە)دا، گێڕەوەوەیەکی خۆدییە و لە ڕێی جێناوی کەسی یەکەمی تاك (من)ەوە، پرۆسەی گێڕانەوە ئەنجام دەدات. لە ناوەوەی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەیە، کارەکتەری سەرەکی چیرۆکە و لە روداوەکاندا بەشدارە.ئەمەش سیفەتی گێڕەوەوەی هەمانشتزانی پێ بەخشیووە. هەر لە سەرەتای دەقی چیرۆکەکەوە بەجێناوی کەسی یەکەم (من)ەوە دەست بە گێڕانەوە دەکات، دەڵێت **((ئەو ئێوارەیە غەمگینە ڕەنگ خۆڵەمێشییەم هەرگیز بیر ناچێتەوە، کە لەگەڵ تەپ و نمی دڵۆپە درشتەکانی پاییزێکی درەنگدا،**

هاوكات منيش بەرەو ماڵ ئەبوومەوە. تاوە بارانێكی سەر بە كڵاوەی چاوەڕوان نەكراو .....)). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٣٧)

### ٢ـ گێڕانەوە لە ڕێی كارەكتەرەوە

#### ١ـ گێڕانەوە لە ڕێی كارەكتەری سەرەكییەوە

ئەم كارەكتەرە ڕۆڵێكی سەرەكی و بنچینەیی لە ئەنجامدانی ڕووداوەكانی ناو ڕۆماندا هەیە. ڕۆڵی سەرەكی لە بەرەوپێش بردنی ڕووداوەكاندا دەبینێت، پێوەندییەكی بەهێزی لەگەڵ كارەكتەرەكانی تری ڕۆمان و كێشە و گرفتەكانیدا هەیە، لە هێندێك لە ڕۆمانەكاندا گێڕانەوەی ڕووداوەكانی دەخرێتە سەرشان.

**نموونە ڕۆمان**

لە بنیاتی ڕۆمانی دەقی كورسیدا، كە كورسی كارەكتەری سەرەكیە و ڕۆڵی سەرەكی لە بەرەوپێشبردنی ڕووداوەكاندا دەبینێت. لە ڕووداوەكاندا بەشدارە، لە هەمان كاتدا گێڕەوەوەی هەمان شتزانیشە و لە ڕێی جێناوی كەسی یەكەمی تاك (من)ەوە، ڕووداوەكانی ڕۆمانەكەمان بۆ دەگێڕێتەوە، لە بنیاتی ڕۆمان لە دەقی (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)شدا، بە هەمان شێوە (كڵاو) كارەكتەری سەرەكی ڕۆمانەمەكەیە و ڕۆلی سەرەكی دەبینی لە بەرەوپێشبردنی ڕووداوەكان و لە ڕووداوەكانیشدا بەشدارە، كەچی لە هەمان كاتیشدا گێڕەوەوەی هەمان شتزانە و ڕووداوەكانی ڕۆمانەكە لە ڕێی جیناوی كەسی یەكەمی تاك (من)ەوە دەگێڕێتەوە. هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ هەردوو ڕۆمانەكە وەك نموونە كرد، واتا لێرەدا نووسەر گێڕانەوەی داوەتە پاڵ گێڕەوەوەی هەمان شتزانەوە و گێڕەوەوەش لە گۆشەنیگای جێناوی (من)ەوە كاری گێڕانەوەی ئەنجامداوە. كەواتە لەم ڕۆمانانەدا گێڕەوەوەی هەمانشتزان دوو ئەرك دەبینێت. یەكەمیان ڕۆڵی گێڕەوەوە، دووەمیان كارەكتەری سەرەكی و ڕۆلی سەرەكی لە بەرەوپێشبردنی ڕووداوەكاندا دەبینیت و لە ڕووداوەكاندا بەشدارە.

**نموونەی چیرۆك**

هەواڵنامەی کتێب

ئەم کارەکتەرە لە گێڕانەوەی هێندێك لە ڕووداوەکانی بنیاتی هەردوو چیرۆك لە دەقی (کورسی و ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە)دا، ڕۆڵی هەیە. بۆ نموونە (سەروەری نێرگز)، کە کارەکتەرێکی سەرەکییە لە بنیاتی چیرۆك لە دەقی (کورسی)دا، گێڕەوەوەی هەمووشتزان لە زمانی ئەوەوە باسی ئەو ڕۆحییەتە دەکات، کە لە لای هەبووە. هەروەك خۆی دەڵێت :

بەڵام هەموو ئەو ڕۆحانەی تێدا بوو. گەلی جار لە شەوانی
مانگە شەودا داوای لە دیلان ئەکرد بچنە قەراغ شار و
............................................
. .... پێی ئەوت" چ ساتە وەختێکی خۆشە لەو کپی و
بێدەنگیەدا تەماشای مانگ بکەیت، ئینجا دوای ئەوەی
لەم سەیرکردنە تێر ئەبیت. گوێشت لە دەنگی دیلان بێت (کورسی : ل١٧٥ـ ١٧٦)

لەدوای ئەوەش خۆی ئەوەمان بۆ دەخاتەروو، کە حەز لە سیاسەت ناکات و دەڵێت:

....... سەرومر لە سیاسەت بەدوورو حەزی بەکاری
حزبی نەئەکرد، زۆرجار ئەیوت" ئەم سیاسەتە دنیایەکی
وشك و برنگە. بەشی زۆری فروفێڵە و تەڵەکەبازی. جگەلەوەی
من بڕوام بە گەلی لەو سیاسیانە نییە و لێیان بە گومانم (کورسی : ل١٧٦ـ ١٧٧)

هەروەها لە بنیاتی چیرۆك لە دەقی (ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە)دا، نووسەری چیرۆکەکە پرۆسەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی داوەتە پاڵ کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە، ئەویش بە جێناوی کەسی یەکەم (من)ەوە، ڕووداوەکانی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، کە (کوڕە گەنج)ێکە باسی بەسەرهات و چوونیەتی ژیان و پەشێوی باری دەروونی مرۆڤ و ناڵەباری بارودۆخی میللەتی کورد دەکات لە سەردەمی حوکمرانی بەعسییەکاندا باسی هەموو ئەو ڕووداوە دڵ تەزێنانە دەکات، کە لەو ڕۆژگارە پڕ لە کارەسات و سەختانەدا هەبووە. بەم شێوەیە دەست پێدەکات. (( **ئەو ئێوارەیە غەمگینە ڕەنگ خۆڵەمێشییەم هەرگیز بیر ناچێتەوە، ........ شار غەمگین و دەنگ غەمگین و ئێوارەیش غەمگین........... ئەوە نزیکەی مانگێکە بە ڕۆژەکانی جەژنیشەوە هەموو ڕۆژێ تەرمی چەند باخچە و قەسیدەی لە سێدارەدراومان لە مۆسڵ و ئەبووغرێبەوە ئەگەنە شار ....... لە ناو ئەم سەربازگە گەورانەی شاریشدا ..... شەوانە مەفرەزەکانیان بە پیکابی چەکدارەوە ئەگەڕێن و لە پرێکیشدا ئابلۆوقەی ماڵێکی دیاریکراو ئەدەن و لە سەربانەوە دائەبەزنە حەوشە و نێچیرەکانیان دەستگیر ئەکەن.** ................... )).(ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە : ل١٣٧ ـ ١٣٨)

### ٢ـ گێڕانەوە لە ڕێی کارەکتەری لاوەکییەوە

ئەم کارەکتەرە شێوەیەکی سادە و کەسییەتییێکی ئاشکرای هەیە و لە ژیانی واقیعیدا وەرگیراوە و ڕۆڵی لە ئاشکرا کردنی هێندێك لایەنی کارەکتەری سەرەکیدا هەیە، زۆر جاریش ڕۆڵ لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا دەبینێت و ڕۆماننووس ئەرکی گێڕانەوەی پێ دەسپێرێت. بە تایبەتی لەو ڕۆمانەی کە گێڕەرەوەی هەمان شتزان پرۆسەی گێڕانەوەکە بە ئە نجام دەگەینێت، چونکە (( لە ناوچوونی دەنگی ڕۆماننووس و توانەوەی لە نێوان حیکایە تخوان و کارەکتەر لەم جۆرە گۆشەنیگایە ڕێ بە کارەکتەرەکان دەدات هەریەکە لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە تەماشای

ڕووداو بکەن یاخود بیگێڕنەوە))[1]، واتا دەبێت تێبینی ئەوە بکەین لەم جۆرە گوشەنیگایەدا زۆر جار چەند کارەکتەرێکی لاوەکی هەریەکەیان لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیانەوە ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە زمانی خۆیان گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەکەن.ئەمەش دەبێتە هۆی فرەدەنگی لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا.

**نموونەی ڕۆمان**

ئەم کارەکتەرە ڕۆڵ لە گێڕانەوەی هێندێك لە ڕووداوەکانی بنیاتی ڕۆمان لە هەردوو دەقی (کورسی و ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا، دەبینێت. بۆ نموونە: لە دەقی (کورسی)دا، کارەکتەری لاوەکی، کە باوکی کورسیەکەیە ڕووداوی سێڵاو بردنی دایکی کورسیمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە دایکی هەر زوو مردووە و دایەنێکی دار هەنجیریان بۆ هێناوە و لەو دارهەنجیرە دوو برای شیری هەیە، هەروەك خۆی لە دەقی ڕۆمانەکەدا دەگێڕێتەوە:

**بیرم نەبوو؟ باوکم گێڕایەووتی:**

**تۆ هێشتاکە لە قوماتەی گەڵادا بووی**

**کە دایکت سێڵاوی بردی**

**دایەنێکی دار هەنجیرمان بۆ هێنایت و**

**شیری دایتێ هەتا نەمری؟**

.......................(کورسی: ل٤٩ ـ ٥٠)

هەروەها لە شوێنێکی تردا باوکی لە زمانی باپیریەوە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە لای دارتاشەوە درەختێك دەتوانرێت چەند شتێکی لێ دروست بکرێت، کەچی یەکەم شتیان، کە لێ دروستکرا تەنیا ئەوشتە ڕۆح و بەرگەی مانەوەی تێیدا دەبێت و ئەوی تر هەمووی دەبێتە پاشماوە، هەروەها ئەوەشمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە ئەوان دوو خواوەندیان هەیە. یەکەمیان خواوەندی سروشتە و ئەوی تریان خواوەندی دارتاشە، هەروەك خۆی دەڵێت:

**باوکم لە زمانی باپیرمەوە ئەیوت:**

**ڕەنگە درەختی وا هەبێت، لای خوای دارتاش**

**بۆ نموونە بەشی بیست شتی تیا ببێت، بەڵام تەنها**

**یەکەم بەشیان، کرا بەچی، هەر ئەوەیان ڕۆحی**

.............................................

**ئێمەی درەخت و دارستان**

**یەکەم خواوەندمان سروشتەو**

**دووەم خواوەندیشمان دارتاش؟**

...........................

**وەختێ باوکم ئەو قسانەی بۆ ئەکردم**

**بۆ خۆی بوو بوو بە کۆڵەکەی ناو مزگەوتێ؟.** (کورسی: ل٤٩ ـ ٥٥)

لە شوێنێکی تردا هاوڕێ کورسیەکە، کە پێکەوە لە چایخانە بوون، ڕۆژێك نایب زابتێك دەییات و لە زیندانداا دەبێتە کورسی ئەشکەنجەی ژێر بەندەکان، ئەوجا ئەو کورسییە چوونیەتی ئەشکەنجەدانی بەندەکانی ناو

---

[1] . ڕێزان عوسمان، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا ساڵی (١٩٨٥ ـ ١٩٩٠)، چ١، هەولێر، ٢٠١٠. ل١٥٤.

زیندانەکە بۆمان دەگێڕێتەوە، هەروەها باسی خۆراگری هێندێك لە بەندەکان بۆمان دەگێڕێتەوە، کە سەرەرای ئەو هەموو ئەشکە نجەدانە زۆر ئازایانە بەرگەیان گرتووە و نهێنیەکانیان نەدرکاندووە، کەچی هێندێکی تریان هەر زوو نهێنییەکانیان درکاندووە و خیانەتیان کردووە. هەروەك خۆی لە دەقی رۆمانەکەدا بۆمان دەگێڕێتەوە:

**ئەیوت: رۆژی وای تێئەکەوت لە ناو خوێندا شڵپەم ئەهات**

**رۆژی وایش هەبوو، من جەستەم و دەست و قاچم،**

**هەمووی هەر سلك و وایەری کارەبا تێیان ئاڵا بوو.**

**جاری وا هەبوو ئوتویان گەرم گەرم لە سەر پشتم بەجێئەهێشت.**

**ئەیوت: زیندانیم ئەبینی وەختێ لە سەرم دائەنیشت**

**زۆر ریوەلە و بچکولە بوو، کەچی نەشیشی داخ و نە**

**کارەبا و نە بۆتڵ و نە پشیلەی برسی ناو گەڵ و گون و**

**نە چەکوش، نەیان ئەتوانی، یەك ناوی**

**ناو دەروونی لێدەربێنن. کەتەو زلی وایشم ئەدی.**

**بەشکڵ و ناوقەد لە مامە داربەن و خاڵە**

**دارتووەکانم ئەچوون. کەچی بەرلەوەی لە سەرم**

**دابنیشن، هەر کە ئوتۆیەکەیان ئەدی چۆکیان ئەشکاو**

**چییان لابوو هەڵیان ئەرشت.** ......... (کورسی: ل٢٥٣ ـ ٢٥٥)

هەروەها لە بنیاتی رۆمانی دەقی (ئەسپێك لە پەرەی گولاڵە)دا کارەکتەرە لاوەکییەکان رۆڵی گرنگ و بەرچاو لە گێڕانەوەی رووداوەکان و تەواوکردنی رۆڵی کارەکتەری سەرەکی و بەرەوپێش بردنی رووداوەکانی رۆمانەکەدا، دەبینن. هەروەك (کلاو)ەکە، کە کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکەیە راستی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت و دەڵێت: (( **لە راستیدا ئەو چیرۆکەی لە منەوە دەست پێئەکا تەنها بە خۆم تەواو ناکرێ. ئەگەر لە خوارووی منەوە، برادەران: چاویلکە و ملپێچ و پاڵتۆ و چاکەت و پانتۆڵ و پێڵاو یەك لە دوای یەك ئەوانیش سەربۆردەی خۆیان کەمێ یان زۆر، ئەگێڕنەوە**)). (ئەسپێك لە پەرەی گولاڵە: ل٤٥) لەم رۆمانەدا هەریەکە لەو کارەکتەرە لاوەکییانە رۆڵ لە گێڕانەوەی رووداوەکان دەگێڕن، بۆ نموونە لە کاتێکدا، کە ماموستا (ف) لە دەرەوەیە و هەموو ئەو کارەکتەرانەش پۆشاکی بەر ماموستا (ف)ن، بە ناو چەند کۆلانێکی باریك و دڵنیا دوور لە دەستی دوژمنن تێ ئەپەڕن، پاڵتۆ و ملپێچەکە ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە و باس ئەکەن کە لەو جۆرە کۆڵانانەدا هەست ئەکەن ئازادن هەروەك خۆیان دەگێڕنەوە و دەڵێن: (( **بە دەستە راست لامان دا و چووینە ناو کۆڵانە باریکە دڵنیاکانەوە پاڵتۆکە وتی: لە رۆژگارە پڕ لە ترس و بیم و مەترسیدارەکانی وەك ئێستادا، پیاو کە دێتە ناو ئەم کۆڵانانەوە هەست ئەکەیت هەر لە خۆتەوە شپرزەییت هێور ئەبێتەوە. ملپێچەکە کە تا ئەو کاتە یەك قسەی نەکردبوو هەڵیدایە و وتی: لەم کۆڵانانەدا وا ئەزانی کە ئیتر دوژمن دەستی ناگانە تۆ و ئازادی**)). (ئەسپێك لە پەرەی گولاڵە: ل٥٦)، هەروەها کاتێك، کە بە لای کەلاوەیەکی چەپەکدا تێ ئەپەڕن و لە سوچێکی کەلاوەکەدا کلاوێکی کۆن و چاکەتێکی شڕ و قوڕاوی و هەندێ کراسی شیتاڵ شیتاڵ بەسەریەکدا کەوتبوون و مرداربووبوونەوە، لێرەدا چاویلکەکە رووداوی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە هەموو مرۆڤەکان و لە هەر چینەکەوە بێت، رۆژێك دەبێ کۆتایی پێ بێت و بمرێت. دەڵێت (( **هەموو شتێ. گەورە و بچوك. تێر و برسی: خانەدان بن یا هەرچی و پەرچی. ئەبێ رۆژێ لە رۆژان بگەنە کۆتایی و بمرن. تەماشاکەن ئێمەیش گۆڕستانی خۆمان هەیە!.** )) .(ئەسپێك لە پەرەی گولاڵە: ل٥٧)، هەروەها لە شوێنێکی

تردا پێڵاوەکان ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە ، کە کەس ڕێزیان لێ ناگرێ بە چاوێکی سووک سەیریان ئەکەن و بەیەك چاو سەیری هەموو پێڵاوەکان دەکەن و لە یەکتر جیا ناکەنەوە و دەڵێت ((**ئێوە کەستان وەکو ئێمە گوێتان لە چیرۆکە خوێناویەکانی ئەم کۆڵانانە نەبووە. ئێمە بەردەوام لە هەر شوێنێك بین گوێمان ناوە بە دڵی ئەم خاکەوە. بەڵام بەداخەوە ئێوەیش و ئەو خەڵکەیش بە چاوی سووك تەماشای ئێمە ئەکەن. بێ ئەوەی پێڵاوێ لە پێڵاوێکی تر جیابکەنەوە ئاخر پێڵاو هەیە ئازادیخواز و پێڵاویش هەیە جاش و خۆفرۆش. بەداخەوە ئەگەر بۆینباخێ لەگەڵ بۆینباخێکی تردا ببێ بە شەریان، یان کراسێ لەگەڵ پانتۆلێکدا، ........ ڕوو ئەکەنە یەکتر و ئەقیژێنن. تۆ قۆندەرەی!بەڕاستی ئەمە جگە لە بێوەفایی، تاوانیشە.** ....... )). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٥٨) ، هەروەها کاتێك، کە کڵاوەکە لە ئێران لە دوکان دانرابوو بۆ فرۆشتن کەسێك دێت کڵاوەکە دەکڕێت و دەیباتەوە، لە ماڵەوە لە تەنیشت قەمسەڵەیەك دادەنێت، لێرەدا گێڕەوەوەی هەمانشتزان، کە کڵاوەکەیە لە ڕێگەی قەمسەڵەکەوە کە کارەکتەرێکی لاوەکییە خاوەنەکەی بەم شێوەیە پێمان دەناسێنێت. ((**تێی گەیاندم: کە ئەم پیاوە. گەورەترین وێنەکێشی ناو تارانە. ناوی ((شەهرامی قەزوینی یە)) تەمەنی چل و هەشت ساڵە و هێشتا ژنی نەهێناوە و هەر ڕەبەنە. هەر تاقە خوشکێکی هەیە و لێرە لەگەڵ ئەودا دەژی**)). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٣٨)

**نموونەی چیرۆك**

کارەکتەری لاوەکی بنیاتی چیرۆك لە دەقی (کورسی)دا، (دیلان)ە ڕۆڵی لە گێڕانەوەی زۆربەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەدا هەیە. بۆ نموونە: لە ڕێگەی تەکنیکی فلاشباکەوە باسی ئەو خۆشەویستی یە دەکات، کە لە نێوان (سەروەری نێرگ ز و نازەنین)دا هەبوو ، کە ڕووداوی سەرەکی چیرۆکەکەیە، هەروەها باسی بێ وەفایی بێ وەعدی (نازەنین) دەکات، لە بەرامبەر خۆشەویستەکەی، کە جاریك چوونە داخوازی (نازەنین)،کەچی باوك و برای ڕازی نەبوون و دوای ئەوەش مێردی بە کورە دەوڵەمەندێك کرد.(سەروەری نێرگز)یش لە ئەنجامی ئەو خۆشەویستییە ناکامە خۆی دەکوژێت. هەروەك خۆی لە دەقی چیرۆکەکەدا بۆمان دەگێڕێتەوە:

**............ . سەروەری نێرگز عاشقی**

**نازەنین بووبوو.بەو دواییە هەر تەواو بێ هۆش و گۆش**

**بووبوو. بێواز و ئەتوت ئاو لایداوە. تاقەتی هیچی نەمابوو.**

**من ئاگام لێبوو، چەندین شەو تا بەیانی، ئەبوو بە**

**تاق تاقکەری بەردەمی ماڵەکەیان. "نازەنین"یش هەروا**

**بوو بەڵێنی پێدابووکە هەر بۆ ئەو بێ!. بەڵام نا ئەمە**

**قسەی سەرزارەکی بوو. چوونە داخوازی نازەنین. باوك و**

**براکانی بەتێڵاوە چوونە سەر ماڵی سەروەر. یەك مانگی**

**نەخایاند کوڕی تازە دەوڵەمەندێ داوایکردو ئەویش**

**شوویکرد. لەو ساتەوەوەختەوە ئیتر سەروەر وەك بەفری**

**بەر هەتاو هەر ڕۆژەو شتێکی لێ ئەتوایەوە**

**...................................**

**بچکۆلەوە دەنگی تەقینی فیشەکێك هات و، دەنگەکە**

**...................................**

**خوێنیش لە جەستەی عاشقێکەوە ئەڕژایە سەر کورسیەك و** (کورسی: ل١٧٩ـ ١٨٢)

کارەکتەری لاوەکی لە بنیاتی چیرۆك لە دەقی ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە )دا، ڕۆڵی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بینیووە. بۆ نموونە: کاتێك کوڕە گەنجەکە بە قسەی پشیلەکە دەکات. شەو ناچێتەوە بۆ ماڵەوە و دەچێتە ماڵی پووری، پوورەکەی وادەزانی، کە مێردە بێ سەروشوێن کراوەکەیە، کەچەندین ساڵە لە لای حکومەتی بەعسەوە گیرا بوو. لێرەدا گێڕەوەوەی هەمانشتزان، لە سەر زمانی پوورەکەیەوە چاوەڕوانی ئەو لە گەڕانەوەی پیاوەکەیدا بۆمان دەگێڕێتەوە. کاتێك دەرگا لە کوڕەکە دەکاتەوە پێ دەڵێت :(( **ئەوە تۆی!سا بەو خوایە وامزانی حەمەڕەشە و گەڕاوەتەوە** )). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٤١) هەروەها هەر بەزمانی پوورەکەی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە نیوەشەو سەربازانی حکۆمەتی بەعس چوونەتە سەرمالیان بۆ ئەوەی ئەو بیگرن و ببەن. هەروەك خۆی ڕووداوەکمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (( **بۆ سبەینێ پوورم نارد بۆ ماڵی خۆمان. کە هاتەوە. یەکسەر بە خۆشییەکەوە وەك هاوار بکات وتی (( نیوەشەو چوونەتە سەر ماڵەوە و سەر جێگەکەیشت .. سوپاس بۆ خوا کە لەوێ نەبوویت، ڕزگارت بوو!** )). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٤١)هەروەها دا پیرەکەی وەکو کارەکتەرێکی لاوەکی کەم دەرکەوتوو لە ڕێگەی خەونەوە ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە ڕۆحی ئەو بوویە چوویتە جەستەی پشیلە ڕەشەکەوە تاکو لە مەترسی ئاگاداری بکاتەوە، هەروەك خۆی دەڵێت: (( **بەساقە! ئەوە ڕۆحی من بوو چووبووە جەستەی پشیلە ڕەشەکەوە. تو خوا ئاگات لە خۆت بێت!** )). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٤١)

## ٣- پانتایی گێڕانەوە لە ڕێی دیالۆگی کارەکتەرانەوە

دایەلۆگ قسەکردنی نێوان دوو کارەکتەر، یان زیاتر لە دەقی ڕۆمان و چیرۆکدا، هونەرێکی گێڕانەوەیە لە زۆربەی زۆری ڕەگەزە ئەدەبییە چیرۆکئامێزەکاندا هەیە، چونکە دەبێتە هۆی نزیك بوونەوەی بەرهەمی ئەدەبی لە واقیع و زیاتر چێژ بە خوێنەر دەگەیەنێت. هەربۆیە یەکێکە لەو شێوازانەی، کە ڕۆماننووس و چیرۆکنووسەکان لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمان و چیرۆکەکانیاندا بەکاری دەهێنن و پشتی پێ دەبەستن، لە خستنەڕووی زانیاری زیاتری کارەکتەرەکان. لە ڕۆمانی فرەدەنگدا پانتایەکی فراوان لە ڕووبەری دەقدا دەگرێت. ئەرکی وەسفی کارەکتەرەکانە، لە ڕووی کومەڵایەتی و دەروونیەوە دەیا نخاتەڕوو و شییان دەکاتەوە.[1] جگە لەم ئەرکەش (( چنین فراوانتر دەکات و دەروونی کارەکتەرەکان دەخاتەڕوو ))[2] و ڕێگە بە کارەکتەرەکان دەدات خۆیان دەربڕی ناخی خۆیان بن.

### نموونەی ڕۆمان

ئەم تەکنیکەی گێڕانەوە ڕۆڵی بەرچاوی بینیووە. لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو بنیاتی ڕۆمان لە هەر یەکە لە دەقی (کورسی و ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا، بۆ نموونە هەرچەندە (کورسی) گێڕەرەوی (هەمانشتزان)ە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەری ڕۆمانەکە دایەلۆگی لە نێوان کورسییەکە ئەو پە پوولەیەدا دروست کردووە، کە هێشتا لەوکاتەدا کورسیەکە دارگوێز بووە، ئەو پە پوولەیە، هەموو ڕۆژێ هەواڵی ڕەز و باخ و دارستانی بۆ دەهینا، بەیانییەك کە هات لە سەر دارگوێزەکە نیشتەوە، شڵەژابوو، بۆیە دارگوێزەکە پێ

---

[1]. ڕێزان عوسمان، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا ساڵی (١٩٨٥ - ١٩٩٠)، ل١٨٩ - ١٩٠.

[2]. جمال میرصادقی، عناصر داستان، انتشارات سخن، چ٥، چ/ بهمن، تهران، ١٣٨٥، ص٤٦٣.

وت بۆچی شڵەژاوی، نووسەری دەقەکە لێرەدا دایەلۆگ لە نێوان هەردوکیاندا دروست دەکات بۆ ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی راستی ڕووداوەکان و هۆکاری شڵەژابوونی پەپوولەکە و دەڵێت:

**یەکە مجار بوو من پەپوولەیەك ببینم هێور نەبێ!.**

**وتم چییە؟!**

**وتی: لە ئاواق و لە ناو لم و خۆڵ و لەوڵاتی عوجاجەوە**

**لەو خوارەوە، حوشتر خۆرە، عاگول بەسەر**

**بە هەزاران ڕەشەباوە، گەیشتوون و،**

**هەرچییەك باڵایکردبێ**

**لە شێوەی ملوانکەیەکدا**

**یەك "بسم الله" ی ئەکەنە مل**

**ئینجا ئیتر ئەیبڕنەوە!** (کورسی: ل٤١ ـ ٤٢)

لە شوێنێکی تری رۆمانەکەدا کاتێك، کە رۆژنامەنووسەکە دێتە لایان دەیەوێت ڕیپۆرتاژێك لە بارەی هەردوو ژیانی درەختەکانەوە بنێرێ بۆ رۆژنامەیەك، کە ناوی چاوی زەریا بوو و لە درەختەکانی ئەپرسی: دوای ئەم ژیانە حەز ئەکەیت لای خواوەندی دارتاش ببی بەچی؟، لێرەدا گێڕەرەوی (هەمانشتزان) دایەلۆگی لە نێوان رۆژنامەنووسەکە و درەختەکاندا دروست کردووە، تاکو درەختەکان لە ڕێگەی ئەم دایەلۆگەوە خۆیان دەربڕی هەست و حەز و ئارەزووی ناخی خۆیان بن. حەزەکانی ناخی خۆیان بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەربڕن.بەم شێوەیە:

**هەر درەختێکی ئەبینی لێی ئەپرسی:**

**لە دوای ئەم ژیانەی ئێرەت لە لای دارتاشی خوداوەند**

**تۆ حەزئەکەی ببی بەچی؟!**

**یەکێ ئەیوت: من حەز ئەکەم**

**ببم لە پێشانگای کتێب!**

**یەکێکیتر: بە بۆفیەی ژووری کچێ.**

**یەکێکیتر: بە دۆڵابی قاپ و قاچاغ.**

**یەکێکیتر: بە چوارچێوەی تابلۆکانی وێنەکێشێ.**

**یەکێکیتر: بە مێزی ناو سەماگەیەك.**

**یەکێکیتر: بە سیستەمی ژن و مێردێ.**(کورسی: ل٦٢ ـ ٦٣)

هەروەها کاتێك، کە کورسیەکە لە دوکانی نوری عەریزەنووسەوە دەبردرێتە دوکانی پیرەمێردیك و لە تەنیشت عەلادینیك دادەنرێت و دوای یەکتر ناسین سوبەی عەلادینەکە پێ دەڵێت: کورسیەکی وەکو تۆ هەبوو بردیان بۆ بازیان، چونکە لەوێ چایخانەیەکی نوێیان کردووتەوە و کورسیەکەش دەڵێ: ناچم بۆ بازیان حەز لە دەرەوەی شار ناکەم. عەلادینەکە دەڵێت: کورسیێك لە تۆ دەچوو بردیان بۆ مەیتخانە، مەبەستی عەلادینەکە ئەوەیە، کە دەبێت مرۆڤ بە هەر شتێك، کە دەبیتە بەشی رازی و شوکر بێت، چونکە خراپ هەیە و خراپتریش هەیە. لێرەدا هەرچەندە کورسی گێڕەوەوەی (هەمانشتزانە) لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، بەڵام نووسەر بۆ ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی هەڵوێستی کورسی بەرامبەر بە قسەی عەلادینەکە دایەلۆگی لە نێوانیاندا دروست کردووە، بەم شێوەیە:

**لە دوای ئەوەی یەکمان ناسیی ئەو پێی وتم:**

ئەگەر تەندروستی تەختەکانت باشبی لێرە زۆرە
نامێنیتەوە: ........................

..................................

.... پێریٚ دوو کورسییان هێنا. یەك ڕۆژ
لێرەدا نەماوە و بە پیکابیٚ لەگەلٚ هەندیٚ شت و مەکی تردا
بردیانن بۆ بازیان
بازیان بۆ؟!
چایخانەیەکی تازەیان کردووتەوە.
من حەز لە دەرەوەی شار ناکەم!
بەلاٚم کیٚ گویٚ ئەداتە حەزی ئێمە. هەر بۆ ئاگاداری خۆیشت
بەر لە مانگیٚ کورسیەکی وەکو تۆیان هێنا،
بەبالاٚو ڕەنگ ڕوویش کوت و مت هەر لە تۆ ئەچوو.
ئەزانی چی؟! بردیان بۆ مەیتخانەکە! ئەی چۆن!
جا دەرەوەی شار خراپە یان ناو هۆلٚی مەیتخانە؟
ـ چیە؟! ئەتەویٚ بمانترسێنی؟!
ناتترسێنم!. بەلاٚم ئەمەویٚ پێتبلێم خراپ
هەیە و خراپتریش. ئەی وانییە؟!
ـ نازانم چی بلێم! هەر بەم ئاخری عومرەوە نەبین
بە مەسخەرەی مردوو شۆر و مەیتەران و مەیتەرەکان باشە! (کورسی: ل٢٢١ ـ ٢٢٤)

لە بنیاتی ڕۆمانی دەقی (ئەسپێك لە پەرەی گولاٚلە)دا، نووسەر لە خستنەڕوو و بەرەو پێشبردنی ڕووداوەکاندا سوودی لەم تەکنیکە وەرگرتووە، بۆ نموونە کاتێك، کە کلاٚوەکە لەگەلٚ چەندین کەل و پەلی تر لە ناو لۆرین بەری کەوتوون بۆ کوردستان شاری سلێمانی، (کەشییەکی حاج)یان لەگەلٚدایە، کە بەردەوام (ئایەتی کورسی) دەخوێنێتەوە و فوٚ دەکات. (قەمسەلە)یەکیش، کە ئاگای لیٚ دەبیٚ پیٚ دەلیٚ: یەکێك بە سەر ئێمەشدا بخوێنەوە مالٚ و مندالمان ووردن، حاجیەکەش توٚرە دەبی، لێرەدا گێڕەوەوەی (هەمانشتزان)، کە کلاٚوەکەیە دایەلوٚگی لە نێوان (کەشییە حاجی و قەمسەلەکە) دروست کردووە بۆ ئەوەی زانیارییەکانی ڕووداوەکە بە شێوەیەکی ووردتر و ڕاستتر و ڕوونتر لە دەمی خۆیانەوە بگێڕیتەوە و بخاتەڕوو، بەم شێوەیە ((**بەلاٚم هەر توٚزیٚ لەولاوە، قەمسەلەیەکی شینباوی جۆری کاوبۆی ڕاوەستابوو، دیار بوو ئەویش گوێی لە خوێندنی ئەو ئایەتەلکورسیانە بوو. بۆیە ڕوویکردە کەشییەکە و وتی: حاجی! یەکێکیش بەسەر ئێمەدا بخوێنەوە!.. مندالمان وردە!. کەشییەکە توورە ئاورێکی لێدایەوە و ئینجا پێی وت ـ خوێڕی! توٚ پیاوی ئەوەیت مالٚ و مندالت هەبیٚ و بەخێویان بکەیت .. خوێڕی توٚ گالتە بە ئایەتەلکورسی ئەکەیت؟ ـ ئاگات لە دەمت بیٚ حاجی! بۆ وا تەنگاو بوویت؟ گالتەیەکم لەگەلدا کردیت و هیچی تر ..** )). (ئەسپێك لە پەرەی گولاٚلە: ل٤١ ـ ٤٢) هەروەها لە شوێنێکی تری ڕۆمانەکەدا هەرچەندە کلاٚو گێڕەرەوی (هەمانشتزان)ی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە، بەلاٚم نووسەر دایەلوٚگی لە نێوان ئەو و هاورێکانی، کە کارەکتەری لاوەکین دروست کردووە. بۆ خستنەڕوو و گێڕانەوەی پیاوەتی و جوامێری ودلسۆزی و وشکی و بیٚ زەوقی خاوەنەکەیان، کە ماموستا(ف)ە، بەم شێوەیە (( ..... **دوای ئەوەی لە ژیاندا چەند سەرێکم ناسیوە. بەلاٚم ئەم سەرەیان لە هەموویان.**

لەوانی تر. خۆشەویستترە. چەند سالیشە دڵمان لە یەکتری نەڕەنجاوە. بەهەرحاڵ من بەختەوەرم. ئەی ئەگەر ببۆمایە بە کلاوی جەللادیٚ ئەمتوانی چی بکەم؟! وانییە؟! لە سەرەوە چاکەتەکە هەڵیدایەوە. ـ ڕاستە و نکووڵی لێناکریٚ پیاوی باشە. بەڵام هەتا بڵێی وشکە و بیٚ زەوقە. سالێکیش ئەبیٚ نە شتنم دیوە و نەئوتوو. چرچ چرچی کردووم. ئاخر خۆ ڕووناکبیر مانای ئەوە نییە پیس و پۆخڵ بێت. وتتان چی؟! کراس و پانتۆڵەکە لای خۆیانەوە بە دەنگی بەرز هەڵیاندا: کە قسەکانی پاڵتۆ سەد دەر سەد ڕاستییان پێکاوە)). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٦٥ ـ ٦٦) هەروەها لەو کاتەی، کە کلاو و هاورێکانی لە ترسی جەندرمەکانی حزبی بەعس دەچنە ناو خانویەکی قۆر لە قەراغ شارەکە و لەوی چاوەریٚ دەبن تاکو تاریك ببی و جەندرمەکان برۆن ئەوجا ئەوانیش درێژە بە ئیشی خۆیان بدەن و لەو خانووە دەربچن و لە دەستی ئەوان رزگاریان بێت، لێرەدا گێڕەرەوی هەمانشتزان لە ریٚگەی دایەلۆگی نێوان پاڵتۆکەی ماموستا (ف) و شەڕواڵی خانەخۆیی ، خۆی و بۆلبۆلەکەی سەری ئەو ڕووداوەمان بۆ دەگێڕێتەوە. بەم شێوەیە(( پاڵتۆکە لە شەڕواڵی خانەخۆیی پرسی: تفەنگەکانی بەغدا تاکەی لەم گەڕەکە دوور لە شارە ئەمێننەوە؟ شەڕواڵەکە بە پێکەنینەوە وتی: ئەوەندەیان نەماوە. کە تاریکی کرد هیچ تفەنگیٚ جگە لە تفەنگی خۆمان لەم ناوە نامێنن. خەمی ئەوەتان نەبیٚ. بۆلبۆلەکە کە لە سەر قەراغەکەم هەڵکوڕمابوو وتی: ئەوەندەمان نەماوە ئێرە جێبێڵین. بە بۆلبۆلەکەم وت: نەگبەت پەڵەی چیتە؟ تۆ لە شوێنێکدای بەم شەوە، ڕەنگە لە پێش هەمووماندا ڕەق بیتەوە!. بۆلبۆلەکە وتی: گرنگ نییە .. بە مەرجیٚ برۆین و نەکەوینە دەست ئەو تفەنگانە.)). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٨٦ ـ ٨٧) لەگەڵ چەندین نموونەی تردا.

**نموونەی چیرۆك**

لە بنیاتی هەردوو چیرۆکەکەدا تەکنیکی دایەلۆگ چەند جارێك بەکارهاتووە بۆ نموونە: کاتێك (سەروەری نێرگز)، کە کارەکتەری سەرەکییە دوای شووکردنی (نازەنین) بیٚ تاقەت ئەبێت. (دیلان) لە ریٚگەی تەکنیکی فلاشباکەوە ئەوەمان پیٚ دەڵێت: کە ئەو ویستوویەتی دڵی بداتەوە. لێرەدا گێڕەوەوەی (هەمووشتزان) لە ریٚگەی دایەلۆگی نێوان (دیلان و سەروەر) ئەو ڕووداوەمان بۆ دەخاتەڕوو و دەڵێت:

..... جارێکیان چووم بۆ لای، هەندیٚ
قسەم بۆ کردو ویستم ورەیەکی بخەمەوەبەر، بەڵام ئەو
وتی "تکایە با لەو باسە گەڕێین.
ئەوە مەسەلەیەکی تایبەتە بە خۆم!" (کورسی: ل١٨١)

لە بنیاتی چیرۆك لە دەقی (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا، هەرچەندە گێڕەرەوی ڕووداوەکان گێڕەوەوەی (هەمانشتزان)ە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەری دەقەکە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکە دایەلۆگی لە نێوان گێڕەرەوی هەمانشتزان و پشیلەکەدا دروست کردووە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوونتر و ووردتر ڕووداوەکەمان بۆ بخاتەڕوو، بەم شێوەیە ((بەڵیٚ پشیلەکە قسەی لەگەڵدا کردم و پێی وتم: (( ئەگەر بە قسەی من ئەکەی مەچۆرەوە بۆ ماڵەوە)) دەنگی پشیلەکە لە گوێمدا بە هیچ جۆریٚ جێی گومان نەبوو. جارێکی تریش بەرلەوەی تێپەریٚ پێی وتمەوە (( بە قسەی من ئەکەی مەچۆرەوە بۆ ماڵەوە)) خۆی ........ منیش بیٚ هیچ دوو دڵیەك لە دڵی خۆمدا وتم (( بە قسەت ئەکەم!)) )). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٤٠)

**٤ـ پانتای گێڕانەوە لە ڕێی مۆنۆلۆگی کارەکتەرەکانەوە**

ئەمەش یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی بنیاتی گێڕانەوی ڕۆمان و چیرۆك، ڕۆڵی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەم دوو ژانرەدا ئەدەبییەدا هەیە. بە مەبەستی ئاشکرا کردن و خستنەڕووی نهێنییە شاراوەکانی دەروونی کارەکتەر و ئاشنا کردنی خوێنەر بە کێشە و ململانێ دەروونییەکانی. بەمەش یارمەتی خوێنەر دەدات، کە (( ڕاستەوخۆ بچێتە نێو جیهانی ناوەوەی کەسێتیەکانەوە. لە ڕێگەی ڕوونکردنەوە و لە سەر ڕۆیشتن و دەربڕینی بیری تایبەت و ئەوەی کە لە بابەتی بێئاگاییەوە نزیکە ))[1]، بە هۆی ئەم تەکنیکەوە ڕۆماننووس و چیرۆکنووسەکان زیاتر بایەخ بە ناخ و زەین و هەستی کارەکتەر دەدەن لە گرنگی دان بە لایەنی دەرەویان، چەندین گۆڕانکاری بە سەر کات و شوێن و ڕووداوەکاندا دێت.

**نموونەی ڕۆمان**

ئەم تەکنیکە لە بنیاتی ڕۆمانی هەردوو دەقەکەی (کورسی و ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا، وەکو ڕێگا و تەکنیکێکی نوێ گێڕانەوەی ڕووداوەکان، لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا پەیڕەو کراوە. بۆ نموونە: لەو نەورۆزەی، کە لە گردی یارەدا (بێکەس)ی شاعیر بە ئامادەبوونی دەسەڵاتداری ئینگلیز (مستەر ئەدمونس) و دارودەستەکەی زۆر چاو نەترسانە و زیرەکانە باسی (بیست و حەوت) ساڵی زوڵم زۆرداری ستەمی ئینگلیز دەکات. بەرامبەر بە میللەتی کورد، بە شیعر باسی هەموو ئەو زوڵم و زۆردارییە دەکات، کە دەسەلاتدارانی ئینگلیز لە کوردیان کردووە، لە ئە نجامی ئەمەشدا (مستەر ئەدمونس) توڕە دەبێت. بۆیە لێرەدا کورسییەکە تووشی بارۆدۆخێکی دەروونی هاتبوو و دەترسا شتێکی لێ بکەن، چونکە کورسی (بێکەس) بوو، (بێکەس) لە سەری دانیشتبوو، لێرەدا گێڕەوەوەی هەمانشتزان لە ڕێگەی قسەکردنی لەگەڵ خۆی دەیەوێت زیاتر تیشك بخاتە سەر باری دەروونی خۆی، جەخت لە ترسانەکە دەکاتەوە. دەڵێ:

**ترسام ترسام ئێجگار ترسام**

**وتم ئێستا لە بەر ئەوەی کورسی ئەوم**

**تەورو پۆلیس دێنە سەرم**

**لە بنەوە دەستەکانم هەڵئەکێشن و**

**قاچەکانم ئەبڕنەوە، ئەمخەنە ناو ئاگرەوە!** (کورسی: ل١٠٢ ـ ١٠٣).

هەروەها کاتێك کە قۆمیسەرەکە لە دوکانی نوری عەریزەنووس کورسی و چاپەکە لە یەکتر جیادەکاتەوە. چاپەکە دەخاتە باوەشی خۆیەوە، پولیسەکەش بە حەمالەکە دەڵێت کورسیەکە ببە ناو بازار بۆ ئەو شوێنەی، کە پێم ووتی. لە دوای ئەوەی چاپەکەو کورسی خواحافیزی لە یەکتر ئەکەن. کورسیەکە زۆر دڵگران ئەبێ خەم بۆ ئەوە دەخوات، کە جارێکی تر چاپەکە نابینێتەوە، چونکە کاتێك لە دوکانی نوری عەریزە نووسدا پێکەوە بوون. چاپەکە کورسیەکەی فێری خوێندن کردبوو. گێڕەرەوی (هەمانشتزان)، کە خۆدی کورسیەکە لە ڕێگەی قسەکردن لەگەڵ خۆیدا گۆزارشت لەو ساتە ناخۆش و دابڕانە دژوارە دەکات و دەڵێت:

**منیش سەرێکم بۆ لەقان. خۆم بەخۆم وت: تازە**

**هەرگیز جارێکی تر من ئەو کەسە نابینمەوە کە لە شەوانی**

**درێژی ئەم شوێنەدا فێری ڕووناکیی کردم و ڕێگای**

**هەتاوی نیشاندام!.** (کورسی: ل٢١٩)

---

[1]. ڕێزان ڕەحمان خدر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عبدالله سەراج)دا، نامەی ماستەر، ز/ سەلاحەددین، کولێژی پەروەردە، ٢٠٠٧، ل١٠٩.

هەروەها لە بنیاتی رۆمان لە (دەقی ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا، لەو شەوەی جەندرمەکانی بەعس دەروە لە ماڵی ماموستا (ف) دەدەن، تەڵەی بۆ دادەنێنەوە. لە ناکاوەوە دەچنە ژوورەوە و ماموستا (ف) دەگرن و لەگەڵ خۆیان دەبەن، لەوکاتەدا هەریەکە لە چاویلکە و کراس و چاکەت و پانتۆڵ و جووتە پێڵاویش دەگیرێن، چونکە چەند شەوێك بوو هەر بە جل و پێڵاو لە پێیەوە ئەنووست.لەوکاتەدا ماموستا (ف) چاویلکەی لە چاو بووە و کراس و چاکەت و پانتۆڵی لەبەر بوو، جووتە پێڵاویشی لە پێ بوو، هەموویان گیران و بردران کەس نەیزانی بۆ کوێ بردران. هەریەکە لە کڵا و ملپێچ و پاڵتۆ نەبردرابوون. جا لێرەدا (کلێتە) کە بەشێکە لە کڵاوەکە هەروەك کڵاوەکە خۆی دەڵێ: ((منی کڵاو کلێتەشم و ئەتوانم خۆم بێنمە خوارێ تا ژێر چەنە))[1]، لە رێگەی تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە باری دەروونی کڵاوەکەمان بەرامبەر بەم رووداوە ناخۆش بۆ دەخاتەروو و دەڵێت:

**کڵاوەکە بەبێ ئەوەی دەنگ هەڵبڕێ**

**لەناو دڵی خۆیدا ئەیوت:**

**ئەبێ ئێستاکە لە کوێ بن**

**لە کام ژێر زەمینی مەرگ و**

**لە کام تەنووری ئازار و**

**لە کام پێچی ئەشکە نجەدا؟!**

**کڵاوەکە لە دڵی خۆیدا ئە پرسی:**

**چاویلکەکە زیاتر ئەژی؟**

**یاخود جەستە لاوازەکە؟**

**لە ژێر گوشاری گوێزاندا**

**چاکەت خۆی پێ ڕائەگیرێ؟!**

........................ (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٧٩ ـ ٨١)

هەروەها لە شوێنێکی تری رۆمانەکەدا( کلێتەکە ) لە رێگەی مۆنۆلۆگی (کڵاو)ەکەوە، ئەو دەفتەرە بەرگ ڕەشەمان پێ دەناسێنیت، کە برای ماموستا(ف) لە دوای گرتنی ئەو دێتە ماڵی، لە دوای پشکنینی ماڵەکە ئەو دەفتەرە دەدۆزێتەوە، هەڵدەگرێت و لە ژێر جلەکانیدا دەشاریتەوە. کڵاوەکە لە رێی مۆنۆلۆگەوە ئەوەمان بۆ دەخاتەروو، کە ئەو دەفتەرە بەرگ ڕەشە ئەو دەفتەرە بوو،کە زۆر جار نیوەشەو چاویلکەکە شتی تێیدا ئەنووسی. هەروەك خۆی لە دەقی رۆمانەکەدا دەڵێت: (( **کڵاوەکە لە دڵی خۆیدا وتی: ـ ئەوە ئەو دەفتەرە بەرگ ڕەشەبوو کە زۆ جار شەو درەنگان چاویلکەکە دەری ئەهێنا و سەری بە سەردا ئەکردەوە و تیا ئەنووسی؟**)). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٨٥)

**نموونەی چیرۆك**

مۆنۆلۆگ وەکو تەکنیکی گێڕانەوە لە بنیاتی چیرۆکی هەردوو دەقی (کورسی و ئەسپێك لە پەری گوڵاڵە)دا، بەکارهاتووە. بۆ نموونە لە بنیاتی چیرۆکی ناو دەقی (کورسی)دا بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی چیرۆکەکە لە رێی تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە گێڕدراونەتەوە. بۆ نموونە: کاتێك کە دیلان لە ناکاوەوە لەگەڵ (نازەنین) ڕووبەرو دەبێتەوە. لە دڵی خۆیدا دەڵێت:

**لە دڵی خۆیدا وتی"نازەنین، نازەنینی حەمەلاوەی قەرەداغی،**

**ئەم رێکەوتە ناخۆشە چی بوو؟!"** .. (کورسی: ل١٦٥ ـ ١٦٦)

---

[1]. شێرکۆ بێکەس، ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٣٥.

هەروەها لە شوێنێکی تری چیرۆکەکەدا دیلان، کە کارەکتەری لاوەکی چیرۆکەکەیە لە ڕێگەی تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە باس لە بێ خەمی (نازەنین) دەکات بەرامبەر بە کارەساتی خۆکوشتنی (سەروەر) و دەڵێت:

..... خۆی لەگەڵ خۆیدا ئەدوا"

ساڵێك لە مەوبەر کارەساتەکە ڕوویداو

چوون بوومە لەرزەیەك شاری لەرزاندەوە،

نازەنین نەك هەر نەگۆڕاوە بەڵکو جوانتریش بووە! ... (کورسی: ل١٦٩)

هەروەها لە بنیاتی چیرۆك لە دەقی (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا کاتێك، کە پشیلە ڕەشەکە بەو کورەی کارەکتەری چیرۆکەکە دەڵێت: ئەم شەو مەچوورەوە ماڵی خۆتان، کوڕەکە لە دڵی خویدا دەڵێت: بە قسەت ئەکەم، هەروەك لە دەقی چیرۆکەکەدا دەڵێت:(( منیش بێ هیچ دوو دڵیەك لە دڵی خۆمدا وتم (( بە قسەت ئەکەم! )) )). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٤٠) هەروەها کاتێك، کە پوورەکەی لە ماڵیان دەگەڕێتەوە و پێ دەڵێت شوکر بۆ خودا، کە تۆ لێرە بوویت، چونکە دوێنی شەو بۆ گرتنی تو چوونەتە سەرماڵتان. کورەکەش لە دڵی خۆیدا سپاسی پشیلەکە دەکات و دەڵێت: (( منیش لە دڵی خۆمدا وتم ((سوپاس بۆ پشیلە ڕەشەکەیش)) ). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٤١)

### ٥- پانتای گێڕانەوە لە ڕێی تەکنیکی فلاشباکەوە

یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی گێڕانەوە، پرۆسەیەکی دەروونی سایکۆلۆجییە و گێڕەوەوە لە ڕێگەی زەینەوە ڕووداوەکانی ڕابردوو لە کاتی ئێستادا، کە پێشتر باسی نەکردوە دەگێڕێتەوە. هونەرێکی سینەماییە و زۆرجار لە رۆمان و چیرۆکی نوێدا رۆماننووس، یا چیرۆکنووس بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو وەکو تەکنیکێکی گێڕانەوە بەکاری دەهێنێت. کەواتە (( فلاشباك گێڕانەوەی ڕووداوی ڕابردوویە لە ڕێی زەینەوە و هێنانەوەی بۆ کاتی ئێستای گێڕانەوە، ئەم کردارەش لە لایەن حیکایە تخوان یان کارەکتەرەوە ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی چالاکی بەخشین بە پرۆسەی گێڕانەوە کە لە لایەك، لە لایەکی دیکەش ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕابردووە لە لای خوێنەر یاخۆد بە سەرچوونەوەی ئەو ڕووداوانەی کە حیکایە تخوان بە ئەنقەست باسی نەکردوون یان بەسەردا تێپەریوە )).[1]

**نموونەی رۆمان**

گێڕەوەوە لە بنیاتی رۆمان لە دەقی (کورس)یدا، بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی رۆمانەکەی بە هۆی ئەم تەکنیکەوە دەگێڕێتەوە. لێرەدا ئاماژە بە هێندێك لەو ڕووداوانە دەکەین، کە بە هۆی ئەم تەکنیکە گێڕدراونەتەوە. بۆ نموونە: (کورسی)، کە کارەکتەری سەرەکی دەقی رومانەکەیە و گێڕەوەوەی (هەمانشتزان)یشە لە گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانیدا لە دەقی رۆمانەکەدا، هەموو بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیانی خۆی لە ناو چا یخانەکەدا لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە، بۆ برادەرانی تری، کە (قەنەفەیەکی عوسمانی فێست لە سەرو، ئەسکەملێکی ڕاکردوو خەڵکی سنە) بوون، دەگێڕێتەوە. هەروەك نووسەری دەقەکە، کە گێڕەرەوی خۆدیە لە دەقی رۆمانەکەدا، ئەوەمان بۆدەخاتەروو و دەڵێت (( **بە شەو هەر خۆی و چەند تاکێ لەو کورسیانەی دەوروبەرو، قەنەفەیەکی عوسمانی فێست لە سەرو، ئەسکەملێکی راکردووی، خۆ گۆڕیوەی خەڵکی سنە ئەمێننەوە. لە ناو یەکدا حیکایەتی ژیانیان و ڕابووردوویان، لە ڕەگەوە، لە بنج و بێخی دایکەوە یان باوکەوە، لە گەڵاکانی دڵداری و لە هەزنەکانی خەزان و، لە برینەوەی جەستەیان، بۆ یەکتری ئەگێڕنەوە. ...... کورسی غەمگین گێڕایەوە:** )). (کورسی: ل٣١ - ٣٣)، هەروەها لە شوێنێکی تری رۆمانەکەدا کورسیەکە لە ڕێگەی باوکییەوە سێڵاو بردنی دایکی لە کاتێ، کە لە قوماتەی گەڵادا

[1]. ڕێزان عوسمان مستەفا، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە رۆمانی کوردی باشووری کوردستانی (١٩٨٥ - ١٩٩٠)، ل١٨٥.

بوو و هێنانی دایەنی دارهە نجیر بۆی و هەبوونی دووبرای لەو دارهە نجیرە و چەندین ڕووداوی ترمان بۆ دەگێڕێتەوە. لەو گێڕانەوەیەشدا باوکی کورسییەکە لە ڕێگەی زەینەوە ئەو ڕووداوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەروەك خۆدی کورسیەکە لە دەقی ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێ کردووە و دەڵێت:

**وەختێ باوکم ئەم قسانەی بۆ ئەکردم**

**بۆ خۆی بوو بوو بە کۆڵەکەی ناو مزگەوتێ!** (کورسی: ٥٥)

هەروەها کاتێك نەورسە ڕۆژنامەنووسەکە دێتە لای درەختەکان بۆ دروستکردنی ریپۆرتاژێ لە سەر هەردوو ژیانی درەختەوە، کە ئەو کات کورسییەکە لە قۆناغی تەمەنی درەختیدا بوو. گێڕەرەوی هەمانشتزان لە دەقی ڕۆمانەکەدا، کە کورسییەکەیە ئەم ڕووداوەمان لە ڕێگەی زەینەوە (تەکنیکی فلاشباك)ەوە بۆمان دەگێڕێتەوە. هەروەك خۆی لە دەقی ڕۆمانەکەدا دەڵێت:

**لەبیرمدێ نەورەسێکی**

**پانتۆڵ لەبەری قژ زەردی ڕۆژنامەنووسی هەڤاڤی**

**جارێك ڕێیکەوتە لای ئێمە**

**ئەیویست ڕێپۆرتاجێکی جوان**

**لە بارەی هەردوو ژیانی درەختەوە**

**بنێرێ بۆ ڕۆژنامەکەی** (کورسی: ل٦١)

هەروەها لە کاتێکدا کە کورسیەکە دەبردرێتە دوکانی کۆنەفرۆشەکان، لەوێ لە دایەلۆگی نێوان کورسیەکە و عەلادینەکە، عەلادینەکە لە ڕێگەی زەینەوە بۆ کورسی ڕووداوی بردنی دوو کورسی دەگێڕێتەوە و پێ دەڵێت:

.... **پێرێ دوو کورسییان هێنا. یەك ڕۆژ**

**لێرە نەماوە و بە پیکابێ لەگەڵ هەندێ شت و مەکی تردا**

**بردیان بۆ بازیان.** (کورسی: ل٢٢٢)

هەروەها هەر لە هەمان دایەلۆگدا کاتێك کە کورسیەکە وتی: من حەزناکەم بچم بۆ بازیان بۆ دەرەوەی شار عەلادینەکە بۆ ئەوەی تێ بگەینیت، کە خەراب هەیە و خەرابتریش هەیە لە ڕێگەی زەینەوە، ئەوە بۆ کورسیەکە دەگێڕێتەوە کە بەر لە دوو مانگ کورسیەك، کە زۆر بە ئەو ئەچوو بردیان بۆ مەیتخانە، هەورەك لە دەقی ڕۆمانەکەش دەڵێت:

**بەر لەمانگێ کورسیەکی وەکو تۆیان هێنا،**

**بە باڵا و ڕەنگ ڕوویش کوت و مت هەر لە تۆ ئەچوو**

**ئەزانی چی؟! بردیان بۆ مەیتخانەکە، ئەی چۆن!** (کورسی: ل٢٢٣)

هەروەها لە بنیاتی ڕۆمان لە دەقی (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا، گێڕەرەوی هەمانشتزان لە گێڕانەوەی هێندێك لە ڕووداوەکاندا سوودی لەم تەکنیکەی گێڕانەوە ینیووە. بۆ نموونە: کاتێك لە ئاهەنگەکەدا کڵاوەکە لە سەری (شەهرام)، کە خاوەنی کڵاوەکە بوو. دەکەوێتە خوارەوە و کەسێکی تر هەڵی دەگرێت و لە سەری خۆی دەنێت. دواتریش دەیفرۆشێتە کۆنە فرۆشێك، کڵاوەکە لە لای کۆنە فرۆشەکە لە ڕێگەی زەینەوە، باسی ئەو فەرشە توحفەیە دەکات، کە شەهرامی وێنەکێش لە ژووری خۆی هەڵواسیبوو. باسی ئەوە دەکات، کە چوون گەیشتۆتە دەستی (شەهرام) و بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت لە باسکردنی فەرشەکە، دواتر باسی وێنەکێشانی شەهرام و وێنەکانی دەکات، بەم شێوەیە بۆمان دەگێڕێتەوە (( **لە بیرم چوو ئەوەیش بڵێم ... نابێ نەیڵێم کە هونەرمەندی وێنەکێش هەر**

**لە ناو ژوورەکەی خۆیدا، وەك توحفەیەکی کولتووری. فەرشێکی جوانی بانەیی هەڵواسیبوو. ئەم فەرشەمان لەدایکبووی رۆژگاری حوکمڕانیەکەی (حەمە ڕەشیدخان)ی بانەبوو. ....... با ئەوەیش بگێڕمەوە: گەلێ جاریش، بە تایبەتی لە زستاندا، ئەو وەختەی شەهرام، خەریکی کێشانی تابلۆکانی ئەبوو، منی هەر لە سەرا بووم. .........**

)). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٣٨ ـ ٤٠) هەروەها لە شوێنێکی تری رۆمانەکەدا کاتێك، کە کلێتەوچاویلکە و پاڵتۆ لە چایخانەدا دانیشتوون (کلێتە)ە لە ڕێگەی زەینەوە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە پار زستان لەو وەختەدا بوو. ئەوان لەو چایخانە بوونە چاویلکەی (دیلان) هاتووتە ژوورەوە و بەرێکەوت لە لای ئەو دانیشتتووە و ئەوی لە سەری خۆی داناوە و دەڵێ هەرگیز من ئەو یادگارییە خۆشەم لە بیرناچێ هەروەك خۆی لە دەقی رۆمانەکەدا بۆمان دەخاتەڕوو و دەڵێ: (( **یادگارێکی خۆشم لەو چایخانەیەدا هەیە و هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. پار زستانێ هەر لێرەدا و لە سەر ئەم کورسیانە بوو، تۆ و منی کلێتە و چاویلکەی شاعیر و نووسەر بووین. ..... لەو کاتەدا چاویلکەکەی ((دیلان)) خۆیکرد بە چووردا و هات لامانەوە دانیشت. بە ڕێکەوت کەوتە لای منەوە. هەر بۆ گاڵتە دەستی دامێ و بۆ چەند ساتێ منی کردە سەری. ..... من هەرگیز دەست و پەنجەی ((دیلان))م بیرناچێتەوە. شانازی بەو ساتەوەختانەوە ئەکەم. ئەو یادگارانە دەگمەنن.**)). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٥١ ـ ٥٢)

**نموونەی چیرۆك**

بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی بنیاتی چیرۆك لە دەقی (کورسی)دا لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە ئەنجام دراون. بۆ نموونە ڕووداوە سەرەکییەکانی چیرۆکەکە، کە باسی خۆشەویستی نێوان (سەروەری نێرگز و نازەنین) دەکەن، دیلان، کە کارەکتەری لاوەکی چیرۆکەکەیە ئەم بەسەرهاتەی دڵدارییە لە ڕێگەی تەکنیکی فلاشباکەوە دەگێڕێتەوە. ئەویش بە هۆی دیتنی نازەنین دوای چەند ساڵێك، کە بە سەر ڕووداوی خۆکوشتنی سەروەردا تێپەڕیوە. بە هۆی دیتنی نازەنینەوە ئەو ڕووداوەی بەبیر دێتەوە.

**"ساڵێك لەمەوبەر کارەساتەکە ڕوویداوە**

**چۆن بوومەلەرزەیەك شاری لەرزاندووە،**

**نازەنین نەك هەر نەگۆڕاوە بەڵکو جوانتریش بووە؟"** (کورسی: ١٦٩)

لە شوێنێکی تردا لە ڕێگەی تەکنیکی مۆنۆلۆگەوە دەگەڕێتەوە بۆ دواوە و دەڵێت:

**دوای ئەوەی**

**بەردرام، وەختێ سەرومرم بینیەوە هەر تەواو زەرد و**

**لاواز بووبوو. مرۆڤی عاشق لە پووشوو ئەچێت بەخۆرەتاوێکی بەتین**

**ئاگری تێبەر ئەبێ. سەرومری نێرگز عاشقی**

**نازەنین بووبوو. بەو دواییە هەر تەواو بێ هۆش و گۆش** (کورسی: ل١٧٨ـ ١٧٩)

بەم شێوەیە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان تا کۆتایی چیرۆکەکە بەردەوام دەبێت .

هەروەها لە بنیاتی چیرۆك لە دەقی (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا، ئەم تەکنیکە ڕۆڵی لە گێڕانەوەی هێندێك لە ڕووداوەکاندا بینیووە. بۆ نموونە: گێڕەوەوەی چیرۆکەکە، کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەیە لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە چەند کارەساتێکی دڵتەزێنی سەردەمی ژیانی خۆی، کە پڕە لە زوڵم و زۆرداری حکومەتی بەعس بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: (( **دوێنێ ئێوارێ ئەم کاتانە بوو لە ڕۆژهەڵاتی شار چوار گەنجیان لە پاڵ دیواری قوتابخانەیەکدا گوللەباران کرد. بەر لە هەفتەیەکیش بە نهێنی وێنەی ئەو نامانە بڵاوکراونەتەوە، کە زیندانیەکانی ژووری ئیعدام وەك وەسیەتنامە بۆ کەس و کاری نزیکی خۆیان نووسیبوو.**)). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٣٨) هەروەها هەر لە

**ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە باس لە نەنکی و مردنی نەنکی دەکات و دەڵێت : (( نەنکم دایکی دایکم .. هەر لەگەڵ ئێمەدا ئەژیا .. تەمەنی لە نەوەد ساڵ زیاتری تێپەراند بوو. کەچی لە پڕ بەر لە سێ مانگ، هەڵامەتێکی گرت و هەڵامەت دای بە ئەرزا و ئیتر بڕای بڕ هەڵنەسایەوە. )).** ( ئەسپێك لە پەرەی گوڵاڵە : ل١٤١ )

## ٦ـ گێڕانەوە لە ڕێی خەونەوە

هێندێك لە چیرۆکنووس و ڕۆماننوسەکان خەونییان وەکو تەکنیکی گێڕانەوە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی چیرۆك و ڕۆمانەکانیان بەکارهێناوە. (( لە کاروانی چیرۆکی کوردیدا،یەکەم کەس لە کوردستانی باشووردا( خەون )ی بەکارهێنابێت بۆ گێرانەوەی چیرۆك، ( جەمیل سائب )بووە( ١٩٢٤-١٩٢٥ )، دوای ئەویش چیرۆکنووسان دەست بەرداری نەبوون و چیرۆکیان پێ گێراوەتەوە، لە خەسلەتەکانی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە،ئەوەیە کە کارەکتەر لە خەوندا دوو کاتی هەیە : کاتێکی فیزیکی،ئەوەیە کە وەکو لەشێك لە کاتی خەوتنەکەدا،کارەکتەر لە کاتی سەر زەوی دا دەژیێ( خەوتووە )،بەڵام ئەو کاتەی کە خەونەکەی تیادا دەبینێت و ڕووداو ڕێ دەکات و لەش هەر لەکاتە فیزیکییەکەی سەر زەوی دایە،لەگەڵ ئەمەدا، کاتە زەینییە دەروونییەکە، گۆڕانێکی تری بەسەردا دێت و دەبێتە دەریایەك و دابڕاو لە کاتی فیزیاوی ))[1].نووسەر لە بنیاتی ڕومان و چیرۆکی ناو دەقە والاکاندا، خەونی وەکو تەکنیکی گێڕانەوە بەکاری هێناوە، کە لە خوارەوەدا ئاماژەی پێ دەکەین.

**نموونەی ڕۆمان**

نوسەر لە بنیاتی ڕۆمانی دەقی ( کورسی )دا لە ڕێگەی خەونەوە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە تاراوگەشدا هەموو کات کورسیەکەی چایخانەی لە بیر بوویە و هەتا لە خەویشیدا چوویتە لایی و لە سەری دانیشتیە. هەروەك خۆی لە دەقەکەدا دەڵێت:

**........................ هەموو جارێ**

**لەو دوورەوە کورسی چایخانەکەم بیر بوو لە خەویشما**

**ئەچوومە لای یان لە سەری دائەنیشتم.** ( کورسی: ٢٨٣ ـ ٢٨٤ )

**نموونەی چیرۆك**

نووسە لە بنیاتی کورتە چیرۆکی ( پشیلە ) لە دەقی (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە )دا، خەونی وەکو تەکنیکیکی گێڕانەوە بەکارهێناوە و لە ڕێگەیەوە ڕووداوی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە ڕۆحی نەنکی دایکی دایکی، کە چەند ساڵێك بوو مرد بوو. چوویتە جەستەی پشیلەکەوە* تاکو پێ بڵێ ئاگات لەخۆ بیت و نەچیتە ماڵەوە و لە مەترسی ئاگاداری دەکاتەوە. هەروەك خۆی لە دەقەکەدا دەڵێت: (( **کۆتاییەکەی کەوتە شەوی دواتر و ناو خەوێکی سەیرتر لە پەیدا بوون و قسەی پشیلە ڕەشەکە ...... لە خەوەکەیشدا نەنکم بینی .. هەر وەکو جاری جارانی. لە بەر هەیوانەکە دانیشتبوو خەریکی پێوەنانەوەی قۆپچەی کراسێکی من بوو. زەردەخەنەیەك گرتی و پێی وتم ((**

---

[1]. ئیبراهیم قادر محەمەد،لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا١٩٧٠—١٩٨٠، نامەی دکتۆرا، زانکۆیسەلاحەددین، کۆلیجی ئاداب، بەشی زمانی کوردی،هەولێر، ١٩٩٧، ل ١٧٥.

*ئەمەش پێ دەڵێن (دۆنادۆن) : کە شوێبکەوتووانی بۆودا و فیساگۆرس باوەڕیان بەوە هەبوو و پێیان وابوو ڕۆح پاش مەرگ لە جەستەیەکی تردا دێتەوە ناو ژیان، واتا دۆنادۆن سوڕی بەردەوامی گەڕانەوەی ڕۆحی ئێمەیە لە دوای مەرگەوە بۆ ژیان.

**بەساقە! ئەوە ڕۆحی من بوو چوو بووە جەستەی پشیلە ڕەشەکەوە. توخوا ئاگات لە خۆت بێت!)) )). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٤١)**

## ٧ ـ گێڕانەوە لە ڕێی وەسف

**ڕۆمان یەکێکە لەو بەرهەمانەی، کە زۆر بە چڕوپڕی وەسفی تێدا دەبینرێت. زۆر بە کەمی نەبێت کارەکتەرێك، یان شوێنێك لە ناو ڕۆماندا نابینیتەوە کە وەسف نەکرابێت. لە ژانری چیرۆکیش هەیە، بەڵام نەك بەو چڕوپڕییەی، کە لە ڕۆماندا هەیە. وەسف یەکێکە لە گرنگترین هونەرەکانی ناو ڕۆمان و چیرۆك و (( ئەو برگە و گۆپلانە دەگرێتەوە، کە وێنەی ژینگە و سروشت و باری کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیما و ڕوخساری کارەکتەرەکان لە شێوازێکی ئەدەبی ڕازاوەدا پێشان دەدات و دەورێکی گرینگ لە پەرەسەندنی بنیاتی هونەری دەقی گێڕاوەدا دەگێڕێت)).[1]ئەرکی وەسف بەخشینی ئێستاتیکا و ئاوازە بە دەق، هەروەها خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییە ناوەکی و دەرەکییەکانی کارەکتەرەکان، بەخشینی چەمکی واقعی بە دەق، واتا ڕۆماننووس، یا چیرۆکنووس دەیەوێ لە ڕێگەی وەسفەوە قەناعەت بە خوێنەر بهێنێت کەوا کارەکتەر و شوێن و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا بوونیان هەیە و ڕوویان داوە. هەریەکە لە ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوان بە پێی بۆچوونی خۆیان چەندەها جۆریان بۆ وەسف دەستنیشانکردووە. یەکێك لەو جۆرە دابەشکردنانە ئەو دابەشکردنەیە، کە بە گوێرەی وەستان و بەردەوامی کاتی گێڕانەوە دیاری کراون، کە وەسفی (وەستا و جوڵاو)ن[2]، هەروەها لە ڕووی دەروونیشەوە دوو جۆرە وەسفمان هەیە، کە (وەسفی بابەتی و وەسفی خۆدی)یە.**

### نموونەی ڕۆمان

**بنیاتی جۆرەکانی وەسف لە بنیاتی هەردوو ڕۆمانی ناو دەقی (کورسی و ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا، بە خوێندنەوەی هەردوو ڕۆمانەکە ئەوەمان لادەرکەوتووە، کە چەندین جۆرە وەسفی تێیدا بەکارهاتووە، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:**

### ١ـ وەسفی کارەکتەر

**هەروەك پێشتر باسمان کرد کارەکتەر لە ناو ژانری ڕۆمان و چیرۆکدا بە یەکەیەکی گرنگ دادەنرێت. گشت ڕووداوەکان بە دەوریدا کۆ دەبنەوە و جوڵێنەری گشت ڕووداوەکانە و (( کەسێتی بە خۆی ڕۆمانە و بێ ئەویش ڕۆمان هیچ دەور و بایەخێکی نامێنێ))[3]، وەسفکردنی کارەکتەر بۆ ڕوونکردنەوەی زۆربەی بەسەرهات و ڕووداوەکان بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت. هەربۆیەشە (( ڕۆماننوس پێش ئەوەی کە کەسایەتیەك دەهێنێتە ناو ڕووداوە ڕێرەوی گێڕانەوە ڕادەگرێ و بە کورتی، یان بە درێژی وەسفی ڕوخسار و ڕواڵەتی ئەو کەسیەتە دەکات پاش ئەوەش یان خۆی درێژە بە گێڕانەوەکە دەدات، یان گێڕانەوە دەخاتە پاڵ ئەو کەسایەتیە، کە پاش وەسفەکە هاتووتە ناو ڕووداوەکانەوە))[4]. بۆ نموونە نووسەری دەقەکە، کە گێڕەرەوەی هەمانشتزانە لە بنیاتی ڕۆمانەکەدا، پێش ئەوەی**

---

[1]. د. نەجم خالد ئەلوەنی، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی شیکاری لە بارەی ڕۆمانی کوردییەوە، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل٩٧.

[2]. هەمان سەرچاوە، ل٩٧ ـ ٩٩.

[3]. د. نەجم خالد ئەلوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (ژانی گەل، شار، ڕاز)، نامەی دکتۆرا، ز/ سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب/ ٢٠٠٣، ل٢١٣.

[4].سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤.

ڕووداوەکانمان بۆ بگێڕێتەوە و باسی کورسیەکە بکات سەرەتا وەسفێکی خۆی دەکات. هەروەك لە بنیاتی ڕۆمانەکەدا دەڵێت:

منی نوسەری ئەم دەقە، دێر زەمانە،
لەم شارەدا، چون "با" یەکی شێت و وێتی
پێخاوسی شەرواڵ دڕاوی سەرگەردان
دێم و دەچم جارێك ئەبم بە شێعرێکی
مەست و سەرخۆشی مەیخانە و، جارێکی دی،
........................................ (کورسی: ل١٢)

بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت. ئەمەش وەسفێکی جوولاوە و بابەتییە و بە هۆی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك (من)ەوە، ئەنجام دراوە، وەسفێکە گێڕەرەوی هەمانشتزان خۆی بۆ خۆی کردووە.

دواتر نووسەری دەق لە بنیاتی ڕۆمانەکەدا، کە گێڕەوەوەی هەمانشتزانە و نووسەری دەقەکەیە، سەرەتا وەسفێکی درێژی رووخسار و ڕواڵەتی کورسیەکە دەکات، کە وەسفێکی وەستا و بابەتییە. دواتر گێڕانەوەی ڕووداوەکانی پێ دەسپێرێت و دەبێتە گێڕەرەوی هەمانشتزان لە دەقی ڕۆمانەکەدا. هەروەك لە دەقی ڕۆمانەکەشدا بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

کورسییەکی کورتەباڵای بەتەمەنە و
ئێسك سووك و تەوێڵ پان و
دەست باریك و ناوشان تەنگەو
بەڵام هێشتا وریا و قنجە و
قاچێکی کەمێ ئەشەلێ و
......................
لە سێبەردا پێستی تەڵخ و کزۆڵەیە و
چاوی کزتر. لە هەتاودا پێستی گەش و هەر بەوێنەی
..................................
لە شەوێکی سپی و کپی زستاندا بوو
کورسی غەمگین گێڕایەوە: (کورسی: ل١٥ ـ ٣٣)

هەروەها لە چەندین شوێنی تردا گێڕەوەوەی هەمانشتزان پێش ئەوەی کارەکتەری هێنابێتە ناو ڕێڕەوی ڕووداوەوە یەکە مجار وەسفی کردووە دواتر گێڕانەوەی هێندێك لە ڕووداوەکانی پێ سپاردووە بۆ نموونە: ئەو پەپوولەی، کە لە سەردەمی درەختیدا هەموو بەیانییەك هەواڵی بۆ درەختەکە دەهێنا، لە سەرەتادا گێڕەرەوی هامانشتزان، کە (کورسی) یەکەیە، وەسفیکی ئەم پەپوولەیە دەکات، کە وەسفیکی وەستاو و بابەتیە و دواتر گێڕانەوەی هێندێك ڕووداوی بە هۆی دایەلۆگی نێوان خۆی و ئەو لە زمانی ئەوە بۆمان دەگێڕێتەوە بۆ نموونە دەڵێت:

بەڵام پەپوولەیەك هەبوو
ڕەنگی ڕەشێکی قەترانیی
باڵی کوتراو بە وردە خاڵی زۆر سپی
ناسك ناسك

...........................

**یەکە مجار بوو پە پوولەیەك ببینم هێور نەبێ!.**

**وتم چیە؟!**

**وتی: لە ئاواق و لە ناو لم و خۆڵ و لە ولاتی عوجاجەوە**

**لەو خوارەوە، حوشتر خۆرە، عاگول بەسەر**

**بە هەزاران ڕەشەباوە، گەیشتوون و،**

...........................

**یەك "بسم الله"ی ئەکەنە مل**

**ئینجا ئیتر ئەیبڕنەوە!** (کورسی: ل٣٧ ـ ٤٢)

هەروەها کاتێك، کە (نەورەسە) ڕۆژنامەنووسەکە بۆ سازدانی ڕیپۆرتاژێك لە سەر هەردوو ژیانی درەختەکان دێتە لایان، سەرەتا گێڕەرەوی هەمانشتزان کە (کورسی)یەکەیە، وەسفێکی کۆرتی نەورەسە رۆژنامەنووسەکە دەکات، کە وەسفێکی وەستاو و بابەتییە و پاشان لە ڕێگەی نەورسەکەوە حەز و ئارەزوو و خەونەکانی ئەو درەختانەمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەروەك لە دەقی رۆمانەکەشدا دەڵێت:

**لە بیرمدێ نەورەسێکی**

**پانتۆڵ لە بەری قژ زەردی رۆژنامەنووسی هەڤاڤی**

..............................................

**هەر درەختێکی ئەبینی لێی ئە پرسی:**

**لە دوای ئەم ژیانەی ئێرەت لە لای دارتاشی خوداووەند**

**تۆ حەز ئەکەی ببی بەچی؟!** (کورسی: ل٦١ ـ ٦٢)

هەروەها گێڕەوەی هەمانشتزان، (کورسی)یەکە، پێش ئەوەی (نوری عەریزە نووس) بهێنێتە ناو ڕووداوەوە، یەکە مجار وەسفێکی کۆرتی دەکات و دواتر دەهێنێتە ناو ڕێڕەوی ڕووداوەوە بۆ نموونە دەڵێت:

**عەرزوحاڵچی. رۆژی دوایی کابرایکی باریکەلەی**

**خوێن شیرین و دەم بە خەندە. هاتە دوکان، تۆزێ لە سەرم**

**دانیشت و لە دواییدا دەستی دامێ** ............. (کورسی: ل١٩٢)

هەروەها کاتێ کورسیەکە دەبردرێتە ناو بازاڕ لای دوکانی پیرەمێرد و لەوی لای عەلادینەکە دادەنرێت، پێش ئەوەی عەلادینەکە بهێنێتە ناو ڕێڕەوی ڕووداوەکانەوە، لە سەرەتادا وەسفێکی کورتی وەستاوی پیرەمێرد و عەلادینەکە دەکات. و دواتریش دەیانهێنێتە ناو ڕووداوە و گێڕانەوەی هێندێك لە ڕووداوەکان دەخاتە پاڵ عەلادینەکەوە، هەروەك خۆشی لە دەقی رۆمانەکەدا بۆمان دەخاتەروو:

**گەیشتینە مەزا تخانەی ناو بازاڕو حەماڵەکە لە بەردەمی**

**دوکانێکی پیرەمێردی پەککەوتەدا، سەر جە نجاڵ**

**بە شرکە و پرکەی دنیا، منی دانا. کەوتمە لای**

**عەلادینێکی کوێرە موشەی سك قوپاوی زۆر بلێوە.**

**لە دوای ئەوەی یەکمان ناسیی ئەو پێی وتم:** (کورسی: ل٢٢٠ ـ ٢٢١)

هەواڵنامەی کتێب

بەهەمان شێوە لە بنیاتی ڕۆمانی دەقی (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا، (كڵاو)، كە كارەكتەری سەرەكی ڕۆمانەكەو گێڕەوەوەی هەمانشتزانی ڕووداوەكانە لە ڕۆمانەكەدا، لە دەسپێكی ڕۆمانەكەدا سەرەتا وەسفی خۆی دەكات و دواتر دەست بە گێڕانەوەی ڕووداوەكان دەكات. بەم شێوەیە ((**ئێستەیش ئاوا منی كڵاو، لە سەر لوتكەی جەستەیەكم و وەكو ئەڵێن قاچ لە سەر قاچ دانیشتووە. ......... منی كڵاو كلێتەیشم و ئەتوانم خۆم بێنمە خوارێ تا ژێر چەنە و، قاوەییم و تووكم نەرمە و ئەگەرچی بەر لە چەند ساڵێ گەنجتر بووم و ئەمێستاكە دوای چەند (سەر)ێ ئەو گوڕوتینی جارانم تیا نەماوە و بەڵام هێشتا خوێنم گەرمە و تووكی زۆر و قژی پڕم سەرمای چلە ئەبەزێنێ و بەردەوامیش نیگاری بۆلبۆلێكی جوان لە سەر قەراغی پێشەوەم نێشتۆتەوە. منی كڵاو بە ڕەچەڵەك پۆڵەندیم و لە دایكبووی شاری ((وارشۆ))م. بۆ یەكەمجار .....** )). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە:ل٣٥ ـ ٣٦) ئەم وەسفەش وەسفێكی بابەتییە، چونكە گێڕەرەوی هەمانشتزان، كە (كڵاو)ەكەیە تەنیا لە ڕووی ڕووخسارەوە وەسفی خۆی دەكات و وەسفێكی جوڵاوە، چونكە كاتی گێرانەوەی تێیدا نەوەستاوە بەڵكو باسی ئەوەدەكات كە پێشتر وانەبووە، بەڵام ئێستاش خوێنی گەرمە و تووكی زۆر و قژی پڕی سەرمای چلەی زستان دەبەزێنێ. هەروەها (كڵاو)ەكە لە وەسفێكی تردا وەسفی ئەو خانمە دەكات، كە لە دوكانەكەی ئێراندا بۆ یەكەمجار ئەو دەستی دایتە كڵاوەكە و لە شوێنێكی رووناكی داناوە تەنیشت كڵاوێكی تری شیرازی وەسفی ئەو كڵاوە شیرازییەش دەكات. دواتر باسی ئەوە دەكات، كە ئەو خانمە هەموو رۆژێ ئەوانی لە دوكانەكە رێكخستووە. بەم شێوەیە ((**خانمێكی باڵا بەرزی پێست پەمەیی دەستی دامێ و لە شوێنێكی زۆر ڕووناكدا هەڵیواسیم. كەوتمە تەنیشت كڵاوێكی نیمچە قووچی بە نەخش و نیگار ڕازاوەی خەڵكی شیراز**)). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٣٦) ئەم وەسفەش وەسفێكی وەستاوە و كاتی گێڕانەوە بە هۆی وەسفەكەوە وەستاو و وەسفیكی دەرەكییە و گێڕەرەوی هەمانشتزان، كە كڵاوەكەیە تەنیا لە ڕووی رووخسارەوە وەسفی خانم و كڵاوەكەی كردووە. هەروەها لە وەسفێكی تردا كڵاوەكە وەسفێكی وەستاوی ئەو كەسە لە ڕووی رووخسارەوە دەكات، كەدەیكریت وەسفێكی بابەتییە و دەڵێت: (( **ئێوارەیەكی بەفرانبار، پیاوێكی كەمێ گردەڵە و لە چڵەكانی تەمەندا خۆیكرد بەناوكۆگاكەدا و، هاتەبەر ژوورەكەی ئێمە و، دەستی دامێ و هەڵیگرتم** .... )). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٣٦) هەر لە دوای ئەم وەسفەش كڵاوەكە وەسفێكی خۆدی خۆی دەكات، كە دەڵێت بە كرینم زۆر پەست بووم، چونكە لە خانمەی دۆكانەكە دوور دەكەتمەوە.بەوەش وەسفی ناخی خۆی دەكات، كە وەسفێكی خۆدییە.هەروەك خۆی دەڵێت: (( **نرخەكەی دام. وەختێ زانیم من ئیتر لێرە نامێنم، كەمێ پەست بووم، لە ناو خۆمدا ئاخم بۆ خانم هەڵكێشا و** ....)). ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٣٧) هەروەها لە شوێنێكی تردا كاتێك لە ئاهەنگەكە لە سەری خاوەنەكەی دەكەوێتە خوارەوە و پیاوێكی تر دەستی دەداتێ و دواتر دەییاتە لای كۆنەفرۆشێك دەیفروشیت. لێرەدا پێش ئەوەی گێڕەرەوی هەمانشتزان ئەم پیاوە بهێنێتە ناو ڕێڕەوی ڕووداوەكانەوە، وەسفێكی وەستاو لە ڕووی رووخسارەوە بۆی دەكات. بەم شێوەیە ((**لەو كاتەدا كابرایەكی كورتەباڵای چاو زەقی ددان زڵ هەڵیگرتم و بێ ئەوەی ئاوڕیاتەوە، .... بردمیە لای كۆنە فرۆشێ و هەرزان فرۆشتمی**)). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٣٨) دوای ئەوەش وەسفێكی دەروونی خۆمان بۆ دەخاتەروو، كە وەسفێكی خۆدیە و دەڵێت: ((**ئیتر دوای ئەوەی چوومە لای كۆنەفرۆش. هەستمكرد من ئەو كڵاوەی ڕابردوو نیم. دنیام لەبەرچاو تاریكبوو، زۆر تاتێل و بێتاقەت و مەیلی هیچ شتێكم نەبوو.** )).(ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٤٠) هەروەها گێڕەرەوی هەمانشتزان، لە وەسفێكی تردا كە بۆ كلێتەیەك دەكات. لە وەسفەكەدا ئەوەمان بۆ دەخاتەروو، كە كلێتەكە خەمێكی قووڵی هەیە و تازیەدارە كاتێك دەڵێت (( **تووشی كلێتەیەكی ڕەشپۆشی ناسیاوم بووم. راوەستاوم و تەوقەیەكم لەگەڵدا كرد مامۆستا تەواو گۆڕابوو. ڕەنگی ئاگرێكی كوژاوەی لێ نیشتبووچنگەكانی كۆست گوشیبووی**)). (ئەسپێك لە پەڕەی

گولاڵە: ل٤٦) لەو وەسفەشدا گێڕەرەوی هەمانشتزان پێش ئەوەی ڕووداوی لە سێدارەدانی کوری ئەم کلێتەیە لە موسڵەوە بۆمان بگێڕیتەوە. ئەم وەسفەی بۆ کلێتەکە کردووە. هەروەها لە وەسفێکی هاوشێوەدا لە شوێنێکی تردا دەڵێت: (( **جارێکیان بۆ ماڵی شەهیدێ، گە نجێکی بیست ساڵە، کە مانگی لەمەوبەر. لە شەڕی بازگەکەی کەرکووکدا کوژرابوو. دایکێك و باوکێکی ڕەشپۆش و ژوورێکی غەمبار و بچکۆلە.** )). (ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە: ل٢٣٧) هەروەها لە شوێنێکی تردا پێش ئەوەی بچنە ناو چایخانەکەوە چاویلکەکە، کە کارەکتەری لاوەکییە وەسفێکی وەستاوی پاڵتۆکە، کە ئەویش کارەکتەریکی لاوەکییە و دەڵێت: (( **پاڵتۆی هاوڕێ بەو هەموو کەتەیی و گۆشتنییەی خۆیەوە هێشتا هەر سەرمای بوو** )). (ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە: ل٥١) ئەم وەسفە لە لای کارەکتەری لاوەکییەوە ئەنجام دراوە و لە ڕێگەی ئەم وەسفە وەستاوەوە، کە لە ڕووی رووخسارەوە وەسفی پاڵتۆکە کراوە. ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە هەوا زۆر ساردە. هەروەها لە دوای ئەمە هەر چاویلکەکە وەسفی چاویلکەیەکی تر دەکات، کە لە ناو چایخانەکەدا دانیشتووە وئەم وەسفەش ئاماژەیە بۆ زواڵم و زۆرداری چاویلکەکە هەروەك خۆی دەڵێت: (( **چاویلکەیەکی زەبەلاحی چاو زەقم بینی. یەکسەر ناسیمەوە و خێرا رووم وەرگێڕایەوە. ئەمە ئەو چاویلکە پیاو کوژە بوو کە ساڵێك لە مەوبەر بە دەستی خۆی چەندین قەڵەمی وردوخاش کردبوو** )). (ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە: ل٥١) لەگەڵ چەندین نموونەی تردا، بەشێوەیەکی گشتی لە بنیاتی هەردوو رۆمانەکەدا وەسفەکان بە هۆی گێڕەوەوەی هەمانشتزانەوە ئەنجام دراون، وەسفی کارەکتەر لە بنیاتی ئەم رۆمانانەدا تا رادەیەکی زۆر وەسفێکی دەرەکییە و دەچێتە خانەی وەسفی بابەتییە و وەسفی وەستاون. زۆربەی زۆری وەسفەکان بە هۆی راناوی سەربەخۆی (ئەو)ەوە خراونەتەڕوو و هێندێکیشیان بە هۆی راناوی سەربەخۆی (من)ەوە خراونەتەڕوو.

## ـ وەسفی شوێن

شوێن یەکێکە لە بنیاتی سەرەکییەکانی ژانری چیرۆك و رۆمان، ئەو شوێنەی کە رۆماننووس، یا چیرۆکنووس لە ناو چیرۆك و رۆماندا باسی دەکات. دەقاودەق شوێنی واقعی نییە، بەڵکو بۆ ئاستێکی خەیاڵی دەگوازێتەوە ، لە ڕێگەی وەسفی ئەو شوێنەوە دەیەوێت بە خوێنەر بگەیەنێت، کە ئەو شوێنە خەیاڵییەی، کە بۆی وەسف دەکات. شوێنێکی واقیعی و ڕاستەقینەیە، واتا (( هاوشێوەکردنی شوێنی رۆمان لەگەڵ شوێنی واقعیدا گرنگترین کارێکە کە هونەری وەسف لە ناو رۆماندا دەیگێڕێت ))[1]. وەسفی شوێن لە بنیاتی هەردوو رۆمانی (کورسی و ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە)دا، کەمتر لە وەسفی کارەکتەر بایەخی پێدراوە، چونکە ڕووداوەکانی ئەم دوو رۆمانە زیاتر پەیوەندییان بە ژیانی (کورسی و کلاو) و هێندێك کەسایەتییەکانی ترەوە هەیە، کە زیاتر گێڕەوەوە دەیانهێنێتە ناو ڕووداوەکان. لە وەسفی ئەو شوێنانەدا زیاتر وەسفی شوێنەکەو و کەرەستەکانی ناو شوێنەکە و چوونێتی ژیانی ناو ئەو شوێنانە کراوە. بۆ نموونە گێڕەوەوە کاتێك کە تەنیایی خۆی بە قەلەباچکەیەکی لاواز و مل رووتاوە دەچوێنێت، کە هەموو ڕۆژی لەو چایخانەدایە. گێڕەوەوە لە وەسفی ئەو چایخانەی، کە هەموو ڕۆژەکانی لەوێ بەسەر دەبات دەڵێت:

**..... . تەنیاییشم قەلەباچکەیەکە لاواز،**
**مل ڕووتاوە، هەموو رۆژێ، لە چایخانەیەکی**
**بچووکی هلمدودا، لە سەر کورسییەکی ماندوو،** (کورسی: ل١٣)

[1]. سەنگەر قادر شێخ محمد، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی خانی و رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩، ل٢٠٢.

هەروەها گێڕەوەوە لە وەسفی ئەو شوێنەی، کە (نایب زابت)ەکە کورسییە برادەرەکەی بۆ ئەوێ برد بوو. ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە شوێنەکە ئەشکەنجەدانی زیندانیانە و لە ڕێگەی وەسفی خۆی و ئەو کەرەستانەی لەو ژوورەدا هەبوونە، چوونیەی ئەشکەنجەدان و ئازاردانی ئەو زیندانیانەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. هەروەك خۆی لە دەقی ڕۆمانەکەدا دەڵێت:

**گێڕایەوە چۆن چەند ساڵێ لە ناو ژوورێکی تاریك و**

**زۆر نسرما، دایاننـاوەو، کردوویانە بە کورسی ئەشکە نجەدانی**

**ژێر بەندەکان.** ..............................

**ئەیوت: ڕۆژێ وای تێئەکەوت لە ناو خوێندا شلپەم ئەهات**

**ڕۆژێ وایش هەبوو، من جەستەم، دەست و قـاچم،**

**هەمووی هەر سلك و وایەری کارەبا تێیان ئالابوو.**

**جاری وا هەبوو ئوتویان گەرم گەرم لە سەر پشتم بەجێئەهێشت.** (کورسی: ل٢٥٢ـ ٢٥٣)

هەورەها گێڕەوەوە، کە خۆدی (کڵاو)ە، باسی ئەو شوێنە دەکات، کە ئەوی لێ دادەنرێت و لە وەسفی شوێنەکەیدا ئەوەمان بۆدەخاتەڕوو، کە ڕێزێکی زۆری لێ دەگیرێت و لە سەر دادەنرێت و لە سەرەوەی هەموو شتەکانی تر لە بەرزترین جێگایە، کەلوپەلەکانی تر ئێرەیی بە جێگەکەی ئەو دەبەن، بەلام تەنیا لە وەرزی زستان و سەرمادا، چونکە هەر کە هەوا گەرم بوو ئیتر شوێنەکەی دەبێتە قوژبن و شوێنە پەناکان، هەروەك خۆی لە دەقی ڕۆمانەکەدا دەڵێت: (( **منی کڵاو لەم وەرزەدا خۆشەویستم و جێ و ڕێم ئێرەیی پێئەبرێ و لە ڕیزبەندی هەڵواسیندا وام لە سەرێ. وەلێ ئیتر بەر لە نەورۆز ئەبێ بچمەوە قوژبن و پەنایەك و بۆ خۆم بنووم تا ساڵێك کەس نەمبینێ**)).(ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٣٥) هەروەها کاتێك، کە کڵاوەکە لە ئێران لە لایەن (شەهرامی قەزوینی)یەوە دەکڕدرێت، گێڕەوەوە دەیەوێت لە وەسفی خانووەکەی (شەهرامی قەزوینی)یەوە پێمان بڵێت، کە کەسێکی دەوڵەمەندە لە وەسفەکەدا دەڵێت: (( **لە سەرجادەیەك دابەزین. دوو کۆڵان لەولاترەوە. چووینە ماڵێ، خانوویەکی ڕەنگ زەیتوونی پۆشتە و پەرداخ. لە ناوەوە، دەرگای ژوورێکی کردەوە**)). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٣٧) و لە وەسفێکی تردا گێڕەوەوە لە ڕێگەی وەسفی شاری تارانەوە باسی بارۆدۆخی ناڵەباری شاری تاران دەکات. ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە هەموو ڕۆژێ لە شاری تاران شەڕ و جەنگ بەردەوامە و بە هۆی ئەم جەنگەشەوە خەڵکانێکی زۆر شەهید دەبن و لەناو ئەچن. هەروەك خۆی دەڵێت: (( **تاران خۆیشی جبەیەکی گەورەی ڕەش بوو، هەموو ڕۆژێ لە جێی خۆمەوە ئەمبینی: ژیان لە تاراندا وەکو عەبای سەر ژنەکان ئەویش ڕەشە، باخچە ڕەشە. ئاسمان ڕەشە. نان هەر ڕەش و ئاو هەر ڕەشە. لە جێی خۆمەوە ئەمبینی: بێدەنگ بێدەنگ، شەقام ئەگری.** ........... **ئەوەی ئاگری و پێئەکەنێ تەنها جەنگە. لە جێی خۆمەوە ئەمبینی: خۆشەویستی ئەو مێژووە تەنها مەرگە....**)). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٤١) هەروەها گێڕەوەوە لە وەسفی کۆڵانە باریکە دوور دەستەکانی شاردا، ترسنوکی چەکدارەکانی حکومەتی بەعسمان بۆ دەخاتەڕوو و دەڵێت: ((**لەو ڕۆژگارە پڕ ترس و بیم و مەترسیدارەکانی وەك ئێستادا، پیاو کە دێتە ناو ئەم کۆڵانانەوە هەست ئەکەیت هەر لە خۆتەوە شێرزەبیت هێور ئەبێتەوە.** ......... **لەم کۆڵانانەدا وا ئەزانی کە ئیتر دوژمن دەستی ناگاتە تۆ و ئازادی** .......... **لە ڕاستیدا ئەوان ناوێرن بە تەنیا بێنە ناو ئەم کۆڵانانەوە، ئەگەر بەکۆمەڵ و هێزێکی چەکدارەوە نەبێت**)). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٥٦ ـ ٥٧) هەروەها کاتێك کڵاوەکە و برای ماموستا (ف) لە شارەوە لە ترسی دەسەڵاتدارانی حکومەتی بەعس ڕائەکەن و ڕوو لە گوندێکی قەراغ شار ئەکەن ئەچنە ماڵێکەوە، کە گێڕەوەوە بە هۆی وەسفەکانی خانووەکە و کەرەستەکانی ناو

خانووەکە دەیەوێت هەژاری و نەبوونی و بێ وەزعی ئەو ماڵە دوور لە شارەمان بۆ بخاتەڕوو و لە وەسفەکەدا دەڵێت: (( دەمەو عەسر بوو، خۆمانکرد بە ماڵێکی قوڕیندا. ماڵەکە بۆنی برسێتی لێئەهات. ...... من لە سەر حەسیرێك دانیشتبووم حەسیرەکە لە تاو سەرما هەڵئەلەرزی. دوو مەتر لەولای منەوە بێشکەیەك دانرابوو. بێشکەکە بۆ شیر ئەگریا )). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٨٥)

## نموونەی چیرۆك

بنیاتی جۆرەکانی وەسف لە بنیاتی هەردوو چیرۆکی ناو دەقی (کورسی و ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا، بە خوێندنەوەی هەردوو چیرۆکەکە، کە لە دەقی کورسیدا (چیرۆکی ناو چیرۆکە)، بەو واتایەی، کە لە چیرۆکی سەرەکییەکەوە لە دایکبووە.لە دەقی (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵەش)دا، چیرۆکەکە کورتە چیرۆکی (پشیلە)یە ئەوەمان لادەرکەوتووە، کە چەندین جۆرە وەسفی تێیدا بەکارهاتووە، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

## ـ وەسفی کارەکتەر

لە چیرۆکی ناو دەقی کورسیدا، نووسەر گرنگی زۆری بە وەسفی کارەکتەرەکان داوە. بۆ نموونە: پێش ئەوەی (دیلان) وەکو کارەکتەری لاوەکی بهێنێتە ناو ڕێرەوی ڕووداوەکانەوە سەرەتا وەسفیکی جوانی بۆ کردووە، کە وەسفێکی بابەتییە و دەڵێت:

قاتێکی تازەی زەیتوونی لەبەردا بوو، بۆینباخێکی سوور لەملداو
تا سەر ناوك شۆڕ و قژی ڕەشی داهێنراوە بە بریسکە و خوێنی
لاوێتیش لە لەشدا قوڵپی ئەدا. (کورسی: ل١٦١ ـ ١٦٢)

هەروەها پێش ئەوەی گێڕەوەوەی هەمووشتزان (نازەنین)، کە کارەکتەری لاوەکییە بهێنێتە ناو ڕووداوەوە لە ڕووی ڕووخساری دەرەوەی، وەسفی کردووە، کە ئەمەش وەسفێکی بابەتیە لە وەسفەکەدا، دەڵێت:

ئەو ژنە شۆخ و نازدارە بوو، کە بەر لە ساڵێك هەموو شار
ناوی ئەمیان بە سەر زارەوە بوو.ئەم بینینە کوتوپڕە (کورسی: ل١٦٤)

هەروەها لە شوێنێکی تردا لە ڕووی دەروونیەوە وەسفی دیلان دەکات لەو کاتەی، کە لە ناکاوەوە نازەنین دەبینێ، (سەروەر)ی بە بیر دێتەوە بۆیە تووشی حاڵەتێکی دەروونی دەبێت، وەسفی حاڵەتەکەی دەکات، کە وەسفیکی خۆدییە و جوڵاوە، چونکە بە هۆی وەسفکردنەکەوە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان نەوەستاوە. بەم شێوەیە بۆمان وەسف دەکات:

ئیستێکی پێکرد، وەك ئەوەی بە سەر ڕووداوێکی دڵتەزێندا
کەوتبێ، دڵی بە شێوەی پرتەقاڵێکی گوشراو سست و پەست بوو.
ئارەقێکی ساردی دەرداو هەستیکرد گێژەلووکەیەکی پچووکیش (کورسی: ل١٤٦ ـ ١٦٥)

هەروەها بۆ (سەروەری نێرگز)، کە کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەیە وەسفیکی درێژی کردووە. لە ڕێگەی ئەم وەسفەوە باسی کەسایەتی و ڕووخساری (سەروەر) دەکات و دەڵێت:

......... سەروەری نێرگز
هەر لە منداڵییەوە هێور و بێدەنگ و شەرمن بوو.
کوڕێکی سپیکەڵەی قژ ڕەشی چاو گەورە گەورە،
گەنجێکی پڕ لە هیوا و ڕووخۆش، (کورسی: ل١٧٣ـ ١٧٤)

وەسفی کارەکتەر لە بنیاتی چیرۆکی ناو دەقی (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا، زۆر بەکەمی بەرچاو دەکەوێت، کە کارەکتەری سەرەکی گێڕەوەوەی ڕووداوەکانە و دوو کارەکتەری لاوەکی زۆر دەرکەوتووی تێدایە، کە پشیلە ڕەشەکەو

پووری ئەو کوڕەیە. گێڕەوەوەی هەمانشتزان لە دەقی چیرۆکەکەدا، کە کوڕەکەیە و کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەیە، لە وەسفی پشیلە و بێچووەکانیدا دەڵێت (( بەرلەوەی بە دەستەچەپدا لادەم و بچمە ناو کۆڵانەکەی ماڵی خۆمانەوە پشیلەیەکی قەترانیی ڕەنگ شەوەزەنگی. پشیلەیەکی باریکەلەی لەش پڵینگی دوو بێچووی تازە چاو پشکوتوویش بە دوایەوە، وەلێ بێچووەکان ڕەشی سادە نەبوون. بەڵکوو بە خاڵی سپی بەڵەك بەڵەك بوون.)). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل١٣٩)

## ـ وەسفی شوێن

وەسفی شوێن لە بنیاتی هەردوو چیرۆکەکەدا، کەمتر بایەخی پێدراو. گرنگترین جۆرەکانی شوێن لە بنیاتی چیرۆکی دەقی (کورسی)دا گۆڕستان و گۆڕ و ئەو ژوورە بچووکەیە، کە (سەروەری نێرگز) تێیدا خۆی کوشت. گێڕەوەوە بە شێوەیەکی کورت وەسفی ئەو شوێنانەی کردووە. بۆ نموونە کاتێك، کە (دیلان) دەچێتە (گۆڕستانی سەیوان)، گێڕەوەوە لە وەسفی دەنگی لاواندنەوەی ئەو ژنەی لەوێ بووە و لەوەسفی هەوا کە کپ و بێ دەنگە و کێلی گۆڕەکان باری دەروونی (دیلان)مان بۆ دەخاتەڕوو و کاریگەری ئەوشتانەی ناو گۆڕستان لە سەر دەروونی دیلان و دیمەنی خەماوی گۆڕستانەکەمان بۆ دەخاتەروو بەم شێوەیە وەسفی چۆڵی گۆڕستانە دەکات و دەڵێت:

**شەقامەڕێی ئەوبەری گرت و ڕوویکردە سەیوان**

**.....................................**

**"سەیوان" تاك و تەرا خەڵکی پێوە بوو. لە گردەکەی**

**ئەوبەرەوە، دەنگی لاواندنەوەی ژنێك کە سۆزێکی هەڵقرچاوی**

**قەقنەسی باڵی پێگرتبوو، ئەوەندەی تر دڵی ئەمی گوشی**

**هەوا کپ و ئەرخەوانەکان بێ جووڵەو،**

**بەهەر چوار دەوریشدا،**

**کێلی گۆڕەکان، خامۆشیان چڕتر ئەکردەوە.** ............ (کورسی: ل١٦٧ ـ ١٦٨)

هەروەها گێڕەوەوەی هەمووشتزان لە وەسفی گۆڕەکەی (سەروەری نێرگز)دا، هەبوونی دوو دارە ئەرخەوانیەکە و ڕەنگی سپی گۆڕەکەی، ئاماژە بە شەهیدبوونی سەروەر دەکات لە پێناو عەشقێکی پاك و بێگەرددا واتا، ڕەنگی سپی ئاماژەیە بۆ شەهیدی عاشق لە پێناو عەشقی پاکدا و بەم شێوەیە بۆمان وەسف دەکات و دەڵێت:

**لە پڕێکدا گەیشتە ئەو ئاستەی کە دوو دار ئەرخەوانی**

**سەر یەکانگیری لێبوو. لە سایەشیاندا،**

**گۆڕێکی هەڵبەستراوی بە سپی ڕەنگکراو**

**ئارامی گرتبوو. لەوێدا دیلان ڕاوەستاو،** ...... (کورسی: ل١٧١ ـ ١٧٢)

هەروەها زۆر بە کۆرتی وەسفی ئەو ژوورە دەکات، کە سەروەر خۆی تێیدا کوشتبوو. بەم شێوەیە:

**.......... هەر ئەو ساتە، لە ژوورێکی**

**بچکۆلەوە دەنگی تەقینی فیشەکێك هات و،** ( کورسی: ل١٨٢)

گرنگترین شوێن لە بنیاتی چیرۆك لە دەقی (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا، گەڕەك و شار و ماڵی خۆی و ماڵی پووری، گێڕەوەوە زۆر بەکەمی وەسفی ئەو شوێنانەی کردووە. بۆ نموونە: ئەو ئێوارەیەی، کە دەچێتە ماڵەوە بارانی لێ دێ لە وەسفی کۆڵانەکەدا، باس لە کەش و هەوایەك دەکات، کە زۆرجار مرۆڤ بە هەڵمژینی ئەو هەوایە هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکات. بە حەزەوە ئەو هەوایە هەڵدەمژێ لە وەسفەکەدا دەڵێت: ((**بۆنی خۆڵی نیوە تەڕ و نیوە وشکی**

**کۆڵانەکە ئەوەندە خۆش و گوڵاوی بوو، لە وەختی هەڵمژینیدا، هەستم ئەکرد سەر لە نویٚ سییەکانم تازە ئەبنەوە. بۆنی ئەم باران و خۆڵە ئاوێتەیەکی پاییز، لە هیچ باران و بۆن و بەرامەیەکی تر ناچن)).** (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل١٣٧) هەورەها لە وەسفی شاردا غەمگینی و دڵسۆزی شارمان بۆ دەخاتەروو بەرامبەر ئەو کارەساتە نەخۆش و دڵتەزینەی ئەو سەردەمەدا لە وەسفەکەدا دەڵێت: **((هەموو ڕۆژیٚ تەرمی چەند باخچە و قەسیدەی لە سێدارەدراومان لە مۆسڵ و ئەبووغرێبەوە ئەگەنەوە شار و، شاریش وەك بێوەژنیٚ بە جەرگێکی پارەپارە و کراسێکی ڕەشی ئاودامانەوە باوەشی سووتان و هەڵقرچانیان بۆ ئەگرێتەوە)).** (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە : ل١٣٨)

کەواتە دەتوانین بڵێن هەریەکە لە ژانری ڕۆمان و چیرۆك لەم هەردوو دەقی (کورسی و ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا هەیە و شاعیر زۆر بە لیهاتوویی هەریەکە لەم ژانرانەی بە تایبەتمەندی و خەسلەتەکانی خۆیانەوە مەزراندۆتە ناو دەقەکانەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری سێیەم

## ـ بنیاتی دراما

مەبەستمان لە بنیاتی دراما، بنیاتی دەقی دراميیە، چونكە دەقی درامی دەبێتە هۆی ئەفراندنی هونەرێكی دوو لایەنە، دوو چەقی هەیە. (( چەقی یەكەمیان: وەكو كارێكی ئەدەبی، چەقی دووەمیان: وەكو كارێكی هونەری ))[1]، واتا دراما وەكو دەق دەچێتە خانەی ئەدەبەوە، بەڵام ئەگەر دەقەكە لە سەر تەختی شانۆ نمایش كرا.ئەوە كارێكی هونەرییە و دەچێتە خانەی هونەرەوە نەك ئەدەب. دراما وەكو ژانرێكی ئەدەبی لە چەند توخم و ڕەگەزێكی گرنگی وەكو (كەسایەتی، شوێن، كات، ڕووداو، گرێ، دایەلۆگ، ... هتد)، پێكهاتووە. گرنگترینیان دیالۆگە، بە خاڵی سەرەكی و دینەمۆی دەقی درامی هەژمار دەكرێت، خاڵی جیاكەرەوەی دەقی دراميیە لە دەقەئەدەبییەكانی تر و دەبێتە ناسنامەیەك بۆ ناسینەوەی ژانری دراما، بۆیە دەتوانین بڵێن: كە دیالۆگ شێوازی تەوا و كاملی دەقی دراماتیكییە، هەربۆیە ئێمە دیالۆگ دەكەینە پێوەر بۆ پێشاندانی بنیاتی دەقی درامی لە ناو بنیاتی دەقەوالاكاندا. بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو دەقی والای (كورسی و ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە) بە نموونە وەردەگرین.

## ـ دیالۆگ

دیالۆگ خەسلەت و تایبەتمەندی جیاكەرەوەی دەقی درامایە، ((دەربڕی واتاكانی دەقی درامایە و دەتوانێ گوزارشت لە ڕاستییەكانی نێو دەق بكات و ببێتە شوناسێك بۆ دەقی دراما، بۆیە لەگەڵ ژانرەكانی تری ئەدەبی لێك جیاواز دەبێتەوە، ئەگەرچی دیالۆگ لە هەندێ ژانری تری ئەدەبی وەكو چیرۆك و ڕۆمان بەكاردەهێنرێ، بەڵام وەسف و گێڕانەوە كاریگەریان زیاترە و هێندەی دراما جەختی لێناكرێتەوە))[2]، چونكە لە چیرۆك و ڕۆماندا ڕووداوەكان لە ڕێگەی گێڕانەوەوە دەخرێنەڕوو و بەرەو پێشەوە دەچن، بەڵام لە دەقی درامادا دیالۆگ ئەو ئەركە جێ بەجێ دەكات و ڕەوتی ڕووداوەكان بەرەو پێشەوە دەبات، واتا لە بنیاتی دەقی درامادا دیالۆگ لە جیاتی گێڕەوەوەی چیرۆك و ڕۆمان ڕۆڵ دەگێڕێ و هەموو ڕووداو و وەسفەكانی بنیاتی دراما دەخاتەڕوو و بە وەرگر دەگەیەنێت. دیالۆگلە دەقی درامادا پێنج بنەمای هەیە:[3]

اـ ڕستەكانی هەواڵ كە كاری گەیاندنیان پێ سپێردراوە.

ب ـ ڕستەكانی پرسیار كردن (پرسیار كردن و وەڵام دانەوە).

ج ـ ڕستەكانی هەڵچوون (سەرسوڕمان، ئازارچەشتن، نوزاندنەوە، .. هتد).

د ـ ڕستەكانی ناتەواو لە مانادا (ناتەواو ـ لەو كاتەی قسەكەرێ یەكێكی دی لە قسەكردن دەبڕێ و بە پێچەوانەشەوە).

هـ ـ ڕستەی لە ناوخۆ گرتن، یان داپۆشین و گرتنەوە، لە كاتی گفتگۆ كردندا یەكێك لە كەسەكان بەشێك لە قسەی یەكێكی دی لە ناو قسەی خۆیدا دادەنێت بۆ دووپاتكردنەوە یان لابردنی یان بێ بایەخكردنی. لێرەدا ئێمە هەوڵدەدەین هەریەكە لەو بنەمایانە لە سەر دیالۆگەكانی ناو بنیاتی دەقی درامی هەردوو دەقی (كورسی و ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا پیادە بكەین. دواتر دەسپێكی بنیاتی دەقی درامی لە هەردوو دەقەكەدا دەخەینەڕوو و بەراورد

---

[1]. د. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، شانۆی كوردی لە نێوان دەقی خۆماڵی و بیانیدا، چ١، چا/ تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٨٧.

[2]. كەیفی محەمەد عەزیز، ڕەخنەی دراما لە ڕۆژنامەنوسی كوردیدا (باشوری كوردستان ١٩٧٠ ـ ١٩٩١)، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، ز/سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٩.

[3]. محەمەد عەبدولوەهاب، دایەلۆگ لە گۆتاری شانۆییدا، و/ سەلام عومەر، گۆڤاری سینەما و شانۆ، ژ٣، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٢.

دەکەین، لەگەڵ ئەو دەسپێکانەی کە لە دەقە درامییەکانی تردا هەیە. هەموو ئەمانەش بە مەبەستی پێشاندن و خستنەڕووی ژانری درامایە لە نێو بنیاتی دەقەوالاکاندا.

## ـ بنەماکانی دیالۆگی شانۆیی

دیالۆگ لەناو بنیاتی دەقی درامیدا پێنج بنەمای هەیە، هەوڵدەدەین هەریەکە لەو بنەمایانە لە ناو دیالۆگی بنیاتی درامی هەردوو دەقەکەدا پیادە بکەین.

١ـ ڕستەکانی هەواڵ، کە کاری هەواڵ گەیاندنیان پێ سپێردراوە.

بۆ نموونە:

تارمایی چیخۆف: ئەو جارێکیتر هەرگیز

لە سەر تۆ دانانیشێتەوە!

لەم دیالۆگەدا کاتێك کورسیەکە چاوەڕێ چیخۆفە تاکو بگەرێتەوە. تارمایی چیخۆف ئەو هەواڵە بە کورسیەکە دەگەینێت، کە چیخۆف هەرگیز بۆ لای ئەو ناگەرێتەوە. لێرەدا ڕستەکە ڕستەی هەواڵە، هەروەها ڕستەیەکی سەرسوڕمانیشە.

نموونەیەکی تر:

چاویلکە: سنەوبەرگیان. بیرت نەچێ کە قسەت لەگەڵ بادا کرد تێی گەیەنە .. ئەو هەڤالانەی ئەمەوێ بزانم چییان بەسەر هاتووە. هەڤالی ئاسایی نەبوون .. کامیان ئەگری .. کڵاو .. ملپێچ .. پالتۆ هەر یەکێکیان تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەر بوون. لە ڕۆژگارە هەرە سەختەکاندا پیاوی ئازا و جوامێر بوون .. (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل ٣٠٠ ـ ٣٠١) لێرەدا چاویلکە لە ڕێگەی ڕستەی هەواڵەوە، ئەو هەواڵەمان پێ رادەگەینێ، کە هاورێکانی کەسی تێکۆشەر و خەباتکەر بوون لە ڕۆژگارە سەختەکاندا. هەورەها دارسنەوبەرەکە هەر بە هۆی ڕستەی هەواڵەوە لە ڕێگەی بایەوە هەواڵی هاورێکانی چاویلکە، بۆ چاویلکە دەهێنێت و پێ دەڵێت:

سنەوبەر: ئێ دوای ئەوەی مامۆستا و تۆ و چاکەت و کراس و پانتۆڵ و پێڵاوەکان ئەگیرێن و ڕا پێچ ئەکرێن. دوو ڕۆژ دواتر. برا بچووکی مامۆستا و خزمێکیان. وەختێ دڵنیا ئەبن کەس لەو ناوە نییە. خۆیان ئەکەن بە ژوورەکەدا. ........ دواتر برا بچووك کڵاوەکە دەکاتە سەری و مڵ پێچەکە لە ملیەوە ئە پێچێ و خزمەکەیشیان پالتۆکە دەکاتە بەری و لە ماڵ ئەچنە دەرێ. ....... هەروەها با وتی: ئیتر ئەوان هەموو بە کۆمەڵ. سەر لە ئێوارەیەك. ڕوو ئەکەنە کەنار شار .... (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٣٠٤ ـ ٣٠٥). ئیتر بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت.

٢ـ ڕستەکانی پرسیار کردن و وەڵامدانەوە

بۆ نموونە:

تارمایی چیخۆف: چاوەڕوان مەبە!

کورسیەکە: بۆچی؟!

تارمایی چیخۆف: ئەو جارێکیتر هەرگیز

لە سەرتۆ دانانیشێتەوە!

کورسیەکە: ئاخر بۆچی؟! چیمکردووە؟!

تارمایی چیخۆف: نا تۆ هیچت نەکردووە. بەلام چێوار

ئیتر هەرگیز نایەتەوە. چونکە بەر لە چەند چرکەیەك

ڕۆحە سپییەکەی گەیشتە لای من و ناو باخی گێلاسەکەم!(کورسی: ل١٤٦ ـ ١٤٧)

شاعیر ئەم دیالۆگەی لە سەر بنەمای ڕستەی پرسیارکردن و وەڵامدانەوە بنیاتناوە، کە لە ڕێگەیەوە کورسی پرسیار لە تارمایی چیخۆف کردووە، کە بۆچی جارێکی تر چیخۆف لە سەری دانانیشێتەوە. ئەویش وەڵامی دەداتەوە، دەڵێت: چونکە ڕۆحی گەیشتوتە لای ئەو لە ناو باخی گێلاس.

نموونەیەکی تر:

ژیلوان: باشە. مامە چاویلکە. ئەوە بۆچی ئێمەی منداڵانیان گوللە باران کرد؟. ..... خۆ ئێمە پێشمەرگە نەبووین ..

چاویلکە: بەڵام ژیلوان گیان .. ئەوان زیاتر لە ئێوە ئەترسان!

ژیلوان: بەڕاست؟! ئاخر چۆن؟!

چاویلکە: چونکە ئێوە چاونەترس بوون .. ئەوەی بە ئێمە نەئەکرا .. بە ئێوە ئەکرا .. تۆقیبوون لە ئێوە تۆقیبوون .. ئەوان لە ترسنۆکی خۆیان بوو ئێوەیان کوشت!( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٣٠١ ـ ٣٠٢ )

هەروەها لە کاتێکدا چاویلکە بەدوای هاورێکانیدا دەگەرێت. پرسیار لە دارسنەوبەر دەکات، کە هاورێکانی نەبینیووەو ئەویش وەڵامی دەداتەوە بەم شێوەیە:

چاویلکە: ئەی سۆراخم بەرمە لای کی؟! پێم بڵێ سنەوبەرگیان پێم بڵێ!

سنەوبەر: مەگەر هەر (( با )) وەڵامت بداتەوە. ( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٢٩٩ )

٣ـ ڕستەکانی هەڵچوون ( سەرسوڕمان، ئازارچەشتن ، .... تادوایی ).

ڕووناك: ...... چش! با لە برسا بمرم و

بەڵام ئازادبم .. ئازاد؟

...............

تارمایی چیخۆف: چاوەڕوان مەبە!

..................................

تارمایی چیخۆف: جارێکیتر هەرگیز

لە سەرتۆ دانانیشێتەوە! ( کورسی:١٤٣ ـ ١٤٦ )

شاعیر ئەم دیالۆگەی لە سەر بنەمای ڕستەکانی سەرسوڕمان بنیاتناوە، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕستەی هەڵچوون. هەروەك نووسەر خۆیشی نیشانەی سەرسوڕمانی لە کۆتایی دیالۆگەکان داناوە.

چەند نموونەیەکی تر:

سنەوبەر: ئەمشەو شەوی پێکگەیشتنەوەی عاشقانە شەوی دیداری نێوان چاوی ئێمە و منداڵانە!

پەنجەرە: ئای خودایە چەندە جوانن!

سنەوبەر: بەڵام هێشتا لێمانەوە دوورن .. باشە هیلال گیان! .. خۆ تووڕە نابی ئەگەر بڵێم .. ئەتوانی لەگەڵ مام چاویلکەدا .. یەکێکیانمان بۆ دابەزێنن و بینرێنە خوارەوە .. یەکێکیان کە باوکیشی شاعیرە و باپیریشی تۆی زۆر خۆشئەویست ......... ئەتوانی هیلال گیان ئەتوانی؟!

هیلال: ئەزانم کێ ئەڵێن (( ژیلوان ))ی گوڵە لاولاو!( ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵەدا: ل٢٩٠ )

هەروەك دەبینین ئەم پارچە دیالۆگانەش لە سەر بنەمای ڕستەی سەرسوڕمان بنیاتنراون. لە یەکەمیاندا سنەوبەر بە سەرسوڕمانی باسی پێکگەیشتنەوەی چاوی خۆیان و منداڵان دەکات. ئەو شەوەیە کە مانگ ٤٠ منداڵە شەهیدکراوەکە و مام چاویلکە لە ئاسماندا پێشانی سنەوبەر و پەنجەرە دەدات. لە ئەنجامی ئەو دیتنەش پەنجەرە سەری سوڕماوە لە جوانیەکەیان. لە سێیەمیاندا سنەوبەر بە سەرسوڕمان و شێوەی پرسیار کردن پرسیار لە هیلال دەکات، کە ئایا



هەواڵنامەی کتێب

دەتوانی ژیلوان و مام چاویلکەیان بۆ بهێنێتە خوارەوە. هەروەك شاعیر خۆیشی نیشانەی سەرسوڕمانی لە کۆتایی دیالۆگەکان داناوە. هەورەها نووسەر لە چەندین دیالۆگی تردا لە ڕێگەی ڕستەی سەرسوڕمانەوە باسی هەموو ئەو ئازارانە دەکەن کە بینیویانە، ئەم جۆرە رستانەش جۆرێکن لە جۆرەکانی ڕستەی هەڵچوون. بۆ نموونە کاتێك کە پە نجەرە بۆهیلال باسی خۆی و ئەو ئازارانە دەکات، کە بینیویەتی هەروەك خۆی دەڵێت:

پە نجەرە: ئەوە چەند شەوێکە هەموو ژوورەکانم چۆڵن .. بەرلەوە ئەگەر پرسیارت بکردایە پێم ئەوتی: من سیخناخ بووم لە هاوار و پڕپڕیش بووم لە برین و لە زریکە .. ئەوەی ئێمە دیومانە ناگێڕدرێتەوە .. زمانی شاعیر و نووسەر لە ئاستی دەربڕینی ئەو ئازار و ئەشکە نجە و خوێن و دیمەنە ترسناکانەدا دەستەوەستانن. بڕوا بکە لە ناو منێکی دوو بەسێدا جێگەی بستێکی چۆڵ نەئەمایەوە!. (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵەدا: ل٢٨٩)

٤ـ ڕستەی ناتەواو لە مانادا، واتا کاتێك قسەکەرێك، قسەکەرێکی تر لە قسەکردن دەبڕێت و بە پێچەوانەوەش بۆ نموونە:

نەوزاد: ئەوان خۆیان نانیان نیە بیخۆن ..

ڕووناك: " قسەکانی پێئەبڕێ " چش با لە برسا بمرم و

بەڵام ئازاد بم .. ئازاد!(کورسی: ل١٤٢ ـ ١٤٣)

ئەم دیالۆگە لە سەر بنەمای ڕستەی ناتەواو بنیاتنراوە، چونکە هێشتا نەوزاد قسەکانی تەواو نەبووە. ڕووناك قسەکانی پێ بڕیوە و قسەی کردووە. هەروەك لە نموونەکەدا دیارە نووسەر لە ڕێگەی دانانی چەند خاڵێك ئاماژەی پێکردووە، هەورەها لە دیالۆگی دوای ئەویش ئاماژە بە قسەبڕینەکە کردووە.

چەند نموونەیەکی تر:

هیلال: ئەزانم کێ ئەڵێن ((ژیلوان)) ی گوڵە لاولاو!

پە نجەرە: خۆیەتی ..

سنەوبەر: خۆیەتی .. پێت نەوتین .. ئەتوانی؟! (ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە: ل٢٩٠)

لەم دیالۆگەدا کاتێك سنەوبەر و پە نجەرە داوا لە هیلال دەکەن. مام چاویلکە و ژیلوانیان بۆ بهێنێتە خوارەوە. کاتێك ئەوان پێ دەڵێن هیلال دەڵێت دەزانم کێ دەڵێن: مەبەستتان ژیلوانە. پە نجەرەش دەڵێ خۆیەتی پێش ئەوەی، کە پە نجەرە قسەکانی تەواو بکات. سنەوبەر قسەکانی دەبڕێت و لە هیلال دەپرسێ، کە ئایا ئەتوانی بۆیان بهێنیتە خوارەوە. هەورەك لە نموونەکەدا نووسەریش لە ڕێگەی دانانی خاڵ ئاماژەی بە قسەبڕینەکە کردووە.

پە نجەرە: ئەوە چی بوو ((ژیلوان)) نەگەیشتە خوارەوە .. مام چاویلکە هەر دیار نەبوو ..

هیلال: پەلە مەکەن. دێنە خوارێ و باوەشیشیان پیا ئەکەن و ماچ و بارانیشیان ئەکەن .. (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٢٩١)

لەم دیالۆگەشدا کاتێك پە نجەرە و سنەوبەر چاوەرێ هاتنە خوارەوەی مام چاویلکە و ژیلوان دەکەن. پە نجەرە زۆر بە پەرۆشە بۆ بینینیان بۆیە حەز دەکات هەرچی زووترە ئەوان بێنە خوارەوە بە هیلال دەڵێ ئەوە چی بوو ژیلوان نەگەیشتە خوارەوە و چاویلکەش هەر دیار نیە. پێش ئەوەی پە نجەرە قسەکانی تەواو بکات. هیلال قسەی پێ دەبڕێت و پێ دەڵێت پەلە مەکەن.

٥ـ ڕستەکانی لەناوخۆگرتن

بۆ نموونە:

نەوزاد: ژن و شاخ و ژێر تۆپ و تەیارە؟!

ڕووناك: بەڵێ ژن و شاخ و نەك هەر ئەوەندەش

ژن و شۆڕشیش .. قسەم تەواو. (کورسی: ل١٤٣)

ئەم دیالۆگە لە سەر بنەمای ڕستەی لەناوخۆگرتن بنیاتنراوە، چونكە ڕووناك قسەی نەوزادی دووبارە كردووتەوە بە مەبەستی دووپاتكردنەوە لە سەر قسەكانی، كە دەڵێت: ژن و شاخ. ڕووناكیش بە هەمان قسەكانی ئەوی دووبارە كردووتەوە.

چەند نموونەیەكی تر:

هیلال: لێرەیش نەبووم .. بەڵام ئاگادار بووم. ئەوەبوو كە دواجار ئێوەم بینی زەرد زەرد هەڵگەڕابوون. پە نجەرەكانیش تاریك تاریك. لە بیرتانە قەیرێكیش بە سەرتاندا گریام و ئینجا ئاوا بووم؟!

سنەوبەر: چۆنمان لە بیر نییە؟........ (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٢٨٧)

لەم دیالۆگەدا سنەوبەر قسەكانی هیلال دووبارە دەكاتەوە بە مەبەستی دڵنیا بوون. كاتێك هیلال دەڵێ لە بیرتانە. سنەوبەریش دەڵێ: چۆنمان لە بیر نییە؟ ئەم دووبارە كردنەوەیە بە مەبەستی دلنیابوونی هیلالە لەوەی كە سنەوبەر و پە نجەرە دلسۆزی هیلالیان لە بیرماوە و لە بیری ناكەن.

پە نجەرە: باشە ئێستا ئێمە دڵنیا بین ئەیانبینین؟! جارێكی دی بە دیمانەی جوانیان شاد ئەبینەوە .. نازانم بۆچی دوو دڵم؟!

هیلال: دوو دڵ مەبە! نەك هەر چل منداڵەكە و مام چاویلكە هەندێ قوربانی تریش بە زیندووی ئەبیننەوە .. بەڵام جارێ ناوەكانیان نادركێنم! (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٢٨٩)

لەم دیالۆگەدا هیلال قسەكانی پە نجەرەی دووبارەكردووتەوە. ئەم دووبارە كردنەوەیەش بە مەبەستی دڵنیا بوونە. هیلال لە ڕێگەی ئەم دووبارە كردنەوەیە دەیەوێت پە نجەرە لە دیتنی چل منداڵ شەهید بووەكە و مام چاویلكە و هێندێك شەهیدی تر دڵنیا بكاتەوە.

ژیلوان: زۆرم پێخۆشە لە بیرت ماوە .. ئەڵێن دایكیشم هەمووی لە بەرە .. یەكێك لە هاوڕێكانم كە لە دوای من گیرابوو .. ئەیوت .. جادەكانیش لە بەریانە .. ((سەمای لاولاو)) ئەرێ بەراست من لاولاوم!

چاویلكە: هەر لاولاو گیانە هەر لاولاو!. تۆ هەموو گوڵە جوانەكانی، گوڵە باخی ....... (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٢٩٢)

لەم دیالۆگەدا ژیلوان داوا لە چاویلكە دەكات ئەو شیعرەی بۆ بخوێنێتەوە، كە باوكی لە دوای شەهیدبوونی بەناوی (سەمای لاولاو) بۆی نووسی بوو.ژیلوان لە چلویلكە دەپرسێ، كە ئایا بەراستی من لاولاوم؟ چاویلكە قسەكانی ئەو دووبارە دەكاتەوە، كە دەڵێ: هەر لاولاو گیانە هەر لاولاو!. چاویلكە قسەكانی ژیلوانی دووبارە كردووتەوە. ئەم دووبارە كردنەوەیەش بە مەبەستی جەخت كردنەوەیە لە سەر ئەوەی كە بەڵێ ژیلوان نەك تەنیا هەر گوڵی لاولاوە، بەڵكو نووسەر بە چەندین گوڵی تر دەچوێنێت. هەروەك لە نموونەكەدا ئاماژە پێ كراوە.بەشێوەیەكی گشتی بنیاتی دایەلۆگ لە ناو بنیاتی هەردوو دەقە درامیەكەدا لە سەر بنەمای ئەم پێنج ڕستەیە بنیاتنراوە.

لێرەدا ئاماژە بە خەسلەت و تایبە تمەندییەكی تر دەكەین، كە ژانری دراما لە ژانرەكانی تر جیادەكاتەوە. ئەویش خەسلەتی دەسپێكە لە دراما‌دا، چونكە لە دراما‌دا لە هەر دیمەنێكدا دەسپێك هەیە. لە بنیاتی دەقی درامای هەردوو دەقەكەدا بە هەمان شێوەی دەقە دراميیەكانی تر دەسپێك هەیە. كە ئاماژە بە هێندێك دەسپێكی درامی دەكەین و دواتر بەراوردییان دەكەین لەگەڵ دەسپێكی درامی هەردوو دەقەكەدا. بۆ نموونە: دەسپێكی درامای (نابینا)ی (جەبران خەلیل جەبران) بەم شێوەیە:

دیمەنەکە: ژوورێکی گەورەی دانیشتن و کتێبخانەیەك لە نهۆمی سەرەوە لە مالی دیڤیددا.
کات: نزیك کاتژمێر یانزەی شەوە لە کانوونی دووەم (ینایر)..
گەردەلوولێکی بەفر لە دەرەوە گڤەی دێت. (دەنگئەداتەوە)
لەگەلْ بەرزبوونەوەی پەردەکەدا شێتەکە بە ڕێڕەوی ناوەڕاستادا دەڕوات و سەردەکەوێتە سەر شانۆکەو دەچێت بۆ لای کورسیەکەی نزیك کووره ئاگرەکە و سەیر ئەکا دیڤید و ئاننا لە سەر قەنەفەکە دانیشتوون. ئاننا بە دەنگی بەرز چامەیەك بۆ دایڤید ئەخوێنێتەوە و دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی چامەکە ئەبێتەوە، ئاننا دەست بە قسەکردن دەکات.[1]
دەسپێکی درامای (دادگا ـ١ـ) ی (محەمەد موکری) بەم شێوەیە:
کات: نیوە شەوێکی درەنگ
شوێن: ژوورێکی نیوە تاریك، مێز و کورسییێکی کۆن لە تەنیشتی پەنجەرەییێکی گەورەی دەرگا کراوەدا دەڕوانێتە سەر شەقامێکی خالْ خالْ ڕەش، ڕەشەکەی قیری شەقامەکەیە.... .[2]
دەسپێکی درامای ناو دەقی (کورسی)یش بەم شێوەیەیە:
" سەر شانۆ. شەو درەنگە. ژوورێك. کورسیەکەو
مێزێکی تەختە. ڕوو لە بینەران" (کورسی: ل١٣٨)
هەروەها دەسپێك لە دەقی درامای (هیلال و ئەندێشە) لە دەقی (ئەسپێك لە پەڕەی گولالە)شدا بەم شێوەیەیە:
ماوەیەك بە سەر ڕا پەریندا تێپەریوە. کات: دوای نیوە شەوە.
دنیا کپ و بێدەنگە. شوێن قەلا سوورەکەیە. کۆمەلێ دار سنەوبەر
لە حەوشەکەدا چوون بە ئاسماندا. مانگ لە شێوەی هیلال دا
هەلْهاتووە. چەند پەنجەرەیەکی قەلاکە لە بەر شەوقی مانگەشەودا
ئەبریقێنەوە. چەند پەلە هەورێکی نزم لە هاتوو و چۆدان.. (ئەسپێك لە پەڕەی گولالە: ل٢٨٧)
ئەگەر سەیری دەسپێکی هەردوو دەقە درامییەکەی ناو دەقی (کورسی و ئەسپێك لە پەڕەی گولالە) بکەین. ئەوا دەبینین هەر بە شێوەی دەسپێکی دەقە درامییەکانی تر کات و شوێنی تێیدا دیاری کراوە، واتە هەر ئەو دەسپێکانەن، کە لە دەقە درامییەکانی دیکەدا هەیە. کەواتە دەتوانین بلێین دراما وەکو ژانرێکی ئەدەبی لەناو ئەم دەقە والایانە بوونی هەیە. شاعیر سوودی لە دراما وەرگرتووە و زۆر بە لێهاتوویی و زیرەکانە توانیویەتی وەکو ژانرێك بە هەموو خەسلەتەکانییەوە لە ناو دەقە والاکاندا بەرجەستە بکات و بخاتەڕوو.(( ئەم کاری شانۆکارییە لەم تێکستە شیعرییانەدا دەگمەنی و دانسقەییەکی داوەتێ، کە بۆتە مایەی پەرەپێدان و هەلْکشان، لە هەمان کاتدا بالابوونە لە ڕووی جوانکاریی و ئەفراندنەوە، هەرچۆن بەهای لە سەر بەهاکانی بۆندا داناوە و پتری کردووە)).[3]

---

[1]. کۆمەلێ نووسەر، یانزە دەقی شانۆنامەی هەلْبژاردەی بیانی، و/ نوری سەعید قادر،چ١، چا/ پیرەمێرد، ٢٠٠٨، ل٢٠١.

[2]. کۆمەلێك نووسەر، دە شانۆ نامە، وەرگێڕانی/ موکری، دەزگای ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٣٢٠.

[3]. ئەحمەد سالار، کورسی و بەهادرامییەکان، گ/ تیپی شانۆی سالار، ژ ٩ ـ ١٠، ٢٠٠٨، ل٢٦ ـ ٢٧.

## تەوەری چوارەم/

## ـ بنیاتی پەخشانە شیعر

پەخشانە شیعر ئاوێتەکردنی شیعر و پەخشانە لە یەك دەقدا، کەواتە (( پەخشانە شیعر خاسیەتەکانی هەردوو ژانری سەربەخۆی تێدایە و لە ناو فۆرمێکی دیکەی دیاریکراو بە یەکەوە دەژین )).[1]ئاوێتەکردنی ئەم دوو ژانرە دەرگایەکی فراوانی لە بەردەم شاعیر و نووسەراندا والا کردووە، چونکە بە هۆی ئەم ئاوێتەبوونەوە بە ئازادی مامەڵە لەگەڵ شیعردا دەکەن. بێ ئەوەی پەیڕەوی هیچ یاسا و ڕێسا و قاڵبێکی داڕێژرا و دیاریکراو بکەن بابەتەکەیای دەخەنەڕوو و دەنووسن. (( پەخشانە شیعر لە ئەنجامی پەرۆشی و ئارەزووکردن بۆ ڕزگاربوون لەو لاساییکردنەوەیەی کە پێ ی دەگۆترێت "بە شیعر بوون" و "کێش و سەروا" و "یاسا تەقلیدی یەکانی زمان" لە دایك بووە )).[2] لە بەر ئەوەشە دەبینین لە پەخشانە شیعردا (( ڕیتمی دەرەوە، واتە کێش، سنوور بۆ بەشەکانی دەقەکە دیاری ناکات، ڕیتمی ناوەوە ئەرکی سەرەکی دەگێڕێت ))[3]، واتا لە پەخشانەشیعردا مۆسیقای ناوەوە جێگەی کێش و سەروا دەگرێتەوە، دەبێتە بەدیلیان. لە بنیاتی دەقەوالاکاندا پەخشانە شیعر وەکو ژانرێکی ئەدەبی بەرجەستەکراوە و بوونی هەیە.بۆ سەلماندنی هەبوونی ئەم ژانرە وەکو ژانرێکی ئەدەبی لە بنیاتی دەقەوالاکاندا ، ئاماژە بە بنیاتی پەخشانەشیعر دەکەین لە هەردوو دەقی والای ( کورسی و ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە )دا.بۆ ئەم مەبەستەش چەند بەشێك لە بنیاتی پەخشانە شیعری هەردوو دەقەکە وەردەگرین.

ـ ڕۆژباش! کاکە نوری عەریزە نووس!

ڕۆژباش

من خەمێکی سپیی دار سێوێکی مێینەی نەفرەتیم لە باوەشی

وەرزێکی دڵڕەقدا بۆ هێناوی. تۆ ئەتوانی بەو

داڕشتنەی خۆت، کاریگەرتر، لەوەی زمانی هەڵقرچاوی

جەستەم پێیەتی، زیاد لەوەی هەلاهەلابوونم پێیەتی،

چی تازەتر بنووسی؟! بۆ ئەوەی دڵی خواوەندی نێر و مێژووی

نێر و پێغەمبەری نێر نەرم بکەیت؟! کاکە نوری عەریزەنووس!

ڕۆژباش! من ئازارێکی مێینەی ڕاونراوی ئەم وڵاتی

یەکانانەم، تۆ ئەتوانی چیم بۆ بکەیت، دادم بەری بۆ

لای کێ؟! زریکەم حەواڵەی کام ئاسمان بکەیت کە نێری

لێنەبێ؟! بۆ ئەوەی چەند چرکەیەك گۆرانیی ژنێتی وێرانکراوی

.........................................................

.................! کاکە نوری عەریزەنووس! ڕۆژباش!

چیم بۆ ئەنووسیت؟! .......................،

---

[1]. د. موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٧٦.

[2]. سوزان بیرنارد، پەخشانە شیعر، و/ بۆتان جەلال، گ/ کاروان، ژ١٠٩، ١٩٩٧، ل١٨.

[3]. د. محەمەد بەکر، کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، دەزگای ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٤٠.

.....؟. بەڵام هەموو کە پوویەك ئەم بۆنەی ناگاتێ
ئەو کە پووانە نەبن کە ئاگایان لە دەردی گوڵەگەنم و
لە گینگڵی شەوانەی باخەکانمانە، ئەوانە نەبن، بارانیان
تیا ئەبارێ و رۆحیان چۆتە ناو رۆحی شیعرەوە هەتاو
چاویانە؟. چیم بۆ ئەنووسیت؟!لە ڤیژەم رەوانتر و روونتر (کورسی: ل٢٠٣ ـ ٢٠٦)

دەبینین نووسینەکە لە رواڵەتدا پەخشانە و شاعیر لە نووسینیدا پەیرەوی هیچ یاسا و رێسا و کێش و سەروایەکی دیاریکراوی نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعرییەتی تێیدایە. لە خوێندنەوەی هەست بە کەشێکی مۆسیقی خۆش دەکەین، کە لە لایەن نووسەر یان شاعیرەوە لە رێگەی هونەرەکانی شیعری وەکو دووبارەکردنەوە و دژیەك بەرهەمی هێنراوە. ئەم هونەرانەش لە بنەما گرنگەکانی پێکهاتەی مۆسیقای ناوەوەی شیعرین. بۆ نموونە لەم پارچە پەخشانەی سەرەوەدا شاعیر بە شێوەیەکی گشتی بە دووبارەکردنەوەی رستە و وشە و دەنگ مۆسیقای ناوەوەی بنیاتناوە. بۆ نموونە دووبارەکردنەوەی رستەی (کاکە نوری عەریزەنووس؛ رۆژباش)، کە ژمارەی دووبارەکردنەوەی لەم پارچەیەدا (٤) جارە و دووبارەکردنەوەی رستەی (چیم بۆ ئەنووسیت) (٢) جارە مۆسیقایەکی خۆشی بە دەقەکە بەخشیووە. هەروەها لەم شوێنەی کە دەڵێت (جەستەم پێبەتی، زیاد لەوەی هەلاهەلابوونم پێبەتی، چی تازەتر بنووسی؟! بۆ ئەوەی دڵی خواوەندی نێر و مێژووی‌نێر و پێغەمبەری نێر نەرم بکەیت؟!) بە (٢) جار دووبارەکردنەوەی وشەی (هەلا، پێبەتی) و بە (٣) جار دووبارەکردنەوەی وشەی (نێر) مۆسیقای ناوەوەی بە دەقەکە بەخشیووە. هەروەها شاعیر بە دووبارەکردنەوەی (٤) جار دەنگی (ی) لەدەربڕینی (من ئازارێکی مێینەی راونراوی ئەم وڵاتی) و لە دووبارەکردنەوەی (١٩) جار دەنگی (ن) و (١٠) جار دەنگی (ان) لەدەربڕینی (هەموو کە پوویەك ئەم بۆنەی ناگاتێ ئەو کە پووانە نەبن کە ئاگایان لە دەردی گوڵەگەنم و لە گینگڵی شەوانەی باخەکانمانە، ئەوانە نەبن، بارانیان تیا ئەبارێ و رۆحیان چۆتە ناو رۆحی شیعرەوە هەتاو چاویانە؟.) مۆسقایەکی خۆشی بە دەقەکە بەخشیووە. جگە لەمەش شاعیر وێنەی شیعریی تێدا بەرجەستە کردووە بۆ نموونە لە هەردوو دەربڕینی (خەمێکی سپیی، وەرزێکی دڵرەقدا) وێنەی شیعری بنیات ناوە. ئەم دوو وێنەیەی لە رێگەی هونەری خواستن یەکەمیان لە سەر بنەمای شێوازی (بەتەنکردن)، کە ئەرکێکە لە ئەرکەکانی بەرجەستەکردن بنیاتناوە، چونکە (خەم) ناوێکی واتایی ژیرییە و قەباری بارستایی نییە، کە رەنگی هەبێت. کەچی شاعیر لەسەر ئەم بنەمایە رەنگی (سپی) بۆی بەکارهێناوە و وەکو تەنێك مامەڵەی لەگەڵدا کردووە. وێنەی دووەمیان لە سەر بنەمای شێوازی (بەکەسکردن)، کە ئەرکێکە لە ئەرکەکانی بەرجەستەکردن بنیاتناوە، چونکە لێرەدا (وەرز) ناوێك یان شتێکی ژیری و واتاییە، کەچی شاعیر سیفەتی (دڵرەقی)، کە تایبەتە بە مرۆڤ پێ بەخشیووە و وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ کردووە.

هەروەها لە شوێنێکی تری پەخشانە شیعرەکەدا دەڵێت:

من ژنێکم لە پەلکی وەریو، ئەو دەمەی باگژەی پیاو، بۆ
شوێنی نادیار و گۆریچەی بیرچوونەوەی ئەبات. ژنێکم لە
هاواری کەرواڵە. لە تەماشای نابینا. لە زاییینی نەزۆك.

لە بژوێنی مردوو. لە ئاسۆی هەناسەسوار. لە ڕێگای بێ ڕێگاو

لە بارانی وشك و برنگ .................

...........................................!. دە بنووسە!

ڕەوان بێژی ئازار بە تەنها لای برینەکان خۆیانن دەبنووسە

بۆ پیاوەکان عەریزەیەك بنووسە بۆ ئاسمان، بۆ زەریاکان،

بۆ چیاکان و بۆ هەموو جیهان، بنووسە.......... (کورسی: ٢٠٧ ـ ٢٠٨)

شاعیر لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشە و ئامراز و ڕستە و هونەری دژیەك مۆسیقای ناوەوەی بە دەقەکە بەخشیووە. بۆ نموونە لە (٢) جار دووبارەکردنەوەی وشەی (ژنێکم)، لە دووبارەکردنەوەی (٧) جار دەنگی (ی) لە دەربڕینی (هاواری کەڕەواڵە. لە تەماشای نابینا. لە زاینی نەزۆك.لە بژوێنی مردوو. لە ئاسۆی هەناسەسوار. لە ڕێگای بێ ڕێگاو لە بارانی وشك و برنگ)دا کەشێکی موسیقی بە دەقەکە بەخشیووە و جگە لەوەش ئەم دەربڕینانە هەموویان دەچنە خانەی هونەری (دژیەك)، کە یەکێکە لە بنەماکانی بنیاتنانی مۆسیقای ناوەوە، واتا شاعیر لێرەدا دوو وشەی دژواتای پێکەوە هێناوە و وەکو وشەیەکی لێکدراوی لێکردووە. ئەمەش لادانی واتاییە کە بە هۆیەوە واتایەکی نوێ دروستکراوە. هەروەها بە (٢) جار دووبارەکردنەوەی ڕستەی (دەبنووسە، بنووسە) و لە (٥) جار دووبارەکردنەوەی ئامرازی پەیوەندی (بۆ) و (٨) جار دووبارەکردنەوەی دەنگی (ان) لە دەربڕینەکانی (ڕەوان بێژی ئازار بە تەنها لای برینەکان خۆیانن دەبنووسە بۆ پیاوەکان عەریزەیەك بنووسە بۆ ئاسمان، بۆ زەریاکان، بۆ چیاکان و بۆ هەموو جیهان) مۆسیقایەکی جوان و سەرنج ڕاکێشی بە دەقەکە بەخشیووە.

لە بنیاتی پەخشانی دەقی (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا، بە شێوەیەکی گشتی شاعیر لە ڕێگەی (٤) جار دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی (لە کۆتایی ئەم سەفەرە درێژەدا) لە سەرتاپای پەخشانە شیعرەکەدا کەشێکی مۆسیقی خۆشی بنیاتناوە. لەم پەخشانەشیعرەدا چەند بەشێك لە پەخشانەشیعرەکە وەردەگرین. (( ناکرێ لە ناخی قەڵەم و دڵی پەنجە و چاوەکانی کاغەزمەوە سوپاسی ئێجگار گەرمی خۆم، پێشکەش، بەو کڵاو و پاڵتۆ و ملپێچ و پێڵاوانە نەکەم. ................ سروشت بڕیاری خۆی دابوو. گەرما بڕیاری خۆی دابوو. ............ ئومێد ئەکەم وا زوو نەمرن. تەمەنیان هێندەی فەرەنجی و کوڵەباڵێ هەر درێژبێ. هیوادارم کڵاوەکە سەرێکی باشتری لە سەری من بۆ پەیدابێ. ملپێچەکەیش ئاگای لە خۆی بێ ئەوەندە خۆی لوول نەکات هەتاکوو نەبێ بە گرێ و لەبەرچاوی ملا بکەوێ). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٣٣٥) لێرەشدا بە هەمان شێوە نووسینەکە لە شێوەی پەخشانە،شاعیر لە نووسینیدا پەیڕەوی هیچ یاسا و ڕێسایەکی پێش وەختە و کێش و سەروای دیاریکراوی نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعرییەتی تێدایە و خوێنەر لە خوێندنەوەی هەست بە کەشێکی مۆسیقی خۆش دەکات، کە مۆسیقای ناوەوەیە و شاعیر لە ڕێگەی هونەری دووبارەکردنەوەی ڕستە و وشە و دەنگەکانەوە بنیاتی ناوە بۆ نموونە: لەم دەربڕینەدا (ناکرێ لە ناخی قەڵەم و دڵی پەنجە و چاوەکانی کاغەزمەوە سوپاسی ئێجگار گەرمی خۆم، پێشکەش، بەو کڵاو و پاڵتۆ و ملپێچ و پێڵاوانە نەکەم. ............ سروشت بڕیاری خۆی دابوو. گەرما بڕیاری خۆی دابوو) شاعیر بە هۆی (٢) جار دووبارەکردنەوەی ڕستەی (بڕیاری خۆی دابوو) و (٢) جار

دووبارەکردنەوەی هەریەکە لە وشەکانی (سەر و خۆی) لە دەربڕینی (کڵاوەکە سەرێکی باشتری لە سەری من بۆ پەیدابێ. ملپێچەکەیش ئاگای لە خۆی بێ ئەوەندە خۆی لوول نەکات). هەروەها بە (٣) جار دووبارەکردنەوەی دەنگی (ێ) لە دەربڕینی (نەبێ بە گرێ و لەبەرچاوی ملا بکەوێ) و(٥) جار دووبارەکردنەوەی دەنگی (ڵ ، ی) لە دەربڕینی (ناخی قەڵەم و دڵی پەنجە و چاوەکانی کاغەزمەوە سوپاسی ئێجگار گەرمی) دا، مۆسیقایەکی خۆشی بە دەقەکە بەخشیووە، هەروەها لە شوێنێکی تردا شاعیر بە هۆی (٤) جار دووبارەکردنەوەی وشەی (هەموو) و (٧) جار دووبارەکردنەوەی وشەی (شەهید) و (١١) جار دووبارەکردنەوەی ئامرازی پەیوەندی (بۆ) و (٩) جار دووبارەکردنەوەی دەنگی (ی) مۆسیقایەکی خۆشی بە دەقەکە بەخشیووە. بەم شێوەیە ((سوپاس بۆ دەربەندی گەورەم. بۆ بەرد بەردی. بۆ مێروولەی، بۆ پەڵکەگیای. بۆ پەپوولەی. بۆ ڕیشۆڵەی .. سوپاس بۆ بۆق و سیسرك و بۆ دەوەنی. بۆ بەفر و بۆ مانگەشەوی. ئاخر ئەگەر ئەوان هەموو، هەمووهەموو، نەبوونایە، من چۆن ئەبووم بە هەڵبەست و بە ملوانکە بۆ گەردنی. ........ بۆ هەموو ئەو چۆلەکە شەهید و نەورەسە شەهید و، کەوە شەهید و، ئەسپە شەهید و، بەردە شەهید و، نەونەمامە شەهید و، کانی و کارێزە شەهیدانەی ... )). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٣٣٥) جگە لە هونەری دووبارەکردنەوە شاعیر وێنەی شیعریشی بنیاتناوە لە دەربڕینەکانی (چۆلەکە شەهید و نەورەسە شەهید و، کەوە شەهید و، ئەسپە شەهید و، بەردە شەهید و، نەونەمامە شەهید)، کە وێنەی خواستنی درکاون. شاعیر لە سەر بنەمای شێوازی (بەکەسکردن) بنیاتی ناون، چونکە (شەهیدی) سیفەتێکە تایبەتە بە مرۆڤەکان، کەچی شاعیر دایتە پاڵ (چۆلەکە و نەورەس و کەو و ئەسپ و بەرد و نەونەمام) وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵیاندا کردووە. هەروەها لەم بەشەی پەخشانە شیعرەکەدا، کە دەڵێت (( لەم دوورەوە سڵاو، کڵاو! سەرم تۆی بیرنەچۆتەوە. قژم تۆی بیرنەچۆتەوە. ئەی مڵ پێچی ڕەنگی پێست پرتەقالیی، ملم تۆی بیر نەچۆتەوە. ئەی پاڵتۆی شەهید ئەی خۆڕاگرەکەی بەر زریان و بەر وەیشوومە. جەستەم تۆی بیرنەچۆتەوە. سوپاسی ئێجگار تایبەتیم بۆ هەموو ئەو ....... لە هاویندا شەماڵ بوون و لە زستاندا کەڵەپشکۆ)). (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە: ل٣٣٥) شاعیر بەهۆی هونەری ڕەگەزدۆزی، کە لە دەربڕینی (سڵاو، کڵاو) دا بەرجەستەی کردووە و (٤) جار دووبارەکردنەوەی ڕستەی ( تۆی بیر نەچۆتەوە) و (٣) جار دووبارەکردنەوەی ئامرازی بانگکردنی (ئەی) و هێنانەوەی دوو وشەی هاودژ لە واتادا بە هۆی هونەری دژیەکەوە، مۆسیقایەکی خۆشی بە دەقەکە بەخشیووە.

شاعیر لە بنیاتی هەردوو دەقی پەخشانە شیعرەکەدا زۆر بە لێهاتوویی توانیویەتی هاوسەنگی نێوان خەسلەتی هەردوو ژانرەئەدەبیەکە (شیعر و پەخشان) دروست بکات و بپارێزێت، چونکە بنەمای سەرەکی بنیاتنانی شیعر سۆزە و لە ژانری پەخشانیشدا بنەمای سەرەکی بنیاتنانی بیرە، ئەگەرچی لە سۆزیش بێ بەش نییە، بەڵام نەك بەو ڕادەیەی، کە لە شیعردا هەیە. شاعیر لە پەخشانە شیعری دەقی (کورسی)دا بوویتە دەربڕی ئێش و ئازار و مەینەیتییەکانی ئافرەت و باس لە ئەشکەنجە و ئازاردان و پێشەڵ کردنی مافی ئافرەت لە لایەن پیاوەوە دەکات، هەروەها شاعیر لە پەخشانە شیعری (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا، لە ڕێگەی پەخشانەشیعرەوە سوپاسی هەموو ئەو کەرەستانە دەکات، کە بە درێژایی شیعر و ڕۆمان و چیرۆك و شانۆی ئەم دەقەوالآیە لەگەڵی بەشدار بوونە و لە لایەنە گرنگەکانی ئەم دەقە والآیە بوونە.شاعیر لە بنیاتنانی هەردوو پەخشانەشیعرەکەدا توانیویەتی ئەو

بیرانەی خۆی ئاوێتەی هەست و سۆزی بکات. بەزمانێکی شیعری بەرز و جوان، پڕ لە سۆز دەربڕێت، کەواتە دەتوانین بڵێن شاعیر بە هۆی لەبەرچاوگرتنی خەسلەتەکانی هەردوو ژانرە ئەدەبییەکە و ئاوێتەکردنیان لە یەك دەقدا، توانیوویەتی ژانری پەخشانە شیعری بەرجەستە بکات. وەکو ژانرێکی ئەدەبی خاوەن خەسلەت و تایبەتمەندی بمەزرێنێتە ناو ئەم دەقە والایانە.

هەواڵنامەی کتێب

# ئه نجام

١ـ ژانره ئەدەبییەکان بەردەوام لە گۆڕان و گەشەسەندان، هەندێکجار دوو ژانر، یان زیاتر ئاوێتە و تێکەڵاوی یەکتر دەبن و ژانرێکی نوێ دروست دەکەن. ئەم دیاردەیەی ئاوێتەبوونەش لە سەدەی بیستەمدا بەتایبەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی میتۆدە جیاوازەکانی ڕەخنەی نوێدا بە ڕوونی هەست بە تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی نێوان ژانرە ئەدەبییەکان دەکرێت. سنووری نێوانیان بەردەوام لە گۆڕان و تەسك بوونەوە و نەماندایە. ژانرە ئەدەبییەکان لە نێوان خۆیاندا ئاوێتەی یەکتر دەبن و ژانری سەربەخۆی نوێ بنیات دەنێن، کە خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیانن بۆ نموونە: ژانری وەکو: پەخشانە شیعر، ڕۆمانەشیعر، کە دەتوانرێت پێیان بگوترێت. (دەقی ئاوێتە).

٢ـ دەقی ئاوێتە لە ئەنجامی تێکەڵبوون و بەیەکداچوونی هەندێك ڕەگەزی ئیستاتیکی دوو ژانری ئەدەبی یان زیاتر، یان ژانرێکی ئەدەبی لەگەڵ ڕەگەزی ئیستاتیکی هونەرێکی تر ، یان ژاانرێکی ئەدەبی لەگەڵ ئامراز و هێماکانی بوارێکی زانستیدا، وەك ئەو دەقانەی زیاتر لە ڕێگەی هێماکانی بیرکاری و ئەندازەوە دەخرێنەڕوو.ئەم ئاوێتەکردنەش ئاوێتەکردنێکی میکانیکی نییە و بەڵکو لە فۆرم و دارشتنێکی نوێدایە.

٣ـ دیاردەی ئاوێتەبوونی نێوان ژانرەئەدەبییەکانیش لە ناو ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکان، ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیشدا خۆی لە چوار تەوەردا دەبینێتەوە. یەکەمیان: ژانری ئەدەبی لەگەڵ ژانرێکی ئەدەبی وەکو دەقەکانی پەخشانە شیعر، ڕۆمانە شیعر. دووەمیان: ژانری ئەدەبی لەگەڵ ڕەگەزی ئیستاتیکی هونەرێکی تردا وەکو هونەرەکانی شێوەکاری و وێنەکێشان بۆ نموونە دەقەکانی (دامە،هۆش، خلود، خاچ، پەرداخێك، بەشێك لە پەرتبوون، خاڵی بوونەوەی). سێیەمیان: ژانری ئەدەبی لەگەڵ هێما و کەرەستەی زانستێکی رووت بۆ نموونە دەقی (پەرگاڵ). چوارەمیان: ئاوێتەکردن و تێکەڵکردنی و ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان بنیاتی چەند جۆرە ژانرێکی جۆاوجۆری ئەدەبییە لە ناو یەك دەقی ئەدەبیدا بۆ نموونە دەقەواڵاکانی شێرکۆبێکەس.

٤ـ دەقی واڵا یەکێکە لە دەرهاوێشتەکانی پۆست مۆدێرنە و ئەزموونێکی نوێی شیعری پۆست مۆدێرنە، لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکانەوە لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و شێوازێکی نوێی دەربڕینی ئەدەبییە، کە لە ئەنجامی فراوانبوونی مەودای ئاوێتەبوونی نێوان ژانرە ئەدەبییەکانەوە بە هۆی کاڵبوونەو و نەمانی سنووری نێوانیان لە ژێر کاریگەری ڕەوتە ڕەخنەییە نوێیەکان و تیۆری نوێ ئەدەب و کوڵدانی هەموو بنەما پیرۆزەکان و گشت سنوورە قەدەغەکراوەکان لە بەردەم نەك هەر شیعر، بەڵکو تەواوی ژانرەکانی تری ئەدەب و کۆمەڵێك هۆکاری ترەوە، کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد هاتووتە کایەوە. ئەم دەقە خۆی لە بەرجەستەکردنی چەندین ژانری جۆراوجۆری ئەدەبی وەکو شیعر و ڕۆمان و چیرۆك و دراما و ... هتد. دەبینێتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا ناچێتە چوارچێوەی ئەدەبی هیچ یەکێك لەم ژانرە ئەدەبییانەوە. پانتاییەکە لە فۆرمە جیاوازەکان و لە ڕووی ناسنامەی ئەدەبییەوە فرە ژانرە و فرە ڕەگەز و واڵایە و بە تەنیا سەر بە دونیای تاکە ژانرێکی ئەدەبی دەستنیشانکراو نییە.

٥ـ دەقی والا پانتاییەکە بۆ کۆکردنەوە و ئاوێتەکردنی چەند ژانرێك بەیەکەوە، مەزراندنیان بە خەسلەت و تایبەتمەندی خۆیانەوە لە دەقێکدا، بەو واتایە دەقی والا هەڵگری هەڵگری تایبەتمەندی ژانرەکانی ترە، لە هەمان کاتیشدا ناچێتە ناو چوارچێوەی هیچ یەکێك لە ژانرە سەربەخۆیەکانی، کە پێ بگوترێ: شیعر، چیرۆك، رۆمان، ... هتد. ئەم دەقە تەنیا کۆکردنەوەی بنیاتی چەند ژانرێکی جۆراوجۆری ئەدەبی نییە، بەڵکو ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوانیشیانە.لەم دەقەدا نووسەر بە دوو ئاراستە مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات. لە لایەك سەربەخۆیی ڕەگەزە ئەدەبییەکان دەپارێزێ و لە لایەکی ترەوە کار لە سەر بەرهەمێنانی جیاواز دەکات.

٦ـ هەریەکە لە ژانرەکانی (شیعر، چیرۆك، رۆمان، دراما، پەخشانەشیعر) لە دەقەوالاکاندا بوونیان هەیە. هەریەکەیان بە خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیانەوە مەزێندراونەتە نێو دەقەکە و بە هۆی ئەم خەسڵەتەشەوە دەقی والا بواری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی فراوانتر دەکات.

٧ـ هەریەك لەو ژانرانە زمانی تایبەتی خۆیان هەیە و هەریەکەیان تا ڕادەیەکی باش زمانەکەی خۆیان پاراستووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زمانی شیعری زاڵە بەسەر دەقەکەدا و فەزای دەقەکە لە زمانی شیعری جیا نابێتەوە. تەنانەت لەو کاتەشدا، کە رۆمان و چیرۆك و دراما و پەخشانە شیعری ناو دەقەکەش دەخوێنینەوە. بە هەموو ئەو پێکهاتانەش بنیاتی دەقەکە لۆژیکە دارێژراوەکەی خۆی ناشێوێنێ و دەست بەرداری زمانی شیعری نابێت.

٨ـ لە دەقەوالاکاندا نووسەر لە دەقی (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا ئاماژەی بە گۆڕانی ژانرەکان کردووە.لە یەکتری جیای کردووتەوە، کەچی بە پێچەوانەوە لە دەقەکانی (کورسی، ملوانکە، ئێستا کچێك نیشتیمانمە)دا، جیا کردنەوەی ژانرەکانی بۆ خوێنەر بەجێ هێشتووە، کە ئەمەش قۆرسایی خستووتە سەرشانی خوێنەر لە جیاکردنەوەی بنیاتی ئەو ژانرانەی کە لە بنیاتی دەقەکەوالاکاندا بەرجەستە کراون.

٩ـ نووسەر لە دەقەوالاکانی (کورسی، ملوانکە، ئێستا کچێك نیشتیمانمە) تەنیا ناونیشانی گشتی بۆ دەقەکان داناوە. کەچی لە دەقی والای (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)دا جگە لە دانانی ناونیشانی گشتی بۆ دەقەکە، ناونیشانی بۆ هەریەك لە ژانرەکانی (شیعر و چیرۆك و شانۆنامە)ی ناو بنیاتی ئەم دەقە داناوە. ئەمەش بۆ شارەزایی و لێهاتوویی نووسەرەوە هەیە.

١٠ـ دەقەوالاکان دەقی پڕئاماژەن و یەك یاسا پەیڕەو ناکەن. چەقی دیاریکراو و کۆتایی دیاریکراویان نییە. ئەگەرچی یاسای نووسینەوەی ژانرەکانی شیعر و چیرۆك و رۆمان و پەخشانەشیعر و دراما لە یەکتر ناچن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەك بنیاتی جیۆلۆژی لۆژیکەکەی دەپارێزێ.

١١ـ لە دەقەوالاکاندا بە هەمان شێوەی دەقی شیعری ڕەمزگەرێتی و فرەمانایی بەرچاو و پارێزراوە. ڕەمز و دەلالەتەکانی بێ کۆتاییە تەم و مژاویش نین. لە هەمان کاتیشدا خوێندنەوەی جیاوازیان دەوێ.

١٢ـ دەقەوالاکان خوێنەر لە سەر جۆرێکی تری خوێندنەوە رادەهێنێت و فەزایەکی ئازادی خوێندنەوەی بۆ دابین دەکات. ئاراستەکانی خوێندنەوە و شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ والا دەکات. خوێنەر بە فەزایەکی تر و ڕەنگێکی تر و فۆرمێکی تر لە وەرگرتن و خوێندنەوە ئاشنا دەکات.لە لایەکی تریشەوە خوێنەرێکی هوشیار دروست دەکات، کە لە ناو دەقەکەدا بە دوای ژانرە جیاوازەکاندا بگەڕێت.

**١٣ـ ئەم جۆراوجۆری دەربڕینە لای نووسەر گەڕان و هەوڵدانە بە شوێن فۆرم و شکڵە لە بارەکاندا بۆ دەبڕینی بیر و مەبەستی، چونکە ئەم جۆرە نووسینە ڕووبەرێکی فراوان لە زمان ئەخاتە بەردەم نوسەر بۆ ئەوەی ئازادانە مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا بکات. لە لایەکی تریشەوە لەوانەیە تەنیا ژانرێك دەرەقەتی ئەو هەموو خەیاڵە نەکات، کە لە زەینی نووسەردا پەنگی خواردۆتەوە. بۆیە ناچار بووە بۆ گۆزارشت کردن لەو خەیاڵەی بەرفراوانەی کە هەیەتی پەنا بۆ ژانرەکانی تر ببات.**

**١٤ـ چێژی ئیستاتیکی لە دەقی والادا بۆ هۆی ئەوەی، کە خۆی لە بەرجەستەکردنی چەند ژانرێکی جۆراوجۆری ئەدەبیدا دەخاتەڕوو . جیاوازە لە چێژی ئیستاتیکای دەقێکی تر کە تەنیا چیرۆك، یا ڕۆمان، ..... هتد بێت.**

**١٥ـ شێرکۆبێکەس لە دەقەوالاکاندا بە شێوەیەکی گشتی هونەرکارییەکی زۆری بەکارهێناوە، لە هێنانە ناوەوە و کۆکردنەوەی چەند ژانرێك بەیەکەوە لە یەك دەقدا و تا ڕادەیەکی زۆر تێیدا سەرکەتوو بووە. لەم دەقانەیدا توانیویەتی سەر لە نوێ پێکهاتە و بنەمایەکی نوێ لە ڕووی ستایل و چەمك و وێنە و زمانەوە بۆ شیعر بنیات بنێت.ئەم دەقانە نموونەیەکی زیندوون بۆ ئەو قۆناغەی کە شیعری هاوچەرخی کوردی پێگەیشتووە.**

هەواڵنامەی کتێب

# لیستی سەرچاوەکان

## ١ـ سەرچاوە بە زمانی کوردی

### أ ـ کتێب


١ـ ئازاد عبدالواحید، شێخ نووری شێخ صالح، بەرگی یەکەم، چ/ دووەم، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٨٩.

٢ـ ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای (شێرەمێرد و شێخ نووری شێخ صالح و گۆران)، دەزگای توێژینەوەی و بلاوکراوەکانی موکریانی، چ١، چا/ خانی، دهۆك، ٢٠٠٩.

٣ـ ئاوات محمد، دەق و راڤەگاری (شیکردنەوەی ئەو رستانەی دەکەونە ئەو دیووی شاراوەی دەق)ەوە، چ١، چا/ شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٤ـ ئەحمەد رەزا، لە دەروونشیکارییەوە بۆ لێکدانەوە، چ١، چا/ شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٥ـ د. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، شانۆی کوردی لە نێوان دەقی خۆمالی و بیانیدا، لە بلاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ، چ١، چا/ تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٦ـ د. ئیدریس عەبدوڵلا، جوانکاریی شیعری کلاسیکی کوردی، چ١، چا/ هیڤی، هەولێر، ٢٠١١.

٧ـ بابەك ئەحمەدی، پێکهات و راڤەی دەق، و/ مەسعوود بابایی، کتێبی دووەم، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما، چ١، هەولێر، ٢٠٠٥.

٨ـ پیتەر هالبێرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، و/ ئەنوەر قادر محمد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠.

٩ـ جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠ ـ ١٩٧٠)، دەزگای سەردەم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٠ـ حەمە کەریم عارف، دەربارەی شیعر و شاعیری، چ١، هەولێر، ٢٠٠٧.

١١ـ حەمە مەنتك، تەکنیکی فرەدەنگی لە رۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو ساڵی (٢٠٠٠ ـ ٢٠١٠)، چ١، چا/ لەریا، سلێمانی، ٢٠١٣.

١٢ـ د. دڵشاد عەلی:

ـ بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چا/ رەنج، سلێمانی، ١٩٩٨.

ـ دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، دەزگای سەردەم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٣ـ راجێر وێبیستێر، توێژینەوەی تیۆری ئەدەب، و/ عەبدولخالق یەعقووبی، چ١، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٤ـ رێزان عوسمان، بنیاتی جۆرەکانی رووداو لە رۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا ساڵی (١٩٨٥ ـ ١٩٩٠)، چ١، هەولێر، ٢٠١٠.


هەولێرنامەی کتێب

١٥ـ زاهیر ڕۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردیی ( شێوە و شێواز و بۆنیاد )، چ١، چا/ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧.

١٦ـ سەردار ئەحمەد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠ـ ١٩٩٠)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٧ـ سەلاح حەسەن پاڵەوان، شیعری کراوە ـ ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، چ١، چا/ ئاراس، ٢٠١٠.

١٨ـ د. شكری عزیز الماچی، تیۆری ئەدەب، و/ د. سەردار ئەحمەد گەردی، چ١، چا/ ماردین، هەولێر، ٢٠١٠.

١٩ـ شێرزاد هەینی، ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ (شێرکۆ بێکەس)دا، چا/ تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٢٠ـ شێرکۆ بێکەس:

ـ ئەزموون (١٩٨٥ ـ ٢٠٠٠)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: یاسین عومەر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

ـ دیوانی خۆم ئەو وەختەی باڵندە بووم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

ـ کورسی، لە بڵاوکراوەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕادیۆ نەوا، چ١، چا/ تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٥.

ـ کتێبی ملوانکە، چ١، چا/ ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.

ـ ئێستا کچێك نیشتیمانمە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی، ٢٠١١.

٢١ـ عەبدولخالق یەعقووبی، دەنگی بلورینی دەق، چا/ ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٢٢ـ د. عەزیز گەردی:

ـ ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بە/ یەکەم، ڕوونبێژی، چا/ الجاحظ، بەغداد، ١٩٧٢.

ـ ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بە/ یەکەم، جوانکاری، ١٩٧٥.

ـ کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، چ/١، هەولێر، ١٩٩٩.

ـ سەروا ـ لێکۆلینەوەیەکی شیکاری بەراوردە، دەزگای ئاراس، چ١، هەولێر، ١٩٩٩.

٢٣ـ د. فۆئاد ڕەشید:

ـ ناسنامەی دەق، چ١، چا/ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

ـ دەقی ئەدەبی "ئەدگار. چێژ. بەها"، بڵاوکراوەی ئاراس، چ١، چا/ ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

٢٤ـ د. کەمال مەعروف:

ـ ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، بنکەی ئەدەبی گەلاوێژ، سلێمانی، ٢٠٠٠.

ـ تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چ١، چا/ لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢.

٢٥ـ کومەڵێ نووسەر، یانزە دەقی شانۆنامەی هەڵبژاردەی بیانی، و/ نوری سەعید قادر، چ١، چا/ پیرەمێرد، ٢٠٠٨.

٢٦ـ کۆمەلێك نووسەر، دە شانۆنامە، و/ موکری، دەزگای ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠٠٧.

٢٧ـ لوقمان ڕەئوف:

هەولێرنامەی کتێب

ـ بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، چ١، چا/ سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

ـ سیماکانی پۆست مۆدێرنە لە ئایدیای شیعریی (شێرکۆ بێکەس)، چ١، چا/ بینایی، ٢٠١١.

٢٨ـ د. محەمەد بەکر:

ـ پەخشانە شیعری کوردی، چ١، چا/ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.

ـ کێش و ریتمی شیعری فولکلۆری کوردی، دەزگای ئاراس، چ/ یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤.

٢٩ـ ناز ئەحمەد سەعید، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا، چ١، چا/ بینایی، سلێمانی، ٢٠١٣.

٣٠ـ د. نەجم خالد ئەلوەنی:

ـ لێکۆلینەوەی رەخنەی شیکاری لە بارەی رۆمانی کوردییەوە، دەزگای ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠١١.

ـ جۆرەکانی دەقاوێزان لە رۆمانی ( پێنجەمین کتێب)ی جەبار جەمال غەریب دا، چ١، چا/ کەمال، سلێمانی، ٢٠١٢.

٣١ـ نەزاد ئەحمەد ئەسوەد:

ـ شیعرییەتی دەق و هەنگوێنی خوێندنەوە (دەق و رەخنە)، چا/ رەنج، سلێمانی، ٢٠٠١.

ـ ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لا پەرەیەکی رەخنەیی)، لە بلاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣٢ـ نعمت الله حامد نهێلی، شێوازگەری (تیۆری و پراکتیك)، چ١، چا/ حەجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٧.

٣٣ـ هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٣٤ـ هەڤاڵ سەلیم تەیب، بۆنیادگەری دناڤ رەخنا کوردیدا، چ١، چا/ حەجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٦.

٣٥ـ هەڵمەت بایز رەسول، رەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، چ١، چا/ موکریانی، هەولێر، ٢٠١٢.

٣٦ـ د. هیمداد حوسێن، دەروازەیەگ بۆ رەخنەی ئەدەبیی نوێی کوردی، چ٢، چا/ باز، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٧ـ هێمن عومەر خۆشناو، شعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی ـ لێکولینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکییە، چ١، چا/ رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩.

٣٨ـ یاسر حەسەنی، بنیاتێ ریتمێ دشعرا نوویا کوردی دا دەڤەرا بەهدینان (١٩٧٠ ـ ١٩٩١)، دەزگەهێ سپیرێز، چا/ حەجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٧.

٣٩ـ .........، مەحوی ـ بەشێك لە بابەتەکانی ڤیستیڤاڵی مەحوی، دەزگای بلاوکراوەی ئاراس، چ/ چا/ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

## ب ـ گۆڤارەکان


٤٠ـ گ/ ئایندە، ژ/ ٦٥، ٢٠٠٦.

٤١ـ گ/ تیپی شانۆی سالار:

ـ ژ/ ٨، ٢٠٠٨.

ـ ژ/ ٩ ـ ١٠، ٢٠٠٨.

٤٢ـ گ/ ڕامان:

ـ ژ/ ٣، ١٩٩٦.

ـ ژ/٢٩، ١٩٩٨.

ـ ژ/ ٦٥، ٢٠٠١.

ـ ژ/ ١٤٢، ٢٠٠٩.

ـ ژ/ ١٦٥، ٢٠١١.

ـ ژ/ ١٧٠، ٢٠١١.

ـ ژ/ ١٨٠، ٢٠١٢.

٤٣ـ گ/ سینەما و شانۆ، ژ/٣، ١٩٩٨.

٤٤ـ گ/ کاروان، ژ/ ١٠٩، ١٩٩٧.

٤٥ـ گ/ مێرگ، ژ/ ٦٢، ٢٠١٠.

٤٦ـ گ/ هەنار

ـ ژ/ ٦٨، ٢٠١١.

ـ ژ/ ٧٥، ٢٠١٢.


## ج ـ ڕۆژنامەکان


٤٧ـ ڕ/ ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆی ژمارە (٤)، ٢٨/ ٥/ ٢٠١٢.


## د ـ نامە ئەکادیمییەکان


٤٨ـ ئیبراهیم قادر محەمەد، لێکۆلینەوەیەکی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا (١٩٧٠ ـ ١٩٨٠)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئاداب، ١٩٩٧.

٤٩ـ پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی کرمانجی خوارووی کوردستانی عیراقدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئاداب، ٢٠٠٢.

٥٠ـ قەیس کاکل تۆفیق، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئاداب، ٢٠٠٢.

٥١ـ محسن عارف صالح، پراکتیزەکرنا تیۆرا دەقێ دمەم و زینا خانیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی دهۆک/ جڤاتا کۆلێژا ئادابێ، ٢٠١٢.

٥٢ـ نەجم خالد ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (ژانی گەل، شار، ڕاز)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئاداب، ٢٠٠٣.

٥٣ـ نعمت الله حامد حامد، شرۆڤە کرنا هۆزانێن گرۆپێ هەرو هەر ل دویڤ بنەمایا ڕەخنا نوێ یا ئەنگلو ـ ئەمریکی، نامەی دکتورا، زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب، ٢٠١٣.

٥٤ـ هەڵمەت بایز ڕەسول، دەقاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی (بەختیار عەلی)دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب، ٢٠١٢.

٥٥ـ ئەردەلان شوکر سابیر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانە شیعرییەکانی ((شێرکۆ بێکەس))دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی زمان، ٢٠٠٩.

٥٦ـ خەلیل ئیبراهیم مستەفا، شیعرییەتی دەق بە نموونەی شیعرە کوردییەکانی (مەحوی)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی زمان، ٢٠٠٩.

٥٧ـ ڕێزان ڕەحمان خدر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عبدالله سەراج) دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٧.

٥٨ـ سروشت جەوهەر حەوێز، تازەکردنەوە لە شیعرەکانی (ئازاد دلزار) دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی زمان، ٢٠١٠.

٥٩ـ عەبدولستار پیرداود حەسەن، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا، لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی پەروەردە، ٢٠١٠.

٦٠ـ کەیفی محمد عەزیز، ڕەخنەی دراما لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا (باشووری کوردستان ١٩٧٠ ـ ١٩٩١)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی زمان، ٢٠٠٩.

## هـ ـ فەرهەنگەکان

٦١ـ شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چ/ دووەم، چا/ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٦٢ـ د. موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، چا/ حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢.

٦٣ـ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چا/ بینایی، سلێمانی، ٢٠١١.

٦٤ـ عبدالرحمن شرفکندی (هەژار)، هەنبانە بۆرینە ( فرهنگ کردی ـ فارسی)، انتشارات صدا و سیما (سروش)، چ/ ششم، تهران، ١٣٨٨.

## و ـ چاوپێکەوتن

٦٥ـ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (لەتیف هەڵمەت) لە شاری سلێمانی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ( ٥/ ١١/ ٢٠١٣ ).

## ٢ـ سەرچاوە بە زمانی عەرەبی

### أـ کتێب


٦٦ـ جوليا كريسطيفا، علم النص، ت/ فريد الزاهى، دار توبقال للنشر، ط١، المغرب، ١٩٩١.

٦٧ـ جيرار جينيت، مدخل الى جامع النص، ت/ عبدالعزيز شبيل، بغداد، ١٩٩٩.

٦٨ـ رولان بارت، نظرية النص، ت/ محمد خيرالبقاعى، مركز الانماء الحضارى، ط٢، حلب ـ سوريا، ٢٠٠٥.

٦٩ـ سعيد حسن بحيرى، علم لغة النص المفاهيم و الاتجاهات، القاهرة، ٢٠٠٤.

٧٠ـ سعيد يقطين، انفتاح النص الروائى، المركز الثقافى العربى، ط٢، الدار لبيضاء، بيروت ـ لبنان، ٢٠٠١.

٧١ـ صلاح فضل، بلاغة الخطاب و علم النص، ط١، القاهرة، ١٩٩٦.

٧٢ـ د. عدنان على رضا النحوى، التجديد فى الشعر بين الابداع و التقليد و الانحراف، ط١، الرياض، ٢٠٠٥.

٧٣ـ د. عبداللة ابراهيم، السردية العربية الحديثة تفكيك الخطاب الاستعمارى و اعادة تفسير النشاة، ط١، بيروت، ٢٠٠٣.

٧٤ـ د. عبدالمنعم تليمة، مقدمة النظرية الادب، دار الثقافة و النشر، القاهيرة، ١٩٧٦.

٧٥ـ د. محمد خير البقاعى، دراسات فى النص و التناصية، مركز الانماء الحضارى، ط١، حلب، ١٩٩٨.

٧٦ـ محمد عزام، النص غائب "تجليات التناص في الشعر العربى"، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠١١.

٧٧ـ د. منذر عياشى، الاسلوبية و تحليل الخطاب، مركز الانماء الحضارى، ط١، سوريا، ٢٠٠٢.

٧٨ـ د. ميجان الرويلى ـ د. سعد البازعى، دليل الناقد الادبى، دار البيضاء، ط٢، بيروت، ٢٠٠٠.

٧٩ـ ولات محمد، دلالات النص الاخر في عالم جبرا ابراهيم جبرا الروائى، منشورات الهيئة العامة السورية لكتاب، ط١، دمشق، ٢٠٠٧.


### ـ فەرهەنگەکان


٨٠ـ سعيد علوش، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، دار لكتاب البنانى، ط١، بيروت، ١٩٨٥.

٨١ـ لسان العربى للام العلامة ابن منظور (١٤٢٣ه ـ ٢٠٠٣م)، المجلد الثامن، دار الحديث، القاهرة،

٨٢ـ د. مجدى وهبة، معجم مصطلحات الادب، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٤.


## ٣ـ سەرچاوە بە زمانی فارسی

### ـ کتێب


٨٣ـ بابك احمدى، ساختار و تأويل متن، نشر مركز، چ/ چهاردهم، چا/ سعدى، تهران، ١٣٩١.

٨٤ـ جمال ميرصادقى، عناصر داستان، انتشارات سخن، چ/ پنجم، چا/ بهمن، تهران، ١٣٨٥.

٨٥ـ رامان سلدن و پيترويدوسون، راهنماى نظريه ادبى معاصر، ت/ عباس مخبر، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٤.

٨٦ـ رنەولك و اوستن وارن، نظريه ادبيات، ت/ ضياء موحد و پرويز مهاجر، انتشارات علمى و فرهنگى، تهران، ١٣٧٣.

٨٧ـ د. سيروس شميسا، سبك شناسى شيعر، چاپ ششم، تهران، ١٣٧٩.

٨٨ـ د. سيروس شميسا، نقد ادبى، چ/ چهارم، چا/ رامين، تهران، ١٣٨٣.

٨٩ـ محمد رضا شفيعى كدكنى، موسيقى شيعر، مؤسسه انتشارات أگه، تهران، ١٣٨١.

## ـ گۆڤارەكان

٩٠ـ فصلنامه پژوهشهاى ادبى، شماره ٤، ١٣٨٣.

٩١ـ دو فصلنامه ـ تخصصى علامه، سال دهم، شماره ٢٦، بهار و تابستان ٨٩.

## ـ فەرهەنگەكان

٩٢ـ ام. اچ. ايبرمز، فرهنگ توصيفى اصطلاحات ادبى، ت/ سعيد سبزيان مراد ابادای ، چ/ اول، چا/ رهنما، تهران، ١٣٨٤.

٩٣ـ جيمزهال، فرهنگ نگارەای نمادها در هنر شرق و غرب، ت/ د. رقيه بهزادى، فرهنگ معاصر، تهران، ١٣٨٠.

٩٤ـ بهرام مقدادى ، فرهنگ اصطلاحات نقد ادبى، فكر روز، تهران، ١٣٧٥.

٩٥ـ ميمنت ميرصادقى (ذوالقدر)، واژەنامه هنرى شاعرى، فرهنگ تفصيلى اصطلاحات فن شعر و سبك ها و مكتب هاى ان، چ/ سوم، تهران، ١٣٨٥.

٩٦ـ ماجد مردوخ رۆحانى، فرهنگ جيبى فارسى و كردى، چ/ اول، دانشگاه كردستان، سنندج، ١٣٩٠.

٩٧ـ فرهنگ واژەهاى مصوب فرهنگستان زبان و ادب فارسى، ١٣٧٦ تا ١٣٨، بخش لاتين، دانشنامه ازاد، ويكى پيديا.

## ٤ـ سەرچاوەى ئەليكترۆنى

٩٨ـ شاهنامه، ويكى پديا، دانشنامه ازاد. www. Fa.wikipedia.org ـ

٩٩ـ حەمە سەعيد حەسەن، شاعيرێك رۆح بە بەر بێگيانەكاندا دەكات، بەشى فكر و فەلسەفە، ٢٠١٢/٦/١٠.

ـ www.gulan – media.com

١٠٠ـ لە تيف هەڵمەت، پەخشانە شيعر جييە. - www. Facebook.com. latif.halmat

١٠١ـ فرهنگ واژەهاى مصوب فرهنگستان: ١٣٧٦ تا ١٣٨٥، بخش لاتين.

ـwww.persianacademy.ir/fa/wordspdf.aspx

# ملخص البحث


يوجد بين ثنايا نظرية الادب القديم حدود بين الاجناس الادبية، و لكن بسبب نشأة المناهج النقدية الحديثة ادى الى ضيق الحدود بينهم تارة و الغاء الحدود نهائياً بينهم، تارة اخرى، لذلك استفاد الاجناس الأدبية بعضهم بعضاً، نتيجة لتفاعلهم و اذابتهم في آنية واحدة ألا و هو الادب، و ظهور اجناس جديدة مثل: قصيدة النثر، الرواية الشعرية،.... الخ، لان النقد الحديث يقرأ النصوص من منطلق لغوي و يهتم اكثر بالسمات الادبية للنص، و يوجد الآن نص مفتوح على النصوص الاخرى، و هذا النص الجديد اسلوب جديد للتعبير الادبى و انعكست في الادب الكردي بداية من تسعينات هذا العصر، و هذا النص الجديد متكون من الاساليب المتبعة في اجناس ادبية متنوعة مثل: الشعر، الرواية، القصة، ... الخ. و مع ذلك اسلوب كتابته جديد و مستقل كلياً عن الاجناس المذكورة سابقاً، ولا يدخل ضمن اي جنس ادبى بشكل مستقل، بل جنس مختلط، و مجموعة اجناس في جنس واحد، و مساحة من الاشكال المتنوعة و المختلفة كلياً بعضهم عن البعض. و هذه السبل وصلنا الى اختيار (( بنية النص من النصوص المتداخلة شيركو بيكس )) كعنوان رئيسي لبحثنا هذا، و العنوان كما المحتوى جديدفي ثنايا الادب الكردى المعاصر، و عدد النصوص المتداخلة لشاعر مثل: شيركو بيكس، خمسة نصوص، و قمنا بدراسة مكونات هذه النصوص دراسة متكاملة و شاملة.

يتكون البحث من مقدمة و ثلاثه فصول، الفصل الاول تحت عنوان (( مفهوم النص و انواعه )). و فيه درس النص من عدة جوانب و قسم هذا الفصل الى ثلاثة مباحث و هم: المبحث الأول: مصطلح و مفهوم النص، و المبحث الثاني: النص في منطلق المناهج النقدية، و اخترنا اهم المناهج النقدية الرئيسية مثل: المنهج النقدي التاريخيي، النفسي، الاجتماعي .... الخ. و في المبحث الثالث درسنا: انواع النص.

و سمينا الفصل الثاني ب (( مصطلح و مفهوم النص المتداخل، كيفية ظهوره و تحديد سماته )) و يحتوى هذا الفصل ايضاً ثلاثة محاور، المحور الاول يتكون من : ((مصطلح و مفهوم النص المتداخل و الاجناس الادبية و ظاهرة تداخلهم مع البعض )) و و المحور الثاني يبحث عن: (( النص المتداخل في الادب الكردي و انواع النصوص المتداخلة في الادب الكردي ) و خصص المبحث الثالث ل (( النص المتداخل السمات و الخصوصيات. و يتكون من موضوعين رئيسين و هما: (النص المتداخل كشكل جديد للاجناس الادبية، و السمات و الخصوصيات النص المتداخل ).

و الفصل الثالث و الأخير خصص ل ( بنية النص المتداخل )) و قسم الى مقدمة و اربعة محاور، و خصص المقدمة ل (( شيركو بيكس و خبراته الادبية ) و المبحث الاول ل (( بنية الشعر، و الذي بدوره قسم الى (موسيقى الشعر و الصورة الشعرية ) كعنصرين لبنية الشعر، و يدور المبحث الثاني( حول بنيتي القصة و الرواية ) و اختير (( تكنيك السرد )) كمبدأ رئيسي لبنيتي القصة و الرواية. وخصصنا المبحث الثالث ل( بنية الدراما ) و اخترنا من هذا الباب (( الحوار )) كعنصر رئيسي لبنية الدراما. و في المبحث الرابع و الاخير ثبتنا (بنية القصيدة النثرية ) كموضوع استكمالي و ذات اهمية خاصة و يربط بموضوع بحثنا صلة و طيدة. و اخيراً عرضنا اهم الاستنتاجات و قائمة المصادر باللغات المختلفة.